# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە


خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر
تۆفیق کەریم
٠٧٧٠١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٥١١٤١٢٥٤٣

بەڕێوەبەری نووسین
ئیدریس سیوەیلی
siwayli@yahoo.com

بەڕێوەبەری هونەریی
ڕەوشت محەمەد

ڕاوێژکاری یاسایی
بەکر حەمەسدیق

ڕاوێژکاران

د. موحسین عەبدولحەمید
د. عوسمان عەلی
د. عوسمان هەڵەبجەیی
د. ئیسماعیل بەرزنجی
سەلام ناوخۆش

تیراژ: ١٥٠٠
نرخ: ١٥٠٠
چاپخانە: سەردەم

٧

# بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکانتان لە گۆڤاری خاڵ

گۆڤاری خاڵ.. گۆڤارێکی رۆشبیری گشتییە و گرنگیی دەدات بە بابەتی رۆشبیری و توێژینەوە لەبوارە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە کولتوور و فەرهەنگی کوردیی ئیسلامی، تکا لەو بەڕێزانە دەکەین بابەت دەنێرن بۆ گۆڤارەکە رەچاوی ئەم خاڵانە بکەن:

١- وتاری شرۆڤە و شیکاری، ئەو بابەتانەی ئەکادیمین و بابەتییانە نووسراون، لە بوارەکانی کولتووری ئیسلامیی و کوردی و رۆشنبیری گشتیی بە زمانی دیالۆگ و هاوچەرخ، رەچاوی پاراستنی ئەمانەتی زانستی کراوە و ئاماژە بە سەرچاوەی بەکارهاتوو دراوە چانسی بڵاوکردنەوەیان زۆرترە..

٢- تکایە لە نووسیندا رەچاوی رێنووس و خاڵبەندی بکرێت.

٣- نابێت بابەتێک لە (٢٥٠٠) وشە زیاتر بێت.

٤- لیستی سەرچاوەکان لە کۆتایی بابەتەکەدا نووسرابن.

٥- بۆ بابەتی وەرگێڕدراو، دەبێت دەقە ئەسڵیەکەی لەگەڵ هاوپێچ بکرێت.

٦- بابەتەکە تایپ کرابێت و بە یونیکۆد نووسرابێت.

٧- گۆڤاری خاڵ پەیڕەوی لە پێدانی سیستمی پاداشتی نووسەران دەکات.

# خاڵ لەسەر چی دادەنێین؟

تۆفیق کەریم

هەروەک چۆن مرۆڤەکان لە پێکهاتەی جەستەییاندا لە یەکدی جیاوازن، بە هەمان شێوەش سروشت و بیرکردنەوە و تێڕوانینیان جیاوازە.

کۆمەڵگەی کوردەواریی ئێمەش پارچەیەکی بەرجەستەبووی ئەو پێکهاتەیەیە، کوردستان جگە لە کورد، نەتەوەی دیکەیشی لەخۆگرتووە، موسڵمان و ناموسڵمانی تێدا دەژی، لەناو موسڵمانیشدا پابەند و ناپابەندیان تێدایە، پابەندەکانیش ئاراستەی جیاوازیان هەیە، هەروەها ناپابەندەکانیش بەهەمان شێوەن. ئەم ڕاستییە وایکردووە تێڕوانینمان بۆ دەوروبەرمان لە یەکدی جیاواز بێت، لەوانەش تێڕوانینمان بۆ تێگەیشتن لە پەیامی ئیسلامی. هەرچەند هەموو چەمکێک یاسا و ڕێسای خۆی هەیە و بۆ تێگەیشتن لێی نابێت لەو یاساو ڕێسایە لابدرێت، کەچی هێشتا سروشتی مرۆڤ و کولتوور و زاڵبوونی دەسەڵاتی، ڕۆڵی گەورە دەبینن لە تێڕوانین بۆ چەمکەکان.

پەیامی ئیسلام لەگەڵ ئەوەی پەیامێکی سادە و ڕوون و بێ گرێوگۆڵە، کەچی لەم چەرخەی بیست و یەکەدا زۆرترین تەفسیر و خوێندنەوەی هەڵەی بۆ دەکرێت، بەشێکی زۆری ئەو خوێندنەوانەش لە نەشارەزایی و ناهۆشیارییەوە ڕێچکەی گرتووە، بۆیە کار و کاردانەوەی توندیان بەدوای خۆیاندا هێناوە و کاریگەریی بەرچاویشیان لەسەر لێکترازانی کۆمەڵگە بەجێهێشتووە.

لەم حاڵەتەدا ئەرکی خەڵکە بژاردە و ڕۆشنبیرەکەیە دەرک بەم ڕاستییە بکەن و لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بدوێن و بۆچوونی خۆیان دەرببڕن تا پێکەوە خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی یەکدییان لا گەلاڵە دەبێت و بە تێڕوانینێکی دروستیش بۆ ئاین دەڕوانرێت. ئەمەش بەمانای دەستبەرداربوون نییە لە قەناعەت و بیروباوەڕ، ئەوەندەی مانای دروست نیشاندانی ئیسلام و گوێگرتنە لە بۆچوونی ئەوانی دی. چونکە دەقەکانی ئاینیش وەک زۆر چەمکی دی بەدرێژایی مێژوو تەفسیر و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ کراوە، کە لێکدانەوەی سەردەم و کۆمەڵگەی خۆیانن، ئەگەر لێکدانەوە و تێڕوانینەکە بۆ ئەو کات و کۆمەڵگەیەش گونجاو بووبێت، مەرج نییە هەمووی

بۆ ئەمڕۆ بشێت، یان زانا و شارەزایانی ئەمڕۆ بەپێی هەلومەرجەکە ڕەنگە تێڕوانینێکی دیکەیان هەبێت کە نزیکتر بێت لە ڕۆحی شەریعەتەوە، چونکە ئەوەی لای زانا باوەڕپێکراوەکان لە کۆن و نوێدا سەلمێنراوە ئەوەیە: تەنها دەقەکانی قورئان و فەرموودەی دروست پیرۆزن و مشتومڕ هەڵناگرن، بۆ هەموو شوێن و سەردەمێک گونجاون، جگە لەو دوانە بە بۆچوون و تەفسیری مرۆڤ دادەنرێت، کاریگەریی کەلتوور و سروشتی کەسەکە و دەوروبەر و کات و شوێنەکەی لەسەرە، ئەم سەردەمەش لەناو گەلی کورددا ئەوەندە زانا و شارەزای تێدایە کە بتوانن سەرلەنوێ لە هەردوو سەرچاوە ڕەسەنەکەوە ناساندنێکی خۆماڵییانە بۆ چەمکە گۆڕاوەکانی ئاین بکەنەوە، کە ئاشناتر بێت لە گیانی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە، چونکە پێش ئەوان زانایانی گەلانی دیکە وەهایانکردووە و حەقی خۆشیان بووە.

ئێمە ناوەندی (خاڵ)مان بەو نیازەوە دامەزراند تا ببینە سەکۆیەک بۆ دەربڕینی ڕاستییەکان وەک خۆی و دەرخەری ئەو هەڵە و پەڵانەی ئیسلامی پێ لەکەدار دەکرێت، ئەمەش لە ڕێگەی بیری تیژ و شارەزایی فراوان و قەڵەمی بە بڕشتی ئەو ڕۆشنبیر و شارەزایانەوە دروشمی (ڕەسەنایەتی، خۆماڵی، نوێگەریی)یمان بەرزکردووەتەوە، چونکە بۆ تێگەیشتنێکی دروست و نیشاندانی ئیسلامی ڕاستەقینە دەبێت ئەو سێ بنەمایە ڕەچاو بکرێت، ئەگەرنا لادان و لاسەنگی سەرهەڵدەدەن.

دەشمانەوێت بوار بدەینە دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان تا بیر و تێگەیشتنی خۆیان لەم سەکۆیەوە لە کایە جیاجیاکاندا بۆ ئەوانی دی بخەنە ڕوو، لەپێناو گەیشتن بە حەقیقەت و زانینی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان، چونکە نەخوێندنەوەی ئەوانی دی، پەرتەوازەیی و پێکدادانی بەدواوە دێ، کە زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت و هەرگیز لە بەرژەوەندیی بیروباوەڕی ڕاستەقینەش نییە.

ئێمە لەم تێڕوانینەوە دەست پێدەکەین و لە (خاڵ)ێکیشەوە هەنگاو دەهاوین و دەستدەبەین بۆ گشت چەمک و واتا ئاسایی و قەدەغەکانیش، دەشزانین کارێکی وەها سەختە، بەڵام بڕیارمانداوە بە پشتیوانی خوا و پاشان هاوکاریی مامۆستا و نووسەر و ڕۆشنبیران دەستپێبکەین و بەردەوامبین، هەر بەو نیازەشەوە پرۆژەکەمان ناوناوە (خاڵ)، جگە لەوەش شێخی خاڵ لەم بوارەی کە لێیدواین سەرکەوتووانە زیاتر لە نیو سەدە ئەسپی خۆی تێدا تاودا، جیاواز لەوانی دی، بەڵام هەموو لایەک ڕێزیان لێدەگرت، ئەو لە لایەک قازی و مەلا و وتاربێژبوو لە هەمانکاتیشدا لە دامەزرێنەرانی کۆڕی زانیاری کورد بوو، تەفسیری قورئان و فەرهەنگی زمان و پەندی پێشینانی پێکەوە دەنووسی، کە ئەمە پڕاوپڕی ئامانجی ناوەندەکەمانە، بۆیە ناونانی (خاڵ) بۆ زیندووڕاگرتنی ناوی ئەو زانا مەزنەشە.

ئەوانە ئامانجی دامەزراندنی ناوەندی خاڵ بوون کە دەکرێت لەم چوار خاڵەدا کورتیان بکەینەوە:

١- خستنەڕووی تێگەیشتنێکی ڕەسەنی خۆماڵی هاوچەرخ بۆ ئیسلام.

٢- ڕاستکردنەوەی ئەو چەمکە ئیسلامیانەی شێوێنراون و ڕامالینی ئەو تۆمەتانەی ئاینی پێ لەکەدار دەکرێت.

٣- ناوەند ببێتە سەکۆیەک بۆ دایەلۆگو ڕاگۆڕینەوەی بیر و قەڵەمە بوێرەکان لە کایە جیاوازەکاندا و کۆکردنەوەی زۆرترین نووسەر و ڕۆشنبیری بژاردە.

٤- برەودان بە خزمەتکردنی زمان و کەلتوور و کەلەپووری کورد بە دیدێکی ڕەسەنی سەردەمیانە.

**ئیتر دەست لە دەست و قووەت لە خوا دەخوازین.**

# تەوەری ژمارە

## کلیلی کردنەوەی دەستوور
## مەدەنیبوون و هاوڵاتیبوون


- پوختەیەک دەربارەی واتا و ئەرک و چۆنیەتی و جۆرەکانی ........................ ئا: ڕیدار ئەحمەد
- گفتوگۆ لەگەڵ د. مستەفا زەڵمی ........................................................ ئا: خاڵ
- ئیسلام و گرێکوێرەی دەستوور ............................................ د. هادی عەلی
- نەگۆڕەکانی ئیسلام لە پرۆژەی دەستووری هەرێم ........................ زانا ڕۆستایی
- مێژووی دەستوور لە ئیسلامدا .................................................. د. حسێن محەمەد ساڵح
- دەربارەی نووسینەوەی دەستوور ........................................... د. محەمەد بەرزنجی
- دەستووری مەدینە لە پرۆژەی دەستووری هەرێم ........................ دانا دارا حسەین
- ڕۆڵی ئیسلام لە نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان ............ د. عوسمان عەلی
- هاوڵاتییبوون .................................................................. بەکر حەمەسدیق
- خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (شرۆڤەی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان) ...... سەرگوڵ قەرەداغی






# دەستوور

## پوختەیەک دەربارەی واتا و ئەرک و چۆنیەتی و جۆرەکانی

ئامادەکردنی: ڕێدار ئەحمەد



ڕێدار ئەحمەد ساڵی ١٩٧٤ لە دایکبووە. خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە یاسادا، نۆ کتێبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی

**ئیدی ئەو سەردەمە بەسەرچوو مرۆڤەکان بتوانن بە تەنها یاخود بەشێوەیەکی دابڕاو لەیەک ژیان بەسەر ببەن، بۆ ڕێکخستتنی ژیان کۆمەڵگاکان و گرەنتی پێکەوەژیان بەدرێژایی مێژوو، لە سەردەمە جیاوازەکانی شارستانیەتەکاندا یاساکان بایەخی تایبەتیان هەبووە لەم ڕێکخستنەدا.**

**لە سەردەمی ئێستاماندا دەستوور لەم بوارەدا جێگەی گرنگی بایەخی زۆرە، لەم بابەتەدا هەوڵم داوە هەندێک زانیاری سەرەتایی و گشتی لەبارەی دەستوورەوە بخەمەڕوو، بەو ئومێدەی خوێنەر سوودی لێ وەربگرێت.**

## یاسای دەستووری

مانای یاسای دەستووری: بریتییە لە کۆمەڵێک بنەمای بنەڕەتی یاسا کە شێوازی دەوڵەت (سادەیە یاخود ناسادە- بسيطة أم مركبة - و، سیستەمی حوکمڕانیەکەی (پادشاییە یاخود کۆماری)، شێوەی حوکمڕانیەکەی (سەرۆکایەتییە یان پەرلەمانی)، دەستەڵاتە گشتییەکان لە دەوڵەتدا دیاری دەکات، جۆری پەیوەندی نێوان ئەو دەسەڵاتانە ڕێکدەخات، ماف و ئازادییەکان ڕووندەکاتەوە. دەستوور وەک باوکی یاساکان یاخود سەرچاوەی باڵای هەموو بنەما و یاسا و سیستەمە کارگێڕییەکان لە هەر دەوڵەتێکدا دادەنرێت.

لە ڕووی سیاسییەوە بنەما دەستووریەکان شێوازی ڕاستەقینەی فەلسەفەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە دەخاتەڕوو کە تێدا پەیڕەو دەکرێت.

## سێ پێوەر هەیە بۆ دیاریکردنی مەبەستی یاسای دەستووری:

**یەکەم:** پێوەری زمانەوانی: دەستوور وشەیەکی فارسییە بە مانای بنەڕەت و بونیات دێت، دواتر واتاکەی گۆڕا بە جۆرێک کە مەبەست لەم وشەیە یاسای بنەڕەتی (القانون الاساسي)ە.

لەڕووی زمانەوانیەوە واتە: بونیاتی یاسایی دەوڵەت، واتە: ئەو بنەما یاساییانە کە بناغەی دەوڵەت ڕێکدەخات و شێوەی پێکهاتنەکەی دیاریدەکات.

لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسیدا: واتە بناغە یاخود بونیاد، مانای وشەی (Cn tittı in) واتە: ڕێکخستن و دروستکردن (Institution، Establishment، Building & Composition)

**دووەم:** پێوەری مێژوویی: یاسای دەستووری بۆ یەکەمجار لە پاش شۆڕشی فەرەنسا لەگەڵ یەکەم پەیماننامەی دەستووریدا لەو وڵاتە دانرا.

**سێیەم:** پێوەری ڕووکار (شکڵی)ی: یاسای دەستووری وا پێناسە دەکرێت کە کۆمەڵێک بنەما کە دەستەیەکی تایبەتی دایدەنێت و شێوەی پێکهێنانی بەپێی دەوڵەتەکان جیاوازی هەیە، ڕێوشوێنی تایبەت هەیە بۆ دانان و هەموارکردن کە جیاوازە لە دانان و هەمواری یاسای ئاسایی.

زانایانی دەستووریی بۆ پێناسەی سیستەمی دەستووری بەپێویستی دەزانن ئەم مەرجانە بێتە دی:

١- پێویستە ڕێز لە بنەمای مەشروعیەت بگیرێت، بەوەی هەمووان (حوکمڕان و حوکمکراوان) ملکەچی یاسا بن.

٢- پێویستە دەستوور بەشێوەیەکی دروست و بەردەوام جێبەجێ بکرێت، بەجۆرێک کە بەپێی ئەو حوکمانەی لە دەستوردا هاتووە حکومەت پێکبهێنرێت و ئەو ئەرکانەی بۆی دیاریکراوە لە دەستووردا جێبەجێی بکات.

٣- پێویستی جێبەجێکردنی بنەمای جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان: ئەم بنەمایە کە وا ناسراوە مۆنتیسکۆ بۆ یەکەمجار باسی کردووە و ڕۆڵی هەبووە لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دەستەڵاتە گشتیەکانی دەوڵەتدا، هەروەها بۆ دابەشکردنی دەستەڵاتەکان و نەهێشتنی هەموو دەستەڵاتەکان لە دەستی تاکە کەسێکدا کە هەڕەشەیە بۆ سەر ئازادییەکان، لەبەر ئەوە حکومەتی ڕەها (Ab b tı e Gv rm en) کە فەرمانڕەوا هەموو دەستەڵاتەکانی لە دەستی خۆیدا کۆ کردبێتەوە با لەبەر ڕۆشنایی یاساشدا کار بکات، پێچەوانەی بنەما دەستوورییەکانە.

٤- پێویستی پاراستنی مافە بنەڕەتیەکانی هاوڵاتیان: مەرجی سێیەم کە جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان بوو لە هەمان کاتدا گرەنتی مافەکان و ئازادییە گشتیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات.

٥- پێویستی هەبوونی دەستەیەکی دادگا کە کار بکات بۆ ڕێزگرتن لە بنەما دەستووریەکان و ڕێگەنەدان بە دەرچوونی یاساکانی پێچەوانە بە دەستوور، گومانی تێدا نییە چاودێریکردنی یاساکان کە لەبەر ڕۆشنایی بنەما دەستووریەکاندا دەربچن هۆکارێکی کارایە بۆ پابەندبوون بە سنوورەکانی دەستوور و بنەماو ڕێساکانەوە کە دەستوور بڕیاری لەسەر داوە.

## سەرچاوەکانی دەستوور

مەبەست لە سەرچاوە یاساییەکان بەشیوەیەکی گشتی: ئەو سەرچاوەیەیە کە بنەما یاساییەکەی لێدەردەچێت، واتە ئەو بنەما یاساییە لە کوێوە هاتووە؟

ئەم سەرچاوانەش دابەش دەبن بۆ:

- سەرچاوە مێژووییەکان.
- سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکان.
- سەرچاوە فەرمییەکان.
- سەرچاوە ڕاڤەییەکان.

ئەوەی گرنگە لای ئێمە لە سەرچاوەکانی یاسای دەستووری (Sources of Constitutional Law) دیاریکردنی سەرچاوە فەرمییەکانە (Formal Sources) کە بنەماکانی یاسای دەستووریی لێوەوەردەگیرێت، سەرچاوکانی دیکەش (مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و ڕاڤەیی) لێدەگەڕێین، خوێنەر دەتوانێت گەر پێویستی کرد لە کتێبەکانی بنەماکانی یاسا و مێژوو و فەلسەفەی دەستووردا زیاتر لەو بارەیەوە ئاگادار بێت.

سەرچاوە فەرمییەکان (Formal Sources) بەوە پێناسە دەکرێت کە بنچینەی فەرمی ئەو بنەمایانەیە کە هێزی یاسایی پێ دەبەخشێت - The formal origin of a rule which confers legal force upon that rule.

## دەتوانرێت بوترێت سەرچاوە فەرمییەکانی یاسای دەستووری خۆیان لە سێ بابەتدا دەبیننەوە:

١- وەسیقەی دەستووری نوسراو: بەشێوەیەکی گشتی سەرچاوەی سەرەکی دەستوورە نووسراوەکانە.

٢- یاسا بنەڕەتییەکان: بریتیە لەو یاسایانەی کە لە لایەن یاسادانەری ئاساییەوە واتە دەستەڵاتی یاسادانانەوە دادەنرێن، چارەسەری کاروبارێک دەکەن کە لە بنەڕەتدا دەستوورییە، بەهۆی ئەوەی پەیوەندی بە سیستەمی فەرمانڕەوایی و ڕێکخستنی بەڕێوەچوونی دەستەڵاتە گشتییەکانەوە هەیە، ئەمانەش وەک سەرچاوەیەکی تەواوکار بۆ بنەما دەستووریەکان ڕۆڵی خۆیان هەیە لەو وڵاتانەی خاوەن دەستووری نووسراون.

٣- نەریتی دەستووری (العرف الدستوری): بە سەرچاوەی سەرەکی دەستوورە عورفییەکان دادەنرێت، سەرەڕای ڕۆڵی لە دروستکردن و هەموار و ڕاڤەی بنەما دەستووریە سەخت (جامد) ە کاندا.

## چۆنیەتی دانانی دەستوور

هەر دەستوورێک لەدایکبووی ئەو ڕەوشە سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەیە کە تێیدا دادەنرێت، زانایانی دەستووری ڕێگاکانی دانانی دەستوور دەکەنە دوو جۆر:

یەکەم: ڕێگا نا دیموکراسییەکان: گەل ڕۆڵی نییە لە دانانیدا، یان ڕۆڵەکەی لاوەکییەوە ئیرادەی فەرمانڕەوا لە سەرووی ئیرادەی گەلەوەیە، ئەمەش دوو جۆری هەیە:

آ- ڕێگای بەخشین (طریقة المنحة): لەم ڕێگایەدا دەستوور بەپێی ئیرادەی فەرمانڕەوا لەدایکدەبێت بێ ئەوەی گەل ڕۆڵی هەبێت لە دانانیدا.

ب- ڕێگای گرێبەست (طریقة العقد): دانانی

**لە رووی سیاسییەوە بنەما دەستووریەکان شێوازی راستەقینەی فەلسەفەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە دەخاتەروو کە تێدا پەیڕەو دەکرێت.**

دەستوور لە ڕێگەی لیژنەیەکەوە دەبێت کە لە نوێنەرانی گەل و ئەندامانێکەوە دەبێت کە لەلایەن فەرمانڕەواوە دیاری دەکرێن، پاشان دەخرێتە بەردەم فەرمانڕەوا تا رەزەمەندی لەسەر دەرببڕێت یان رەتیبکاتەوە.

دووەم: رێگا دیموکراسییەکان: ئیرادەی گەل لە سەرووی ئیرادەی فەرمانڕەواوەیە، ئەمەش دوو جۆرە:

أ- لە رێگەی هەڵبژاردنی دەستەی دانانی دەستوور: ئەندامانی لیژنەی دانای دەستوور لەلایەن خەڵکەوە راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن و ئەم لیژنە هەڵبژێردراوە کە دەستوورەکەیان دانا دەبێتە بەرکارو پێویست بەوە ناکات بخرێتە بەردەم فەرمانڕەوا تابیخوێنێتەوە و دەریبکات، هەر بۆیە کە دەستەی دانانی دەستوور لە دانانەکەی لێبوونەوە دەبێتە بەرکار و پابەند، دەکرێت پەرلەمانیش دەستەڵاتی دانانی دەستووری پێ بدرێت، یاخود دەستەڵاتی پێکهێنانی دەستەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری هەبێت.

ب- رێگای راپرسی دەستووری: پرۆژەی دەستوور لەرێگەی دەستەیەکی دامەزراندنەوە دەبێت کە هەڵبژێردراون، پاشان پرۆژە دەستوورەکەی کە دایاننناوە لە راپرسیەکدا دەخرێتە بەردەم گەل تا رەزامەندی لەسەر بدات، رەزامەندی خەڵک هێزی یاسایی و هێزی پابەندبوون بە دەستوورەکەوە و بەها یاساییەکەی زیاتر دەکات.

## جۆرەکانی دەستوور

دەستوور پەیێی نووسران و نەنووسرانی دەکرێتە دووجۆر:

١- دەستووری نووسراو: دەستوور بە نووسراو دادەنرێت ئەگەر زۆرینەی بنەماکانی بەشێوەی پەیماننامەیەک نوسرابوەوە و لەلایەن یاسادانەری دەستووریەوە دەرکرابوو.

٢- دەستووری نەنووسراوە: ئەو بنەما عورفیانە دەگرێتەوە کە ساڵانێکی زۆر کاریان پێکراوە تا وەک یاسایەکی پابەندی لێهاتووە و هەندێجار بە دەستوورە عورفییەکان ناو دەبرێت، چونکە عورف سەرچاوەی سەرەکی بنەماکانیەتی، دەستووری بەریتانیش نمونەیەکی دەستووری عورفییە، چونکە زۆرینەی بنەماکانی لە عورفەوە وەردەگرێت، هەندێکیشیان لە دادگاوە، بنەماشی هەیە کە نووسراوە، وەک ئەوەی لەساڵی ١٩٥٨ بڕیاردرا رێگە بە ئافرەت بدریت ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی لۆردەکان.

## دەستوور لە رووی رێگەکانی هەموارکردنەوە دەبێتە دوو جۆر:

یەکەم: دەستووری ئاسان (مرن): دەکرێت بەهەمان ریۆشوێنەکانی یاسای ئاسایی واتە لە رێگەی پەرلەمانەوە هەموار بکرێت.

دووەم: دەستووری نائاسان (جامد): هەموارکردنەوەی ئاسان نییە، وەک ئەوەی لە ئوسترالیا هەیە هەموارکردنی پێویستی بە رەزامەندی زۆرینەی هاووڵاتیانی وڵاتەکە هەیە.



### دەستوور لە رووی ناوەرۆکیشەوە دەبێتە دووجۆر:

یەکەم: دەستووری درێژ: وەک دەستووری هیندستان کە زۆر بابەتی جۆراوجۆر بە درێژی لەخۆ دەگرێت.

دووەم: دەستووری کورت یان پوخت: ئەو دەستوورانەیە کە تەنها بابەتە گرنگەکان لەخۆ دەگرێت، وەک دەستووری ساڵی ١٩٦١ی کوەیت.

### دەستوور لە رووی ماوەی کارپێکردنیشیەوە دەکرێتە دووجۆر:

یەکەم: دەستووری کاتی: بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دادەنرێت لە پێناوی رووبەڕوبوونەوەی رەوشێکی نالەبار.

دووەم: دەستووری هەمیشەیی: ئەو دەستوورانەیە کە ماوەیەکی دیاریکراو بۆ کارپێکردنیان دیاری نەکراوە.

### دادگای دەستووری

بۆ چارەسەری هەر هەڵە تێگەیشتن یان جیاوازیەک لە تێگەیشتینی دەستوور کە ببێتە مایەی ناکۆکی و جیاوازی کە ئایا ئەو یاسایەی دەرکراوە دەستووریە یان نا، بۆ چارەسەری ئەمە زۆرێک لە وڵاتەکان لە دەستوورەکەیاندا دادگای دەستووریان بڕیار لێداوە کە دادگایەکی باڵایە لە دەستەڵاتی دادوەریدا و تایبەتمەندە بە چارەسەری ئەو گرفتانەی لە بارەی دەستووریبوونی یاسا و بڕیارەکانی دادگاوە دروست دەبن و بڕیارەکانیشی راستەوخۆ پلەی بنبڕ وەردەگرێت و ناتوانرێت تانەی لێ بدرێت.



دکتۆر مستەفا زەلمی
لە دایکبووی ساڵی ١٩٢٤
سێ بڕوانامەی ماستەر
و دوو دکتۆرای هەیە لە
بواری شەریعەت و یاسا
یەنجا بەرهەمی زانستی
چاپکراوی هەیە
سەرپەرشتی دەیان
نامەی ماستەر و تێزی
دکتۆرای کردووە

# د. مستەفا زەڵمی:

## فیقهی ئیسلامیش وەک یاسا وایە گۆرانکاری و هەمووارکردنی تێدا دەکرێت بەپێی گۆرانکاریەکانی ژیان.

**دکتۆر مستەفا زەڵمی کەسایەتی ناسراوی کوردو زاناو شارەزای ناسراوی جیهانی ئیسلامی لە بوارەی شەریعەت و یاسا، بە نووسینەکانی لە بوارە جیاوازەکاندائاسۆیەکی نوێی لەسەر گەلێک بابەتی هاوچەرخ کردۆتەوە.**

**دوایین کتێبی چاپکراوی ئەم زانا پایە بەرزە لە بابەتی دەستووردایە، لەم دیمانەیەدا وەڵامی پرسیارەکانی تایبەت بە پرسی دەستوور دەداتەوە، لە روانگەی شەرع و یاساوە رۆشنایی دەخاتەسەر ئەم بابەتە گرنگەی ئێستا.**

**خاڵ: سەرەتای پرسیارەکانمان لەوەوە دەست پێدەکەین دەستوور چییە؟ یان بە واتایەکی تر دەپرسین قورئان چییە و دەستوور چییە؟**

د. مستەفا زەلمی: قورئان ئەو دەستوورە خوداییەیە کە هەمواری هەموو دەستوورە خوداییەکانی پێشتری کردوە کە بەر لە هاتنە خوارەوەی قورئان بۆ پێغەمبەران-سەلامی خوایان لێبێت- رەوانە کراون، بەمەش هەموو ئەو بنەمایانەی کە دەکرێت بەتێپەڕبوونی کات و شوێن و کەس گۆڕانیان بەسەردابێت گۆڕدراون، قورئان ئەمەی بە (شرعە) ناو بردووە (لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجاً). لە هەمان کاتدا ئەو بنەما بنەڕەتیانەی وەک خۆی هێشتۆتەوە کە ناکرێت لەگەڵ گۆڕانی زەمان و مەکان و گەشەسەندنی شارستانیەت و پێگەیشتنی عەقڵی مرۆڤدا بگۆڕدرێن، قورئان ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە: (إِنَّ هَذَا لَفِي الصُّحُفِ الْأُولَى صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى)، ئەمەشی بە دین ناوبردووە کە لە نیوان هەموو پەیامە ئاسمانیەکاندا هاوبەشە، لەمبارەیەشەوە خوای گەورە دەفەرمووێت: (**شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحاً وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ**).

ئەم دەستوورە خواییە کە قورئانی مەزنە بنەما گشتییەکان و ڕێسا بنەڕەتییەکانی لەخۆ گرتوو، بواری بەعەقڵی مرۆڤ داوە لەبەر ڕۆشنایی ئەمانەدا لە ڕێگەی ئیجتیهادەوە بابەتەکانی دیکە پەیوەست بکاتەوە بەو بنەما گشتیانەوە و حوکمەکانی دەربهێنێت. دەبێت ئەوەمان لەیاد نەچێت کە دەلالەتەکانی ئەم دەستوورە کە قورئانە بۆ سەر واتا و حوکمەکانی دوو جۆرە:

یەکەمیان: قەتعیە، ئەمەش ئیجتیهاد و هەموار و گۆرانکاری هەڵناگرێت، واتە دەقی ئایەتی لەسەرە بە دەلالەتێکی قەتعی، وەک: (**وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّهُنَّ وَلَدٌ فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّكُمْ وَلَدٌ فَإِن كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُم مِّن بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ**).

دووەم: هەیانە دەلالەتەکەی زەنیە، ئەمەیان ئیجتیهاد هەڵدەگرێت چونکە زیاد لە واتایەک هەڵدەگرێت، وەک: (**وَأَعِدُّوا لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ**)، لەم ئایەتەدا هێز واتایەکی فراوانی هەیە، هەموو کەرەستەکانی بەرگری شەرعی دەگرێتەوە لە هەموو سەردەم و شوێنەکاندا، مەبەستیش لە وشەی (ترهبون)ە ئیرهاب نییە بە واتا هاوچەرخەکەی، بەڵکو ترساندنی دوژمنە، چونکە دوژمن کە زانی هێزەکەت هاوتای هێزیەتی یان لە هێزی ئەو زیاترە لێت دەترسێت و ناوێرێت دەستدرێژیت بکاتە سەر.

**خاڵ: پێش ئەوەی باسی دەستوورمان بۆ بکەیت، پێمان خۆشە بپرسین ڕۆڵی پێغەمبەر - درودی خوای لێ بێت- لە دەستووردا چییە؟**

د.مستەفا زەلمی: لەوەی باسم کرد دەگەینە ئەو ئەنجامەی دەستووری خوایی تەنها قورئانی پیرۆزە، ڕۆڵی پێغەمبەر -درودی خوای لێ بێت- لە خودی قورئاندا بەئایەت باس کراوە، ئەویش:

١- (التبين) واتە: ڕوونکردنەوە، (**وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ**)، خوێنەری بەڕێز بۆ زانینی درێژەی ئەمە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی کتێبەکانم.

٢- ( التبليغ) واتە: گەیاندنی، خوای گەورە دەفەرموێت: (**وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ**)، بۆیە دەتوانین بڵێین کە قورئان تاکە

# دەستەڵاتی دانانی دەستور بۆ خوای گەورەیە، دەستەڵاتی یاسادانانیش بۆ مرۆڤەکانە کە ئەوانیش موجتەهیدەکانن

سەرچاوەی دانانی حوکمی خوای گەورەیە و سوننەتەکانی پێغەمبەریش سەرچاوەی خستنەروو و روونکەرەوەی ئەو حوکمانەی خوایە، ئەو سەرچاوانەی دیکە وەک: ئیجماع، قیاس و سەرچاوەکانی تر هەموویان سەرچاوەی دۆزینەوەی حوکمەکانی خوای گەورەیە، واتە کەشفی حوکمەکە دەکات.

بەمە دەگەینە ئەو راستیە، دەستەڵاتی دانانی دەستور بۆ خوای گەورەیە، دەستەڵاتی یاسا دانانیش بۆ مرۆڤەکانە کە ئەوانیش موجتەهیدەکانن.

فیقهی ئیسلامیش لە هەموو کات و شوێنەکان ئەو حوکمانەی خوای گەورەی لەو دەستوورە کە قورئانە دەرهێناوە بە مەبەستی رێکخستنی ژیان، فیقهی ئیسلامیش وەک یاسا وایە گۆرانکاری و هەمووارکردنی تێدا دەکرێت بەپێی گۆرانکاریەکانی ژیان.

**خاڵ: بابێینە سەر دەستوور یان یاسای دەستووری؟**

د. مستەفا زەڵمی: یاسای دەستووری باڵاترین یاسایە لە هەر وڵاتێکدا، لەبەر ئەوە نابێت هیچ یاسایەک لەو وڵاتەدا دەربچێت کە لەگەڵی دژ بێت، ئەگەر دەقێکی دەستوور لەگەڵ دەقێکی یاسادا دژ بەیەک بوون، دەبێت دادوەر دەقە یاساییەکە رەتبکاتەوە چونکە نادەستووریە.

دەستوورە دانراوەکان بەوە پێناسە دەکرێن کە کۆمەڵێک بنەمای گشتیی بنەڕەتیە کە لە واقیعی کۆمەڵگاوە سەرچاوەیان گرتووە و ئەرکەکەی دیاریکردنی شێوازی دەوڵەت و دیاریکردنی بنەماکانی حوکمرانییە تێیدا، هەروەها گرەنتیەکانی مافی تاکەکان لەخۆ دەگرێت و دەستەڵاتەکانی یاسادانان و دادوەری و جێبەجێکردن لێک جیا دەکاتەوە، تایبەتمەندی هەریەکەیان و پەیوەندیان بەیەکەوە دیاری دەکات.

**خاڵ: چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان دەستووری خوایی کە قورئانە و دەستوورە دانراوەکانی مرۆڤ؟**

د.مستەفا زەڵمی: هەردوو دەستوورەکە لەوەدا یەک دەگرنەوە کە مەبەستیان رێکخستنی ژیانی مرۆڤ و بەدیهاتنی بەرژەوەندیەکانیەتی بە باشترین شێوە، خوای گەورە دەفەرموێت: **(وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ)**، رەحمەت لێرەدا بەرژەوەندی مرۆڤایەتییە، ئەم رەحمەتەش یان ئەوەتا ئیجابیە وەک بەدیهێنانی بەرژەوەندییەک، یان سلبیە وەک دوور خستنەوەی خراپەیەک.

بە هەمان شێوە هەموو دەستوور و یاسا دانراوەکانیش دەیانەوێت خزمەتی مرۆڤ بکەن، هەریەکەیان بە بەشێوازی خۆی، کەوابوو دەستووری خوایی و دەستوورە دانراوەکان لە ئامانجەکەیاندا بەیەک دەگەنەوە، بەڵام لە چەندین بابەتی بنەڕەتیدا لێک جیاوازن، لەوانە:

١- لە رووی سەرچاوەوە: وەحی سەرچاوەی دەستووری خوایە، لە کاتێکدا سەرچاوەی یاسای دەستووری عەقڵی مرۆڤ و کۆششەکانیەتی، گومانی تێدا نیە عەقڵیش هەرچەندە پێگەیشتوو تێگەشتوو بێت دوور نابێت لە کەموکورتی و

بەئاگابوون لە رابردوو ئێستا و داهاتوو، لەبەر ئەوەیە دەستووره دانراوەکان هەمیشە پێویستیان بەهەموار و گۆڕانکارییە.

٢- لە رووی گشتێتیەوە: دەستووره دانراوەکان بۆ یەک کۆمەڵگان، بەڵام دەستووری خوایی پەیامەکەی رووی لە تەواوی مرۆڤایەتییە و داننانێت بە سنووره سیاسیی و جوگرافییەکاندا.

٣- لە رووی بەردەوامی و جێگرییەوە: دەستووری خوای گەورە زیندووە و گۆڕان و هەموارکردنەوە و سڕینەوە قبوڵ ناکات، چونکە بنەما گشتییەکانی لەخۆ گرتووە و بنەما گشتییەکانیش پێویستی بە گۆڕانکاری نییە.

٤- لە رووی کەموکورتی و هەڵەوە: قورئان دووره لە هەڵە و کەموکورتی، چونکە خوای گەورە دایبناوە و خوای گەورەش زاتێکی کاملە.

٥- دەستووری خوای گەورە کە قورئانە گرنگی و بایەخی زۆری داوە بە رەوشت، لە کاتێکدا یاسای دەستووری و یاسا ئاساییەکان ئەو گرنگی و بایەخە زۆرە نادەن بە رەوشت.

٦- لە روی پاداشت و سزاوە: دەستووره دانراوەکان و یاسا هەمیشە لێپێچینەوەیان تێدایە و سزا لەخۆدەگرن بۆ سەرپێچیکار، بە پێچەوانەی دەستووری خوای گەورەوە کە سزای بۆ خراپەکار بڕیار لێداوە، لە هەمان کاتدا پاداشتیشی بۆ چاکەکار بڕیار داوە.

٧- لە رووی سنووری پاداشت و سزاوە: سنووری دەستووری خوایی فراوانە و پاداشتی دونیا و قیامەت لەخۆ دەگرێت.

٨- لە رووی بواری جێبەجێکردنەوە: لە دەستوورو یاسا دانراوەکاندا حوکم بەسەر زاهیردا دەدەن و ناچنە قوڵایی ناخی مرۆڤەوە تا بڕیار لەسەر نیەتە خراپەکانی بدەن، بە پێچەوانەی قورئانەوە کە دەیەوێت مرۆڤەکان ناخیان و نیەتیشیان پاک بێت.

چەندین خاڵی دیکەش هەیە کە لێرەدا بابەتەکە درێژ دەبێت لێی بدوێین، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ کتێبە نوێیەکەم لەسەر دەستوور.

**خاڵ: دەکرێت نمونەی ئەو ئایاتانە کە بنەمای دەستووریان تێدایە بۆمان بخەیتە روو؟**

د. مستەفا زەڵمی: قورئانی پیرۆز زۆر بنەمای دەستووری بەهێزی تێدایە کە هەموو دەستووره هاوچەرخەکان لەخۆیان گرتووە، وەک: راوێژ، دادپەروەری و یەکسانی، هەندێ ئایەتی دیکەی قورئان هەیە کە بابەتی گرنگی لەخۆ گرتووە و لە کاتی دانانی دەستوورێکی ئیسلامیدا دەکرێت بگەڕێینەوە و بۆیان، لەوانە:

١. **[وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ]**، **[وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ]**.

٢. **[وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ]**

٣. **[إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ]**.

٤. **[إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ]**.

٥. لەو ئایەتانەش داوا دەکات پێویستە حوکم بەوە بکرێت کە خوای گەورە دایبەزاندووە: **[وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ]**.

٦. نمونەی ئەو ئایەتانەشی کە دادوەریکردن لە نێوان خەڵکیدا لەخۆ گرتووە: **[وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى]**.

٧. بنەمای ئاشتی و جەنگ لە ئیسلامدا: **[وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ]**، هەروەها لەئایەتێکی دیکەدا هاتووە: **[وَقَاتِلُواْ الْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَآفَّةً]**.

زۆر نمونەی دیکەم لەم بابەتەدا باس کردووە لەدوایین کتێبمدا هیوادارم بتوانن سوددی لێوەربگرن.



# ئیسلام و گرێکوێرەی دەستوور

**د. هادی عەلی**



لەدایکبووی ١٩٥٣
هەڵەبجە
دکتۆرا لە فکریی ئیسلامیی
وەزیری پێشووتری دادی حکومەتی هەرێم
چەندین بەرهەم و وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

لەوماوەیەدا لەسەروبەندی دەستبەکاربوونی لیژنەی نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، مشتومڕ و چەلەحانێیەکی زیاد لەچاوەڕوانکراو لەبارەی پرسی پێگەی ئیسلام لە پرۆژەی دەستوردا بەرپاکرا، تێکڕای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تیشکی زۆریان خستەسەر و پانتاییەکی زیادیان لە بەرنامەکانیان بۆ تەرخانکرد. ئیتر بە مەبەست بوبێت یان بێمەبەست، مشتومڕەکە بەئاراستەیەکداچوو وەک بڵێی ئەم پرسە گرێکوێرەی دەستوورە و هۆکاری درێژەکێشانی کۆبوونەوەکانی لیژنە دەستووریەکە و تەواونەکردنی پرۆژەکە بێت. ئەوە لەکاتێکدا گوێمان دەگرت بۆ ڕاوبۆچونی ئەندامانی لیژنەکە سەبارەت بەم پرسە، وێڕای جیاوازی ئینتیما و ئاراستە فیکرییە جیاجیاکانیان، تەنانەت بیروڕاگۆڕینەوەکانیشیان لەناو کۆبونەوەکانی خۆیاندا، وێنایەکی تەواو پێچەوانەی ئەو مشتومڕە دژوارەی ڕاگەیاندنەکانت دەهاتە بەرچاو. ئەوان پرسەکەیان زۆر لا ئاسایی و سادەبوو، ڕاوبۆچونەکان و تێگەیشتنەکانیشیان لەوبارەیەوە زۆر لێکەوە نزیک بەدیار دەکەوت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە لە ژێر کاریگەری ئەو هەڵمەتی ڕاگەیاندنەدابووبێت، یان هەر هۆکارێکی تری پشت پەردە، ڕێکەوتن لەسەر دارشتنی دواشێوەی ناوەرۆک و برگەکانی ماددەی تایبەت بەپێگەی ئیسلام و ئاینەکانی تر زۆر دواکەوت.

یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم مشتومڕە دژوار و نائاساییەی کە لەو ماوەیەدا دەبینرا و دەبیسترا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندێک لەو بەڕێزانەی بەشداریان دەکرد لەو بەرنامانەدا چ لە ئاراستە ئیسلامییەکان یان عەلمانیەکان، بە تایبەتی توندڕەوەکانیان، ترسێکی زیاد لەپێویستیان لەیەکتر هەیە. هەرچی عەلمانیە توندڕەوەکانە هەر کە باس لە ئیسلام و شەریعەتەکەی دەکرێت ڕاستەوخۆ هەڵچوون ڕوویان تێدەکات و ترسێک دایان دەگرێت و هاوسەنگی لەدەستدەدەن. دیارە هەندێ نمونە و ڕیوایەت و فەتواو مومارەسەی نائاسایی و نامۆ هەیە لە کۆن و نوێدا کە تاڕادەیەک پاساو بێت بۆ ئەو ترسە، بەڵام نەک بەو شێوەیەی کە هەندێ کەس هەڵچوون و بۆچوونی نائاسایی و نازانستیانەیان لێدەردەکەوت.

لەبەرامبەریشدا هەندێک لە ئیسلامییەکان و مامۆستایانی ئایینی هەرکاتێک باس لە ئازادی دەکرێت، ئەمانیش ترسیان لێ دەنیشێت و تووڕەبوون ڕوویانتێدەکات و هەڵوێستی توند دەنوێنن. ئەڵبەت چەندین نمونە و هەڵوێست و مومارەسەی نامۆ و نادروستی عەلمانیەکانی ناوچەکە لە ئێستا و ڕابوردوودی نزیکدا، پاساوی زەقن بۆ هەندێک نیگەرانی و کاردانەوە، بەڵام ناکاتە ئەوەی کە بە شێوەیەکی نالۆژیکی و هەڵچوونئامێز هەڵوێست لەبارەیەوە وەربگیرێت.

دیارە ئەوە ئەرک و بەرپرسیارێتی میانەڕەوەکانە لە هەردوولا، کە پێویستە پردی بەیەکگەیشتن و پەرینەوە دروستبکەن بۆگەیشتن بەکەناری ئارام و دارشتنی چارەسەری دروست لەومیانەدا. چونکە عەلمانیە میانڕەوەکان لەگەڵ ئەوەدا کە بڕوایان بەئازادی هەیە و شەیدای کەشوهەوای ئازادین، ڕۆڵ و پێگەی ئاین بە گشتیی و ئیسلام بە تایبەتی لە کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا فەرامۆش ناکەن و ڕێزی شیاوی لێ دەگرن. لەولاشەوە ئیسلامییە میانڕەوەکان و زانایانی ئاینی ڕۆشنبیر کە بڕوای تەواویان بە ئیسلام و شەریعەتەکەی هەیە و ئامانجی سەرەکیان دادپەروەریە، نەک لە ئازادی ناترسن، بەڵکو تێدەگەن کە ئازادی وەک ئاووهەوا پێویستیەکی بنەڕەتیە بۆ ژیان لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە. ئازادی و دادپەوەری کە خواست و ئامانجی هەموانە، هەردوو پێکەوە تەواوکاری

دەبێت پێکهاتە و ئاراستە فیکری و سیاسییە جیاجیاکانی کۆمەڵگە لەوە دڵنیابن کە بەناوی نەگۆڕەکانی ئایینەوە، ئازادییەکانیان پێشێل ناکرێت.

یەکترن و هۆکار و ڕێگاخۆشکەرن بۆ یەکتری.

لەلایەکی ترەوە، گرنگە ئیسلامییەکان و زانایانی ئاینی و تێکڕای موسڵمانان لەوە دڵنیابن کە بەناوی ئازادی و دیموکراتیەوە نەگۆڕە بنەڕەتیەکانی ئیسلام پێشێل ناکرێت، واتە حەرامکراوەکان نابێت حەڵاڵ بکرێن، یان بە پێچەوانەوە حەڵاڵکراوەکان نابێ حەرام بکرێن. چونکە پرسی بەحەرامکردن و حەڵاڵکردن پەیوەستە بە خودی پەروەردگارەوە کە لە ڕێگای سروش (دەقە قورئانیەکانەوە) دەستنیشان کراون. لەبەرامبەریشدا جێگای خۆیەتی کە پێکهاتە و ئاراستە فیکری و سیاسییە جیاجیاکانی کۆمەڵگە لەوە دڵنیابن کە بەناوی نەگۆڕەکانی ئایینەوە، نابێت ئازادییەکانیان پێشێلبکرێت، بەتایبەتی ئازادیە کەسییەکان و نابێت فەتوا و ڕێنماییە فیقهیەکانیان بەسەردا بسەپێنرێت. چونکە ئەوە کۆمەڵگەی ئازاد و هوشیار خۆیەتی کە ئەو بوارە دیاریدەکات و پابەندبوون بە ئادابە گشتییەکانەوە ڕێکدەخات.

بۆیە پێویستە لەسەر هەردوولا بەڵکو هەموو لایەک لەوە زیاتر خۆیان و دۆخەکە ئاڵۆز نەکەن و ڕای گشتی و لیژنەکە بەم مەسەلەیەوە سەرقاڵ نەکەن. چونکە وەزیفەی ئەساسی دەستوور وەک پەیمانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نێوان تێکڕای پێکهاتە و ئاراستە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، بە پلەی یەکەم بریتییە لە ڕێکەوتن لەسەر شێوازی سیستەمی حوکمڕانی سەرکەوتوو کە بتوانێت ئاستی پێویست و شایستە لە ئازادی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانی بۆ تێکڕای هاووڵاتیان دەستەبەر بکات، لەهەمانکاتدا ڕێگری بکات لە دیکتاتۆریەت و تاکڕەویی و ئیستبدادی سیاسیی و هەموو جۆرەکانی گەندەڵی و ناعەدالەتی و بەهەدەردانی ماڵ و سامانی وڵات، هاوکات نمونەیەکی حوکمڕانی مەدەنی و هاوچەرخ بۆ گەلەکەمان بەرهەم بهێنێت کە ساڵەهای ساڵە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت قوربانی گەورە و بێوێنەی لەپێناودا دەبەخشێت. هاوزەمان ڕێوشوێنی پێویست و جیدی جێگیربکرێت بۆ گەیشتن بە ماف و ئامانجە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان، لەم قۆناغە مێژووییەدا کە گەلی کورد بەگشتی و ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت کە لە هەڕەشەکانی تیرۆر و تائیفیەت و دیکتاتۆریەتدا خۆی دەنوێنێت.

با هەموو لایەک بە ئیسلامی و عەلمانیەوە ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاو ڕۆشن بێت.. کێشەی سەرەکی وڵاتانی ناوچەکە بە کوردستانی خۆشمانەوە بریتی نییە لە فەرامۆشکردنی پێگەی شیاو بۆ ئیسلام و شەریعەتەکەی لە دەستووری وڵاتدا، یان بەپێچەوانەوە. ئەوەتا هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە کە خۆیان بە پارێزەری ئیسلام و جێبەجێکاری شەریعەتەکەی دادەنێن، بەڵام بەداخەوە نمونەی سیستەمی حوکمڕانی دیکتاتۆری و گەندەڵی و ناعەدالەتین، لەولاشەوە چەندین نمونەی تر هەن یان هەبوون کە لە دەستوری وڵاتدا بەناوی عەلمانیەت و مۆدێرنێتەوە پێگەی ئیسلام و شەریعەتەکەیان فەرامۆشکرد، بەڵام دەرکەوت کە ناشیرینترین نمونەی حوکمڕانێتی دیکتاتۆری و

گەندەڵین لەسەر ئاستی جیهان.

شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی کە لە سەرەتای ساڵی (٢٠١١)وە دەستی پێکرد و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت وڵاتانی ناوچەکە گیرۆدەن بەدەست ژان و قەیرانەکانی پیلان و هەوڵەکانی شکستهێنان بەو شۆڕشانە، ئامانجی سەرەکی لێیان گەیشتن بوو بە دامەزراندنی سیستمی حوکمڕانی سەرکەوتوو کە ئاستی شیاو لە ئازادی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن بۆ هاووڵاتیانی ئەم وڵاتانە دەستەبەر بکات.

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بکەین بەوەی کە خاڵێکی نەخوازراو لە تێڕوانینی زۆربەی ئیسلامییەکاندا لەبارەی چەمکی دەوڵەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە لەوەدایە، کە بۆچون و تێگەیشتنێکی مەنهەجی هەڵە لە خوێندنەوەیاندا هەیە بۆ ئەو دەقە شەرعیانەی کە پەیوەندیدارن بە بواری دەوڵەت و سیستمی حوکمڕانییەوە. ئەویش ئەوەیە کە ئەولەویەت دەدەن بە ئەحکام و جێبەجێکردنی سزا شەرعیەکان و جوزئیاتی ژیانی تاک و کۆمەڵگە، لەبری پێداگریکردن لەسەر جێگیرکردنی بنەماکانی سیستمی حوکمڕانی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، کە پێویستە لەسەر بنەمای ڕەزامەندی میللەت و دادپەروەری دابمەزرێت و ئامانجە باڵاکانی ئیسلام و بەرژەوەندیە باڵاکان  بهێنێتە دی، هەرئەمەش کێشەی سەرەکی وڵاتانی ئیسلامییە.

بۆیە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین گرێکوێرەی قەیرانەکانی وڵاتانی ناوچەکە بریتیە لە سیستمی حوکمڕانی دواکەوتوو کە هۆکاری ڕیشەداکوتانی دیکتاتۆریەت و ستەمکاری سیاسی و بەمیراتیکردنی دەسەڵاتە، لە هەمانکاتدا سەرچاوەی تەشەنەکردنی گەندەڵی و ناعەدالەتی و پێشێلکردنی ماف و کەرامەتی هاوڵاتیان و سەرهەڵدانی توندڕەوی و تیرۆرە کە بە شێوەیەکی ترسناک ناوچەکەی گرتۆتەوە.

بۆیە پێویستە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان وێڕای چەسپاندنی ڕۆڵ و پێگەی شایستەی ئیسلام وەک ئاینی زۆرینەی گەلەکەمان، ئەم گرێکوێرەیە چارەسەر بکات، واتە بنەماکانی سیستمی حوکمڕانی مەدەنی و دادپەروەر لە دەستوردا جێگیربکرێت.



# نەگۆڕەکانی ئیسلام

## لە پرۆژەی دەستووری هەرێم

زانا رۆستایی



لەدایکبووی ١٩٦٩
بەکالۆریۆس لە یاسا
ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی بڵاوکردوەتەوە.

### سەرەتا

گفتوگۆکانی سەر پرۆژەی دەستووری هەرێم لە تەوەرەی پەیوەندی نێوان ئایین و دەستوور، لە ماوەی چەند ساڵی رابوردوودا زۆر بە گەرمی بەڕێوەچووە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان. لە عێراقدا لەسەروبەندی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ تا راپرسیی سەر دەستوور، ئەم باسە زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا. لە هەرێمی کوردستانیش لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠٠٥ کاتێک لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان پێکهێنرا و تا دوا ساتەکانی پەسەندکردنی پرۆژەکە لە پەرلەمان ساڵی ٢٠٠٨، ئەو بابەتە هەرجێی باسوخواسی ناوەندە سیاسی و میدیاکان بووە. ئێستاش لەسەروبەندی گفتوگۆکانی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوور بۆ راپرسی و لیژنە ٢١ کەسیەکە، کە لە ماوەی مانگی ٢٠١٥/٦ دەستبەکاربوون و تا نووسینی ئەم بابەتەش بەردەوامن، تەوەری پەیوەندی نێوان دین و دەستوور زۆرترین باسوخواسی لەسەر کراوە.

## جێی ڕێکەوتن و جێی ناکۆکی

لە بابەتی پەیوەندی نێوان دەستوور و ئایین، هەندێ پرەنسیپ و تێگەیشتنی هاوبەش هەیە هەموو لایەک لەسەری کۆکن، بەو ئەندازەی پەیوەندی بە پێکەوەژیان و دابینکردنی ئازادییە ئایینیەکان و دانان بە مافی بوونیان لە دەستووردا.

بۆ نمونە هەموو لەسەر ئەوە ڕێکن کە (ئەم دەستوورە دان دەنێت بە ناسنامەی زۆرینەی گەلی هەرێمی کوردستان و ڕێزی لێدەگرێ و دان بە تەواوی مافە ئایینیەکانی مەسیحی و ئێزیدیەکان و ئەوانی دیکە دادەنێت و سەربەستی بیروباوەر و بەڕێوەبردنی ڕێورەسم و دابونەریتی ئایینی لە هەرێمدا بۆ هەموو کەسێک دابین دەکات...)

### بەڵام ئەوەی کە جیی ناکۆکی بووە چەند شتێکن:

١- (ئاینی ڕەسمی کوردستان ئیسلامە)، بەرای بەشێک لە نووسەر و ئەکادیمی و میدیاکار پێویست ناکات ئەم بڕگەیە بنووسرێت، چونکە دەوڵەت دینی نییە، بۆیە ئەوەی لە دەستووری وڵاتان نووسراوە هەڵەیە کە دین بۆ دەوڵەت بڕیار دەدات، چونکە دەوڵەت کەسایەتییەکی مەعنەویە و ئایدیۆلۆجیا و دینی نییە، هەروەها دەڵێن ئەمە لەگەڵ پرەنسیپی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت ناگونجێت کە عەلمانیەکان کاری بۆ دەکەن. بەڵام ڕایەکەی تر پێیوایە هاوشێوەی زۆربەی دەوڵەتە مسوڵماننشینەکان پێویستە بە ڕاشکاوی دیاربێت کە لە هەرێمی کوردستان ئیسلام ئایینی ڕەسمییە، ئەوەش هیچ لە مافی ئایینەکانی تر کەم ناکاتەوە، تەنانەت لە دەستووری بەشێک لە وڵاتە مەسیحیەکانییش بە شێوازی جۆراوجۆر باس لە ئایینی دەوڵەت و ئایینی پادشا کراوە.

٢- بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەی یاسادانان بێت، نەیارانی ئەم بڕگەیەش پێیانوایە نابێت بنووسرێت و ناکرێت ئیسلام و شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەی یاسادانان بێت لەبەر ڕا جیایی نێوان مەزهەبەکان و ناروونی شەریعەت و نەگونجانی لەگەڵ سەردەمی نوێ، نیگەرانیەکانییش زیاتر دەبن کاتێک باس لەوە دەکرێت ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان بێت کە بە ڕای ئەوان ئەمە گەرانەوەیە بۆ دواوە و کێشە بۆ پێکهاتەکان و مافەکانیان دروست دەکات. لەو بابەتەش چەند جۆرە دارشتنێک هەیە کە ڕەنگدانەوە و شوێنەوارە یاساییەکانی جیاوازن، وەک (تاکە سەرچاوەی یاسا دانان- سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان – سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانان – سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی یاسادانان) بێگومان لاوازترینیان سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی یاسادانان.

٣- نابێت:

أ- یاسایەک دابنرێت ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام.

ب- یاسایەک دابنرێت ناکۆک بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی.

ت- یاسایەک دابنرێت ناکۆک بێت لەگەڵ ئەو ماف و ئازادییە بنەڕەتیانەی لەم دەستوورەدا هاتوون.

ئەم بڕگەیە جەوهەری ڕاجیاییەکانە و زۆرترین کێشمەکێشمی لەسەرە، چونکە بەلای لایەنگرانی بڕگەکە ئەوە خەتی سوورە و تاکە گرەنتیە بۆ پاراستنی یاساکان لە دژایەتیکردنی شەریعەتی ئیسلام، بەلای نەیارانیشیەوە ئەم بڕگەیە مەترسیدارترین بڕگەیە چونکە دەبێتە فلتەرێک بۆ هەموو یاساکان و هەندێ جاریش دەڵێن ئەو بڕگەیە دەبێتە هۆی دەرکردنی کۆمەڵێک یاسای

**بنەماکانی ئیسلام و بنەماکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە زۆربەی شتەکان گونجاون لەگەڵ یەک، تەنها لە چەند شتیکی کەمدا ناکۆکیان هەیە.**

شەرعی کە کێشەی هەیە لەگەڵ مافی مرۆڤ و دیموکراسی.

هاوشێوەی دەستووری عێراق ئەو برگەیە دوو بڕگەی تریشی بەدوادا هاتووە کە پەیوەندیان بە مافی مرۆڤ و دیموکراسیەوە هەیە، بەجۆرێک کە نابێت یاسایەک دەرچێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی دیموکراسی.

بە ڕای هەندێ لە یاساناسان ئەو سێ برگەیە لەگەڵ یەکتری تێکدەگیرێن و هەڵەیەکی یاساییە، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە، بەڵکو ئەو سێ برگەیە تەواوکەری یەکن و باشترین هاوسەنگی دروست دەکەن لە یاساکاندا و دەگەڕێت بەدوای خاڵی هاوبەشدا و لەو پانتایە هاوبەشەدا یاساکان دادەنێت، ئەوانەی پێیان وایە هەر سێ برگەکە ناکۆکن لەو بڕوایەدان کە بنەماکانی ئیسلام و بنەماکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دژیەکن، کە لەڕاستیدا وانییە بەڵکو هەرسێکیان لە زۆربەی شتەکان گونجاون لەگەڵ یەک، تەنها لە چەند شتیکی کەمدا ناکۆکیان هەیە. کەواتە پانتایی هاوبەشی هەر سێ بنەمای (ئیسلام و دیموکراسی و مافی مرۆڤ) ئێجگار زۆرە لەو پانتاییە دەکرێ یاسادانەر سەدان یاسا دابنێت بەڵام لەو بوارە کەمانەی کە جێی ناکۆکیی یەکێکیانە نابێ بکرێتە یاسا. ئەمەش بۆ هاوسەنگی و ئارامی کۆمەڵگایە و چارەسەرێکی زیرەکانەیە بۆ واقیعی کۆمەڵگایەکی وەکو ئێمە.

### گفتوگۆیەکی یاسایی لەسەر حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام:

هاتنی ئەو برگەیە لە دەستووری عێراق و داکۆکیلێکردنیشی لە پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەیە کە مەترسیەک برەوێنێتەوە، ئەو مەترسیەش ڕاستەقینەیە و ئەگەرێکی دوور نییە، کە بریتیە لە مەترسی دەرکردنی هەندێک یاسا کە ناکۆک بێت لەگەڵ نەگۆڕەکانی ئیسلام لەلایەن نوخبەی توندڕەوی عەلمانی کە لە نێو پەرلەمان بوونیان دەبێت.

دەستوور بۆ ڕەواندنەوەی مەترسیەکانە لەسەر پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی هەمووان هەست بە دڵنیایی و ئارامی و سەقامگیری بکەن، هەموو پێکهاتە و خاوەن بیر و نەتەوەیەک مافی خۆیانە داوای گرەنتی و زەمانەت بکەن بۆ هەستکردن بە ئارامی و ڕەواندنەوەی مەترسیەکانیان، بەڵام هیچ کامێک لەوانە بۆیان نییە داوا بکەن داخوازی لایەنێک یان پێکهاتەیەکی کۆمەڵگا نەنووسرێت و ئاماژەی پێ نەکرێت، با وەک ئەو دوو کەسەمان لێ نەیەت کە دەگێڕنەوە دوو کەس بەر لە جێبەجێکردنی حوکمی لە سێدارەدان لەسەریان، داوایان لێکرا دوو داخوازی خۆیان بڵێن، یەکێکیان وتی دەمەوێت دایکم ببینم، لە ئەوی تریان پرسی تۆ چیت دەوێت؟ وتی: دەمەوێ ئەو کابرایە دایکی خۆی نەبینێت!

ئەو بڕگەیە بڕگەیەکی بەرگریکاریی نێگەتیڤە تەنها بۆ خۆپاراستنی کۆمەڵگای مسوڵمانە لەو یاسایانەی کە زیان بەو کۆمەڵگایە دەگەیەنن، بۆ ئەوەیە کە ئەگەر ڕەوتێکی ناو پەرلەمان ویستی پرۆژە یاسایەک دەربکات کە ناکۆک بێت لەگەڵ ئەو حوکمە نەگۆڕانەی ئیسلام کە هەموو مەزهەبەکانی ئیسلام لەسەری یەک دەنگن، دەقی بێ تەئویلی ڕاشکاوانەی قورئان و سوننەتی لەسەر بوو کە ١٤٠٠ ساڵ زیاترە مسوڵمانان لەسەری ڕاهاتوون و پەیڕەویان کردووە و چەسپیوە لە ویژدان و نەریتی کۆمەڵگادا.

ئەو بڕگەیە بۆ ئەوە نییە کە سبەی ڕۆژێ کوتلەیەکی پەرلەمانی بە پشتیوانی ئەم بڕگەیە پرۆژە یاسایەک پێشکەش بکات بۆ جێبەجێکردنی حوکمێکی شەرعی، وەکو سزای زیناکار و دز و شتی لەم بابەتە، نەخێر بەهیچ شێوەیەک ئەو بڕگەیە نابێتە هۆیەک بۆ دەرکردنی ئەو جۆرە یاسایانەی کە جێی ڕەخنەی عەلمانی و لیبراڵەکانن و هەندێکجار وای پیشانی خەڵک دەدەن کە بە هۆی ئەو بڕگەیەوە دەستوورەکە دەبێتە دەستوورێکی ئیسلامی و یاساکانی ئیسلام دەردەکرێن و مافی پێکهاتەکان پێشێل دەکرێت.

لە ڕاستیدا ئەو پرۆژە دەستوورە بەو بڕگەیە نابێتە دەستورێکی ئیسلامی، بە نەبوونیشی نابێتە دەستورێکی عەلمانی، بەڵام دەتوانین بڵێین دەبێتە دەستورێکی مەدەنی گونجاو لەگەڵ ئیسلام.

### حوکمە نەگۆڕەکان یان بنەما نەگۆڕەکان؟

لە پرۆژە دەستووری هەرێمدا وەکو حوکمە نەگۆڕەکان هاتووە، بەڵام پێشنیاری ئەوە هەیە بکرێتە بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام، دیارە جیاوازیەکی تەواویش هەیە لە نێوان حوکم و بنەما، حوکم فیقهە و لەهەر بابەتێک دەیان ڕا و ڕای جیاواز هەیە،

**لە پرۆژە دەستووری هەرێمدا وەکو حوکمە نەگۆڕەکان هاتووە، بەڵام پێشنیاری ئەوە هەیە بکرێتە بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام**

چونکە فیقە نەگۆڕی کەمە و زۆربەی دەگۆڕێت بە گۆڕانی کات و شوێن و کەسەکان، چونکە بنەمایەکی ئوسوڵی فیقهە کە دەڵێت (تتغيير الاحكام بتغيير الزمان والمكان) واتە حوکمەکان گۆڕانیان بەسەردادێت بە پێی سەردەم و شوێن، بۆ نمونە جاری وا هەیە یەک بابەت هەر پێنج حوکمەکانی لەسەر جێبەجێ دەبێت، پێنج حوکمەکان بریتین لە (الحرام – المكروه –المباح – المستحب – الواجب ) هەمان بابەت بۆ هەندێ حاڵەت حەرامە، بۆ هەندێ حاڵەت مەکروهە، بۆ هەندێ حاڵەت موباحە، واتە ڕێپێدراوە بەڵام بۆ هەندێک حاڵەتی تر موستەحەبە و بۆ حاڵەتی تر واجب دەبێت. هەروەها لە مەزهەبە جیاوازەکانییش لەسەر هەمان بابەت چەندین بیرورای جیا هەیە.

بەڵام بنەماکان (المبادىء) واتە سەرەتاکانی ئیسلام، یان پرەنسیپەکان principles یان بنچینەکان، یان ئەو شتانەی کە جێی ڕا جیایی نییە و هەموو مسوڵمانان لە کۆن و نوێ لەسەری ڕێکن، ئەم دەستەواژەیە وردترە بۆ بەکارهێنان و مەبەستەکەش باشتر دەگەیەنێت.

بە واتایەکی زانستیتر، بنەماکانی ئیسلام ئەو

شتانەن کە (القطعي الدلالة والقطعي الثبوت من الشريعة أی المتفق عليه من الشريعة) ئەو شتانەی کە بەڵگەکانی مانابەخشیەکەی بنبڕە و تەئویل هەڵناگرێت، هەروەها گومان نییە لە ڕاستی دەقەکە کە لە قورئانە و لە سوننەتە، کەواتە ئەو شتانەن کە ڕێکەوتنی لەسەرە لە شەریعەتی ئیسلامدا.

لە میسر کاتی گفتوگۆکردن لەسەر دەستوور سەلەفیەکان پشتگیریان لە (احکام الشريعة) دەکرد بەڵام زانایانی ئەزهەر و ئیخوانەکان پشتیوانیان لە (مبادیء الاسلام) کردوە، دادگای دەستووری باڵای میسریش چەند ساڵێک بەر لە ئێستا واتایەکی چەسپاند بۆ بنەماکانی ئیسلام (الاحکام القطعية الدلالة والقطعية الثبوت) واتە ئەو حوکمانەی کە یەک مانا هەڵدەگرن و گومان لە ڕاستیاندا نییە، نمونەی بنەماکان (دادپەروەری – یەکسانی – ئازادی – ڕاوێژ).

نووسەری میسری (دکتور محمد الشحات الجندی) ئەندامی (مجمع البحوث الإسلامية) دەڵێت جیاوازی نێوان بنەماکان و حوکمەکانی شەریعەت ئەوەیە کە بنەماکانی شەریعەت بریتین لە مەبەستەکان(مقاصد) کە بریتین لە پاراستنی (النفس والمال والعرض والدين والنسل) و ئەو بنچینانەی کە شیاون بۆ هەموو سەردەم و شوێنێک، وەکو ڕاوێژ و یەکسانی و دادپەروەری و یەکریزی) ئەو بنەمایانەش دەقی تەواو دروست و ڕاشکاویان لەسەر هەیە. بنەماکان جیی کۆدەنگین و حوکمەکان بابەتی ڕاجیایین لە نێوان زانایاندا.

بەمجۆرە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە برگەی (نابێ یاسایەک دەربچێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ نەگۆڕەکانی بنەماکانی ئیسلام) بە هیچ شێوەیەک جێی مەترسی نییە بۆ هیچ کەس و لایەنێک، چونکە لە کۆتاییدا دادگای دەستوورییە کە بڕیار دەدات مەبەست لە نەگۆڕەکانی بنەماکانی ئیسلام چییە و بە تێگەیشتنی زانایانی فیکری ئیسلامی بنەماکانی ئیسلام لەگەڵ تەواوی مرۆڤایەتی دەگونجێت و هەموو ئاینەکانییش لەسەری ڕێکن.



# مێژووی دەستوور لە ئیسلامدا

د. حسێن محەمەد ساڵح



لەدایکبووی
سلیمانی ١٩٦٦
بڕوانامەی دکتورا لە
مێژووی ئیسلام
مامۆستا لە زانکۆی
هەڵەبجە

پێش ئەوەی باسی مێژووی دەستوور بکەین، دەبێت ئەوە بزانین کە دەستوور بۆ هەر دەوڵەتێک لێکدانەوەی هزر (فکر)ی ئەو دەوڵەتەیە، هەروەها ڕوانگەی ئاینی و کۆمەلایەتییەکەیشی دەردەخات و ڕونی دەکاتەوە، چونکە دهستوور یاسایەکی زاڵە بەسەر هەموو یاساکاندا و ئاراستەی یاساکان و سیستمی حوکمڕانی دەکات. بۆیە پێویستە سەرەتا پێناسەی دهستوور بە گشتیی بکەین و دواتریش پێناسەی دهستوور لە ئیسلامدا بکەین.

حوکمە دەستوورییەکان لە ئیسلامدا دوو بەشن، بەشێکی نەگۆڕ و بەشێکی گۆڕاو، لە هەموو سەردەمێکدا زانایان لە قورئان و سوننەت و کۆڕای زانایان حوکمیان وەرگرتووە و دەوڵەتیش پابەند بووە پێوەی.

## یەکەم: پێناسەی دەستوور لە ڕووی زمانەوانییەوە

وشەیەکی فارسییە بە مانای دەفتەر (پەراو) دێت کە داتا و زانیاری تیادا تۆمار دەکرێت. لە ڕووی زمانەوانی یاساناساندا بە مانای کۆمەڵە حوکمێک دێت کە شێوازی دەوڵەت و حوکمڕانی دەردەخات و دەسەڵاتەکان دیاری دەکات و تایبەتمەندی هەر دەسەڵاتێک دەستنیشان دەکات ماف و ئەرکی هاووڵاتیانیش دیاری دەکات و دەیپارێزێت.(١)

## دووەم: دەستوور لە ئیسلامدا دوو جۆر پێناسەی هەیە:

١. پێناسەی گشتی: بریتییە لە کۆمەڵێک بنەما و یاسای گشتی نەگۆڕ کە لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا (د.خ) هاتووە، بنەما گشتییەکانی حوکمڕانی لە ئیسلامدا ڕێکدەخات. جا دەستوور بەم پێناسە گشتییە نەگۆڕە بە درێژایی مێژوو و ناشکرێت گۆڕانکاری تیادا بکرێت و هەمواریش ناکرێتەوە، بەهیچ جۆرێکیش ڕەت ناکرێتەوە چونک سروشە و لەلایەن خوای تاک و تەنهاوە هاتووە بۆ پێغەمبەر.

٢. پێناسەی تایبەتی: بریتییە لە کۆمەڵە بنەمایەکی یاسا لە دەوڵەتی ئیسلامیدا کە جۆری حوکمڕانی دەردەخات و شێوازی دەوڵەت نیشاندەدات، دەسەڵاتەکان دەستنیشان و دیاریدەکات و ئەو کەسانەش کە ئەو دەسەڵاتانە پیادە دەکەن دیاریدەکات، پەیوەندی دەسەڵاتەکان لەگەڵ یەکدا ڕێکدەخات و مافی تاکەکان و ئەرکەکانیان دەستنیشان دەکات و هەموو ئەمانە پاڵپشت بە بنەمای ئیسلام و کاروبارە دەستوورییەکانی.

ئەم پێناسەیە ئەوە دەردەخات کە دەستوور بەپێی سەردەم و کات گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بۆیە زانا مسوڵمانەکان لە هەموو سەردم و کاتێکدا ئیجتهادی جیاوازیان کردووە و کاروباری مسوڵمانانیان بۆ ئەو سەردمەی خۆیان ڕێکخستووە و دەوڵەتیش جێبەجێی کردووە.

کەواتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە حوکمە دەستوورییەکان لە ئیسلامدا دوو بەشن، بەشێکی نەگۆڕ و بەشێکی گۆڕاو، بەشە نەگۆڕەکەی بەهیچ جۆرێک و لە هیچ سەردەم و کاتێکدا گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، جا نووسراو بێت یان نەنووسراو، ئەوەی کە ساغبووەتەوە ئەم جۆرەیان نەنوسراوەتەوە و پێویستیش بە نووسینەوە ناکات، مادام لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر و کۆڕای زانایاندا هەبێت.

جا قسەکردن لەم نووسینەدا لەسەر مێژووی نووسنەوەی دەستووری دەوڵەتی ئیسلامییە ئەو جۆرەی کە نەگۆڕ نییە و بەپێی سەردەم و کات و دەوڵەتێک بۆ دەوڵەتێکی تر دەگۆڕێت.

بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئیسلامدا کاتێک پێغەمبەری خۆشەویست (د.خ) کۆچی کرد بۆ مەدینە و بەگەیشتنی بەو شارە دەستوورێکی مەدەنی نووسییەوە بۆ ڕێکخستنی کاروباری خەڵکی شاری مەدینە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، لەو کاتەدا بە (الصحیفة یان الوثیقة) ناوبراوە هەروەک لە سەرچاوە کۆنەکاندا هاتووە، ئەو دەستوورە لە نزیکەی پەنجا خاڵ پێکهاتووە کە دەکرێت لە پازدە ماددەدا کۆبکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. چەمکی ئومەتی ئیسلامی لەسەر و تیرەگەرییەوەیە.

٢. بەدیهێنانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەناو گروپەکانی گەلدا.

٣. ڕێگریکردن لە خیانەتکردن و پەیمان شکاندن.

٤. ڕێزگرتن لە ئەمن ئاسایشی مسوڵمانان.

٥. پارێزگاریکردن لە ئەهلی زیمە و ئەو کەمەنەتەوانەی کە مسوڵمان نین.

٦. بەدیهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پارێزگاری لە خوێن.
٧. دەستنیشانکردنی سەرچاوەی حوکم لە دەوڵەتدا بە ئاینی ئیسلام.
٨. ئازادی بیروباوەڕ و ئەنجامدانی سروشە ئاینییەکان مافی هەموو تاکێکە.
٩. بەخشینی ماڵ بۆ پارێزگاریکردن لە دەوڵەت ئەرکی هەموو کەسێکە.
١٠. سەربەخۆیی دارایی بۆ هەموو گروپێکە.
١١. پێویستە لەسەر هەموان دوژمنی وڵات بەرپەرچ بدەنەوە.
١٢. ئامۆژگاری و چاکەکردن لە نێوان موسوڵمانان و ئەهلی کتابدا.
١٣. هەرکەسێک ئازادە هاوپەیمانی ببەستێت بەمەرجێک زیان بە دەوڵەت نەگەیەنێت.
١٤. پێویستە یارمەتی ستەملێکراو بدرێت و سەربخرێت.
١٥. ئاسایش مافی هەموو تاکێکە.

بەم شێوەیە پێغەمبەر (د.خ) ئەم دەستوورەی نووسییەوە کە بە یەکێک لە مەشخەڵ و شانازییەکانی شارستانی ئیسلامی دادەنرێت، ئەوش دەردەخات کە ئاینی ئیسلام پێشی هەموو ڕژێمەکانی تری داوەتەوە لە نووسینەوە و دیاریکردنی مافی تاکە کەسەکاندا.

بەڵام لەدوای ئەم نووسینەوەی دەستوورەوە بە درێژایی مێژووی ئیسلام کار بە جۆرە نەگۆڕەکەی دەستوور کراوە، واتە لە هەموو سەردەمێکدا زانایان لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (د.خ) و کۆڕای زانایان حوکمیان وەرگرتووە و دەوڵەتیش پابەند بووە پێوەی، بێ ئەوەی کە بنووسرێتەوە هەتا جموجوڵی نووسینەوەی دەستوور لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا دەستی پێکرد، بە نووسینەوەی دەستووری تونسی ساڵی ١٢٧٦ک بەرامبەر ١٨٦١ز پاشان نوسینەوەی دەستووری عوسمانی ساڵی ١٢٩٣ک بەرامبەر ١٨٧٦ز (٢) کە دەکرێت دابنرێن بە یەکەم دەستووری نوسراو لە دوای دەستوورەکەی پێغەمبەر (د.خ) لە مەدینە.

## سەرچاوە و پەراوێز


د. عبدالعزيز النعيم، أصول الأحكام الشرعية ومبادئ علم الأنظمة، ص١٨٢.
توفيق بن عبدالعزيز السديري ، الإسلام والدستور، ص٧٥.



# دەربارەی نووسینەوەی دەستوور

د. موحەمەد بەرزنجی



لەدایکبوی ١٩٦٠
بەکالوریس
لەپزیشکی گشتیی
خاوەنی بڕوانامەی
دکتورا لە پزیشکی
خێزانی و نەخوشی
پێستدا، خاوەنی
کتێبی (صحيح
وضعيف تاريخ
الطبري) یە

بەڵگەنامەی مەدینە بە یەکەم دەستوور بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە دادەنرێت لە کۆمەڵگەی چەندین نەژاد و ئاییندا، ئەوەش پێش هەزار و چوارسەد و سی و شەش ساڵ، واتە لە ساڵی ٦٢٣ زایینی ڕێکەوت لەگەڵ ساڵی یەکەمی کۆچی، کەسە دادپەروەر و بەویژدانەکانی ڕۆژهەڵاتناسانیش ئەوانەیان کە بە شێوازی ئاشکرا و ڕۆشن و بێ ئاڵۆزی نووسیویانە، بەڕێزەوە لە پێش ئەم دەسپێشکەرییە شارستانییە گەورەیە دەوەستن. لەم وتارەدا بواری قسەکردنم لەسەر کۆی بڕگەکانی ئەو دەستوورە نییە، بەڵام بەخێرایی ئاماژە بە هەندێک واتا و دەقە گرنگەکانی دەکەم:

١- دامەزراندنی دەوڵەتی دادپەروەری و پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە، کە پێکهاتەکەی بریتیبوو لە کۆچەر و پشتیوانان لە موسڵمانان، هەروەها هەموو ئەوانەش کە بە ئارەزوومەندانە چوونە پاڵ ئەو ڕێککەوتننامەیە لە جوولەکە و مەسیحییەکان.

٢- ئازادیی بیروباوەڕ و فیکر و ئازادیی پەرستشەکان و ڕێوڕەسمی تایبەت بە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەروەک لە دەقی بەڵگەنامەکەدا هاتووە: (وإن اليهود أمة مع المؤمنين، لليهود دينهم، وللمسلمين دينهم)، جوولەکە نەتەوەیەکن لەگەڵ بڕواداران، جوولەکە ئایینی خۆیان هەیە، موسڵمانانیش ئایینی خۆیان.

٣- ئاسایشی کۆمەڵایەتی: لە دەقی بەڵگەنامەکەدا هاتووە: (من خرج آمن ومن قعد آمن بالمدينة، إلا من ظلم)، ئەوەی لە مەدینە دەردەچێت سەلامەت دەبێت و ئەوەشی لە مەدینە نیشتەجێ دەبێت سەلامەت دەبێت، مەگەر زۆرداری و ستەمێک بکات.

٤- هەموو چینەکانی کۆمەڵگە وەک یەک سەربەخۆییی خاوەنداری یان ئەوەی کە ناسراوە بە سەربەخۆییی دارایی خۆیان هەیە: (وإن على اليهود نفقتهم، وعلى المسلمين نفقتهم)، جوولەکە خاوەنداری و دارایی خۆیان هەیە، موسڵمانانیش خەرجیی و دارایی خۆیان.

٥- پەیوەندیی چاکە و دادپەروەری، چین و جۆرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەیەکەوەدەبەستێتەوە: (وإن بينهم النصح والنصيحة والبر دون الإثم)، لە نێوانیان ئامۆژگاریکردن و چاکە هەیە، بێ ستەم و خراپەکردن.

٦- بەرگریی هاوبەش لە دەوڵەت کە پایتەختەکەی مەدینەیە، جوولەکە و مەسیحیەکان

**زانایان و فەقیەکانی موسڵمانان میللەتی ئیسلامیان ناچارنەکردووە بە شێوازێکی دیاریکراو بۆ حوکم و سیاسەت**

بەشداردەبن لەگەڵ موسڵمانان لە خەرجی بەرگریی هاوبەشدا، ئەوەتا لە نێو دەقەکانی بەڵێننامەکەدا هاتووە: (وإن بينهم النصر على من حارب أهل هذه الصحيفة) نێوانیان لەسەرکردنەوەیە لە دژی ئەوەی جەنگ لەگەڵ ئەهلی ئەم بەڵێننامەیە دەکات، هەروەها لە دەقێکی تردا هاتووە: (وإن بينهم النصر على من دهم يثرب على كل أناس حصتهم من جانبهم الذي قبلهم)، نێوانیان لەسەرکردنەوەیە لەسەر ئەوەی پەلاماری شاری یەسریب دەدات هەر کەسێک بن، لە برگەیەکی تردا بەم شێوەیە هاتووە: (وإن اليهود ينفقون مع المؤمنين ماداموا محاربين)، جوولەکە خەرجی بەرگریی دەکەن لەگەڵ بڕواداران هەتا جەنگیان لەدژ بکرێت و لەجەنگی بەرگریدا بن.

٧- حوکمی دادپەروەرانە لە نێوانیاندا دەبێت، بێ جیاوازی ڕەنگ، یان ڕەگەز، یان نەژادی ئەو کەسە: (وإنه لا يحول هذا الكتاب دون ظالم أو آثم) مەگەر زۆرداری یان تاوانباری بکات.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەربارەی برگەکانی ئەم بەڵگەنامەیە تکایە سەیری ئەم کتێبانەبکرێت: (السيرة النبوية الصحيحة)ی مامۆستا (ئەکرەم

ضياء العمري) و، (صحيح السيرة النبوية) ی مامۆستا (ئیبراهیم العلي) و (السيرة النبوية) ی (صلابي) و بەشی سیرەی (صحيح تأريخ الطبري) بەرزنجی.

خوازیاربووم ئەو ڕۆشنبیرانەی لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا لەسەر نووسینەوەی دەستوور قسە دەکەن باسی ئەم بنەما گرنگانەیان بۆ خەڵک بکردایە کە پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) ئاشتی مەدەنی و پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە و ئاسایشی کۆمەڵگەی لە دەوڵەتە نموونەییەکەیدا دامەزراند.

لە کۆتاییدا دەمەوێت باسی مەسەلەیەک بکەم کە زۆر جێی بایەخە، بڵێم سەرەڕای بوونی ئەم بەڵگەنامە پایەبەرزە و هاتنی دەیان دەقی قورئانی و فەرموودە دەربارەی حوکمی دادپەروەرانە لە ئیسلامدا، بەڵام لە ڕاستیدا زانایان و فەقیهەکانی موسڵمانان میللەتی ئیسلامیان ناچارنەکردووە بە شێوازێکی دیاریکراو بۆ حوکم و سیاسەت، بەڵکو بنەما گشتییەکان و مەقاسید و ڕێنماییەکانی حوکمی دادپەروەرانە و سیاسەتی شەرعییان ڕوونکردۆتەوە، لەوانە دادپەروەری و ئازادیی بیروباوەڕ و مسۆگەرکردنی مافی تاکەکان و دابەشکردنی سامان دادپەروەرانە لە نێوان هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، دروستکردنی دامەزراوەی سەربازیی بەهێز کە بەرگری بکات لە شەرەف و گیان و سامان و بتوانێت لە ڕووی داگیرکەراندا ڕابوەستێت. هەروەها ئاوەدانکردنی وڵات و ڕێزگرتنی مرۆڤ، چونکە خودای گەورە ڕێزی لێ گرتوون و نابێت ڕیسوا و سەرشۆڕ بکرێن، خودای گەورە ڕاستی فەرمووە: (ولقد كرمنا بني آدم)، بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووە.



# دەستووری مەدینە

## یەکەمین بەڵگەنامەی دەستووری باڵا لە مێژوودا

دانا دارا حسین



لەدایکبووی ١٩٧٨
سلێمانی
بەکالۆریۆس لە یاسا
راوێژکاری یاسایی
سەرۆکایەتی
پەرلەمان و ئەندامی
لیژنەی نووسینەوەی
دەستوور.

بەڵگەنامە یاخود دەستووری مەدینە لە لایەن پێغەمبەری ئیسلام محمد (صلی الله علیه وسلم) دوای کۆچی بۆ شاری مەدینە نووسراوەتەوە، کە دادەندرێت بە یەکەمین دەستووری مەدەنی لە مێژوودا، کە لێکۆڵینەوە وخوێندنەوەی زۆری بۆ کراوە و مێژوونوسان و شارەزایان و تەنانەت رۆژهەڵاتناسانیش بە یەکێک لە شانازییەکانی شارستانیەتی ئیسلامییان داناوە و بە یەکێک لە سەروەرییە گەورەکانی مێژووی سیاسی و مرۆڤایەتیان هەژمار کردووە.

دەستووری مەدینە لە یەک بازنەی دانانی یاساڕێژیدا بووە لە سەردەمی زێڕینی پێغەمبەری ئیسلامدا، دەتوانین بڵیین لە رووی مێژووییەوە یەکەمین بەڵگەنامەی دەستووری نووسراوە کە تا ئێستا مابێتەوە.

ئەم دەستوورە لە بنچینەدا ئامانجی ئەوە بووە کە پەیوەندیەکانی نێوان سەرجەم پێکهاتە و گروپەکانی ناو شاری مەدینە ڕێکبخات، لە سەرووی هەموویانەوە (کۆچکەران) و (پشتیوانان)، هەروەها (جولەکەکان و ئەوانی دیکە)، بەشێوەیەک ئەم دەستوورە ئەرک و مافەکانی دابەشکردوە، وێڕای چەسپاندنی برایەتی لە نێوان هەردوو گروپە گەورەکەی شاری مەدینە، لە هەمانکاتدا ئەو بنەمایەشی چەسپاند کە پێویستە موسڵمانان و جولەکەکان پێکەوە بەرگری لە دەوڵەتە تازە دروست بووەکە بکەن لە دژی هەر دەستدرێژی و مەترسیەکی دەرەکی.

بە ئیمزاکردنی ئەم دەستوورە و دانپێداهێنانی لە لایەن سەرجەم پێکهاتەکانی ناو شاری مەدینە، ئەنجامەکەی بریتی بوو لە پێکهاتنی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی کە تیایدا بە پەیوەندیەکان ڕێکخران و سەرۆکی ئەم دەوڵەتە کەسایەتی پێغەمبەری ئیسلام بوو، بە هەموو شێوەیەک مەرجەعیەتی باڵا بۆ شەریعەتی ئیسلامی دەگەڕایەوە، سەرجەم مافەکانی مرۆڤ دابینکران، وەک مافی ئازادی بیروباوەڕ و ئازادی بەڕێوەبردنی ڕێورەسمە ئاینیەکان، هەروەها هەردوو پرەنسیبی یەکسانبوون لە بەردەم یاسادا و هەروەها دادگەری لە ئەرک ومافدا.

## کورتە زانیاری خێرا

١- پێغەمبەری ئیسلام (صلی الله علیه وسلم) لەگەڵ بوونی سەرچاوەیەکی گەورەی وەحی کە بریتیە لە قورئانی پیرۆز، لە هەمانکاتدا کە دەوڵەتێک بینا دەکات پەنا بۆ دانانی دەستوورێک دەبات، ئەمەش مانای ئەوەیە کە قورئان لە رووی پلەوپایەوە زۆر لە دەستوور گەورەترە. واتا گونجاوە بۆ ڕێکخستنی ژیانی سیاسی، یاسایی، کۆمەڵایەتی خۆیان موسڵمانان خاوەنی دەستووری نووسراو بن کە تیایدا ڕەنگدانەوەی بارودۆخی خۆیان بێت.

٢- ئەم بەڵگە نامەیە لە لایەن مێژوونوسانی ئیسلام و شارەزایانی بواری نووسینەوەی سیرە توێژینەوەی زۆر قوڵی لەسەر نەکراوە، ئەمەش نیشانە بێت بۆ شتێک نیشانەیە بۆ ئەوەی کە شارەزایی یاسایی و دەستووری لە لای خودی ئەم مێژوونوسانە زۆر لاواز بووە، لە بری بایەخدان بەم پرسە گرنگانەی نێو نووسینەوەی سیرە، هاتوون تەنها توێژینەوەیان لەسەر جەنگەکان و لەدایکبون و باری کۆمەڵایەتی کردووە.

٣- ئەم دەستوورە کە لە کتێبەکانی سیرە دا بە هەریەک لە دەستەواژەکانی (الوثیقة) یاخود (الصحیفة) یان (المعاهدة) هاتووە، واتە وشەی دەستوور لە کاتی خۆیدا بۆ ئەم بەڵگەنامەیە بەکانەهاتووە، چونکە لە کاتی خۆیدا وشەی دەستوور وەک چەمکێکی باو بەکارنەهاتووە.

٤- ئەگەر بە چاوی بەراوردکارانە تەماشای ئەم دەقانە بکەین، ئەوا کۆمەڵێک مانای گرنگ و بایەخدار کە زیاتر لە هەزار و چوارسەد ساڵ لەمەوبەر بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان گروپە جیاوازەکان دانراوە، تێبنی ئەوە دەکەین کە چەندە عەقڵیەتی پێغەمبەری ئیسلام فراوان بووە بۆ دروستکردنی کەشێکی لە بار بۆ پێکەوەژیان و دانانی بنەما گشتییەکانی دەستوور بۆ حوکومڕانی لە دەوڵەتە تازەکەدا.

٥- لە رووی سەنەدەوە ئەنجامدانی پرۆسەی (تخریج) بۆ کۆی سەنەدەکان کە دەقی دەستوورەکەیان گێراوەتەوە وەکو شارەزایانی ئەو بوارە لێکۆڵینەوەیان کردوە، گەیشتونەتە ئەو راستیەی کە فەرموودەکان پلەی (صحیح) یان وەرگرتووە و ئەم بەڵگەنامەیە تەواو درووستە

و هیچ ئەگەرێکی دەستکاریکردنی ناوەڕۆکی تیادا نییە.

٦- ئەم دەستوورە لە ساڵی یەکەمی کۆچکردنی پێغەمبەری ئیسلام (صلی الله علیه وسلم) نووسراوە، واتە ساڵی ٦٢٣ زاینی، کە ژمارەی کۆی ماددەکانی ئەم دەستوورە (٤٧) ماددەیە، کە ژمارەیەک ماددەیان تایبەتە بە موسڵمانان خۆیان و ژمارەیەکی دیکە لە بەندەکانی تایبەتە بە پەیوەندی نێوان موسڵمانان و خاوەن ئاینەکانی دیکە، بە تایبەت جولەکەکان هەروەها بتپەرستەکان.

بە شێوەیەک دەقەکانی نوسراوەتەوە کە ڕێگە دەدات خاوەن ئاینەکانی دیکە کە کەمینەی دانیشتوان لە دەوڵەتە تازەکەی مەدینە پێکدێنن بژین لەگەڵا موسڵمانان بە ئازادی، بێ ئەوەی هیچ کەسێک ئازاریان بدات.

لەهەمانکاتدا ئەم بەڵگەنامەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە دەقەکانی ڕەسەنن و بە چەند دەستەواژەیەک گوزارشتی لێکراوە کە لە ڕۆژگاری پێغەمبەری ئیسلامدا (صلی الله علیه وسلم) بەکارهاتوە و لە پاشاندا دەستەواژەکان بەکارهێنانیان کەم بوونەتەوە، دەقەکانی ئەم دەستوورە پیاهەڵدان یان شکاندنی کەسێک یاخود گروپێکی تێدا نییە، بە شێوەیەکە دەتوانین بڵێین ئەم بەڵگەنامەیە ڕەسەنە و ساختەکراو نییە و ڕێک بە شێوازی نووسینەوەی نامەکانی پێغەمبەری ئیسلام (صلی الله علیه وسلم) دەچێت.

٧- بەشیکاری بەڵگەنامەکە بۆمان دەردەکەوێت کە چەندین ڕووی لە خۆگرتووە، وەکو لایەنی فیقهی و هەروەها لایەنی سیاسیی، دیارترین لایەنیش لایەنی یاسایی بەڵگەنامەکەیە، کە لە ڕووی یاساییەوە بەڵگەنامەکە ژمارەیەک ڕێسای جینائی، دەستووری، کارگێری لە خۆی گرتووە.

ئەم بەڵگەنامەیە بە ئەندازەی گەورەیی دەقەکانی دەتوانین بڵێین گەورەتر بوو، چونکە لە سەر زەوی واقیعدا پیادەکرا، نەک وەک ئەو دەستوورانەی کە بەدرێژایی مێژوو نووسراونەتەوە تەنها دەقێکی مردوو بوون و لە واقیعدا جێبەجێنەکراون.

٨- هەندێک لە لێکۆڵەروان پێیان وایە پێغەمبەری ئیسلام (صلی الله علیه وسلم) دوو جۆر دەستووری نووسیوە، یەکێکیان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان موسڵماناندا و بەهێزکردنی گیانی برایەتی لە نێوانیان لەکۆمەڵگە تازە دروستبووەکەدا، دووەمیان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان موسڵمانان و خاوەن ئاینەکانی دیکە کە باوەڕیان وابوو دەتوانن لەسەر بنەمای بەیەکەوەژیان لەگەڵ زۆرینەی موسڵماندا هاوپەیمانیەتی بکەن، هەموو ئەمانەش بە ئامانجی سەلامەتی ژیان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە مەدینەدا بوو.

٩- ئەم دەستوورە ڕێکخستنێکی نوێی بە پەیوەندیەکان بەخشی لە شاری مەدینە کە وەک یاسای بنەڕەتی دەوڵەتە تازەکە وابوو، چۆنیەتی مامەڵەکردنی کۆمەڵگە و دەوڵەت لە نێو موسڵمانان خۆیاندا و هەروەها موسڵمانان لەگەڵا ئەوانی دیکە دا دیاری کرا.

لەم نووسیەنماندا وەک هەوڵێکی کورت هەوڵ دەدەین لە سەر دیارترینی ئەو ناونیشانانە بوەستین کە لە دەستووری مەدینەدا دەقنوس کراون و نزیک دەبێتەوە لە پرۆسەی ئەندازەی نووسینەوەی بنەما دەستوورییەکان کە لە کاتی ئێستادا هەرێمی کوردستان و زۆرێک لە وڵاتانی ئیسلامی هاوچەرخ پێویستیان بە دەستوورێکی وەهایە کە جۆری سیستمی فەرمانڕەوایی و پارێزراویەکی (حمایە) زۆر بۆ ماف و ئازادییەکان دابین بکات.

ئاینی ئیسلام تەنها بۆ ئیمانداران جێگەی پابەندیە و هەڵگرانی ئاینی دیکە یان بێئاییینەکان ئازادن لە هەڵبژاردنی ئاینی خۆیان و جۆری پابەندییان

**دیارترین تەوەرەکانی دەستوورەکە**

یەک: چەسپاندنی چەمکی نەتەوە نەک خێڵ، ئەمەش بە زاراوەی ئێستا واتە مەدەنیەتی سیستمی ژیان هەروەک لەم دەقەدا هاتووە (إنهم أمە واحدة من دون الناس) بە پێی ئەم دەقە موسڵمانان بێ هیچ جیاوازیەکی خێڵەکی و ڕەچەڵەکیان، یەکیان گرتو و توانەوە لە چوارچێوەی ئیسلامدا، دەقەکە پێناسەی دەوڵەتی ئیسلامی کرد کە تیایدا ئینتیمای بۆ ئاییینی ئیسلام کردە سەرچاوەی سەرجەم پاڵپشتیەکانی دیکە وەک بنەماڵە و خێزانێکی دیاریکراو، ئەمەش لە ماددە دووی دەستوورەکە چەسپێندرا.

لە هەمان کاتدا مانایەکی دیکەی جوانتری تێدایە کە پێغەمبەری ئیسلام (صلى الله علیه وسلم) عەرەبی گواستەوە لە ژیانی خێڵەکیەوە بۆ قۆناغێکی باڵا کە بریتیە لە چەمکی ئوممەت بوون.

دوو: دیاریکردنی مەرجەعیەتی باڵای موسڵمانان لە ماددە ٢٣ دەستوورەکەدا هاتووە (وإنە مهما اختلفتم فیە من شیء فإن مردە الى الله و الى محمد) بەم پێیە لە کاتی ڕوودانی ناکۆکی دا قورئان و سوننەت کراوەتە سەرچاوەی یەکلاکەرە، بەڕونی ئەوە هاتووە کە ئەگەر ناکۆکی ڕوویدات لە هەر نووسراو یا کردارێک نابێت پێچەوانەی دەقەکانی قورئان و سوننەت بێت و ڕای یەکلاکەرەوە تەنها لەم دوو سەرچاوەوە وەردەگیرێت.

سێ: چەسپاندنی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە نێوان سەرجەم کۆمەڵگادا، ئەمەش بە روونی لە خوێندنەوەی دەستوورەکەدا هەست بەم ئەرک و مافانە دەکەیت کە پێکەوە هەمووان نیشتیمانێک کۆیان دەکاتەوە، هەموویان بەرامبەری بەرپرسیارن لە هەمانکاتدا سیستەمێکی نوێی هێنایەکایەوە کە بریتیە لە سیستمی هاوپەیمانیکردن (تحالف).

چوار: ئاسایشی ژیان و پاراستنی سیستمی گشتی

هەروەک لە ماددەی (٣٩) داهاتووە (وإن یثرب حرام جوفها لاهل هذە الصحیفة) بە مانای تێکدانی باری ئاسایشی شاری یەسریب بۆ واژۆکارانی ئەم دەستوورە حەرام و قەدەغە کراوە، ڕێگەنادرێت بە هیچ پاساوێک سیستمی گشتی کۆمەڵگای دەوڵەتە تازەکە تێکبدرێت.

پێنج: پاراستنی مافی ئەوانی دیکە لە کەمایەتییەکان

ماددەی (٢٥) لە دەستوورەکە دا هاتووە (للیهود دینهم و للمسلمین دینهم موالهم و أنفسهم).

شەش: چەسپاندنی بنەمای کەسیبوونی تاوان و وەرگرتنی سزای تاوان، وەکو لە ماددە ٤٥ داهاتووە (لا یکسب کاسب إلا على نفسە).

حەوت: قەدەغەکردنی هەموو جۆرێک لە ستەم و نادادگەریی، هەروەک لە ماددەی ٣٨ داهاتووە (وإن النصر للمظلوم) واتە دەبێت کەسی ستەملێکراو یارمەتی بدرێت و کۆتایی بە دۆخی ستەمەکەی بێت.

هەشت: چەسپاندنی پابەندبوونی هەموولایەک بە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگە، هەروەک لە ماددەی ٣٧ داهاتووە (... وإن بينهم النصر على من حارب أهل هذه الصحيفة).

نۆ: چەسپاندنی پرەنسیپی (المشاركة)

ئەمەش وەک بنەمایەکی گرنگ لە مەدەنیەتی سیستمی حوکمڕانی لە مەدینەدا، چونکە لە دەسەڵاتی دیکاتۆریەتدا هیچ جۆرە ڕەنگ و فرەییەک قەبول ناکرێت، ئەم بنەمایەش لە ماددەی ٢٠ لە برگەی (ب)دا دەقنووسکراوە.

دە: دەسەڵاتداری یەکەم لە دەوڵەتدا کێیە؟

ماددە ٢٣ لە دەستوورەکەدا ئاماژە بەوە دەدات کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەسەڵاتداری رەهاو یەکەمە لە دەوڵەتەکەدا، بۆ کاروباری دونیایی موسڵمانان کار بە ڕاوێژ دەکات.

ئەم ماددەیە ئەو راستییەی چەسپاند کە ئاینی ئیسلام تەنها بۆ ئیمانداران جێگەی پابەندیە و هەڵگرانی ئاینی دیکە یان بێئایینەکان ئازادن لە هەڵبژاردنی ئاینی خۆیان و جۆری پابەندییان.

یانزە: چەسپاندنی بنەمای هاووڵاتیبوون

دەستووری مەدینە دیارترین بنەما کە جێگیری کردوە بنەمایی هاووڵاتیبونە، بە شێوەیەک جولەکە کە لە ڕووی ئاینەوە لەگەڵ ئاینی زۆرینە جیاواز بوون وەکێشەی سیاسیان لەگەڵ موسڵماناندا زۆر بوو، کراون بە بەشێک لە هاووڵاتیانی دەوڵەتە ئیسلامیەکە، ئەمەش لە ماددەی ١٦ هاتووە (وإنە من تبعنا من اليهود فإنه له النصر والاسوه، غير مظلومين ولا متناصر عليهم).

دوازدە: بەڵگەنامەکە ئەو راستییە دەردەخات کە پێغەمبەری ئیسلام (صلى الله عليه وسلم) چەند شارەزایانە دەقەکانی ڕێکخستووە، بە شێوەیەک تەواوی پەیوەندیەکانی ئەو کاتەی لە شاری مەدینەدا لە نێوان دانیشتوانەکەی دا بە جوانترین

> **دەستووری مەدینە دیارترین بنەما کە جێگیری کردوە بنەمایی هاووڵاتیبونە**

شێوە ڕێکخست، کە دەتوانێت دادگەری رەها و یەکسانی تەواو لە نێو مرۆڤەکاندا بچەسپێنێت.

دەقەکانی دەستوورەکە پشت ئەستورە بە دەقە پیرۆزەکانی نێو قورئان کە تا ئێستاش وەک کۆمەڵێک بەهای مرۆیی پیرۆز ئامادەییان هەیە و کاریگەری لەسەر ڕەوتی یاسادانانی نزیک بە (٥٠) وڵاتی جیهان دادەنێت.

سیانزە: چەسپاندنی سزای خوێنبایی (دییە) لە بری تۆڵە

بۆ حاڵەتی تاوانی کوشتن لە نێوان هۆزەکاندا بە ڕوونی دەستوورەکە یاسای خوێنبایی (دیە)ی چەسپاند، ئەمەش بە ئامانجی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەستەبەکردنی قەرەبووی گونجاو بۆ کەسوکاری کوژاوەکە.

بەم ماددەیە ئەو نەریتە کۆنەی کولتووری جاهیلی کۆتاییپێهات کە بریتی بوو لە تۆڵەکردنەوە بەدەست لە لایەن هۆزێکی دیاریکراوەوە.

چواردە: سەربەخۆیی دارایی بۆ هەر پێکهاتەیەک

دەستووری مەدینە وەک پرەنسیپێکی باڵا سیستمی ئابوری هەریەک لە پێکهاتەکانی دەوڵەتە تازەکەی دیاریکرد، وەک تیایدا هاتووە کە (وإن

على اليهود نفقتهم و على المسلمين نفقتهم)، له هەمانكاتدا فەرمانی هاوكاریكردنی دارایی نێوان سەرجەم پێكهاتەكان دەردەكات دژ بە هەر مەترسیەكی دەرەكی.

پازدە: دڵسۆزی نێوان هەڵگرانی دوو ئاینەكە

دەستوورەكەی مەدینە پرەنسیپی دڵسۆزی و هاكاری لەسەر چاكە نەک لایەنێكی دیاریكراو لە نێوان هەڵگرانی ئاینە ئاسمانیەكاندا لە شاری مەدینەدا چەسپاند، ئەمەش مانای ئەوەیە كە چاكە و كەڵک و سوود هەمووان كۆدەكاتەوە و دەبێت هەڵگرانی ئاینە ئاسمانیەكان بە جیاوازیەكانیانەوە دڵسۆز و پەرۆشی یەكدی بن، وەک تێیدا هاتووە (وإن بينهم النصح و النصيحه والرد من الإثم).

شازدە: حوكمە كۆتاییەكان

لە مادده ٢٠ دا بە هەمان شێوە كۆمەڵێک دەق لەخۆدەگرێت كە تایبەتە بە حوكمە كۆتاییەكان، كە تەرخان كراوە بۆ ئەركی بتپەرستانی عەرەب بە هەمان شێوەی ماددەی ٤٣ تیایدا هاتووە كە ئامانج لەم ئەركە قەدەغكردنی بتپەرستانی مەدینەیە لە هەر هاوكاریەكی سیاسی یان سەربازی لەگەڵ بتپەرستەكانی شاری مەككە.

**لە كۆتایدا ماوەتەوە بڵێین كە عەقڵیەتی نووسینەوەی دەستووریی لە دەستووری مەدینەدا بە روونی دیارە، ئێمە دەتوانین بۆ هەر دەستوورێكی نوێ سوود لەم ئەزموونە درەوشاوەیە وەربگرین.**

## سەرچاوەكان:


– السيره النبويه. د. على محمد الصلابى ج١ – ل٥٦٤.

– پوختەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا – على باپیر– ل ٤١٢.

– الرحيق المختوم– صفى الرحمن المباركفورى، ص ١٩٠.

– السيره النبويه الصحيحه – د. أكرم چياو العمرى.

– سبل الهدى والرشاد فى سيره الخير العباد تاليف للامام محمد بن يوسف الصالحى الشامى ج٣

– یەكەمین دەستووری نوسراو لە جیهاندا وەرگێرانی شوان هەورامی.

– وپيقه المدينه المنوره، الدستور إلانسانى الاول، اعداد د.سيد عمر

– النظام السياسى فى الاسلام، تأليف د.محمد عبدالقادر ابو فارس ص ٦٦.

– مقاله بعنوان / دستور المدنيه... مفخره الحچاره الاسلاميه تأليف محمد مسعد ياقوت، موقع صيد الفوائد.

– مقاله بعنوان / وپيقه المدينه، دراسات فى التأصيل الدستورى فى الاسلام.

– الموسوعه الحره ويكبيديا.






# رۆڵی ئیسلام

## لە دەستووری هەرێمی کوردستان

## لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی ماددەی شەش


**نووسینی: د. عوسمان عەلی**

**وەرگێڕانی: ئیسماعیل تەها**




**د. عوسمان عەلی**

لەدایکبوی ١٩٥٥، دکتۆرا لە دراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلامیی

چەندین کتێب و توێژینەوەی بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوکردوەتەوە.

گرنگیدان بە دەستوور لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی نووسینەوەی دەستوورێکی گونجاو لەگەڵا واقیع و خواستی خەڵکی کوردستان، پرسێکە شایەنی گرنگیدان و پاڵپشتییە لەلایەن ئێمەوە، بەڵام پێویستە پرسی نووسینەوەی دەستوور نەکرێتە ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی ویستە سیاسییە کاتیەکانی چەند کەسێک، یان چەند حزبێک. هەروەها نابێت ئەو پرسە بکرێتە بۆنەیەک بۆ لە ریشەهەڵکێشانی ئایدۆلۆجیایەک، یاخود لایەنێک، یا شەریحەیەکی فکری، یاخود ئاینی، یا کۆمەڵایەتی.

پێویستە پرسی نووسینەوەی دەستوور، لە سۆنگەی دیموکراسیەوە بێت، بێ ئەوەی بیگۆڕین بۆ دیکتاتوریەتی زۆرینە، یان یاخیبونی کەمینەیەک لەسەر حیسابی زۆرینە، دەبێت دەستوورێکی مەدەنی بێت، لە واقیعی کوردستان سەرچاوەی گرتبێت، هەروەک پێویستە ئەو دەستوورەی هەرێم کۆپی خەڵکانی تر و دەستوورەکانیان نەبێت، لەو نووسینە هەوڵدەدەین ئاماژە بۆ تاکە لایەنێکی گرنگ بکەین، ئەویش رەهەندی ئاینیە لە نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، هەروەک لێرەوە هەنگاو دەنێین بۆ سودوەرگرتن لە ئەزمونەکانی گەلانی ئەورووپی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مسوڵمان لەو بوارەدا، بە تەنها سودوەرگرتن لە ئەزمونەکەیان نەوەک خواستن.

ئەو گفتوگۆیەی لە بارەی رۆڵی ئاین لە کوردستان هەیە، لە بارەی رۆڵی ئاین لە دەستوور، جەدەلێکە هەڵگری چەند رەهەندێکە، بەر لە هەموو شتێک رەهەندێکی ناوچەیی هەیە، لەم رووەوەی زۆر لە وڵاتان و گەلانی ناوچەکە، ئەم ناکۆکیەیان دیووە لە بارەی ناسنامەیان و ململانێی گەرمیان ئەنجام داوە لە نێوان علمانیەتی هاوردە لەلایەن نوخبەی فکری و سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست لەگەڵ ئیسلام کە دەیەوێت باڵادەستی عەلمانیەت کەم بکاتەوە و سەرلەنوێ جارێکی تر ببێتەوە بە ناسنامەی سەرەکی گەلانی ناوچەکە.

نووسینەوەی دەستوور و هەڵبژرادن و توندوتیژی سیاسی هەمویان چەند بوار و مەیدانێکن کە تیایاندا ناکۆکی و ململانێ بەرجەستە دەبێت لە نێوان ئیسلام و عەلمانیەت، یاخود (ئیسلامی سیاسی و عەلمانیەت). رەهەندەکەی تری پەیوەستە بە سوربونی کەمایەتییە ئاینیەکان و رووبەرووبوونەوەیان لەگەڵ جۆرێک لە ترس، کە بریتییە لە ترسی پەراوێزخستن و لە ریشەهەڵکێشان و بێبەشکردنیان لە مافەکان، لەکاتی دانان بە ئیسلام وەک سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان.

ئەو سوربونە رەوا و لۆجیکیە، کە کەمایەتیەکان بترسن لە چەوسانەوە و جیاوازی، چونکە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، (لەناویشیاندا کوردستان) کۆمەڵگایەکن دەستگای دەستووریان نییە، تا زامنی مافەکان بکات.

ئەو جەدەلەی لە تونس و میسر روویدا دوای بەهاری عەرەبی لە کاتی نووسینەوەی دەستووری ئەو دوو وڵاتە، ململانێیەکی زیندووی بەرجەستەیە لە نێوان ئیسلام و عەلمانیەت و قەیرانی ناسنامە، دەکرێت ئێمە سود لەو رێگایەی ئەوان وەربگرین بۆ چارەسەرکردنی ناسنامەی دەستوور بە تایبەتمەندێتی کوردستان.

پێویستە دان بەوەدابنێین ئەو ململانێیە دیاردەیەکی سروشتی شارستانییە، ئەوەی داواکاریە لە هەموو لایەنەکان بەرێوەبردنی ئەو جیاوازیەیە بە رۆحێکی دوور لە دۆگمایی و ئایدۆلۆجی تەسک، دوور لە پلانگێری و تەخوینی یەکتر، بە رەچاوکردنی دۆخی کوردستان کە لە قۆناغێکی مێژوویی ناخۆش و چارەنوسازدایە، کە لە هەمووکات زیاتر پێویستی بە سازانی نیشتیمانییە.

قورئان دانی بەجیاوازی ناوە و کردوویەتی بە سوننەتێکی خوایی لە نێوان مرۆڤەکان، خوای گەورە

دەفەرموێت: [لو شاو ربک لجعل منکم امە واحدە]، هەروەها لە بابەتی گفتوگۆ فێرمان دەکات بە شێوەکی شارستانی گفتوگۆ بکەین [وجادلهم بالتی هی احسن]، لەگەڵا ئەوەش قورئانی پیرۆز هۆشداریمان دەدات لە جیاوازی ناشارستانی، ئەو جیاوازیەی کە بگۆرێت بۆ دروستکردنی کینە و جەنگی خوێناوی [ولا تتنازعوا فتفشلوا وتژهب ریحکم». (الانفال ٤٦).].

## بۆچونی نەیارانی ڕۆڵی ئیسلام وەک سەرچاوەی سەرەکی دەستوور

هەندێک لە عەلمانیەکان پێیانوایە ماددەی شەش لە دەستووری هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن پەرلەمانەوە لەساڵی ٢٠٠٦ نووسرایەوە و لە ساڵی ٢٠٠٩ هەموارکرایەوە، مادەیەکە پێویست نییە جارێکی تر بیخەینەوە دەستوور، چونکە ڕێگاخۆشکەر دەبێت بۆ دەوڵەتی دینی و ڕۆڵگێرانی سەرەکی دەدات بە ئیسلام لە چاودێریکردنی یاساکان، هەروەها دەڵێن: رازیبوونی پارتی یموکراتی کوردستان و یەکێتی نشتیمانی کوردستان لەسەر ئەوەی ئەو ماددانە بخرێنەوە دەستوور لە ژێر پاڵەپەستۆی حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان بووە.

### ماددەی ٦ بەم شێوەیەیە:

ئەم دەستووورە دان بە ناسنامەی ئیسلامیدا دەنێت کە ناسنامەی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە، هەروەک دان بە هەموو مافە ئاینیەکانی مەسیحی و ئێزیدی و ئاین و ئاینزاکانی تری کوردستان دەنێت و ڕێزیان دەگرێت، هەروەها دەستەبەری ئازادی بیروباوەڕ و پەیرەوکردنی سروتە ئاینیەکانە دەکات، بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەی بنچینەی یاسادانانن، بەشێوەیەک نابێت:

یەکەم: یاسایەک دەرچێت پێچەوانەی بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام بێت.

دووەم: یاسایەک دەرچێت پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسی بێت.

سێیەم: یاسایەک دەرچێت پێچەوانە بێت لەگەڵ ماف و ئازادیە سەرەکییەکانی لەو دەستووورە هاتووە.

ئەو بەندە پێچەوانەی بۆچوونی عەلمانییە نەوەییەکان و مارکسییەکان و هەندێک بزووتنەوەی فیمێنستییە، هەندێک لە عەلمانییەکانی ناو حزبەکوردیەکان (پارتی و یەکێتی) داوای لادانی ئەو مادەیە دەکەن، داوا دەکەن دەستوور ئاماژە بەهیچ ئاینێک نەکات، چونکە دەستووری کوردستان دەستوورێکی مەدەنیە وەک دەستووری ئەمریکی و فەرەنسی، کە هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ ڕۆڵی ئاین، یان خود ڕەتکردنەوی ئاین.

ئەو عەلمانیانە بە پاڵپشتی هەندێک کەسایەتی ناوەندێکیان دامەزراندووە، بەناوی (ناوەندی سیکۆلار لە کوردستان) لەم دوایە بۆچونی خۆیان دەربڕیوە لە بارەی ئیسلام و دەستوور، لە بەیاننامەیەک کە لە سایتی ئاوێنە بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا هاتووە، لادانی ماددەی٦ لە دەستوور پێویستە، چونکە ئەوە پێچەوانەی ڕۆڵی حکومەتی هەرێم و هێزە عەلمانیەکانە، بۆ دروستکردنی حکومەتێکی مەدەنی کە مافەکانی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان بپارێزێت، هەروەها ناکۆکە لە گەڵ بنەمای جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت.

هەروەک جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردی وابەستەیە بە وەرگرتنی پێشکەوتنە زانستییە تازەکان، لەپاڵ ڕێخۆشکردن و ڕۆڵپێدان بە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی لە بیناکردن و پێشوەچوندا کە ئیسلام کۆسپ و بەربەستە لەبەردەم ئەم پێشکەوتنە، پابەندی بە بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام واتە پەیوەستکردنی کورد بە قبوڵکردنی ئیجتیهادی زانایانی ئیسلام، کە زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵە ئەنجامیان

**لە هۆڵەندا و نەمسا و ئەڵمانیا و کەنەدا دەستوور حکومەت پابەند دەکات کە ڕەچاوی فێکردنی ئاین بکرێت لە قوتابخانە تایبەتییەکان**

داوە، ئەوەش پێچەوانەیە لەگەڵ ڕۆحی سەردەم و پێشکەوتندا، هەروەک زۆرێک لەو فەتوایانە پێچەوانەن لە گەڵ مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ.(١)

لە نێو عەلمانییەکان، کەسانێک هەیە دەیانەوێت تەنها ئاماژە بە ئاینی ئیسلام بکرێت وەک ئاینی ڕەسمی، کۆی ئاینەکانی تر لە هەرێمی کوردستان (کاکەیی، مەسیحی، یەزیدی) ئەمانە دژی هەربونێکی ڕۆڵن بۆ ئیسلام، بە تایبەت لەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە یاسادانان، یەکێک لەوانە مناقشەی ئەو بابەتە دەکات و دەڵێت: بابەتی هەژمارکردنی سەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلام بە سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان و پێشگیریکردن لە دارشتنی هەر یاسایەک کە تێکبگیرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئیسلام، مناقشەی زۆر هەڵدەگرێت، هەروەک قابیلی تەئویلکردنی لەلایەن پێکهاتەکانی ڕەوتی ئیسلامیدا کە ئەمە زۆر کێشە دەروژێنێت لە داهاتوو، بە تایبەت لە کاتی قسەکردن لە سەر دەستووریبوونی یاساکان.

سەرچاوەی دڵەڕاوکێ لەو دارشتنەدا خۆی دەبینێتەوە لە فرەبۆچونی لە تەئویلکردندا، ئەمە خاڵی یەکەم، هەروەها دیاریکردنی ئەو لایەنەی کە مافی بڕیاردانی هەیە لەسەر دەستووریبوونی یاساکان بەو سیفەتەی کە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە، ئەمەش خاڵی دووەم، ئاشکرایە کە ئەمە دەگوزەرێت لە ژێر سێبەری چەند دۆخێکی مێژوویی کە دەستگا ئاینییەکان بەها بۆ تەئویلکردنی دەستەواژە ئاینییەکان و دەستاودەستکردنیان دادەنێن، ئەمە جگە لەوەی ناکۆکی هەیە لەنێوان مەزهەبە ئیسلامییەکان لەسەر بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام، بە تایبەت سەبارەت بە بابەتی حوکم.(٢)

کاوە مەحمود کە پێشتر وەزیری رۆشنبیری هەرێم بوو، پێیوایە هیچ نەگۆڕێک لە ئیسلام نییە، هیچ مەرجەعیەتێک نییە بۆ دیاریکردنی ئەو نەگۆڕانە، ئەمە هەمان ئەو گفتوگۆیەیە کە لە کاتی ئامادەکردنی دەستووری عێراقی روویدا، یاسادانەرانی عێراق و ئەمریکا کۆکبوون لەسەر ئەوەی کە چەند بنەمای نەگۆڕ بوونیان هەیە کە ئەو نەگۆڕانە لە چوارچێوە گشتییەکەیاندا ناکۆک نین لەگەڵ بەها دیموکراسیەکان، بۆیە وەک بەندێک خرایە دەستووری عێراقی لە ساڵی ٢٠٠٥ دواتر ئاماژەی پێکرا.

هەروەک بزوتنەوەی فیمێنزم زۆر بەهێز و رێکخراون لە هەرێم، ئەوانیش بە پاڵپشتی هەندێک کەسایەتیی عەلمانی کوردستان، ڕووبەڕووی ئەوە دەبنەوە کە نابێت ئیسلام هیچ رۆڵێکی هەبێت لە یاسادانان، لە تێڕوانینی ئەو بزووتنەوەیە، ئیسلام ئاینی سەدەکانی ناوەڕاستە و بانگەشەیە بۆ دەسەڵاتی پیاوسالاری لەسەر حیسابی مافەکانی ژنان، ئەندامانی ئەو رێکخراوە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی هەڵمەت و دروستکردنی گروپی فشار بە ئامانجی کاریگەردانان لەسەر بڕیارەکانی حکومەتی هەرێم. هەروەها حکومەت تۆمەتبار دەکەن کە بە ئەندازەیەکی دڵگیر مەدەنی نین، بەڵکو کەوتوتە ژێر کاریگەری پیاوسالاری و دڵڕازیکردنی پارتە ئیسلامییەکان(٣).

گۆنا سەعید چالاکوانی بزووتنەوەی ئافرەتان دەڵێت: هەست بە شەرمەزاری دەکەم لە ئاست

یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە یاساکانی پێشەکەوتوو نین بە ئەندازەی پێویست، هەروەها شانازی دەکات بە دەستووری کانتۆنی جەزیرە کە پارتی یەکێتی دیموکراتی (لقی رۆژئاوای پەکەکە) هەڵسا بە ئامادەکردنی، کە لەو کانتۆنەدا ئیدارەی کوردی یەکسانی تەواوی لە نێوان پیاو و ژن راگەیاند، هەروەک کارکردنی بە سەرجەم یاساکانی شەریعە لە کانتۆنی جەزیرە هەڵوەشاندەوە(٤).

کۆمەڵێک لە عەلمانیەکانی کورد دژی ماددەی ٦ دەستوورن، بۆچونیان وایە، کە مافی کەمایەتییە ئاینیەکان پەراوێزخراوە، پێیانوایە، کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی فرەڕەنگە، چەندین ئاینی تری تێدایە، دانانی ئیسلام بە سەرچاوەی سەرەکی دەستوور و یاسا، زیان بە مافەکانی ئەوان دەگەیەنێت لەو یاسایانەی کە لە هەرێم دەردەچن، هەروەها دانانی ماددەی ٦ داواکاری سەرجەم مسوڵمانان نییە، بەڵکو بەتەنها داواکاری پارتە ئیسلامییەکانە. گەشە ئابوری و سیاسی و ئەمنیەکانی کە هەرێم بەخۆوەی دیوە، دەخوازێت کاربکرێت بۆ دەستەبەرکردنی مافی سەرجەم پێکهاتەکان، بە تایبەت (ئێزدی، مەسیحی، کاکەیی، شەبەک، تورکمان، سائبەی مەندائی، بەهائیەکان، زەردەشتی)، لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناوخۆ و دەرە و ناوچەکە بەو پێیەی ناوچەیەکە کە زۆرترین پێکهاتەی جیاواز لەخۆ دەگرێت، هەروەها دەبێتە هۆی زەمانەتی زیاتری سەرجەم پێکهاتەکان بە یەکسانی بە گوێرەی دەستوور، بۆیە پێویستە لە دیباجە یا پێشەکی دەستوور لە سەرەتاوە ئاماژە بە سەرجەم پێکهاتەکان بکرێت، تا ئەو ئامادەییە هەماهەنگ بێت بۆ هەمووان.

نووسەرێکی تر لە کەمایەتی یەزیدی، پێشنیار دەکات لە بەندەکانی دەستوور ئاماژە بە سەرجەم ئاینە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئەمەش بەشێکە لە پارێزگارکردنی لەو پێکهاتە جۆراوجۆرانە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە هەڵوێستە بکەین لە چەند وێستگەیەکی داهاتوو تایبەت بە ئامادەگی و زەمانەتی مافی پێکهاتەکان دەستپێکی گەشەپێکردنیان لە دەستپێکی دەستووری هەرێم بە گوێرەی ئەو هەنگاوانەی خوارەوە:

دوورکەوتنەوە لە پێدانی ناسنامە بە هەرێم، بەڵکو ئەو ناسنامە مەدەنیەی بۆ جێبهێڵین، کە هیچ ئینتیما و یاسایەک لە سەرووی نەبێت، ئەمەش وا دەکات، کە بنەما نەگۆڕە ئاینییەکانی پەیوەست بە شەریعەتی ئیسلامی فەرز نەکرێت، بە تایبەت هەندێک هەوڵی پێشوو هەیە لە ئامادەکردنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان بەر لە ساڵی ٢٠٠٠ بەگوێرەی قسەی «عیدۆبابا شێخ»، کە رەشنوسی دەستووری ئەوکات زۆر مەدەنیانەتر بوو لە رەشنوسی ٢٠٠٩ کە ئێستا لە پەرلەمان بۆتە جێگای گفتوگۆ لە لایەن پەرلەمان و دەستگا و لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان(٥).

هەروها نووسەرێکی تری یەزیدی دەڵێت: ماددەی ٦ رێگاخۆشکەرە بۆ بابەتی ناسنامە و ئامانجەکانی پشتی کە لە بالادەستکردنی ژمارەیەک، یاخود پەردەیەکی باڵای یاسایی خۆیدەبینێتەوە، دووریش بکەوێتەوە لە مافی خەڵکانی تر و کەشی دیموکراسی، هەروەها کورد لە مسوڵمان کورتبکاتەوە، بێ ئەوەی ئاینی یەزیدی و مەسیحی وەک کورد حیساب بکرێن، پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان مافی ئاینی و نەتەوەیی لە رووی تێکەڵنەکردن و نەتواندنەوەی مافە ئاینیەکانی کەمایەتیەکانی تر لە ژێر پەردەی ناسنامەی ئاینی زۆرینەدا، هەروەها پێشنیار دەکات، ماددەی ٦ لابدرێت، لە شوێنی ئەوە بنوسرێت (داننراوە بە ناسنامەی هەموو ئاینە جیاوازەکان و رێزیان دەگیرێت لە هەرێمی کوردستان، کە زۆرینەش مسوڵمانە) ئەم نووسەرە وای داناوە، کە بەمە ناسنامە

## نووسەرە عەلمانیە توندڕەوەکان، مافی کەمایەتییە ئاینیەکان و دروشمی ئازادی و پێکەوەژیان بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچونە توندەکانیان دژی پێگەی ئاینی ئیسلام.

دەدرێت بە سەرجەم کەمایەتییەکان و زۆرینەش بۆ ئیسلام دەبێت، بێ وەرگرتنی سیفەتی زۆرینە، یاخود بەژداریکردن و نەکردنی بەڕێوبردنی شار، بۆیە کورتکردنەوەی ناسنامە لە ماددەی ٦ وێرانکردنی لێهاتویی تاکە لە رووی زانستی و ئیداریەوە.

بەداخەوە نووسەرە عەلمانیە توندڕەوەکان، مافی کەمایەتییە ئاینیەکان و دروشمی دیموکراسی ئازادی و عەلمانیەت و پێکەوەژیان بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچونە توندەکانیان دژی پێگەی ئاینی ئیسلام لە کۆمەڵگای کوردی، وەک دکتۆر فاروق رەفیق بەشێوەیەکی زۆر گشتگیرانە و نازانستیانە رای خۆی دەربڕی دژی پێدانی پێگەیەکی گونجاو بە ئیسلام، ئەم بۆچونەی دکتۆر فاروق بۆچونێکی ئایدۆلۆژی لائیکی تەسکە، چونکە زۆربەی دەستووری وڵاتە پێشکەوتوو و دیموکراتەکان مۆرکی ئاینی پێدراوە، وەک لە دوایی باسی دەکەین، ئەم قسانەی نەک تەعبیر نییە لە هەموو عەلمانیەکانی کوردستان، بەڵکو دژی بیروبۆچونی خودی خۆشیەتی، بۆ نمونە چەند سالێک پێش ئێستا دەنووسێت: سۆفستایەکانی کورد (واتە رۆشنبیرانی کورد) ئیسلام و قسەکردن لەسەر ئیسلام بە نێچیرێکی سانا لە قەڵەم دەدەن، ئەو نێچیرەی کە هەرچی لەسەر بڵێی دروستە و پێویست بە خۆئامادەکردن و چوون بۆ زانکۆ و خوێندەوەی کتێبەکان ناکا، پێویستی بە بڕوانامە نییە، هەر ئەوەندەی کە توانیت شعرێک بنووسی، دەتوانی قسە لەسەر ئیسلام بکەیت، ئەگەر جورئەتمان کردبا و بمانتوانیبا لەسەر ئیسلام قسە بکەین، دەمانتوانی کۆمەڵێک فەیلسوفی ئیسلامی لەوانە فارابی بخەینە ژێر ووردبوونەوە لەو شوێنەوە کە پەیوەندی بە ستەمکارییەوە هەیە (فاروق رەفیق: ستەمکاری، چاپخانەی رەنج، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ لاپەرە ٢٢ـ٢٣).

بەڵام بەشێکی تر لە عەلمانییە میانڕەوەکانی کوردستان بۆچونێکی واقیعیانەتریان هەیە دەربارەی پێگەی ئاینی ئیسلام لە گۆمەڵگا، وەک بەڕێز د.مەریوان وریا قانع لە دوا نووسینی خۆی دەڵێت: کێشەی من لەگەڵ ئەو شێوازە لە گفتوگۆ و راگۆرکێ دەربارەی عەلمانیەت و دین ئەوەیە کە هێشتا بە لۆژیکی سەدەی نۆزدەیەم بیردەکەنەوە، گفتوگۆکان پڕن لە ڕیتۆریکی بێلەزەت، پڕن لە کلێشەی فیکریی کۆن و بەسەرچوو. هێشتا باس لەوە دەکەن نابێت دین رۆڵی سیاسیی هەبێت، ئەو بۆچونەی دکتۆر مەریوان خوێندنەوەیەکی زانستیانەیە و بۆچونی بەشێکی لە عەلمانییە توندڕەوەکان هەڵوەشاندۆتەوە.

گرفتی فکری عەلمانییە توندڕەوەکانمان ئەو بۆچونانەی هودا شەعراویمان بیردەخاتەوە، کە داوای فرێدانی حیجابی دەکرد، وەک رەمزی ئازادی بۆ ئافرەتانی میسر لە سەرەتای سەدەی بیستەم، وەک لە چەند رۆژی رابردوو د.فاروق لای وابوو کە مرۆڤ ئازادە لە سفوری، بەڵام نابێت حیجاب ئازاد بێت چونکە ئایدۆلۆژیای لەپشتە، لێرە پرسیارێک

دروست دەبێت بۆچی مرۆڤ ئازادە سفور بێت، بەڵام ئازاد نییە حیجاب بێت؟ ئەوە پیشەی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان بوو کە بەزۆر حیجابیان لە ئافرەت قەدەغە دەکرد، تەنها لە ساڵی ١٩٩٩ ڕێکخراوی مافی مرۆڤ (هیڵ سینکی واج) لە ئەوروپا ناڕەزایی دەربڕی لە بێبەشکردنی ئافرەتە باڵاپۆشەکانی تورکیا بچن بۆ حەرەمی زانکۆ.

سەبارەت بەوەش کە ئاین پەیوەندیەکی کەسییە، ئەم تێزە کۆتایی هاتووە، وەک د. مەریوان دەڵێت: لە ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەمەوە زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵناسانی دین وازیان لەم چاوەڕوانیانە و لەم شێوازە لە ڕوانین بۆ عەلمانییەت هێناوە. خۆ کەسێکیش ئەو ئەدەبیاتەی نەخوێندبێتەوە هەر بە تەماشاکردنێکی سادەی دونیا خۆی، بە خودی ئەوروپا و ئەمریکاشەوە، بۆی دەردەکەوێت دین لە هیچ شوێنێکدا تەنها پەیوەندییەکی شەخسیی نییە لەنێوان خودا و کەسی ئیمانداردا.

یەکسانکردنی هەموو ئیسلامییەکان بە داعش، وێناکردنی پەرلەمانی کوردستان وەک پەرلەمانێکی پڕ داعش، وێناکردنی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم وەک دەستووری داعش، لەسەرێکەوە دروستکردنی جەوهەرێکی گریمانکراو بۆ ئیسلام وەک جەوهەرێکی داعشییانە، هەڵەیەکی فیکریی و میتۆدیی و تیورییە، بەر لەوەی هەڵەیەکی سیاسیی و بە تایبەتی ئەخلاقیی بێت.

ئایە ئەمانەی داوای عەلمانییەت دەکەن عەلمانییبوون مانای باشبوون و هیومانیستبوون و شۆڕشگێڕبوون و دیموکراسبوون و ڕۆشنگەربوون ناگەیەنێت. ئەوەی پێیوایە یەکێتی و پارتی و گۆڕان عەلمانی نین و کوردستان و ناوچەکە هێزی عەلمانی تێدا نییە، یان سەدام حوسەین و شای ئێران و عەبدولناسر عەلمانیی نەبوون، لە دۆخی بەدحاڵیبوونێکی تەواودا دەژی و دەلالەت لەوە دەکات نازانێت باسی چ مەسەلەیەک و کام دیاردە دەکات. فاشیزم و نازیزم هەردووکیان دوو ئەزموونی عەلمانی بوون، هێزی عەلمانی دەتوانێت وێرانکەر بێت وەک پۆڵ پۆت و ماو تسی تونگ وێرانکەربوون. بەڵام هێزی عەلمانی دەشتوانێت هێزێکی دیموکراس و کراوە بێت و لەوە تێبگات بۆ ئەوەی ببێت بە هێزێکی دیموکراس، تەنها عەلمانیبوون بەس نییە.

ئێمە کە نەتوانین نازیزم فاشیزم، کە دوو تەجربەی عەلمانین بیخەینە ملی عەلمانیەت بەشێوەیەکی گشتی، بەهان شێوە ناتوانین ئەزمونی داعش بەسەر هەموو شارستانیەتیی ئیسلامی بچەسپێنین.

## بۆچونی لایەنگرانی ڕۆڵگێرانی ئیسلام وەک سەرچاوەی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان.

هەندێک پارت و کۆمەڵە و کەسایەتیی ئەکادیمی کوردی دەڵێن: پێویستە ڕۆڵی یاسادانان بدرێت بە ئیسلام لە دەستووری هەرێمی کوردستان، بۆچونی ئەوانە پشتی بەستوە بەوەی کە ئیسلام ئاینی زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانە.

فەقیهە دەستووریناسەکان جەخت لەسەر هەندێک بنەمای گشتیی دەکەنەوە لە نووسینەوەی دەستوور، گرنگترین بنەما ئەوەیە، کە دەستوور بریتی بێت لە ویستی گەل و بۆچون بێت لە یەکدەنگی نیشتمانی، بۆیە پێویستە قانونی دەستووری بە بایەخەوە ڕەچاوی گشتگیری و واقعیبوون و ڕەهەندی ئایندە لە دارشتنی دەستوور لەبەرچاو بگیرێت، بەشێوەیەک بەرجەستەیی رابردووی نەوەتەوە و ئەزموونی مێژووی بکات، ڕۆحی ئێستای تێدابێت، لە پێکهاتەکانی داهاتوی ڕەنگبداتەوە(٦)، چۆن ئەم دەستووورە دەربڕی واقعی کوردستانی دەبێت، ئەگەر دارشتنەکەی لەژێر کاریگەری کۆمەڵێکی ئاینی، یا عەلمانی توندڕەو، یا لایەنێکی حکومی کە بیەوێت

ئامانجە سیاسییە کاتیەکانیان بەدەست بێنێت، یاخود کەمایەتییەکی ئاینی ڕازی بکات لەسەر حسابی سڕینەوەی ناسنامەی زۆرینە؟

ئاشکرایە زۆربەی موسڵمانان و لایەنە سیاسییەکان لە حکومەتی هەرێم سوربوون لەسەر هەبوونی بڕگەیەک لە دەستووری عێراق و دەستووری هەرێم بۆ دەستەبەرکردنی مافی کەمایەتییەکان، ماددەی ٢ لە دەستووری عێراقی بڕگەی (ب) بەم جۆرەیە «نابێت یاسایەک دەرچێت پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسی بێت». ئەم بڕگەیە لەبنچینەدا بۆ پاراستنی مافی هەمووان دانراوە، کە ئایندارنین لە عەلمانی و کەمایەتییە ئاینییەکانی تر، هەروەها لە هەمان ماددە لە بڕگەی (ج) هاتووە «نابێت یاسایەک دەرچێت کە پێچەوانەی ماف و ئازادیە سەرەتاییەکان بێت کە لەم دەستوورە هاتوون».

هەروەها لە ماددەی ٢ لە دەستووری عێراقی هاتووە «ئەم دەستوورە بریتییە لە دەستەبەرکردنی پاراستنی ناسنامەی ئیسلامی کە زۆرینەی گەلانی عێراقی پێکدێنێت، هەروەک دەستەبەری سەرجەم مافە ئاینییەکانی هەموو تاکێک دەکات، لە ئازادی بیروباوەڕ و پەیڕەوکردنی ئاینی وەک مەسیحییەکان، ئێزدیەکان و سائیبەی مەندائی».

ئەوە بەروونی لە ماددەی ٦ دەستووری هەرێم ڕەنگی داوەتەوە «ئەم دەستوورە دان دەنێت بە ناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی خەڵکی کوردستانی عێراق و ڕێزی دەگرێت، هەر وەک دادەنێت بە سەرجەم مافە ئاینییەکانی ئێزیدی و مەسیحیەکان و خەڵکانی تر و ڕێزیان دەگرێت، هەروەها دەستەبەری دەکات لە هەرێمی کوردستان بۆ هەموو تاکێک ئازادی ئاینی و جێبەجێکردنی دروشم و پەیڕەوکردنی سروتە ئاینییەکان».

لەوکاتەی کە وەفدێکی باڵای لیژنەی نووسینەوەی دەستوور لە هەرێمی کوردستان سەردانی زانا و یاساناسی گەورە کەسایەتیی دیاری سەربەخۆ د. مستەفا زەڵمیان کرد، لەو بارەیەوە پرسیاری چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێی ماددەی ٦ دەستووریان لێکرد، لە وەڵامدا گوتی: پێویستە بەم جۆرە چارەسەر بکرێت.

ماددەی دووەم: ئیسلام ئاینی ڕەسمی هەرێمی کوردستانی عێراقە، شەریعەتی ئیسلامی بە سیستەمی گشتیی هەژمار دەکرێت، ڕێنادات هیچ یاسایەک دەربچێت کە پێچەوانەی بنەما نەگۆڕەکانی بێت.

٢ ـ دەستووری هەرێمی کوردستان دان دەنێت بە ناسنامەی ئاینی سەرجەم پێکهاتەیەکی تری نامسوڵمان، مەسیحیەکان، یەزیدیەکان، کاکەییەکان. هەروەک پارزێگاری دەکات لە پەیڕەوکردنی سروتە ئاینییەکانیان مادام پێچەوانەی سیستەمی گشتیی نییە(٧).

نوێنەری یەزیدیەکان لە لیژنەی دەستوور دژی ئەم دەستەواژەیە، کە دەڵێت «هەروەک پارزێگاری دەکات لە پەیڕەوکردنی سروتە ئاینییەکانیان مادام پێچەوانەی سیستەمی گشتیی نییە«. کە لە پێشنیارەکەی د. زەڵمی هاتووە، دەڵێت: ڕەنگە هەندێک لە پەیڕەوکردن و سروتە ئاینییەکان پێچەوانەی سیستەمی گشتیی بێت بە گوێرەی تێگەیشتنی مسوڵمانان، لەکاتی ڕوودانی ناکۆکی لەو جۆرە دۆسییەکە ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیدار دەکرێت لە دادگای فیدراڵی بەغدا، یاخود دادگای باڵای دەستووری بۆ پێکدێت لە کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە ناکۆکانە.

زانراویشە کە کۆمەڵگای ئەوروپی و ئەمریکی هەڵساون بە دانانی سنوور بۆ پەیڕەوکردنی ئازادیەکان و دەربڕینی ڕەئی، بەشێوەیەک کارنەکاتە سەر سیستەمی گشتیی، بۆ نموونە مۆڵەتی خۆپیشاندان پێویستە نەبێتە هۆی گرتنی ڕێگا گشتییەکان، هەروەها لە هەموو وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکای باکور ڕێگا نادەن دەنگی مایکرەفۆنی مزگەوتەکان بچێتە دەرەوە،

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم قەدەغەکردنە زەنگی کەنیسەکان ناگرێتەوە، کە لە ڕۆژانی یەکشەممە و بۆنە گشتییەکان ئەنجام دەدرێت، مافی مسوڵمانان نییە ڕەخنە بگرن، چونکە پێوەرە گشتییەکان لەلایەن دەسەڵاتی حاکم دیاریدەکرێت، کە زۆرینەیان مەسیحین، دیموکراسی نییە کە ڕێژەی ٢٪ ناموسڵمانە کوردەکان هەڵبستن بە دیاریکردنی پێوەرەکانی سیستەمی گشتیی لە کوردستان.

ئەو کەسانەی کە بانگەشەی لادانی ماددەی ٦ دەکەن لە دەستووری هەرێم، بێئاگان لەوەی کە کوردستان کیانێکی سەربەخۆی نییە لە ڕووی یاسایی بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، بەڵکو پێویستە بڕگە و بەندە قانونییەکانی دەرهاویشتەی دەستووری فیدراڵی بێت، مافی هەر تاک و لایەنێکە لە عێراق، یان لە هەرێم لە داهاتوو تانە لە هەر بڕیارێکی هەرێم بدات، کە پێچەوانەی دەستووری فیدراڵی بێت.

بەکردەیی هەندێک لایەن هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە پەنا بۆ دادگای فیدراڵی دەبەن، ئەگەر ماددەی ٦ لابرێت کە لەلایەن پەرلەمان لەساڵی ٢٠٠٦ داڕێژراوە، لە ساڵی ٢٠٠٩ هەموارکراوە.

ئەمەش شتێکی ئاشنایە لە هەموو دەستوورە فیدراڵیەکان، هەروەک لە دەستووری ئەوروپی هاتووە، ڕێگا نادرێت بەهیچ حکومەتێکی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا یاسایەک دانێت پێچەوانەی دەستووری یەکێتی ئەوروپا بێت، بە هەمان شێوە ئەم دەقە لە دەستوورەکانی تایبەت بە یەکێتی ئەوروپا و ئەڵمانیا هەیە، لەڕاستیدا دەستووری عێراقی لە ساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن باشترین دەستوورناسانی ئەمریکی وەک تۆماس فریدمان و زانایانی عێراقی بە ئاراستەجیاوازەکان نووسرایەوە، هەروەک کوردیش ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە نووسینەوەی ئەم دەستوورە.

هەندێک لە نووسەرانی کورد پێیانوایە ئاماژە

**دەستووری تازەی تونسی کە دوای شۆڕشی دیموکراسی دانراوە، جەخت لەسەر بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام وەک سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان دەکات لە تونس، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوی ئازادیەکان کراوە.**

نەکردن بە ئیسلام لە دەستووردا، تاکە زەمانە بۆ نووسینەوەی دەستوورێکی مەدەنی، چونکە دەبێتە هۆکاری جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، بەڵام ئەمە تێڕوانینێکی ئایدۆلۆجی و ڕوکەشانەیە، یارمەتیشمان نادان لەسەر تێگەیشتن لە واقع، ئەو بۆچونە هیچ شتێک پاڵپشتی ناکات، تەنانەت واقیعی زۆربەی کۆمەڵگا دیموکراسییەکانی ڕۆژئاواش.

زۆرێک لە تیۆرستانی عەلمانی جگە لە کورد، هەوڵدەدەن هاوسەنگی دروست بکەن لە نێوان فکری علمانی و باڵادەستی فکری ئاینی لە کۆمەڵگاکانیان، یاخود بە بۆچونێکی تر بڵێین خستنەڕووی (عەلمانیەتی پاژەیی- جوزئی) کە بریتیە لە جیاکردنەوەی ژیانی حزبی لە بنەما ئاینییەکان کە لە هەمان کات سوودیان لەو بنەما ئاینییانە وەرگرتووە و کردویانن بە پەرژینێکی گشتیی بۆ کۆمەڵگاکانیان لە هەردوو ڕووی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی.

بەهێزترین دیموکراسی لە جیهان ڕێگرنەبووە لە هیچ ئاراستەیەک کە حزبی لەسەر دامەزرابێت لە بنەماکانی دیموکراسی، دەکرێت کۆمەڵێکی زۆر لە

خەڵکی دیندار لە دەوری فکرەی عەلمانیەتی جوزئی کۆببنەوە، بەگوێرەی قسەی بیرمەندی گەورە د. عەبدولوەهاب ئەلمەسیری عەلمانیەتی جوزئی کە سیستەمێکی مەدەنییە نزیکترین عەلمانیەتە لە پەیڕەوی ئیسلامی لە مێژوودا. سەبارەت بە عەلمانیەتی گشتگیر کە بانگەشە بۆ بزوووتنەوەی لاسیزمی فەرەنسی و عەلمانیەتی مارکیسی و بزوتنەوەی کەمالی تورکی دەکات، ڕێک بەرهەڵستی ئاین دەکات و بەهەمەلایەنی خۆی بانگەشەی ئاینێکی نوێ دەکات.

خواڵێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی یەکێک بوو لەو کەسانەی کە بڕوای بە عەلمانیەتی جوزئی هەبوو لەمیانەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک پارتێکی عەلمانی، لە هەمان کات ڕۆڵێکی بەرچاوی دابووە ئیسلام و زانایانی ئاینی بۆ کارکردن لە چوارچێوەی بزووتنەوەی کوردایەتی و کۆمەڵگای کوردی، هەمیشە ئامۆژگاری کادیرانی حزبەکەی دەکرد لە بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکان لە ۱۹٦۱تا ۱۹۷٥ لە شۆڕشی ئەیلول کە پابەند بن بە ئیسلامەوە، ئەمە وایکرد کە لەسەردەمی بزووتنەوەی کوردایەتی بە ڕێبەرایەتی بارزانی ئەحزابی ئیسلامی دەرنەکەوێت.

بانگەواز بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی مۆرکی ئیسلامی دابڕنێت و ڕاببگەیەنێت کۆمەڵگایەکی بێدینە، یاخود کەمایەتییەکی ئاینی یا فکری و سیاسی بیەوێت کۆمەڵگای کوردی مۆرکێکی تری پێبدات لە بری مۆرکی ئیسلامی گشتیی، بانگەوازێکی هەڵەیە، چونکە ئەم بانگەوازە لە کۆمەڵگا مسوڵمانەکانی دراوسێی کوردستان بەرهەمی نەبووە و شکستی هێناوە، ئەزموونی کەمالی لە تورکیا و بەهلەوی لە ئێران، بورگیبە لە تونس نموونەی زیندون، کە پڕ بە گەروویان پاڵپشتی لەو بۆچونە دەکەن(۸).

ئەو هەوڵانە کۆمەڵگای کوردی ڕووبەڕووی جەمسەرگیری توند دەکەن، هەروەک ڕق و کینە دروست دەکات لە نێوان زۆرینە و کەمینەی کۆمەڵگا.

بۆ ئەوەی لە ئەزموونی ڕۆژئاوا فێری پێکەوەژیانی ئاشتیانە بین لە نێوان ئاین و عەلمانیەت، (ئەلفرید ئیستیفان) نووسەری ئەمریکی و پسپۆری عەلمانیەت تیۆرێکی تایبەت لە ڕۆڵی سیاسەتی ئاینی دەخاتە ڕوو بۆ بەهێزکردنی دیموکراسی، ناوی ناوە تیۆری (لێبوردەی ئاڵوگۆڕ)، لەسەر بنەماکانی ئەم تیۆرە پێویست ناکات دەزگا ئاینییەکان هیچ دەسەڵاتێکیان هەبێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی کە دەزگا دیموکراتیە هەڵبژێردراوەکان دایدەڕێژن، بەو مەرجەی کە پێچەوانەی بنەما نەگۆڕە نیشتیمانیەکان و دەستوور نەبن.

ئەو تیۆرە ڕێگا بە دەزگا ئاینییەکان دەدات هێزێک دروست بکەن وەک پاڵەپەستۆ لەسەر دەزگا سەربەخۆکان، کە پارێزگاری لە بەرژەوەندیە ئاینییەکانی کۆمەڵگا بکەن، بە پێچەوانەی زۆر لە ئەکادیمیەکانی ڕۆژئاوا، کە پێیانوایە دیموکراسی لە غەیری ئەوروپا نەچەسپاوە، ئەوکاتە نەبێت کە جیاوازی تەواو لەنێوان کەنیسە و دەوڵەت کراوە، ئەلفری ئیستیفان پێیوایە ئەم تیۆرە خاوەنی نەزعەیەکی ئەوروپی نابابەتیانەیە، لەگەڵ ڕاستیەکانی واقیع تێکدەگیرێت، هەروەک بڕوای وایە کە بابەتی جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت سەرناگرێت مەگەر بەشێوەیەکی پاژەی-جزئی نەبێت، تەنانەت لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکانی دیموکراتی، وەک یەکێتی ئەوروپا. ئەم نووسەرە دەڵێت «زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپا کەنیسەیان هەیە کە دەست لە کرۆکی پرۆسەی سیاسی و دیموکراتی وەردەدات».

ئیستیفان هەندێک بەندی دەستوورەکانی یەکێتی ئەوروپا وەک نموونە دەخاتە ڕوو، هەموو وڵاتانی ئەسکەندەنافی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا کەنیسەی لۆسەریان هەیە، ئەو کەنیسانە کاریگەری ڕوونیان هەیە لە حکومەت و خاوەنبڕیارن لە سەر هەردوو

ئاساتی یاسادان و جێبەجێکردن، بۆ نموونە لە ماددەی ٢ لە دەستووری نەرویج هاتووە کە تاکە دەوڵەتە ئەندام نییە لە یەکێتی ئەوروپا «ئاینی ئینجیلی لۆسەری ئاینی ڕەسمی وڵاتە، پێویستە لەسەر هاونشتیمانیانی ئەو دەوڵەتە منداڵانیان لەسەر بنەمای ئەم بیروباوەڕە پەروەدە بکەن». لە ماددەی چوار هاتووە «پێویستە پاشا لە پەیڕەوانی کەنیسەی ئینجیلی لۆسەری بێت».

لە دەستووری دانیمارکی هاتووە «کەنیسەی ئینجیلی لۆسەری کەنیسەی ڕەسمی دەوڵەتە لە دانیمارک، بەم جۆرەش یارمەتی لە دەوڵەت وەردەگرێت». دەستوور دەوڵەت قەدەغە ناکات یارمەتی ئاینەکانی تریش بدات، بەڵام تەنها کەنیسەی ئینجیلی لۆسەری بۆچون دەکات لە ئاینی فەرمی وڵات، کە دەستوور دیاریکردووە کە دەبێت سەرۆک یان پاشا لە پەیرەوکارانی کەنیسەی ئینجیلی لۆسەری بن، هەروەها ماددەیەک لە دەستوور هەیە کە جەخت لەسەر دەستەبەرکردنی ئازادی ئاینیش دەکاتەوە.

لە دەستووری ئایسلەندی هاتووە «کەنیسەی ئینجیلی لۆسەری کەنیسەی ڕەسمی دەوڵەتە لە ئایسلەندا». لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پارێزگاریە دەکرێت بە یاسا ڕەتبکرێنەوە (بەبێ گۆنکاری لەدەستوور) هەروەها پارێزگاری لە ئازادی ئاین دەکات، چەند قانونێک هەیە کە لەلایەن حکومەتی بەریتانی و ئەنجومەنی گشتیی دەرچووە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت پادشا شوێنکەوتەی کەنیسەی ئینجیلی بەریتانی بێت. بڕیارێکی ڕاشکاوانە هەیە کە پەیڕەوانی کەنیسەی کاسۆلیکی ناتوانن کورسی فەرمانڕەوایی بەریتانی وەربگرن، لە ڕاستیدا پادشا بە سەرۆکی کەنیسەی ئینجیلی بەریتانیا دادەنرێت، لە ماددەی ٣ی دەستووری یۆنانی هاتووە، کە ئاینی ئەرسۆدکسی ڕۆژهەڵاتی، ئاینی ڕەسمی دەوڵەتە، هەروەک لەو ماددەیە جەختکراوەتەوە لەسەر قەدەغەکردنی سوکایەتیکردن بە ئاینی دەوڵەت، بەشێوەیەک هەر لایەنێک سەرپێچی ئەو ماددەیە بکات ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێت، لە ماددەی ١٦ لە دەستووری ئیسپانیا هاتووە پێویستە لایەنەکانی حکومەت و سەرجەم دەزگاکانی دەوڵەت ڕەچاوی کەنیسەی کاسۆلیکی و ئاینی ڕەسمی وڵات و ئاینەکانی تر بکەن لە وڵاتدا(٩).

هەوەک لە هۆڵەندا و نەمسا و ئەڵمانیا و کەنەدا دەستوور حکومەت پابەند دەکات کە ڕەچاوی فێکردنی ئاین بکرێت لە قوتابخانە تایبەتییەکان، هەروەک وڵاتە ئەورووپییەکانی وەک ئەڵمانیا و نەمسا و ئیتاڵیا و بەلچیکا و هۆڵەندا ڕاهاتوون لەسەر فەرمانڕەوایەتی پارتە مەسیحیەکان. تاکە دەوڵەتی ئەوروپی کە بە ڕاشکاوی ڕێگای گرتبێت لە دامەزراندنی پارتی ئاینی پرتوگالە(١٠). ئەم دیاردەیە تەنها پەیوەست نییە بە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەڵکو دیاردەیەکی نێودەوڵەتییە، زۆربەی وڵاتانی ئاسیاشی گرتۆتەوە، بۆ نموونە لە ماددەی ٧ لە دەستووری ئیماراتی عەرەبی دەڵێت «ئیسلام ئاینی ڕەسمی وڵاتە«، شەریعەتی ئیسلامیشی دیاریکردووە وەک سەرچاوەی سەرەکی یاسادان، هەروەک لە ماددەی (١) لە دەستووری مالیزیا هاتووە «ئاینی ئیسلام ئاینی ڕەسمی دەوڵەتە، بەڵام ئاینەکانی تر بۆیان هەیە کە پەیڕەوی لە سروتەکانی خۆیان بکەن بە ئاشتی لە هەر شوێنێکی وڵات بێت». ئازادی ئاینی پارێزراوە بەپێی ماددەی یانزە.

لە بەشی ٩ دەستووری ٢٠٠٧ی تایلەند هاتوو «پادشا دەبێت بوزی بێت، هاوکار بێت بۆ ئاینەکان». لەگەڵ ئەوەش لەمادەی ٣٧ هاتووە کە «هەموو کەسێک بۆی هەیە بە ئازادیەکی تەواو ئاینی خۆی دیاری بکات»، لە دیباجەی دەستوی ئەندەنوسیا هاتووە «دەوڵەت خاوەن سەرەوەریە لەسەر بنەماکانی بڕوابون بە یەک خوا». لە ماددەی ٢٨ زامنی ئازادی ئاینی کراوە.

ئەمە جگە لەوەی (جۆناسان فۆکس)ی لێکۆڵەری بەتوانای ئەمریکی هەڵساوە بە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی، کە بەراوردی کردووە لە نێوان وڵاتانی ئەوروپا لەگەڵ ١٥٣ وڵاتی تر لەبارەی پرسی جیاکردنەوەی ئاین لە دەسەڵات لە نێوان ساڵی ١٩٩٠ تا ٢٠٠٠. لێکۆڵەر پشتی بەو لێکۆڵینەوانە بەستوە کە ئامارەکانی کەنیسە و دەزگاکانی دەوڵەت ئەنجامیان داوە، دەرەنجام گەیشتووە بەو ڕاستیەی کە نەزعەیەکی روون هەیە لە تێکرای ئەو وڵاتانەی لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون، کە بەرزبونەوەی کاریگەری تاکەکان و دەزگا فەرمیە حکومیەکان بە دەزگا ئاینیەکان نیشان دەدات، بەشێوەیەک ئەو کاریگەربوونە لە ساڵی ٢٠٠٠ زیاترە لە ساڵی ١٩٩٠، ئەمەش ڕێک پێچەوانەی بۆچوونی زۆربەی نووسەرەکانە(١١).

هەڵبژاردنی رۆناڵد ریگان و جۆرج بۆشی باوک و جۆرج بۆشی کوڕ بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکا بە پاڵپشتی بزووتنەوی توندڕەوی ئینجیلی ئسولی ناسراو بە (زۆینەی ئەخلاقی) بوو، کە ئەمەش جەخت لەسەر ئەو بۆچونەی جۆنان فۆکس دەکاتەوە.

هەندێک لە نووسەرانی کورد ئاماژە بەوە دەکەن کە دەستووری ئەمریکی نموونەی دەستووری عەلمانی و مەدەنییە و پێویستە بیکەینە پێشەنگ، بەڵام خوێندەوەیەکی قوڵ بۆ ئەو دەستوورە پێچەوانەی ئەو تێڕوانینەمان بۆ دەسەلمێنێت.

هەندێکی تر پێیان وایە دەستووری ئەمریکی بەڵگەنامەیەکی ئیلحادییە، لەوەی کە ئاماژەی بە ئاین نەکردووە، یاخود ئاماژە بە خوای گەورە نەکراوە، بەڵام لە راستیدا ئەوەی نادیارە باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی دینداربوون، بەڵام بە ئەنقەست ئاماژەیان بە ئاین نەکردووە بە ئاشکرا، بۆ ئەوەی توشی کێشەی مەزهەبی نەبن، چونکە کۆمەڵگای ئەمریکی لەرووی مەزهەبیەوە یەکگرتوو نییە.

پرسێکی تری گرنگ هەیە کە پێویستە بە هەند وەربگیرێت ئەویش وشەی (الله) لە دیباجەی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەنوسراوە، بەڵام ئاماژەی بۆ کراوە لە تێکرای دەستووری ویلایەتەکانی، بەشێوەیەک لە دەستووری ٥٠ ولایەتی ئەمریکی ئاماژە بەوشەی (الله) کراوە(١٢).

پرۆفیسۆر (لیوس ئەکیۆن) شارەزا لە قانونی دەستووری و جێگری نوێنەری تایبەتی (بان کی مۆن) سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە لیبریا و رواندا و کۆسۆڤۆ، لە بارەی نووسینەوەی دەستووری کۆمەڵگا فرەئاینەکان دەڵێت «هەڵەیەکی کوشندەیە نووسینەوەی دەستوور بدرێت بە گروپێکی دیارکراوی داڕنراو لە واقیعی گەلەکەیان»، ئەکیۆن دەشڵێت « ویستێک هەیە لە ئەزموونی ئەو گەلانە ئادابی گەل و بەها مەعریفی و ئاینیەکانیان پشتگوێ بخەن، سەرنجام زۆربەی کات دەستوورەکانیان دەبنە هەڵگری کۆمەڵێک قەیران کە تووشی پێکدادان دەبێت لەگەڵ کیانی گەل(١٣).

بۆیە کاریگەری مەترسیدارە لیژنەی باڵای نووسینەوەی دەستووری لە هەرێم بکەوێتە ژێر کاریگەری نوخبەیەکی عەلمانی، کە دەیەوێت لە میانەی نووسینەوەی دەستوور جەنگی داڕنینی ئیسلام بکات، بە بەرزکردنەوەی دروشمگەلێکی وەک مەدەنی و مافی کەمایەتیەکان. ئاشکرایە کە کەمایەتییەکانی کوردستان بە درێژای سەدان ساڵ لە نێوان کوردەکان لە کوردستان ژیاون، هەروەک مێژووی کورد هیچ هەوڵێکی بەخۆیەوە نەبینیووە بۆ تواندنەوەی ناسنامەی ئاینیان، هەروەک پێکهاتەی ئەمڕۆی ئاینی کوردستان باشترین بەڵگەی شارستانی و مێژووییە کە سەلمێنەری سروشتی لێبوردەیی زۆرینەی مسولمانانە. لە رابردوو هیچ دەستوورێکی عەلمانی بوونی نەبووە لە کۆمەڵگای کوردستانی بۆ پارێزگاریکردن لەو کەمایەتیانە. لێبوردەیی زۆرینەی

مسوڵمانان باشترین تاكە پارێزگاریی بوو بۆ ئازادیە ئاینیەكیان، لە داهاتووش هەروەها دەبێت.

دەكرێت سود وەربگرین لە تاقیكردنەوەی گەلانی تازە ئاشنا بە دیموكراسی لە نووسینەوەیی دەستووری هەرێم. لێرەدا هەر بۆ نموونە ئاماژە بە ئەزموونی تونس و میسر دەكەین، كە چەند نموونەیەكن لە ژینگە ژیاریە هاوشێوەكانی ژینگەی ئێمەیە.

دەستووری تازەی تونسی كە دوای شۆڕشی دیموكراسی دانراوە، جەخت لەسەر بنەما نەگۆڕەكانی ئیسلام وەك سەرچاوەی سەرەكی یاسادانان دەكات لە تونس، لەگەڵ ئەوەشدا رەچاوی ئازادیەكان كراوە، كە لە پەیماننامە نێودەوڵەتیەكان هاتووە، بەر لە هەمو شتێك دەستوورێكی مەدەنی تەوافوقی بوو وەك لە خوارەوە روونكراوەتەوە.

**بەناوی خوای پەخشندە و میهرەبان:**
**رێخۆشكردن**

ئێمەی ئەندامانی گەلی تونسی، ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵبژێردراو، لە ژێر مافی شۆڕشی رێز و ئازادی و دادپەروەری. شانازی بە بەرخودانی گەلەكەمان دەكەین، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئامانجەكانی شۆڕش، كە بووە داستانی ئازادی لە داگیركاری و ستەمكاری، هەروەك بووە هۆی دەستەبەركردنی سەركەوتنی ئیرادەیی ئازادی، وەك وەفایەك بۆ شەهیدان و قوربانیدانی نەوە یەك لە دوای یەكەكان، لە پێناو كۆتایهێنان بە ستەم و گەندەڵی. لەسەر بنچینەی بنەما نەگۆڕەكانی شەریعەت و ئامانجە بەرزەكانی كرانەوە و دادپەروەری و بەها بەرزەكانی مرۆڤایەتی، بەهەڵێنجان لەو شارستانیەتەی گەلی تونسی و قۆناغەكانی مێژوو لە بزووتنەوەی چاكسازی بە پاڵپشت بۆ ناسنامەی

# كارێكی مەترسیدارە لیژنەی باڵای نووسینەوەی دەستووری لە هەرێم بكەوێتە ژێر كاریگەری نوخبەیەكی عەلمانی

عەرەبی ئیسلامی، دەستكەوتەكانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی گشتی دەستگرتن بە بەدەستهاتوە نیشتیمانیەكان. لەپێناو دروستكردنی سیستەمێكی كۆماری دیموكراسی هاوبەش، كە تیایدا دەوڵەتی مەدەنی بیناكرابێت لەسەر بنەمای دامەزراوەیی، كە تیایدا دەستەبەری دەسەڵات بكرێت بۆ گەل لە سەر بنەمای دەستاودەستكردنی ئاشتیانە و جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان بەشێوەیەكی هاوسەنگ لەسەر بنەمای رێكخستنی وەستاو لەسەر فرەیی و بێلایەنی لە بەرێوبردن و حكومەتێكی رێنیشاندەر و هەڵبژاردنی ئازاد، كە دەبێتە بناغەی پاڵنەری سیاسی، كە لە رێیەوە فەرمانەروایی لەسەر بنەمای رێزگرتن لە ئیرادەی مافەكانی مرۆڤ و سەروەری یاسا و سەربەخۆیی دادگا و دادپەروەری و یەكسانی لە ئەرك و مافدا لەنێوان سەرجەم هاووڵاتی و لایەنەكان.

ئا لێرەدا بەناوی گەل بنەما لەسەر بەرەكەتی خوا هەنگاو دەنێین و دەستدەكەین بە نووسینەوەی دەستوور.

**١ـ بنەما گشتیەكان:**

بەشی یەكەم: تونس وڵاتێكی ئازادە، سەربەخۆیە، خاوەن سەروەرییە، ئیسلام ئاینیەتی، عەرەبی

زمانیەتی، کۆماریی سیستەمیەتی.

بەشی دووەم: ئاڵای دەوڵەت سورە، بازنەیەکی سپی لە ناوەڕاستیدا هەڵکەوتووە، کە مانگێکی سور و دەورەدراو بە ئەستێرەیەکی پێنجیەکی سور، بە یاسا سرودی رەسمی نیشتمانی رێکدەخرێت بەناوی (حماه الحمی) بەیاسا دروشمی نیشتمانی رێکدەخرێت، کە بریتییە لە: ئازادی، رێزگرتن، دادپەروەری، سیستەم.

بەشی سێیەم: گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە، لە رێگای نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی بە ئازادانە لە رێگەی راپرسی پەیڕەوی دەسەڵاتەکانی دەکات.

بەشی چوارەم: دەوڵەت پارێزگاری لە ئاین دەکات، دەستەبەری ئازادی بیروباوەڕ و پەیڕەوی لە دروشمە ئاینیەکان دەکات، پارێزەری لە پیرۆزیەکان دەکات، شوێنەکانی پەرستن دووربن لە بانگەشەی حزبی.

## لە بارەی سروشتی تەوافقی ئەم دەستوورە ئاماژە بە چەند شایەتیەک دەدەین:

شێخ راشید غەنوشی سەرۆکی بزووتنەوەی راپەرینی تونسی وتی «سەرفرازی بۆ ئەندامانی ئەنجومەن و گەلی تونسی، کە بەم دەستوورە بنەماکانی مافی مرۆڤیان چەسپاند، بە یاسا چاودێریی کارەکانیان حکومەت دەکرێت، ئەم دەستوورە (دەستوورێکی مێژوویی تەوافوقیە، کە جیهان شایەتی بۆ دەدات)، ئەزموونی گەلی تونس لە دیموکراسی، دەبێتە ئەزموونێکی کەم وێنە لە جیهانی عەرەبی».

نیدائو تونس، نتەیب بەکوش ئەمینداری گشتی حزب وت «ئەم دەستوورە دەستوورێکی تەوافوقیە سەرجەم لایەنەکانی تونس لەسەری رێکەوتون، جیهان شایەتی بۆ دەدات».

تەکەتولی دیموکراسی لەپێناو کار و ئازادیەکان: محەمەد نور وتەبێژی رەسمی حزب رایگەیاند ئەو دەستوورە سەرجەم تونسیەکان کۆدەکاتەوە، هەروەک جەختی کردەوە لەسەر تەوافوقێکی گەورە لە دەوری ئەم دەستوورە، لە داهاتوودا ئەم دەستوورە دەبێتە سەرچاوەی شانازی بۆ هەموو تونسیەک(١٥).

گەلی تونسی بە یەکێک لە گەلە مەدەنیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، لە کاتێکدا هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ ئیسلام لەم دەستوورەدا مامەڵەیەکی واقعیانە بوو، نەیانویست پشتگوێی بخەن، هەروەک لە پێشەکیەکە دیارە، ئەم دەستوورە هەژماردەکرێت بە پارێزگاریکردن لە بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام ، هەروەک مەبەستەکانی شەرعی وەک دەستپێک و بنەمای دارشتنی بەندەکانی داناوە.

بنەمای تەوافق ئەوەیە کە سەرجەم لایەنە ئیسلامی و عەلمانیەکانی کوردستان پشتی پێ ببەستن، سەرجەمیان واز لە تاکلایەنی و رەتکردنەوەی بەرامبەر و پەراوێزخستن بێنن لە نووسینەوەی دەستووری هەرێم، بەرۆحێکی دیموکراسی کراوە هەڵسوکەوت بکەن.

تێڕوانینێک بۆ دەستووری میسری، کە نووسراوەتەوە لەلایەن لیژنەیەکی بەنجا کەسی دیاری کراو لەلایەن بزووتنەوەی کودەتاچی و بانگەشەکارانی عەلمانیە میسرییەکان، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە عەلمانییە میسرییەکان لە هێزی ئیسلام دەگەن لە واقیعی میسری، بۆیە هەوڵی پشتگوێخستنیان نەدا، لەگەڵ ئەوەی زیاد لە ٢٠٪ میسرییەکان مەسیحیە قیبتییەکانن.

## دەستووری میسر: ٢٠١٤ رێگا خۆشکردن

ئەوکاتەی کە پێغەمبەری کۆتا سەلات و سەلامی خوای گەورەی لێبێت، بۆ سەرجەم خەڵک لەپێناو تەواوکردنی رەوشتە بەرزەکان رەوانەکرا، دڵ و هۆشمان بۆ نوری ئیسلام بویەوە، بۆیە بووین

به باشترین سەربازانی جەنگاوەر لەسەر زەوی کە لەپێناو خوا تێکۆشانمان کردووە، پەیامی حەقمان بڵاوکردەوە، زانستەکانی ئاینمان لە جیهان بڵاوکردەوە، ئەمە میسرە نیشتمانێکە لەناوی دەژین و لەناومان دەژێت.(١٦).

ماددەی (١): کۆماری میسری عەرەبی وڵاتێکی خاوەن سەروەرییە، یەکگرتووە و قبوڵی دابەشبوون ناکات، لە هیچ یەک لەو چەمکانە دانابەزێت، سیستەمەکەی کۆماری دیموکراسیە، لەسەر بنەمای هاونیشتمانی و سەروەری یاسا دامەزاروە.

گەلی میسری بەشێکە لە پێکهاتەی عەرەبیـ کاردەکات بۆ یەکگرتوویی ئومەی عەرەبی، میسر بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی، ئینتیمای بۆ کیشوەری ئەفریقیا هەیە، شانازی بە درێژکراوەی ئاسیایی دەکات، رۆڵ دەگێرێت لە دروستکردنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی.

ماددەی (٢) ئیسلام ئاینی دەوڵەتە، زمانی عەرەبی زمانی رەسمییە، بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانن.

مادەی (٣) بنەماکانی شەریعەتەکانی مەسیحی و جولەکە سەرچاوەی سەرەکین لە یاسای تایبەت بەباری کەسێتیان و کاروباری ئاینیان و هەڵبژرادرنی پێشەوا رۆحیەکانیان.

تێبنی بکەن لێرە لەگەڵا ئەوەی رێژەی کەمایەتییەکانی میسر زیاتر لە سەدا بیستە. نووسەرانی دەستوور، نەیانتوانیوە، رۆڵی ئیسلام پشتگوێ بخەن، بەڵکو کردویانەتە سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان، لەکاتێکدا هەندێک لەوانەی کوردستان پاساو دێننەوە بە بونی کەمایەتییەکان کە لەباشترین حاڵەت رێژەیان لە ٣٪ زیاتر نابێت، دەیانەوێت رۆڵی ئیسلام وەلانێن لە دەستووری هەرێمی کوردستان.

## پوختەی ئەم لێکۆڵینەوە:

ئەو گفتوگۆیەی کە لە کوردستان لەسەر ماددەی ٦ی دەستوور هەیە لەنێوان لایەنگران و نەیارانی پرسێکی ئاسایی و سروشتیە، لە خوێندەوەی جۆراوجۆر سەری گرتووە لەبارەی ناسنامەی نەتەوەیی رەهەندی ئاینی، هەروەها دەبڕینی دڵەراوکێیەکە لەلایەن کەمایەتییە ئاینییەکانی کوردستان لەوکاتەی کە ئیسلام ببێت بە سەرچاوەی یاسادانان.

بەڵام ئەوەی هەڵەیە ئەوەیە کە هەندێک پرسی نووسینەوەی دەستوور بکە بۆنەیەک بۆ لەریشەهەڵکێشانی ئەوانەی تر.

هەروەها بۆمان روون دەبێتەوە ئەو گفتوگۆیەی لەبارەی ماددەی ٦ هەیە لەلایەن هەندێک عەلمانی توندڕەو، نەک هەموو عەلمانییەکان بۆ چەسپاندنی بۆچونیانە لەسەر دەستوور، هەوڵێک بۆ شاردنەوەی ناسنامەی زۆرینەی مسوڵمانان لە ژێر پەردە و دروشمی (مەدەنی و مافی کەمایەتیەکان) بۆ خاوەنی ئەم چەند دێرە ئەوە روون بۆتەوە، کە عەلمانی توندڕەو بانگەوازی دوورخستنەوەی ئاین دەکات لە کۆمەڵگا بەتەواوەتی، ئەمەش نەچەسپاوە تەنانەت لە زۆربەی کۆمەڵگا مەدەنی و دیموکراسیەکان، ئەزموونی گەلانی دراوسێمان لەو بوارە نەزۆکی هەوڵی دارنینی ناسنامەی ئیسلامی رەگداکوتاوی لە واقعیی کوردستان دەرخستووە، بۆیە پێویستە بەدوای رێگای گفتوگۆدا بگەڕێین، دوور لە گۆڕینی دیکتاتۆریەتی زۆرینە، یان سەرکەشی کەمینە، جا کەمینەیەکی ئاینی، یا فکری، یاخود کۆمەڵایەتی بێت، بۆیە پێشنیار دەکەین بەهێشتنەوەی ماددەی ٦ دەستووری هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٦ پێشنیارکرا، یاخود پشت ببەسترێت بەو دارشتەوەیەی کە د. مستەفا زەڵمی پێشنیازی کردووە.

## پەراوێز:

.........................................

١. «ناوەندی سیکولار لەبارەی دەستوورەوە: دانانی شەریعەتی ئیسلام بەسەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانان دژ بەمافە جیهانیەکانی مرۆڤە»
http://www.awene.com/article/2015/06 /14/41682

2. کاوە محمود «علاقة الدين بالدولة في مشروع «دستور إقليم كردستان»، http://www.ssrcaw.org/ar/show.art.asp?aid=364891#sthash.oYQ5eWG4.dpuf ، 19-6-2013

3- http://www.socialismnow.org/html/khayal300808.htm

٤. گۆنا سەعید « گرنگە سەرتاپای ڕەشنوسی «دەستوری هەرێم لاببرێت http://www.kurdistansecular.com/ku/?p=377 دوو شەممە, ٢٢ حوزەیران ٢٠١٥

٥. خضر دوملي «حقوق وحريات الايزيدية وبقية المكونات في مسودة دستور اقليم كوردستان» http://tfpb.org/?p=144 ‘ 25-5-2015

6- R. T. E. Latham, The Law and the Commonwealth ,(Oxford: Oxford University Press, 1949) pp. 522-25;R. F. V. Heuston, Essays in Constitutional Law, 2nd ed. Sir Ivor Jennings, The Law and the Constitutio, 4th ed. (London: University oPress, 1952) pp.146-49:

7-https://www.facebook.com/ 254466321260331/photos/a.276082305765399.67512.25446632126033 1/988924574481165/?type=1&fref=nf

٨ ـ أوهام العلمانية الزرقاوي، الجمعة ٠٦ حزيران ٢٠٠٨، موقع ولاتيمة http://www.welateme.info/erebi/modules.php?name= News&file= article&sid=3936 #.UEZaDMFlSOktp://www.welateme.info/erebi/modules.php?name=News&file=article&sid=3936#.UEZaDMFlSOk

9 – Alfred Stephan, Argueing Comparative politics, ( new York: Oxford University press , 2001) , p.126

10 – Nader Hashemi Islam, Secularism and Liberal Democracy: Toward a Democratic Theory for Muslim Societies (Oxford University Press, forthcoming).2009.p.126

11 –Jonathan Fox world separation of religion and state into the twenty-Fisrt century , Comparative political studies ,(June 2006)39 ,P.561

12- «Referencesto»God»inStateConstitutions», http://undergod.procon.org/view.resource.php?resourceID=000081

13- Ronan McCrea «The Recognition of Religion within the Constitutional and Political Order of the European Union « http://www.lse.ac.uk/europeanInstitute/LEQS/LEQSPaper10.pdf ; On Constitution Writing: The Case of Kosovo Interview with Professor Louis Aucoin ; http://fletcher.tufts.edu/Praxis/Archives/~/media/EFB50A4BC05A482994D6E3D246D57309.pdf

١٤. دستور الجمهورية التونسية ٢٠١٤ هو دستور صادق عليه المجلس الوطني التأسيسي التونسي في ٢٦ يناير ٢٠١٤ والذي تم إنتخابه في ٢٣ أكتوبر ٢٠١١ بعد سنتين ونصف من العمل المتواصل، وتم ختمه في ٢٧ يناير ٢٠١٤ في جلسة من قبل: المصدر http://jblo9.blogspot.com/2012/08/blog-post_8.html

١٥. ar) تونس: ردود الفعل حول المصادقة على الدستور، تونيفيزيون، ٢٧ يناير ٢٠١٢

16- http://egelections-2011.appspot.com/Dostour/Dostour_update2013.pdf (MD5 : ec821dd34f17139b89ac6db34ad05a9a

**بەکر حەمەسدیق**



# هاوولاتیبوون



لەدایکبووی ١٩٦٢
هەڵەبجە
بەکالۆریۆس لە یاسا
ئەندامی خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
دە بەرهەمی چاپکراوی نووسین و وەرگێڕدراوی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هەیە.

وشەی هاوولاتی، هاونیشتمانی، وشەیەکی زۆر کۆن نییە، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ١٧٧٦ و راگەیاندنی سەربەستی لە لایەن گەلانی ئەمریکاوە، پاشان ڕاگەیاندنی جاڕی فەرەنسی بۆ ماف و هاوولاتیبوون لە ساڵی ١٧٨٩، پاشان سەری کێشایە ناو دەستووری فەرەنسا لە ساڵی ١٨٤٨ و ڕەنگدانەوەی لە نێو دەستووری وڵاتانی ئەوروپا و ناوچەکەدا دروست کرد. ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە مەسەلەی مافەکانی هاوولاتی لە هزری مرۆڤایەتیدا نەبووبێت، نەخێر، ئەو تیۆرە حقوقیانەی لە زۆر کۆنەوە باسی مافی سروشت و گرێبەستی کۆمەڵایەتی و سەردەمی رۆشنگەریی و رێنیسانس و هتد.. بنەما فەلسەفە مافیەکانی خۆیان لەسەر مافەکانی تاک داناوە. بنەماکانی ماف لە سەردەمەکانی دەسەڵاتی پادشایەتی و دەرەبەگدا لەسەر رێنوێیی دابەشکردنی هەرەمی چینایەتی بووە، تەنانەت مرۆڤەکان لە رۆژی لەدایکبوونەوە چینی خۆیان پێداوە، بۆ نموونە چینی پادشایان، ماقوڵەکان، خەڵکی گشتی، کۆیلەکان، یان فەیلەسوفی گەورەی گریگەکان تیۆریزەیان کردووە بۆ ئەم جۆرە دابەشکردنە و بە قەدەرێکی خوداییان داناوە.

لە قۆناغی هۆشیاری دابەزینی ئاینەکاندا، باوەڕ کرا بە بنەما بۆ دابەشکردنی مافەکان، پاشان لە قۆناغی دەوڵەتی ئاینیدا بە تایبەتی سەردەمی دەسەڵاتی جولەکە و کلێسادا مەسەلەی کۆیلایەتی کرا بە تەشریعی ئاینی و بووە بەشێک لە سیستمی گشتی وڵات، هەرکەسێ لایبدایە لێی تۆمەتی بێباوەڕیش دەدرایە پاڵی.



بە هاتنی ئیسلام بنج و بناغەی مافی هاوولاتی گۆڕانی بەسەردا هات، لە ڕاگەیەنراوەکەی مەدینەدا کە بە (صحیفه المدینه) ناسراوە موسڵمان و جولەکە و فەلە خاوەنی دەوڵەت بوون و بۆیان هەبووە وەکو هاوولانی ئاسایی لەناو دەوڵەتەکەی پێغەمبەر دا (درودی خوای لەسەر بێت) بە ئازادی بژین و کاری خۆیان بکەن.

ئەو کێشانەش کە لە قۆناغەکانی دواییدا ڕوویانداوە پەیوەندی نەبووە بە مەسەلەی (جولەکەبوون) یان (مەسیحبیوون) یان (موسڵمانبوون)ەوە، بە ئەندازەی ئەوەی ئەو دەستە و تاقمانە چەندە خوازیاری ژیانێکی ئاسایی بوون لە دەوڵەتی مەدینەدا، بۆیە مافەکانی لە ئیسلامدا وەکو ماف چەسپێنران و هەموو خاوەن باوەڕ و ئاینزاو بێباوەڕێکیش لە ماوەدای هەزار و سێ سەد ساڵی دەوڵەوتی ئیسلامیدا بە قۆناغە خراپەکانیشەوە ژیان و کێشەیان بۆ دروست نەکراوە، ئەگەر ئەوان خۆیان کێشەیان دروست نەکردبێ، ئەگەر سەیری ئەدەبیاتی سەردەمی ئومەوی و عەباسییەکان بکەیت (کە جێگەی سەرنجن) سەرت سوڕدەمێنێ لەو هەموو ئازادییە فیکری و سیاسییە سەیرەی خەڵک هەیبووە لەو کاتەدا.

لە قۆناغی نووسینەوەی دەستووری وڵاتان و سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشتمانیدا چەمکی هاوولاتی وەک تاکێکی خاوەن ماف جێگەی خۆی گرت و مافەکانی ئازادی و یەکسانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هتد... بوونە خاڵ و جەمسەرە سەرەکییەکانی وشەی هاوولاتی وەکو سەنگی مەحەک پێوانەی ئاستی پاراستنی مافەکانی مرۆڤیان پێ دەپێورێت، بۆیە وشەی هاوولاتی تاقانە وشەی سەرهەڵدانی دەوڵەتی هاوچەرخە و پێشتر ئەم زاراوەیە وەکو ناونیشان نەبووە، بەڵام وەکو مانا و ماف بە بەردەوامی تەوەری سەرەکی مافەکانی تاک بووە لە بەرامبەر دەوڵەت و دامودەزگاکانیدا.

# خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی

# (شرۆڤەی پڕۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان)

**خوێندنەوەی: سەرگوڵ قەرەداغی**



نووسەر لە دووتوێی ئەم کتێبەدا بەشێوەیەکی ئەکادیمی شرۆڤەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی کردووە، ئەو پڕۆژەیەی کە لە (٢٠٠٥) ەوە لەلایەن لیژنەی نووسینەوەی دەستوورەوە دارێژرا، ئەو بە وردی و بە چاکی وەک ڕەخنەگرێکی بنیاتنەرانە بابەتەکەی شرۆڤە کردووە، مادده بە مادده دەستی بردووە بۆ کەموکورتییەکانی پڕۆژەکە کە زۆربەیان کەموکوڕی یاساین، دواتر لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا پڕۆژەیەکی پێشنیازکراوی خۆی خستۆتەڕوو کە زۆر بۆچونی یاسایی و واقعی تێدایە کە ئەگەر لیژنەی نووسینەوەی دەستوور کە ئێستا لە (٢٠١٥) سەرقاڵی دارشتنی پڕۆژەی دەستوورن، وەک سەرچاوەیەک بەکاریبێنن دڵنیام هاوکار دەبێت بۆ گەیشتن بە پڕۆژەی دەستوورێکی مەدەنی و قبوڵکراو.

نووسەر لە پێشەکییەکەیدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکات:

بێگومان دەستوور بەرزترین هەرەمی یاسایە کە یاساکانی تر لە دەستوورەوە سەرچاوە دەگرن، بۆیە پێویستە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە دەستوور تێروتەسەل بێت.

دەستوور چوارچێوەی حوکم و شێوازەکانی دیاری دەکات، فەلسەفەی سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی دادەرێژێت، بەجۆرێک زۆر بۆچوون هەیە باس لەوە دەکات کە دەستوور یاسای ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانە، هەرچەندە کورد نەتەوەیەکی زیاد لە (٤٠) ملیۆن کەسە، بەڵام لەبەر نەبوونی کیانی سەربەخۆ تا ئێستا نەبووە بە دەوڵەت و نەبووە بە خاوەنی دەستوور, بەڵام لە هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) دورفەتێکی گونجاو دروستبوو بۆ ئەم بەشەی کوردستان کە ببێتە خاوەنی دەستوور ، چونکە دوای

ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردن هەرێم بووبە خاوەنی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و دەسەڵاتی ئیداری و سیاسی گەڕایەوە بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵام بە داخەوە دوای هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ و سەرقاڵبوونی لایەنەکان بەشەڕی بەرژەوەندی خۆیان، ئەو لایەنە فەرامۆش کرا، تا ئێستاش نەمانتوانیوە دەستورێک بۆ هەرێم دابرێژین، کە ئەمە کفرێکی یاساییە و مێژوو وەک کەمتەرخەمییەکی گەورە تۆماری دەکات.

ئەگەر ئەو کاتە لەبەر شەڕی ناوخۆو نەپەرژاندنی لایەنەکان بۆ ئاوڕدانەوە لەم پرسە گرنگە هۆکار بوبێت ، بەڵام دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە (٢٠٠٣) و پاش پەسەندکردنی دەستووری عێراق لە (٢٠٠٥) هیچ پاساوێک نییە بۆ نەبوونی دەستوور لە هەرێم، چونکە بە پێی ماددەی (١٢٠)ی دەستووری عێراقی فیدراڵ، مافی بە هەرێمەکان داوە خاوەنی دەستووری خۆیان بن، لە دوای ئەو مێژووە ئەوا دە ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر پەسەندکردنی دەستووری عێراقدا، نەبووینە خاوەن خاوەن دەستوورێک کە سەروەری یاسا و گرەنتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و لێکجیاکردنەوەیان بێت.

هەرچەندە هەوڵدراوە لە ڕووی یاساییەوە ڕەشنووسێک ئامادەیە، بەڵام هەتا نەخرێتە ریفراندۆمەوە و گەل دەنگی لەسەر نەدات، بەهای یاسایی نییە، ئیرادەی سیاسییەکان زاڵە، نایانەوێت ببین بە خاوەنی دەستوور، چونکە دەستوور کۆتوبەندی دەسەڵاتەکان دەکات و ئەوانیش بە ئاسانی دەستبەرداری دەسەڵاتەکانیان نابن.

دەبێت ئیرادەی خەڵکی کوردستان فشار بێت

بۆ ئەم بابەتە، بەڵام بەداخەوە ئیرادەی خەڵک ئەوەندە هێزی بەسەر دەسەڵاتدارانەوە نییە بۆ ئەوەی ناچارییان بکات دەستوور دابڕێژن و دەسەڵاتەکانیان کۆتوبەند بکرێت، ئەوەی هەیە تەنها فشار و نووسینی نوخبەیەک لە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان هەیە کە هەندێک سیاسی ناچار کردووە کە لێدوان بدەن سەبارەت بە بوونی دەستوور و گەڕانەوەی بۆ پەرلەمان و پەسەندکردنی، کە بێگومان نەبوونی دەستوور بۆشایی گەورەی سیاسیی و یاسایی بە کوردستان دروستکردووە.

دواتر نووسەر لە دوای پێشەکی دەستدەکات بە شرۆڤەی پرۆژەکە.

سەرەتا لە دیباجەوە دەستپێدەکات، کە بەڕای ئەو دیباجەکە زۆر دوور و درێژە و بەشێوەیەکی هونەری و هەست بزواندن نووسراوە، کە ئەمە خاڵی لاوازی دیباجەکەیە، دەکرێت کورت و پوخت بێت وەک دەروازەیەک بۆ ناساندنی کورد و هەرێمی کوردستان و پێکهاتەی دانیشتوانی، دواتر نووسەر دێتە دەروازەی یەکەم کە سەرەتایە و بنەما سەرەکییەکان دەستپێدەکات و ماددەی یەکەمی پرۆژەکە باس لە هەرێمی کوردستان و شوێن و پێگەکەی دەکات لەناو عێراقدا، لەمەشدا نووسەر ئاماژە بە هەڵەی یاسایی دەکات کە ئاماژەیە بە نایاساییبوونی دەستەواژەی عێراقی فیدراڵ ، چونکە بەڕای نووسەر دەوڵەتی فیدراڵ پێکدێت لەچەند هەرێمێک ، بەڵام تا ئێستا لە عێراقدا تەنها یەک هەرێم هەیە، ئەویش هەرێمی کوردستانە.

هەر هەمان ماددە ئاماژەی بەوە داوە کە (دەسەڵات لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتی و ڕاستەوخۆ و نهێنی و دەورییەوە دەبێت).

لێرەدا ڕەخنەکە ئەوەیە، کە دەڵێت دەسەڵات ئەگەر سیستمی سیاسی و پەرلەمانی بێت و سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان هەڵبژێردرا ئەوا دەبێت وشەی ڕاستەوخۆ لاببرێت، دەبێت پێچەوانەی دەستووری عێراق نەبێت بەپێی ماددەی (١٢٠) کە نابێت دەستووری هەرێمەکان ناکۆک بێت لەگەڵ دەستووری عێراق ، چونکە لەوێ سەرۆک لەلایەن پەرلەمانەوە دەنگی بۆ دەدرێت.

دواتر نووسەر ڕەخنە لە برگەی (٢)ی ماددەکە دەگرێت کە سنووری کوردستانی دیاریکردووە، دەڵێت دەبێت دیاریکردنەکە بەپێی خشتەی کارگێڕی ئێستا بێت، دواتر ئاماژە کراوە بە ماددەی (١٤٠) کە ماددەیەکی گوستراوەیە بەجێبەجێبوون کۆتایی دێت، چەندین کۆسپ هەیە لەبەردەمی کە چۆن دەبێت لە دەستووری خۆمان ئاماژە بە ماددەیەکی دەستووری فیدراڵ بدەین کە لێرەدا لە بنەما سەرەکییەکانە، ئەگەر ناچار بین باسی بکەین بخرێتە چوارچێوەی ماددە گواستراوەکانی برگەی (٣) ی ماددەکە دەڵێت (نابێت هەرێمێکی نوێ لەنێو سنووری هەرێمی کوردستان دروست بکرێت).

ئێمە دەبێت واقیعبین بین، بیری داهاتوو بکەینەوە هەموو کاتێک دروستبوونی هەرێمێکی تر لە کوردستان زیانی نییە ، چونکە لە داهاتوودا ئەگەر فیدراڵی بەتەوەوەتی جێبەجێکرا، چەند هەرێمی سوننە و شیعە دروست ببێت، بە تەنها یەک هەرێم ناتوانێت لە ئەنجومەنی نوێنەران هیچ یاسایەک دەربکەین کە لەبەرژەوەندی گەلی کوردستان بێت، بۆ ئەوەی بتوانین هاوسەنگی ڕابگرین لە ڕێژەی دەنگ، چونکە فلتەری ڕێگریکردن لەو یاسایانەی دژمان دەردەچێت

(ئەنجومەنی ئیتحادییە) لە ئەنجومەندا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان هەرێمەکان بە گەورە و بچووکەوە لەو ئەنجوومەنە بە شێوەی یەکسان هەرێمەکان ئەندامیان دەبێت.

دواتر نووسەر ڕەخنە لە ماددەی (٥) دەگرێت کە لە سەرەتادا هەستاوە بە ژماردنی پێکهاتەکان لە کورد، تورکمان ، عەرەب، کلدان، ئاشووری، سریان و ئەرمەن، لە کۆتایشدا دەڵێت هاووڵاتییانی دیکەی هەرێمی کوردستان. دەڵێت پێویستە بنەمای هاووڵاتیبوون بکەین بە پێوەری گەل، بێ ناو هێنانی نەتەوە و ئایین.

ماددەی (٦) ی پڕۆژەکە باس لە ناسنامەی ئیسلامی گەلی هەرێم دەکات، دان دەنێت بە هەموو مافە تایبەتییەکانی مەسیحی و یەزیدی و ئەوانی دیکە.

تا ئێرە ماددەکە باشە، دان دەنێت بە ئاینەکانی تردا، بەڵام دواتر دەڵێت بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە، ئەمە کۆپیکراوی ماددەی (٢) دەستووری عێراقە، بەڵام نووسەر ڕای وایە ئەم ماددەیە بەم شێوەیە بێت باشە: (ئەم دەستوورە دان دەنێت بە ئازادی ئایینی و بیروڕاکان و زامنی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی دابونەریتە ئایینیەکان دەکات).

نووسەر ڕەخنەی زۆری لە ماددەی (٧) هەیە کە (بڕیاردان لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستانی بەستۆتەوە بەوەی گەلی کوردستان بە ویستی ئازادنەی خۆی ئەوەی هەڵبژاردووە کە کوردستان هەرێمێکی فیدراڵی بێت لە چوارچێوەی عێراق).

ئەمە لە ڕووی یاساییەوە هەڵەیە بڵێین کوردستان هەرێمێکی فیدراڵی بێت لە چوارچێوەی عێراق ، چونکە عێراق دەبێت دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت نەوەک کوردستان هەرێمێکی فیدراڵی بێت، ئەم ماددەیە مافی چارەنووسی بەستۆتەوە بە مانەوەمان لەگەڵ عێراق، بەڕای نووسەر ماددەکە دەبوو بەم شێوەیە بێت (کورد مافی بڕیاردانی چارەنوسی خۆی هەیە لە هەر کاتێک بەپێی ڕاپرسییەکی گشتی)، نەک تەئکید لەسەر مانەوەی لەگەڵ عێراق. نابێت شەرمنانە دوای مافێکی سروشتی خۆمان بکەین، بە تایبەت لەناو دەقێکی دەستووریدا، چونکە دەستوور بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتووە.

ماددەی (٨) ی پڕۆژەکە بەڕای نووسەر تەواو پێچەوانەی دەستووری عێراقە، بە تایبەت ماددەی (١١٠) کە باس لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵ دەکات، چونکە ماددەی (٨) دەڵێت: ئەو ڕێکەوتنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییانەی کە ناوەند ئیمزای دەکات و ئەوانەی پەیوەندییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە کاریان پێدەکرێت، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی ڕەها ڕەزامەندییان لەسەر دا.

نووسەر ماددەی (٩) دەستوور بە زیادە وەسف دەکات، چونکە ئەو مافانەی کە لەم ماددەیەدا باسکراون لە دەقی ماددەکانی (١٠٥ – ١٠٦ – ١١٢) دەستووری فیدراڵی داهاتوون هیچ پێویست ناکات دووبارە بکرێتەوە، بە دووبارەبوونەوەی لە دەستووری هەرێمدا هیچ پابەندبوون بۆ حکومەتی فیدراڵی زیاد ناکات، بەڵکو ڕێگای ڕاستی ئەوەیە ئەو مافانەی لە دەستووری فیدراڵی هاتوون لە ڕێگای نوێنەرەکانمانەوە بە دەستی بهێنین..

دواتر ماددەی (١١) دەخاتە ژێر وردبینی کە باس لە ئاڵا و سرودی نیشتمان دەکات، کە دەڵێت پێویستە بەم شێوەیە بێت: لە هەرێمی

کوردستان و عێراق ئاڵایەکی تایبەت هەیە کە بە یاسایەک ڕێکدەخرێت لە تەک ئاڵای فیدراڵی عێراق هەڵدەدرێت.

هیچ پێویست ناکات ڕەنگ و قەبارە و شێوەکەی لە دەستووردا باس بکرێت، چونکە ئەو وردەکاریانە نابێت لە دەستووردا بێت، بەڵکو لە بڕگەی یاساکەدا جێی بکرێتەوە.

ماددەی (١٢) دەبێت بەم شێوەیە بێت (هەرێمی کوردستان هێزێکی پێشمەرگەی بەرگریکاری هەیە بۆ پاسەوانی هەرێم، لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە پێکهاتە و ئەرکەکانی بەیاسایەک ڕێکدەخرێت). دەقی پرۆژەکە باسی وەزارەتی پێشمەرگە ناکات، ئەمەش هەڵەیە کە دەبێت ئاماژەی پێبکرێت.

بڕگەیەکی تری ئەم ماددەیە دەڵێت (نابێت میلیشیای چەکداری لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا پێکبهێنرێت)، ئەمە پێویستە لاببرێت لەبری ئەوە بوترێت (نابێت هیچ پارت و گروپ و لایەنێکی سیاسیی میلیشیای چەکداری هەبێت لە دەرەوەی چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە) .

ماددەی (١٤) نووسەر بە ماددەیەکی باش ناوی دەبات کە دانی ناوە بە زمانەکاندا و مافی داوە بە هەموو کەسێک بە زمانی خۆی بخوێنێت.

ماددەی (١٥) پێویستە بە ڕوونی ئاماژە بە ئازادی لە بواری ئابووریدا بکات، کە تەنها دەڵێت هەرێمی کوردستان پشت بە ئابووری دەبەستێت دەبێت ئازادی بۆ زیاد بکرێت.

لە کۆتایی بڕگەدا دەڵێت قۆرخکردن بە یاسا نەبێت ڕێگەی پێنادرێت ، کە ئەمە هەڵەیەکی یاساییە، چونکە قۆرخکردنی یاسایی بوونی نییە، بەڵکو دەبێت بوترێت (قۆرخکردن بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی پێنادرێت).

لە ماددەی (١٦) ئەرکی پاراستنی ژینگەی بە تەنها بۆ دەسەڵاتەکانی هەرێم داناوە، کە ئەمە هەڵەیە، دەبێت ئاماژە بە ئەرکی تاکیش بکرێت لە پاراستنی ژینگە.

لە دەروازەی دووەم، نووسەر ڕەخنەیەکی زۆر لە شێوازی داڕشتنی دەقەکان دەگرێت، پێیوایە زیاتر لە داڕشتنی هونەری دەچێت و درێژدادڕی پێوە دیارە ، چونکە دەستوور دەبێت پوخت و واتادار بێت.

ماددەی (١٨) بە ڕای نووسەر زیادەیە کە باس لە پابەندبوون و جێبەجێکردن دەکات، چونکە دەستوور و دەقەکانی بۆ ئەوەن لەلایەن دەسەڵاتەکانی ترەوە جێبەجێ بکرێت، یەکێک لە بنەماکانی دەستوور (علویە)، واتە بەرزی دەستوورە، ناکرێت پاش ئەوەی ماددەکانی دەستوور دادەڕێژین دیسان بە ماددەیەکی تر پابەندی بۆ سەر دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری دروستبکاتەوە، ئەم ماددەیە زیادەیە، بوونی ماددەی لەم شێوەیە لە گرنگی دەستوور کەمدەکاتەوە.

ماددەی (١٩) باس لە کەرامەت و ژیان و ئازادی دەکات، بەڵام بە سێ بڕگە بەڕای نووسەر پێویست بەو هەموو بڕگەیە ناکات، بکرێت بە یەک بڕگە بەم شێوەیە (کەرامەتی ئادەمیزاد پارێزراوە، ڕێزگرتن و پاراستنی ئەرکی هەموو هاوولاتی و دەسەڵاتەکانی هەرێمە، هەرکەسێک مافی ژیان و ئازادی هەبێت، نابێت ئازار بدرێت، چی دەروونی یا جەستەیی، نابێت تاقیکردنەوەی پزیشکی و زانستی دیکەی لەسەر ئەنجام بدرێت بەبێ ڕەزامەندی خۆی) .

بڕگەی (٧) ئەم ماددەیە نا واقعییە کە دەڵێت (پشکنینی هەموو کەس و شتومەکەکانی بێ

هۆیەکی یاسایی قەدەغەیە)، چونکە ڕۆژانە ئێمە کە دەچینە دەزگا فەرمییەکان چەندین جار دەپشکنرێین، تەنانەت لە شوێنە تایبەتیەکانیش، وەک سینەماو مۆڵ و یاریگاکان هەیە، کەواتە بوونی ئەم برگەیە گرنگی نییە، جگە لە کەمکردنەوەی پیرۆزی دەستوور.

برگەی (٨) زۆر زیادەیە کە باس لە مافی هاوسەرگیری دەکات کە مرۆڤایەتی لە دوای دروستبوونی ئادەمەوە ئەو مافەی بۆ فەراهەم هاتووە، ئێستا نییە هاتووین دەقنووسی دەکەین .

باس لە هاوسەرگیری بەزۆر دەکات کە هیچ پێویست ناکات، دەبێت ئەوە بە یاسا ڕێکبخرێت.

برگەی (٩) هەر زیادە کە باس لە ئازادی ئایین و پەیرەوی رەسمی ئایینەکان دەکات، کە ماددەی (٦) بە تەواوەتی باسی کردووە پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات.

برگەی (١٣ و ١٤) زیادەیە لە دەقی دەستووری ناچێت، چونکە لە کارنامەی حکومەت دەچێت.

نووسەر جەخت دەکاتەوە لەوەی کە نابێت دەقی دەستووری ڕاڤەی جیاواز و مانای لاستیکی هەڵبگرێت، نموونە بە برگەی (١٧) ماددەی (١٩) کە باس لە پێکهێنانی پارتی سیاسیی و کۆمەڵە و سەندیکا دەکات، کە دەستوور زامنی دەکات، هەروەها باس لە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەکات کە مافێکی دەستوورین.

سەبارەت بە برگەی (١٨) کە باس لە وردەکاری چۆنێتی پێکهێنانی پارتی سیاسیی و حیزبەکان دەکات، بەڕای نووسەر زیادەیە، چونکە ئەو وردەکاریە پێویستە لە یاسای حیزبەکان بنووسرێت، نەوەک لە دەستوور، چونکە وەزیفەی دەستوور دیاریکردنی هێڵە گشتییەکانە و زامنکردنی ماف و ئازادیەکانە.

برگەی (١٩) دەڵێت (دەرکردن بە کۆمەڵ قەدەغەیە) ئەم دەقە زۆر ناڕوونە قابیلی ڕاڤەی جیاوازە، چونکە ئەگەر بە پێچەوانەوە وەریبگرین کەواتە دەرکردنی تاک ڕێگەپێدراوە، چونکە لێرە دەڵێت بە کۆمەڵ قەدەغەیە.

برگەی (٢٠) باس لە مافی خاوەنداریێتی دەکات (هەموو کەس بەپێی یاسا مافی خاوەنداریێتی هەیە)، کە دەڵێت هەموو کەس واتە (هاووڵاتی و بیانی) ، مافی خاوەنداریێتی دوو جۆرەیە: ئەگەر مەبەست هەردووکیان بێت ئەوا زۆر ترسناکە، کە ڕێگە بە کەسانی بیانی بدرێت ببنە خاوەنی موڵکی نەگوێزراوە، ئەمە پێچەوانەی برگەی (٣) ماددەی

(٢٣) فیدراڵە کە ڕێگەی بە بیانی نەداوە ببێتە خاوەنی موڵکی نەگوێزراوە، ئەمە خاڵێکە کە پێویستە چاک بکرێت لە کۆتایی برگەکەدا ئاماژە بە (میرات و وەسیەت) دەکات کە پێویست بەوە ناکات لە دەستووردا ئاماژەی پێبدرێت، بەڵکو دەبێت لە یاسادا ئاماژەی پێبکرێت.

ماددەی (٢٠) باس لە یەکسانی دەکات، برگەی یەکەمی دەقێکی باشە کە جەختدەکات لە یەکسانی هەموو کەس لە بەرامبەر یاسادا، بەڵام برگەی دووەم قەدەغەکردنی جیاکاری ڕیزبەند کردووە لەسەر چەند بنەمایەک کە قەدەغەیە، لەوانە (نەژاد و ڕەنگ و ڕەگەز و زمان) نووسەر پێی باشە وشەی (مەزهەبی) زیاد بکرێت و ببێت بە یەکێک لە قەدەغەکراوەکان.

برگەی (٣) هەمان ماددە باس لە (یەکسانی ژن و پیاو) دەکات، ئەم برگەیە بە ڕای نووسەر زیادەیە، چونکە لە برگەی پێشتر باس لە ڕەگەز دەکات بە مانی پیاو و ژن، چ پێویست دەکات دووبارە بکرێتەوە.

ماددەی (٢١) بڕگەی یەکەم تەمەنی (١٨) ساڵی دیاریکردووە بۆ هەر دەنگدان و ڕاپرسییەک، بەڵام باسی خۆپاڵاوتن یان (کاندیدی) نەکردووە، دەبو ئەم دەستوورە تەمەنی (پێگەیشتن) واتە (سنی رشد) ی دیاری بکردایە، دەکرێت کەسێک (١٨) ساڵی تەواو کردبێت بەڵام پێگەیشتوو نەبێت. خاڵێکی مەترسیدار لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدایە کە دەڵێت (هەر هاوڵاتییەک (١٨) ساڵی تەواو کردبێت بۆی هەیە پۆستە گشتییەکان وەربگرێت)، ئەم بڕگەیە هەموو پۆستەکان دەگرێتەوە، ئایا ئەمە ڕەوایە کەسێک (١٨) ساڵ بێت و پۆستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان و دەستە سەربەخۆکان وەربگرێت؟ ئەم دەقە زیادەڕۆیی زۆری تێدایە، بۆیە لانیکەم دەبێت لە کۆتایی ئەم بڕگەیە ئەمە زیادبکرێت (تەنها ئەوانە نەبێت کە بە یاسا ئیستیسنا کراون).

ماددەی (٢٢) مافی دادگایکردنی دادپەروەرانەیە کە لە چەند بڕگەیەک پێکدێت، بە گشتیی ئەم ماددەیە ئاماژە بە ڕێکارەکانی دادگایکردن و گرتن و لێکۆڵینەوە دەکات کە پێویستە بە شێوەیەکی دەستووری دەقنووس بکرێت، نەوەک وردەکاری زۆری تێدا بێت وەک یاسای ئاسایی.

بەشی دووەم کە باس لە (مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان) دەکات لە دوو بڕگە پێکدێت لە دەقی دەستووری ناچێت، بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە بێت باشترە (حکومەتی هەرێم موچەیەکی شیاو بۆ خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و کیمیاباران دەستەبەردەکات ئەویش بە یاسا ڕێکدەخرێت).

## دەروازەی سێیەم
## (دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان)

ماددەی (٤١) بڕگەی (٣) جێگای سەرنجە کە دەڵێت (ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری گەلی کوردستانی عێراق بە هەموو پێکهاتکانییەوە، بێ لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی سیاسی و نەتەوەیی و ئاینیی یان ناوچەی هەڵبژاردنیانەوە)، ئەم بڕگەیە پێچەوانەی بڕگەی دووەمە، چونکە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری هەموو گەلی کوردستان بن، چ پێویست دەکات لە بڕگەی دووەم بڵێیت نوێنەرایەتی دادپەروەرانە بۆ پێکهاتەکان دیاری بکەین.

ماددەی (٤٧) لەلایەن نووسەرەوە ڕەخنەی توندی لێدەگیرێت کە باس لەوە دەکات (سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یان سەرۆکی پەرلەمان، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یان ٢٥ ئەندامانی پەرلەمان) دەتوانن داوای درێژکردنەوەی ویلایەتی پەرلەمانی کوردستان بکەن، ئەم ماددەیە دژایەتی هەیە لەگەڵ ماددەی (٣٩) کە باس لە جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان دەکات، لەسەر چ بنەمایەک سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆیان هەبێت داوای درێژکردنەوەی ویلایەتی پەرلەمان بکەن.

باشتروایە بەمشێوەیە بێت (لەسەر داوای سەرۆکایەتی پەرلەمان، یان زۆرینەی سەرۆک فراکسیۆنەکان، یان ٢٥ ئەندامی پەرلەمان).

ماددەی (٥٣) دەڵێت (پەرلەمان بێجگە لەو ئەرکانەی بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم پێی دەسپێرێت ئەم سێ ئەرکەشی لەسەر شانە)، ئەمە دەقێکی زۆر نا دەستوورییە،

چونکە دەبێت ئەرک بە پێی دەستوور بە پەرلەمان بسپێردرێت، پەرلەمان خۆی یاسا دەردەکات بەڵکو ئەرک بە دەقی دەستووری بە پەرلەمان دەسپێردرێت، نەک بە یاسای عادی، ئەم ماددەیە باسی ئەرکەکانی پەرلەمان دەکات، کەچی ماددەکانی (٤٠ و ٤٧) باسی دەسەڵات و ئەرکەکانی پەرلەمان دەکات، بۆیە واباشترە ئەم چوار ماددەیەی سەرەوە لەگەڵ ماددەکانی (٥٣ و ٥٦ و ٥٧ و ٥٨) بکرێتە یەک بەش، بە ناوی (دەسەڵاتەکانی پەرلەمان).

ماددەی (٥٨) ئەم ماددەیە یەکێکە لە هەرە ماددە ترسناکەکانی دەستوور کە بتوانێت پێشێلی دیموکراسی و ڕای هاوولاتی بکەیت، چونکە ئەم ماددەیە ڕێگەدەدات بە درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان بۆ کاتێکی نادیار، ئەگەر (هەلومەرج لەبار نەبێت دژوار بێت)، دەستەواژەیەکی لاستکییە، لەهەر بارودۆخێک دەتوانرێت بە هەلومەرجی دژوار دابنرێت، هەر لایەنێک یان گروپێک ئەگەر لە بەرژەوەندی نەبوو هەڵبژاردن بکرێت، دەڵێت هەلومەرج دژوارە، ئێمەی کورد ئەزموونێکی مەترسیدارمان هەیە لەگەڵ درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان و دەزگای هەڵبژاردنەکاندا، تا ئێستا هیچ هەڵبژاردنێک لە کاتی خۆیدا نەکراوە، هەڵبژاردنی یەکەم خول زیاد لە (١٣) ساڵ بەسەریدا تێپەڕی ئەوجا خولی دووەم کرا، هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ٢٠٠١ ئەنجامدرا تا ئێستا دووبارەنەکراوەتەوە.

## بەشی دووەم
## (دەسەڵاتی جێبەجێکردن)

نووسەر لەم بەشەدا بەم جۆرە ڕەخنە دەگرێت و پێشنیاری چارەسەریش دەکات :

لە ماددەی (٥٩) باس لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات پێکدێت لە (سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران)

لە سەرتادا کۆمەڵێک پرسیار دەووروژێنێت ؟

ئایا لە هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی هەرێم پێویستە؟ ئەگەر هەموو دەسەڵاتەکان بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران کاریگەرە سلبییەکانی چین؟ ئایا کە باس لە سەرۆکایەتی هەرێم دەکەین مەبەستمان سیستمی سیاسی سەرۆکایەتییە؟ ئەگەر سیستم سەرۆکایەتییە هاو دژی لەگەڵ سیستمی سیاسی ناوەند دروست ناکات؟ چەندین پرسیاری تر دەوروژێنێت؟ لە ڕووی یاساییەوە کام سیستم بۆ ئێستای هەرێم گونجاوە؟ ئەوەی لە سیستمی ناوەند هەیە پەرلەمانییە و ئەوەی لە واقعی هەرێمی کوردستانە سەرۆکایەتییە هاودژیەک دروست دەکات.

لەگەڵ دەستووری عێراق بەپێی ماددەی (١٣) بڕگەی دووەم هەر دەقێک لە دەستووری

هەرێمەکان هاودژ بێت لەگەڵ دەستووری فیدراڵی بە (باگل) دادەنرێت.

لەبەر بوونی ئەم ڕاستیانە، واباشترە سەرۆکایەتی هەرێم لە نێو پەرلەمان هەڵبژێردرێت و سیستم پەرلەمانی بێت، بە پێی ستاندارده جیهانییەکان.

دواتر نووسەر ڕەخنە لە ماددەی (٦٠) دەگرێت کە باس لەوە دەکات (جێگری سەرۆکی هەرێم دەبێت لە پەرلەمان بە زۆرینەی ڕەها هەڵبژێردرێت)، سەرۆک لەناو خەڵک هەڵدەبژێرین، بەڵام ناتوانێت خۆی جێگر دابنێت، دەبێت لە پەرلەمان شەرعیەت بە جیگر بدرێت،

## بەشی سێیەم
## (دەسەڵاتی دادوەری)

لە بڕگەی یەکەم بنەما گشتییەکان، سەرەتا ڕەخنە لە ماددەی (٨١) دەگرێت کە دەقەکەی دەڵێت (ئەنجومەنی دادوەری تا ئەو کاتەی لە پۆستەکانیاندا ماون نابێت پاداشتەکانیان کەمبکرێتەوە)، ئەم دەقە دەستووریە ڕێگرە لە کەمکردنەوەی پاداشتی دادوەران لە هەر کات و بارودۆخێکدا بێت، کە لەوانەیە بارودۆخێک دروستبێت توشی قەیرانی ئابووری ببین، پێویستمان بە کەمکردنەوەی پاداشتی سەرجەم چین و توێژەکان بێت، بۆیە باشترە ئەم دەقە لاببرێت.

ماددەی (٩٢) تایبەتە بە پاڵاوتنی ئەندامانی دادگای دەستووری کە سەرۆکی هەرێم بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە ئەندامانی ئەو دادگایە بپاڵێون، بۆ ئەوەی سەربەخۆی دەسەلاتی دادوەری بچەسپێت و یاسا سەروەر بێت. بۆ ئەوەی تەداخول لە نێوان دەسەڵاتەکاندا نەبێت پێویستە پاڵاوتنی ئەندامانی ئەو دادگایە تەنها لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی دادوەری بێت.

ماددەی (١٠٠) پرۆژەکە باس لە (ئەنجومەنی شورا) دەکات

بەڕای نووسەر ئەم ئەنجومەنە زیادەیە، لەکاتێکدا پەرلەمان هەیە یاسا دەردەکات، ئەنجومەنی دادوەری هەیە بۆ دەسەڵاتی دادوەری و یەکە کارگێڕییەکان ئەنجومەنی خۆجێییان هەیە، ئایا کاری ئەنجومەنی شورا چییە؟ دەبێتە هۆی دروستبوونی (ازدواجیەت) لە دەسەڵات.

لە کۆتاییدا نووسەر ئاماژە بە گرنگی بوونی دەستوور دەکات، بانگەواز ئاڕاستەی سەرۆک هەرێم و لایەنە سیاسییەکان و سەرکردەکانیان دەکات کە پێویستە پرسی دەستوور لە ئەولەویەت بێت و کوردستان بێتە خاوەن دەستوور.

خاڵ

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری هزرییە.

# ئەم ژمارەیە


- دادوەرە شەهیدەکە ئیبنوگەچی دەینەوەری ........................ یاسین تەها
- کوردستان بە ئاشتی یان بە شەڕ کەوتۆتە دەست سوپای
- فاتیحە مسوڵمانەکان؟ ........................................ کامەران بابانزادە

دەستکەوتە زانستییەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی ... د. موحسین عەبدولحەمید

- شێخ محەممەدی خاڵ ڕیفۆرمخوازێکی سەردەمەکەی خۆی .. د. ئاراس محەمەد
- هونەر نابێت فەرامۆش بکرێت ................................ قانیع خورشید
- لە دووبارە خۆپێناسەکردنەوەی کورد بە هۆی ئیسلامەوە ......... ئەبووبەکر عەلی
- ئیسماعیلی کورد و جەنگی کورد و تورکە ئۆزبەگی ............... حەسەن مەحموود
- ڕۆشنبیر لە رووبەری گشتیدا ................................. پەیوەند عومەر
- ژن لە تەفسیری مەلای گەورەدا ................................ حەیدەر عەبدوڵڵا
- چاکسازیی پێویستییەکی بەردەوام بۆ تاک و کۆمەڵ ......... ئەحمەد وەرتێ






# دادوەرە شەهیدەکە: ئیبنوگەچی دەینەوەری



**یاسین تەها**

لەدایکبووی ١٩٨٠، ماستەر لە ئاین و ئاینزاکانی کوردستان لە چاخەکانی ناوەڕاست. چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بۆ میدیاکان دەنووسێت

**یاقوتی حەمەوی کە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا ژیاوە، لە ئینسکلۆپیدیا بەناوبانگەکەی خۆیدا (معجم البلدان) ئاماژە بەوە دەکات لەناو گەلانی ئیسلامیدا، ڕۆڵەکانی هیچ نەتەوەیەک هێندەی کوردەکانی شارەزوور (هەولێر تا هەمەدان) پۆستی قەزاییان وەرنەگرتووە و لە سلکی دادوەریدا کاریان نەکردوە(١). بەڵام زۆر کەم لەم کۆمەڵە دادوەرە کوردە زۆرەی کە گەڕیدە و جوگرافیناس یاقوتی حەمەوی ئاماژەی پێکردووە هێندەی قازی ئیبنوگەچی دەینەوەری پێگە و کاریگەرییان لەسەر چواردەوری خۆیان هەبووە. کەمیان وەکو ئیبنوگەچ ناوبانگیان ڕۆشتوە، چ لە بواری کاری دادوەری، چ لە بواری ئیجتیهاد و شەرعزانی و پێشکەشکردنی ڕاوێژ بەناودارترین میری کوردی لە هەرێمی چیاو شارەزوور؛ بەدی کوڕی حەسنەوی (٤٠٥ک/ ١٠١٤ز کوژراوە).**

**ئەم چەند زانیارییەی لێرەدا دەخرێتەڕوو، هەوڵێکە بۆ ناسینی لایەنەکانی ژیانی ئەم یاساناس و شەرعزانە گومناوەی کورد، کە هەندێ میدیای عەرەبی گرنگییان بە ساڵیادی تیرۆرکردنی داوە وەکو یەکێک لە پایەکانی دادوەریی لە سەدە ناوەڕاستەکانی ئیسلام(٢) بەڵام تا ئێستا بە زمانی کوردیی هیچ توێژینەوەیەک لەبارەی ژیان و کارنامەیەوە بەردەست نییە.**

## ئیبنوگەچ کێیە؟

ناوی یوسفی کوڕی ئەحمەدە، بەڵام لە هەموو سەرچاوەکانی شەرعزانی و مێژوودا بە ئیبنو گەچی دەینەوەری ناوبانگی دەرکردووە، کە گرنگترین شاری کوردیی هەرێمی چیایە. نازناوی گەچ کە هی ئەم دادوەرە بەناوبانگەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە باپیری وەستایەکی کارامە و لێهاتووی گەچکاریی بووە، لەبەر ئەوەشی هەمیشە داوای گەچی لەبەردەست و شاگردەکانی کردوە و فریای نەکەوتوون ناویان ناوە گەچ، ئەمەش بەڵگەیەکی روون و حاشاهەڵنەگری کوردبوونی ئەم دادوەر و شەرعزانەیە کە بەشی زۆری ژیانی منالّی و گەنجی لە بەغدا بەسەربردووە.

ئیبنوگەچ کە لە نیوەی دووەمی سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی ژیاوە، بە پێچەوانەی باوک و باپیرییەوە کە ناویان لە کۆڕی خوێندن و لە ریزی زانایاندا نییە، لە شاری بەغدای پایەختی خەلافەت لەبەردەستی سەرۆکی شافیعی مەزهەبەکانی بەغدا ئەبو ئیسحاقی مروزی و جێگرەوەکەی عەبدولعەزیزی دارەکی خوێندنی تەواو کردوە و پێگەشتووە، یەکێکە لە بەرهەمەکانی کۆڕەکانی خوێندنی فیقهی شافیعی لە سەدەی چوارەمی کۆچی کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە عێراق و رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا باوو بڵاوبووە و[٣] لە زۆرێک لە سەرچاوە مێژوییەکاندا بە سەدەی فتوحاتی شافیعی بەناوبانگە[٤].

## پایەی زانستی ئیبنوگەچ

هەرچەندە ئیبنو گەچ زیاتر وەکو دادوەرێکی بوێر و لێهاتوو ناسراوە، بەڵام ڕۆڵی ئەو تەنها لە بواری دادوەریدا قەتیس نابێت، بەڵکو لە بواری شەرعزانی و فەتوا و ئیجتیهادیشدا تاقانەی سەردەمی خۆی بووە، یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی ئاینزای شافیعی، نەک هەر لەسەر ئاستی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، بەڵکو لەسەر ئاستی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی[٥]. ناوبراو، یەکێکە لە نووسەر و خاوەن دانراوەکانی ئەم ئاینزایە، لە هەمان کاتدا یەکێکیشە لە موجتەهید و شەرعزانە گەورەکانی[٦] بەجۆرێک کە لە شار و دەڤەرەکەی خۆیدا کە دەینەوەر و هەرێمی چیایە، پایەی سەرۆکایەتیکردنی پەیڕەوکەرانی ئاینزای شافیعی وەرگرتووە[٧]، نەک هەر ئەوە بەڵکە بوەتە پێشەوای پەیڕەوکەرانی شافیعی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی[٨] کە پانتاییەکی زۆر فراوانتر لە دەینەوەر و هەرێمی چیا دەگرێتەوە.

ڕەنگە هەر کاری دادوەریی و قاڵبوونی لە پیشەکەیدا یارمەتیدەری ئیبنوگەچ بووبێت لە بەدەستهێنانی ئەم پایە شەرعزانییە بەرزە، چونکە دادوەرەکان کە بەردەوام بەریەککەوتنیان لەگەڵ کێشەی خەڵک و واقیعی ژیان هەبووە، هەمیشە زۆر باشتر لەو شەرعزانانە ئیجتیهادیان کردوە کە زیاتر پشتیان بە گریمانە و تیۆریزەکردن دەبەست و ڕۆڵی قەزاوەتکردن لە دەوڵەمەندکردنی کولتووری فیقهی و پەرەپێدانی ئاینزا فیقهییەکاندا شتێکی روون و حاشا هەڵنەگرە.

هەندێک لە پەیڕەوانی ئاینزای شافیعی هەمیشە نمونە بە ئیبنوگەچ دەهێننەوە لە پارێزگاریکردن و پەرەپێدانی ئاینزایەکەیان کە قوتابخانەیەکی نێوانگر و کۆکەرەوەیە لە نێوان قوتابخانەکانی فەرموودە (ئیمام مالیک و ئیمام ئەحمەد) و قوتابخانەی ڕاوبۆچوون (ئیمام ئەبو حەنیفە)، تەنانەت لە زۆرێک لە سەرچاوە ڕەسەنە مێژوییەکاندا باس لەوەکراوە کە پێگەی زانستی ئیبنوگەچی دەینەوەری لە هی پێشەوای شافیعییەکانی بەغدای هاوکاتی خۆی ئەبوحامیدی ئەسفەراییینی (٤١٧ک/١٠٢٦ز مردووە) پتر و باڵاتربووە، لەکاتێکدا کە لە کۆڕ و وانەکانی ئەبوحامیددا دەوروبەری ٣٠٠ شەرعزان بەشدار دەبوون[٩].

لەناو سەرچاوەکاندا بەسەرهاتێک زۆر بڵاوە کە پێگەی ئیبنوگەچ دەسەلمێنێت، دەگێڕنەوە کە جارێکیان یەکێک لە خوێندکارەکانی ئەبوحامیدی ئەسفەرانیی سەرۆکی شافیعییەکانی بەغدا ڕێگەی دەکەوێتە دەینەوەر و بەشداریی وانەی ئیبنوگەچ دەکات و دواتر پێی دەڵێت: مامۆستا ناوبانگ لای ئەبو حامیدە و زانست لای بەڕێزتان؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: ئەو بەغدا بەرز و بڵندی کردووە و منیش دەینەوەر سەرکزی کردووم[١٠]، وەکو ئاماژەیەک بۆ دوورەدەستی شاری دەینەوەر و نزمی پێگەی ئەم شارە لەچاو بەغدا، کە کاروانسەرا و قیبلەنومای

هۆکاری تیرۆرکردنی ئیبنوگەچ سڵنەکردنەوەی بووە لە مەترسییەکان و جەربەزەیی بووە لە حوکمدان

# ئیبنوگەچ لە بواری شەرعزانی و فەتوا و ئیجتیهادا تاقانەی سەردەمی خۆی بووە، یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی ئاینزای شافیعی

فێرخوازان و زانستخوازانی سەرانسەری جیهانی ئیسلامی و جێگەی کۆبوونەوەی گەورە پێشەواکانی شەرعزانی و فەرموودە بووە.

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانیش خوێندکار و زانستخوازان لە هەموو جێگایەکی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییەوە کۆچیان دەکرد بۆ لای ئیبنوگەچ، تا زانست و ئەزموونی لێوەرگرن [١١]، تەنانەت شەرعزانی بەناوبانگی عێراق و خوراسان دادوەر ئیبنو ئەبی عەمری عێراقی توسی یەکێک بووە لە خوێندکار و گوێگرەکانی ئەم زانا کوردە [١٢] .

بە قسەی مێژوونوسان ئیبنوگەچ دانراو و بەرهەمی زۆری هەبووە لە بواری فەتوا و شەرعزانیدا[١٣] بەڵام بەداخەوە وادیارە بەشی زۆریان فەوتاون و نەماون، لەوانەش بەرهەمێکی زۆر ناوی هەیە بەناوی "التجرید" کە موحەڕیری ئاینزای شافیعی پێشەوا رافیعی هەڵوێستەی لەسەر کردوەو کەڵکی لە شیکار و فەتواکانی وەرگرتووە و لە میانەی داڕشتنەوەی فیقهی شافیعیدا ئاماژەی پێکردووە، جگە لەویش زۆری تر لە زانایان کەڵکیان لە شیکارەکانی بۆ فەرموودە و لە فەتوا شەرعییەکانی وەرگرتوە و هەندێ فەرمودەشی ریوایەت کردووە[١٤].

## ڕۆڵی ئیبنوگەچ لە کایەی دادوەریدا

هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ڕەنگە ئیبنوگەچ کۆنترین و بەناوبانگترین شەرعزانی شافیعی بێت لەناو کورد بەشێوەیەکی گشتی، لە کاری ئیداری و دادوەریشدا هیچی لە پێشەنگییە شەرعییەکەی کەمتر نییە و کاری دادوەریی لە شاری دەینەوەر و هەرێمی چیا لەئەستۆ گرتووە لە سەردەمی حوکمڕانی میر بەدری کوڕی حەسنەویدا[١٥]، کە بەناوبانگترین و دەسەڵاتدارترین میری ئەم میرنشینە کوردیەی هەرێمی چیا و شارەزوورە.

دەینەوەر کە پایتەختی حەسنەوییەکان و شوێنی کارکردنی ئیبنوگەچی دەینەوەرییە، چیرۆک و بەسەرهاتی سەیری هەیە لە مێژووی کورددا و هەمیشە بە شاری عارف و زانا و سۆفی و ئەدیبان ناسراوە[١٦]، بەر لە هاتنی ئیسلامیش پەیوەستەگی زۆری لەگەڵ ئاییندا هەبوە (زەردەشتی) و تەنانەت باوەڕ وەهایە بنەڕەتی ناوەکەی "دەینەوەر" لە دیناوەران و خۆشەویستانی ئاینەوە سەرچاوەی گرتبێت [٧١]، یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شارە بوونی فرەکەلتووریی و فرە ئاینزاییە[٨١]، بەڵام لە کۆتاییەکانی ژیانی ئیبنوگەچ و میرە بەناوبانگەکەیدا بەدری کوڕی حەسنەوی (٣٩٨ک/١٠٠٨ز)، دووچاری بوومەلەرزەیەکی گەورە بووەتەوە کە دەورەبەری ٦ هەزار کەسی تێدا بووەتە قوربانی، بەم هۆیەشەوە زیانی زۆری پێگەشتووە و کاریگەری و پێشەنگییەکەی جارانی لەدەستداوە[٩١]. لەگەڵ هاتنی شاڵاوەکانی مەغۆلیشدا (٦٥٦ک/١٢٥٨ز) بەتەواوی ئەم شارە لە سەردەستی مەغۆلەکان خاپوور کراوە[٢٠]، لە ئێستاشدا جگە لە کۆمەڵێک شوێنەوار (ناحیەی سەحنە) هیچی تری وەها لەم شارە بەجێنەماوە.

میر بەدر کە کاروباری دادوەریی پایتەختی میرنشینەکەی سپاردبوو بە ئیبنوگەچ، یەکێکە لە حەوت کوڕەکەی میری گەورە حەسنەوەی بەرزیکانی و لە ساڵی (٣٦٩ک/٩٧٩ز) حوکمڕانی میرنشینی حەسنەویهی وەرگرتووە و بووەتە سەرۆکی عەشیرەتی بەرزیکان، لەهەمان کاتیشدا بەهێزترین میری کورد لە سەردەمی خۆیدا و سنوری قەڵەمڕەوییەکەی هەمەدان و دەینەوەر و نەهاوەند و شابورخواست و شارەزوورو چەند ناوچەیەکی تری دەگرتەوە، لە دیوانی خەلافەتی بەغداشەوە نازناوی «ناصر الدين والدولة» ی پێبەخشرابوو، لەبەر ئازایەتی و پرۆژە خێرخوازییەکانی نفوزی تا سنوری مەککەی پیرۆز رۆشتووە[٢١]، یەکێک بووە لە پشتیوانەکانی ئیبنوگەچ و رۆڵی گەورەی لە میرنشینەکەی خۆیدا پێداوە.

## تیرۆرکردنی ئیبنوگەچ

ئیبنو گەچ لای زانایانی ئاینزای شافیعی بە «دادوەرە شەهیدەکە» ناسراوە[٢٢]، چونکە لە ساڵی (٤٠٥ک/ ١١٤١ز) لەسەردەستی کۆمەڵێک جەردە و رێگر هەر لە شارەکەی خۆی دەینەوەر تیرۆرکراوە[٢٣]، بەوتەی سەرچاوەکانیش هۆکاری تیرۆرکردنی ئیبنوگەچ سڵنەکردنەوەی بووە لە مەترسییەکان و جەربەزەیی بووە لە حوکمدان، ئەوانەشی تیرۆریان کردوە ترسیان لەم جەسورییەی هەبووە[٢٤]، ئەوەشی جێگای سەیرە هەریەک لە ئیبنوگەچ و میر بەدر لەیەک ساڵدا و هەردووکیان بە کوشتن ماڵئاواییان لە ژیان کردووە، بەڵام ئیبنوگەچ لە زێدی خۆی بەخاک سپێردراوە، کەچی تەرمی میر بەدر رەوانەی مەشهەدی ئیمام عەلی کراوە لە نەجەف کە ئەمەشیان جێگەی مشتومڕ و لێکدانەوەی زۆرە و لێرەدا دەرفەتی باسکردنی نییە.

## پەراوێزەکان

..........................................

١ . الحموي: معحم البلدان، معجم البلدان، دار صادر، بيروت _ ١٩٩٧م، ج٣، ص ٣٧٦.

٢ . بڕوانە ژمارەی رۆژی ١٧ سێبتەمەبەری ٢٠٠٩ رۆژنامەی قەبەسی کوێتی (www.alqabas.com).

٣ . بۆ زیاتر لەسەر ژیان و پێگەشتنی ئیبنو گەچ سەیری ئەم سەرچاوانە بکە: ابن النديم: الفهرست، تحقيق محمد احمد احمد، المكتبة التوفيقية، القاهرة، د.ت، ٣١٧؛ الشيرازي: طبقات الفقهاء، تحقيق احسان عباس، دار الرائد العربي، بيروت، ١٩٧٠م، ص ١١٨؛ ابن الأثير: اللباب في تهذيب الأنساب، تحقيق إحسان عباس، دار صادر، بيروت، د.ت، ج ٣، ص ٨٥؛ الكامل في التاريخ، تحقيق أبي الفداء عبدالله القاضي، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٧م،ج٨، ص ص ٨٤_٨٥؛ ابن الصلاح: طبقات فقهاء الشافعية، تحقيق محيي الدين علي نجيب، دار البشائر الإسلامية، بيروت، ١٩٩٢م، ج٢، ص ٦٩٠؛ الأسنوي: طبقات الشافعية، ج٢، ص ١٧٦؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، تحقيق حسان

عبد المنان، بيت الأفكار الدولية، الأردن _السعودية. ٢٠٠٤م ج٣، ص ٤٢٥٨؛ ابن شهبة: طبقات الشافعية، دائرة المعارف العثمانية بحيدر آباد الدكن، الهند، ١٩٧٨م، ج١، ص ١٩٧؛ ابن العماد: شذرات الذهب في انباء من ذهب، تحقيق عبدالقادر الأرناؤوط ومحمود الأرناؤوط، دار ابن كثير، بيروت، ١٩٨٦م، ج٥، ص ٣٦؛ محمد أمين زكي: مشاهير الكرد وكردستان، دار الزمان للنشر والطباعة والتوزيع، دمشق، ٢٠١١م، ج٢، ص ٤٦٧.

٤ . آدم متز: الحضارة الإسلامية في القرن الرابع الهجري، ترجمة محمد عبدالهادي أبو ريده، بيروت، ط٥، د.ت، ج١، ص ٣٩١.

٥. الشيرازي الشافعي: طبقات الفقهاء، ص ١١٩؛ السبكي: طبقات الشافعية الكبرى، تحقيق محمود محمد الطناحي وعبدالفتاح محمد الحلو، دار إحياء الكتب العربية، القاهرة، د.ت، ج٥، ص ٣٥٩.

٦. ابن شهبة: طبقات الشافعية، تحقيق الحافظ عبدالعليم خان، دائرة المعارف العثمانية بحيدر آباد الدكن، الهند، ١٩٧٨م، ج١، ص ١٩٦_ ١٩٧؛ ابن كثير: طبقات الشافعية، تحقيق: عبدالحفيظ منصور، دار المدار الإسلامي، بيروت ـ لبنان، ٢٠٠٤م، ج١، ص ٣٤٨.

٧. ابن خلكان: وفيات الأعيان، تحقيق احسان عباس، دار صادر،١٩٦٨م، ج٧، ص ٦٥؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج ٣، ص٨٥؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج٣، ص٤٨١؛ السبكي: طبقات الشافعية الكبرى، ج٥، ص ٣٥٩؛ الحسيني: طبقات الشافعية، تحقيق عادل نويهض، دار الآفاق الجديدة، بيروت، ط٢، ١٩٨٣م، ص ١٢٦.

٨ . ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٨٤ .

٩. الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج ٣، ص ٤٢٥٨؛ ابن شهبة: طبقات الشافعية، ج١، ص ١٦١.

١٠. السبكي: طبقات الشافعية الكبرى، ج٥، ص ٣٥٩؛ ابن كثير: طبقات الشافعية، ج١، ص ٣٤٨.

١١. الشيرازي: طبقات الفقهاء، ص ١١٩؛ السبكي: طبقات الشافعية الكبرى، ج٥، ص ٣٥٩.

١٢. ابن الصلاح: طبقات فقهاء الشافعية،، تحقيق محيي الدين علي نجيب، دار البشائر الإسلامية، بيروت، ١٩٩٢م، ج١، ص ١٠١.

١٣. ابن كثير: طبقات الشافعية، ج١، ص ٣٤٨؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٤٢٥٨.

١٤. ابن الصلاح: طبقات فقهاء الشافعية، ج٢، ص ٦٩٠.

١٥. ابن الجوزي: المنتظم في تاريخ الأمم والملوك، تحقيق محمد و مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢م، ج١٥، ص ١١٠؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ١٣٥٦.

١٦ . الحموي: معجم البلدان، ج٢، ص ٥٤٥؛ حيدر لشكري: له شەريعەتەوە بۆ حەقيقەت، لا ٩٠ _٩١.

١٧.محەمەد جەميل رۆژبەيانی: مێژووی حەسنەويهی و عەياری، لا ١٣.

١٨. المقدسي: أحسن التقاسيم، دار صادر، بيروت، ص ٣٩٥؛ ابن الأثير: اللباب في تهذيب الأنساب، ج٢، ص ١٢١.

١٩ .سبط ابن الجوزي: مرآة الزمان، تحقيق جنان جليل محمد الهموندي، دار الوطنية، بغداد، ١٩٩٠م، ص ٢٧٤؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص ٥٠.

٢٠ .محەمەد جەميل رۆژبەيانی: مێژووی حەسنەويهی و عەياری، لا ١٥.

٢١ . انظر: مسكويه: تجارب الأمم،، تحقيق سيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٣مج٥، ص ٤٥٣؛ سبط ابن الجوزي: مرآة الزمان، ص ٢٩٦؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٢، ص ٥٧؛ النقشبندي: الكرد في لرستان وشهرزور، ص ٢٩٦.

٢٢ . الشيرازي: طبقات الفقهاء، ص ١١٨.

٢٣ . الذهبي: سيرة أعلام النبلاء، ج٣، ص ٤٢٥٨؛ ابن العماد: شذرات الذهب، ج٥، ص ٣٦. الأسنوي: طبقات الشافعية، ج٢، ص١٧٦؛ أبن شهبة: طبقات الشافعية، ج١، ص ١٩٧.

٢٤ . ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ص ١٣٠٦.



# کوردستان به ئاشتی یان به شەڕ

## کەوتۆتە دەست سوپای فاتیحە مسوڵمانەکان؟



**کامەران بابان زادە**

لەدایکبووی ١٩٦٩ کۆیە، ماستەر لە مێژووی هاوچەرخ، ماستەر لە مێژووی ئیسلام
شەش بەرهەمی چاپکراوی نووسین و وەرگێڕنی هەیە.
دەیان وتارو لێکۆڵینەوەی بڵاوکردوەتەوە.

**بایەخی ئەو بابەتە لای من دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، وا بزانم توێژنەوەکەی کاک «نەریمان عەبدوڵڵا» کە ئێستا هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە و مامۆستایە لە زانکۆی هەڵەبجە، سەرەتایەکی بایەخی ئەکادیمیانەی من بوو بەم بابەتە. دوایی چەند خوێندکارێکی ترم هاندا لەسەر ئەو بابەتە بنوسن، دەستم گەیشت بە ژمارەیەک سەرچاوەی بنەڕەتی وەکو (فتوح البلدان)ی (البلاذري) و (الكامل في التاريخ)ی (ابن الاثير) و (البداية و النهاية)ی (ابن كثير) و (تاريخ الطبري) و کتێبەکەی (ابن خلدون) و چەندانی تر، لەسەرچاوە تازەکانیش کتیبەکانی (خولاصەی ئەمین زەکی بەگ) و کتیبەکانی حوسین حوزنی و ئەوانی تر.**

**سەرچاوەی ئەم خولیایە، دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ١٩٨٨او وەرزە شوومەکەی مەرگەساتی ئەنفالی کوردستان، ئەو پرسیارانەی لە بەیەکەوە بەستنەوەی (ئەنفالی کورد) لەگەڵ (فتوحاتی ئیسلامی کوردستان) دەهاتنە بەر باس.**

لە بەهاری ١٩٩٦ لە شەقڵاوە و لە ڤیستیڤاڵی تایبەت بە یادی ئەنفال کە وەزارەتی رۆشنبیری ئەو کاتەی سەر بە ئیدارەی سنووری زەرد ئامادەی کردبوو، بە سمیناریک بەشداریم کرد، هەر بە سادەیی «ئەنفال لە ئیسلامدا» ناونیشانی سیمیناره پڕ لە جەماوەرەکەی من بوو، لەوێدا بە راشکاوی‌و پشتئەستوور بە بەڵگە و دۆکۆمێنت و سەرچاوە قسەی خۆم کرد، جەدەلێکی زۆری لێکەوتەوە، بەس بە زمانی خۆم نەڵێم من زۆر بەسەر بابەتەکەمدا باڵادەست بووم، دوای دوو هەزارەکان ماستەرنامەکەی (شوان عوسمان) بەناوی (پرۆسەی بە ئیسلامکردنی کورد) و وڵامەکەی (فازیل قەرەداغی) و دوایی کتێبی (کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی) مامۆستا (حەسەن مەحمود حەمەکەریم) و کۆمەڵێک وتار و لێدوانی ئەوکاتە ئێمەی گەرموگورتر کردەوە، هەتا زیاتر بایەخ بەم بابەتە بدەم.

مێژوو بە فاکتەری ئایدلۆژی و سیاسی نانوسرێتەوە و ناخوێندرێتەوە، بۆیە لەوکاتە هەوڵمداوە، بابەتی و دوور لەو تەقسیمبەندیە و پشتئەستوور بە سەرچاوە و سروشتی ئەو جەدەلە رای خۆم هەبێت، کە لێرەدا پوختەی رای خۆم لە چەند خاڵێک دەخەمەوە روو، ئەوەی لێرەش پێش دەستپێکردن بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێ بکەم، ئەو دەرئەنجامەی پێیگەیشتووم دەکرێت لە کاتی خۆی وەکو توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و ئاماژە بە سەرچاوە و بەش و لاپەڕە بێت، بەڵام لێرەدا پوختەکەی بە خوێنەران رادەگەیەنم:

یەکەم: ئایا کوردستان بە زەبری شمشێر ئیسلامی گەیشتۆتێ و بەناچاری قبوڵی کردووە، یان بە ئاشتیو ئارەزوو پێشوازی لە فاتیحە مسوڵمانەکان کردووە؟ زۆر جار سیاسییەکان یان رۆشنبیران بە فاکتەری ئایدۆلۆژی لە جیاتی مێژوو وڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە، وڵامی ئەو پرسیارە زیاتر رەهەندی دەمارگیری سیاسیی و کەلتووری دروستکردووە، ئەوەی خۆی بە دیندار و ئیسلامیی بزانێت، دەبێت بڵێت بە ئاشتی ئیسلام گەیشتۆتە کوردستان، ئەوەی پاشخان عەلمانییە دەبێت بڵێت بە زەبری شمشێر ئیسلام گەیشتۆتە کوردستان، ئەم تەقسیبەندیە ئایدۆلۆژیە بۆ؟ چەند لە واقیعی قۆناغە مێژووییەکان جێگەی دەبێتەوە؟

فاتیحە مسوڵمانەکان لە مەدینەوە دەستیان پێکردووە، لە رۆژهەڵات هەتا دۆڵی «سیند = پاکستانی ئیستا»، لە رۆژاوا گەیشتوونەتە ئەو پەڕی رۆژاوای باکوری ئەفریقیا و نیوە دورگەی ئیبریا = ئەندەلوس. پاشان لەم سنوورە بەرفراوانە، بەشێکی جیهانی کۆنی لە کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەفریقیا و بەشێکی ئەوروپای گرتۆتەوە، ئەگەر نەڵێم سەدان، ئەوە دەیان نەتەوەی غەیری عەرەب وڵاتەکەیان رووبەڕووی هەمان شاڵاوی فاتیحە مسوڵمانەکان بۆتەوە لەساڵانی ١٦ کۆچییەوە بۆ کۆتایی ئەو سەدەیە.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا لە ئەدەبیاتی گەڕانەوە بۆ مێژوو و قسەکردن لەسەر پرسی نەتەوە و ناسیونالیزم هەمان جەدەل و دابەشبوون لە ناو ئەوانیشدا هەیە؟ یان بە تەنیا نوخبەی سیاسیی و رۆشنبیری کورد لەو دابەشبووون و جەدەلەدا دەژی؟ ئەم وڵامە لێدەگەڕێم، بۆ خوێنەران، ئەمڕۆ لە دونیای فراوانی میدیا و چاپەمەنی وا دەزانم زوو ئەو وەڵامەیان دەستدەکەوێت، کە کورد تاکە نەتەوەیە نوخبە سیاسییەکەی خۆی سەرقاڵی ئەو جەدەلە کردووە. بۆیە ئەمە سروشتی ناسیونالیستی کوردییە، کە چەند خەسڵەتێکی نێگەتیڤی تێدایە بە تایبەت ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ رابردوودا بکات، ئەمەش دەرهاویشتەی ئەو خەسڵەتانەیە، ئێرە جێگای درێژەدان بەو باسە نییە، تەنیا ئێمە لە روانگەی چەند پرسیار و روونکردنەوەیەکی ترەوە درێژە بە باسەکە دەدەین.

دەپرسین باشە ئەگەر ئیسلام بە ئاشتی هاتبێت ئەمە بۆ ئەمڕۆ چ مانایەک دەگەیەنێت؟ یان ئەگەر بە زەبری شمشێر بێت، چ مانایەکی پێچەوانە دەگەیەنێت؟ ئەگەر بەرگری و وەستانەوەی ئەوکاتە دژی بڵاوبوونەوەی ئیسلام بۆ ئێستای کورد و مسوڵمانبوونی عەیبە بێت، ئەی بۆ دانیشتوانی ئێستای شاری (مەکە)و هۆزی قورەیش رۆژانە ئارەقەی شەرمەزاریی هەڵناڕێژن؟ ئەی بۆ ئەو باسە لە ناو ئەواندا نییە. بۆیە ئەوە بابەتێکی مێژووییە و لە چوارچێوەی فیترەتی مرۆڤ و قەناعەتی قبوڵ و بەرگریدا هاتووە. بۆ ئێستا هیچ مانایەک نابەخشێت. لەگەڵا ئەوەدا من هەرگیز نەمویستووە بکەومە ناو ئەو جەدەلەی کەمترین کەس لە شارەزایانی مێژوو بەشداریان تێدا کردووە، بەڵام لێرەدا بە وردبوونەوە لە سەرچاوە مێژووییە بنەڕەتیەکان ئەو بابەتە روون دەکەمەوە.

دووەم: چەند بەسەرهاتێک هەیە لەسەر پەیوەندی کورد و ئیسلام لە سەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت)، وەکو ئەوەی (واقیدی) باسی کردووە لەسەر کەسایەتییەکی مەرگە، کە پێش هاتنی ئیسلام هەواڵی پێغەمبەر و ئاینی تازەی هەبووە. یان بەسەر هاتی (بغدوزی کوردی) کە گوایە بە ناوی نوێنەری پاشای تورکستان سەردانی مەدینەی کردووە، کە (خواجە سەعدەدین) لە کتێبی (تاج التواریخ) باسی کردووە و لە شەرەفنامەدا هاتووە، یان چوونی چەند بارزگانێکی دەڤەری

**ئەگەر ئیسلام بە ئاشتی هاتبێت ئەمە بۆ ئەمڕۆ چ مانایەک دەگەیەنێت؟ یان ئەگەر بە زەبری شمشێر بێت، چ مانایەکی پێچەوانە دەگەیەنێت؟**

بۆتان بۆ مەدینە لە سەردەمی پێغەمبەر (درورودی خوای لێ بێت). ئەو بەسەرهاتانە هەموویان لەسەر بەیەکگەشتنی ئیسلام و کورد بنەڕەتێکی مێژووییان نییە و ئەفسانەن.

ئەوەی دەمێنێتەوە (جابانی کوردی = گابانی کوردی = ئەبو بەصیر)ە، کە لە سەرچاوە بنەڕەتییەکاندا ناوی خۆی و (مەیمون)ی کوڕی هاتووە، هەریەک لە (الاصابة ج٢)و (تأريخ الطبري) و سەرچاوەی دیکە باسیان کردووە، کە پەیوەندی بە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) کردووە و وەکو سەحابە ژمارەیەک فەرمووده لەسەر زاری ئەوەوە دەربارەی نیکاح گێڕدراوەتەوە. لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست هۆزی بەناوبانگی (گاوان) هەبووە، کە بە عەرەبی بە (جاوان) هاتووە، لە دەرووبەری رووباری سیروان نیشتەجێ بوون، دەگونجێ (جابان) لەو هۆزە بووبێت، لە عەرەبیدا پیتی (گ) نیە و گاوان بۆتە (جابان).

لە سەردەمی خەلیفە ئەبوبەکر فتوحاتی ئیسلامی فراوان نەبوو، ئەمەش بەهۆی سەرقاڵی بە شەڕی (الردە) و تەمەنی کورتی ئەبوبەکر لە خەلافەتدا، لەگەڵ ئەوەشدا فتوحاتی ئیسلامی لە سەردەمی ئەبوبەکر لە عێراق نزیک بۆوە، بەڵام لە سەرەتای خەلافەتی عومەری کوری خەتاب فتوحات بەرەو خاکی عێراق دەستی پێکرد، کە لە ژێر دەسەڵاتی ساسانیەکاندا بووە.

پایتەختی دەوڵەتی ساسانی شاری (مەدائین) بووە. کە دەکەوێتە خوارووی شاری بەغدا و نزیک بە شاری (کوت)ی ئێستا، بۆ ئەوکات نزیک لە کورد و بەشێکبوون لەو دەوڵەتی ساسانی. هەتا ئاماژە هەیە کە پاشاکانی ساسانی کورد بووبن.

عومەری کوڕی خەتاب لە ساڵی ١٥ک سوپایەکی بە سەرۆکایەتی (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس) نارد، ئەم سوپایە هەر لەو ساڵە لە شەڕێکی گەورە بە ناوی (قادسیە) سوپای ساسانی شکاند.

(یەزدەگورد) پاشای ساسانی لە دوای شەڕی قادسیە، پاشەکشەی کرد، جارێکی تر هێزی بەرگری لە (جەلەولا) دامەزراند، شەڕی جەولەولا لە ١٦ک دابووە، یەکەم بەیەکگەشتنی مسوڵمانەکان بووە بە خاکی کوردستان.

لەبەر ئەوەی ئەوکات وشەی (کوردستان) لەلایەن مێژوونوس و بولدانیەکانەوە بەکارنەهاتووە، زیاتر ناوچە کوردیەکان دەناسرێنەوە، بۆیە بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەر هەرێمە کوردیەکانی ئەوکات دەسنیشان دەکەین وەکو:

ناوچەی چیا (الاقليم الجبال): ناوچەکانی ئێستای کرماشان و هەمەدان و لورستان و دینەوەر و نهاوەندو حەلوان دەگریتەوە. کە بەزۆری ناوچەی شاخاویین. هەریمی شارەزوورر: یاقوتی حەمەوی دەڵێ لە نیوان هەولێر و هەمەدان هەڵکەوتووە، ئەو شارانەی مێژوونوس و بولدانیەکان باسیان کردووە، ئێستا نەماون، بەپێی دیاریکردنی سنوورەکەی لە سنەی ئێستاوە هەتا کەرکوک

بووە، کە دەکاتە پاریزگای سلیمانی و کەرکوک و ئۆستانی سنەی کوردستانی ئێران. هەریمی جەزیرە و موسڵ: ناوچە و شارەکانی (ئامەد، میاڤارقین، حصن کیف، جەزیرە، سەعرەت، موسڵ، ژەنگار ... هتد) دەگریتەوە، کە دەکاتە بە شێک لە کوردستانی تورکیای ئیستا و بەشێک لە کوردستانی عێراق. هەریمی ئاران: ناوچەکانی ئەوپەڕی باکوری رۆژهەڵاتی تورکیای ئیستا و بەشیک لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتی دەگرێتەوە، وەکو شارەکانی (دوین، ئیریڤان، دەربەند، کەرەباغ ... هتد). هەرێمی ئارەزەربایجان: پاریزگای ئارەزەربایجانی رۆژئاوای ئێستا دەگرێتەوە وەکو شارەکانی (ورمێ، شنۆ، ئەردەبیل، سەلماس، خوی ... هتد).

سێیەم: پیش فتوحاتی ئیسلامی بە زۆری هەرێمەکانی جەزیرە و ئاران لە ژێر هەیمەنەی سیاسی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بوون، هەرێمەکانی ئازەربایجان و چیا و شارەزوور لە ژێر هەیمەنەی سیاسی ساسانی بوون. لە رووی ئاینییەوە: ئاینی زەرادەشتی لە هەرێمەکانی ئازەربایجان و شارەزوور و چیا بڵاوبووە، ئاینی مەسیحی لە هەرێمەکانی ئاران و جەزیرە، ئەمە سەرەڕای ئاینی جولەکە کە بەشیوەی پەرتوبڵاو لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان هەبوون. ئەمانە ئەوکات ئاینی سەرەکی بوون لە کوردستان، سەرەڕای چەند ئاین و ریڕەوێکی دیکە.

ئایا کوردستان بە زەبری خوێن فەتح کراوە، یان بە ئارەزوومەندانە؟ وڵامی ئەو پرسیارە لە ئێستادا هەندێجار رەهەندێکی سیاسی و فیکری وەرگرتووە، کە لە واقیعدا بە هەردوو شێواز بە زۆر و بە زەبر (العنوة)، یان بە ریکەوتن و ئاشتی (صلحا) لە سەرچاوەکان لە بەرانبەر شارە دیارەکانی ئەو سەردەمەی ناوچە کوردیەکان هاتووە، زاراوەی (عنوە) لەگەڵا (صلحا) هیچ مانا و رەهەندێکی سیاسی نییە، بە رای من هەردووکیان دوور لە واقیعی مێژووی باسی فەتحی کوردستان دەکەن، هەر لەو بارەشەوە دوو سەرچاوەی هاوچەرخ زۆر زەق دەکرێنەوە، ئەوانیش (کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی) م. حەسەن حەمە کەریم و (پرۆسەی بە ئیسلام کردنی کورد)ی د. شوان عوسمان، کە هەردووکیان لەو بارەیەوە بە هاوسەنگی لەو بابەتە نەدواوون چونکە:

١- دانیشتوانی کوردستان ئاینی (ئیسلام) یان نەناسیوە، لەو حاڵەتەدا لە نیوان دانیشتوان و هێزی نەناسراو هەر پێکدادانێک هەبێت، ئاساییە و هیچ مانا و مەبەستێکی دیکە ناگەیەنێت.

٢- کورد پێشتر خاوەنی (ئایین) و (قەناعەتی خواناسی) خۆی بووە، ناکرێت بێ ناسینی ئاینی تازە دەستبەرداری ئاینی خۆی بووبێت.

٣- بابەتی گەیشتنی فاتحە مسوڵمانەکان تەنیا کوردستانی نەگرتۆتەوە، زۆر هەریمی دیکە هەبووە لە رێگەی هێزەوە (عنوە) یان لە رێگەی ئاشتیەوە (صلحا) دەسەڵاتی فاتیحە مسوڵمانەکانی گەیشتۆتێ، ئەمەش بە رێژەی جیاواز، ناوچە کوردییەکان لەو زەمانە شاز نەبووە، لە هەموویان شار و ئاوەدانیەکانیان بە (شەڕ) یان (ئاشتی) بووبێت، بەڵام کوردستان بە تەنیا یان هەموو شەڕ بووبێت، یان هەمووی بە ئاشتی بووبێت، وەکو دوو ئاراستەی جیاواز بەو شێوەی وێنا دەکەن. لەگەڵا ئەوەدا بە بەراورد لەگەڵا شوێنەکانی دیکە کەمتر بە زەبری هێز بووە.

٤- کوردستان ئەوکات لە رێگەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ساسانی و بیزەنتیەکانەوە فەرمانڕەوایەتی کراوە، بۆیە بەشێک لە بەرپرسیاریەتی شێوازی مامەڵەی کوردەکان لە بەرانبەر مسوڵمانە فاتیحەکان ناکەوێتە ئەستۆی کوردەکان، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو کوردەکان لە پێشوازی

فاتیحە عەرەبەکاندا بووبن و ساسانی و رۆمەکان بە تەنیا بەرگریان کردبێت.

٥- لە دوای ئەو پشێوەیەی دوای شەهیدکردنی خەلیفەی سێیەم (عوسمانی کوری عەفان) روویدا لە ساڵی (٣٤ک/ بۆ ٤١ک) دامودەزگای خەلافەت و سوپای یەکگرتوو شیرازەی تێکچوو، کە لەو ماوەیەدا دەرفەتی رەخساو هەبووە بۆ هەڵگەرانەوەی دانشتیوانی کوردستان، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەگەر هەندێ لە هەرێمە کوردیەکان بە زەبری هیز (عنوە)یش دەستی فاتیحە مسوڵمانەکانی گەیشتبێتێ، ئەوە دوایی بە ئارەزوو وەریانگرت و لە دەرفەتی رەخساو لێی هەڵنەگەرانەوە.

چوارەم: لەبەر فراوانی بابەتی فەتحی ئیسلامی بۆ هەرێمە کوردیەکان، لە رێگەی خشتەیەکەوە چۆنیەتی بەشێک لە فەتحی ئیسلامی روونده‌کەینەوە. لەگەڵا ئەم سەرنجانەی خوارەوە:

أ - لە ناو سەرچاوەکان، لەسەر سەرکردەکانی فەتحی ئیسلامی بۆ هەریەک لە شارە کوردیەکان و چۆنیەتی فەتحکردن، جیاوازی زۆر هەیە، بۆیە ئەوەی ئێمە پێیگەیشتووین، زیاتر پشتبەستنە بەو سەرچاوانەی پێشتر باسمانکردن..

ب - چۆنیەتی فەتحی شار و هەرێمەکان لە نێوان چەند حاڵەتێکدا بووە وەکو:

١- بە ئاشتی و رێککەوتن (الصلح) پیاوماقوڵانی شار لەگەڵا فاتیحە مسوڵمانەکان رێککەوتوون لەسەر ئەو ئەرک و مافانەی دەکەوێتە سەرشانیان، لە هەموو حاڵەتەکاندا وەکو ئەوەی مسوڵمان بن یان لەسەر ئاینی خۆیان بمێننەوە.

٢- شەڕ و بەرەنگاری (العنوة)، بەڵام سەربازانی ساسانی یان بیزەنتی لەو شارە، شەڕیان هەڵبژاردووە، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دیار نییە کوردەکان چەندە بەشداری ئەو بەرگرییەیان کردووە.

٣- شەڕیان هەڵبژاردووە بەڵام دوای یەکەم جەولەی شەڕ، رازیبوون بە ئاگربەست و دوایی رێککەوتن.

٤- ئاشتیان هەڵبژاردووە، بەڵام دوایی بە ماوەیەکی کەم کە سوپای فاتیحە مسوڵمانەکان شاریان بەجێهێشتووە، پەشیمان بوونەتەوە، جارێکی دیکە شەڕ دروست بووە و دووبارە رێککەوتوونەتەوە. هەر چوار جۆرەکەش لەو خشتەیەی خوارەوە دەردەکەوێت.

ج - بە پێی سەرچاوەکان ئاماژە بە گردبوونەوەی سوپای ساسانی یان بیزەنتی دەکرێت بۆ شەڕ لە هەرێم و شارە کوردییەکان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تۆڕی بەرگری سەربازی لەو شوێنانە بە سەرکردایەتی ئەوان بووە، نەک خەڵکی هەرێمە کوردییەکان، لە هەندێک لەو شارانەی کە سەرکردەکانی ساسانی یان بیزەنتی لێنەماوە بەرگری نەکراوە. بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە، ئایا بەشداری کورد لە سوپای ساسانی یان بیزەنتی چەندە بووە لە شەڕ بەرانبەر فاتیحە مسوڵمانەکان، ئەمە بەزەحمەت دیاری دەکرێت چونکە:

١- مێژوونووسەکان لەسەر پێکهاتەی نەتەوە باسی دانیشتوانی ئەو هەرێمانەیان بۆ نەکردووین.

٢- لەو سەرچاوانەی باسی دەوڵەتی ساسانی یان بیزەنتی دەکەن، دووبارە لە سەر بنەڕەتی پێکهاتەی نەتەوەیی باسیان لە سوپاکانیان نەکردووە.

٣- کوردستان ئەوکات خاوەنی قەوارەی نەتەوەیی خۆی نەبووە، بەسەر دوو دەسەڵاتی ساسانی و بیزەنتی دابەشکراوە، کەواتە پێکهاتەی بەرگری تایبەت بە خۆی نەبووە. کوردەکان بەشێک لە پێکهاتەی کارگێڕی و سەربازی و ئاینی ئەو دوو دەوڵەتە بوون.

٤- بە هۆی سەختی هەرێمە کوردیەکان و بوونی قەڵای بەرگری، دوای شەڕی جەلەولا، هەرێمە کوردیەکان بوونەتە شوێنی کۆبوونەوەی سوپا پەرتەوازەکەی ساسانی، هەمیشە شوێنی سەخت و قەڵا گیانی بەرەنگاری و ملنەدان بۆ ئاشتی دەخاتە دەروونەوە، بۆیە چاوەڕوانکراوە لەو ناوچە سەختانە پاشماوەی سوپای ساسانی و بیزەنتی و دانیشتوانی هەرێمەکان لە هەندێ حاڵەت بەرگریان هەڵبژاردووە. بۆ ئەم مەبەستە سەیری ئەم خشتەیە بک.

**هێڵکاری فەتحی ناوچە کوردیەکان:**

**یەکەم: هەرێمی چیا ، فەرماندەی گشتی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس بووە. لە ساڵەکانی نێوان ١٦بۆ ١٨ك فەتحکراوە. لە شارە گرنگەکانی ئەوکاتە :**

| شار | هێزی بەرهەڵستکار | سەرکردەی بەرهەڵستکاران | سەرکردەی مسوڵمانەکان فاتیحە | چۆنیەتی فەتحکردن |
|---|---|---|---|---|
| حولوان | ساسانی | یەزدەگورد +مهران | جریر بن عبدالله البجلي +قعقاع بن عمرو | شەڕ ئینجا ئاشتی |
| ماسبژان | ساسانی | ئازین بن مهران | عبدالله بن وهب الراسبي + ضرار بن خطاب یان حذیفة بن الیمان | شەڕ ئینجا ئاشتی |
| کرمنشاە | ساسانی | - | جریر بن عبدالله البجلي + نعمان بن المقرن | ئاشتی |
| نەهاوەند | سوپای ساسانی + هێزی هەرێمەکانی فارس و ئەحواز و چیا و شیراون | یەزدەگورد | نعمان بن المقرن +ع بدالله بن عمر | شەڕی (الفتح الفتوح) |
| دینەوەر | سوپای ساسانی | یەزدەگورد | جریر بن عبدالله البجلي یان ابو موسی الاشعري | بەرگی ئینجا ئاشتی |

**دووەم: هەرێمی ئازەربایجان. جیاوازی هەیە لە نێوان ساڵانی ٢١ ، ٢٢ فەتحکراوە.**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئازەربایجان (اردبیل، سەلماس، ورمێ، مەراغە،) | ساسانی | اسفندیاد | عتبة بن فرقد السلمي - حذیفة بن الیمان | شەڕ ئینجا ئاشتی |

سێیەم/ هەرێمی ئاران. لە قوڵی وڵاتی شامەوە بە ڕێنومایی (معاویە بن ابی سفیان)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شارەکانی ئاران ئاران (دوبیل، دربەند، کاکیلالا، کنجە) | سوپای ساسانی + هێزی ناوچەکە + بیزەنتە | موردانۆس + واریك | حبیب بن مسلمة الفهري + بیکر بن عبدالله اللیثي + سلمان بن ربیعة | شەڕ + ئاشتی |

چوارەم/ هەرێمی جەزیرە. لە ساڵەکانی ١٧، ١٨، ١٩ لە قۆڵی وڵاتی شامەوە فەتحکراوە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| حران | بیزەنتی + مەسیحیەکانی حەرران | | عیاض بن غنم | بەرگری ئەوجا ئاشتی و ڕیککەوتن |
| الرها (ئورفە) | | | عیاض بن غنم | ئاشتی |
| ئامەد (دیاربەکر) | دانشتوانی شار | | عیاض بن غنم یان مالك بن الاشتر | ئاشتی |
| نوسەیبین | دانیشتوانی شار | | عیاض بن غنم | دوای گەمارۆدان – خۆبەدەستەوەدان و ڕیککەوتن و ئاشتی |
| میاڤارقین | دانشتوانی شار | | عیاض بن غنم | ئاشتی ڕیککەوتن |

پێنجەم: هەرێمی شارەزوور

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شارەکانی شارەزوور | دانیشتوانی هەریمەکە | | هاشم بن عتبە + عروە بن قیس + جریر بن عبدالله | ئاشتی |

## بە کورتی و پۆختی:

١- پرسی چۆنیەتی فەتحی ناوچە کوردیەکان بە سەرچاوە بنەڕەتیەکان نەبێت. لە ڕێگەی سەرچاوە تازەکان و ڕۆژهەڵاتناسانەوە یەکلایی ناکرێتەوە.

٢- لەو سەرچاوانەی ئێستا بە دیدی ئیدۆلۆژی و کار و کاردنەوە نووسراون، دابەشبوونێکی نا واقیعی دەبینین لەسەر پرسی هاتنی فاتیحە مسوڵمانەکان بۆ هەرێمە کوردیەکان، بەرەیەک دەیەوێت بیسەلمێنێت بە ئاشتی بووە و لەو بارەوەیە هەموو دیکۆمێنتەکان لەو بارەیەوە دەخاتەڕوو، بەرەی بەرانبەر بە پێچەوانەوە خۆی لەو هەموو بەڵگە و دیکۆمێنتانە نادیدە دەگرێت و دەیەوێت بیسەلمێنێت هەموو بە زەبرو شەڕ و شمشێر بووە.

٣- زۆر بەکەمی ئەکادیمیست و ناوەندەکانی دیراساتی مێژوویی بە پشتبەستن بە سەرچاوەی بنەڕەتی بەشداری ئەو دیبەتانە بوون، ئەوەی هەیە زۆربەی لێدوان و نووسینن بە فاکتەری کاروکاردانەوە و ئایدیدۆلۆژی نووسراون..

٤- لەو بڕوایەداین ئەو جەدەلە لە سەرەتاوە بێمانا و بێگوزارشتە، بۆیە دابەشبوونەکەش هیچ مانایەک ناگەیەنێت. هیچکام لە جۆرەکانی فەتحی کوردستان نە سەربەرزیە بۆ لایەنی عەلمانی و نە بە پێچەوانەوە، نە سەربەرزیە بۆ لایەنی ئیسلامی و نە بە پێچەوانەوە، گرنگە بزاوتی مێژوویی لە شوێن و کاتی خۆیو وەکو مێژووی مرۆڤ هەژمار بکرێ.




# دەستکەوتە زانستییەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی و هەڵسەنگاندنی توێژینەوە و کتێبەکانی



**موحسین عەبدولحەمید**
لەدایکبووی ١٩٣٧ کەرکوک
دکتۆرا لە تەفسیری قورئان
زیاتر لە ٣٠ بەرهەمی چاپکراوی هەیە
سەرپەرشتی دەیان نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرای کردووە

د. موحسین عەبدولحەمید
وەرگێڕانی: جومعە سدیق

**دکتۆر مستەفا ئیبراهیم ئەمین زەڵمی، مامۆستای شارەزا (ئوستاز موتەمەرس)، خزمەتی زانکۆیی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکی هەیە، لەو ماوەیەدا لە نێوان کۆلێژەکانی یاسا لە زانکۆکانی عێراق جێگۆڕکێی کردووە، بەر لەوە لە وەزارەتی بەرگری خزمەتێکی زۆری کردووە، مۆڵەتی زانستی لە قوتابخانە ئایینیەکان وەرگرتووە، پاشان خوێندنەکەی لە زانکۆکانی بەغداد و قاهیرەو ئەزهەر تەواوکردوە، چەندین بڕوانامەی باڵای لە شەریعە و یاسا بەدەستهێناوە، لە ماوەی خزمەتی زانکۆییشیدا جێگای ڕێزی ئەو زانکۆیانە بووە کە کاری تێداکردووە، سەرەڕای ڕێزلێنانی لەلایەن ناوەندو دامەزراوەی زانستی و مەدەنی لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق.**

## چالاکیە زانستییەکانی

چالاکی زانستیی دکتۆر گەیشتۆتە سەرپەرشتیکردنی نامە زانستییەکان و بەشداریکردنی بەردەوام لە گفتوگۆی ئەو نامانە، لە بواری یاسا و شەریعەت و مێژوودا، لەگەڵ بەشداریکردن لە کۆنگرە زانستییەکان و هەندێک کۆنگرەی دەرەوە، سەرەڕای ئەو لێژنانەی پێکدەهێنران بۆ گفتوگۆی یاساکان و کێشەکانی شەریعەت لە وەزارەتی داد و خوێندنی باڵا.

دکتۆر زەڵمی، لە ڕێگای توێژینەوە ڕەسەنەکانیەوە بەرزبۆتەوە بۆ پلەی (پرۆفیسۆر)، من یەکێک بووم لە بڕیاردەرانی بەرزکردنەوەکەی، ئەوسا بە ڕەسەنایەتی توێژینەوەکانی سەرسام بووم.

## کۆششە زانستییەکانی

بەرهەمەکانی دکتۆر زەڵمی زۆر بەرفراوانە، کە ئامادەکردنیان پێویستی بە ساڵانێکی دوورودرێژ و کۆششی چڕ و پڕ هەبووە، ئەمە لە وردیی توێژینەوەکەی و گەڕانەوەی بۆ سەدان سەرچاوەی ڕەسەنی کۆن و نوێ بەدیدەکرێت، بێ ئەوەی بە زۆر گواستنەوەی دەقەکان بێزارت بکات، بەڵکو دارشتنی خۆی بەسەریاندا زاڵە، ئەمەش بەوەی لە زانستەکانی زمانی عەرەبی و زانستە عەقڵییەکان لە مەنتیق و زانستی گفتوگۆ(منازەرە) و زانستە شەرعییەکان و زانستە یاساییەکاندا، بەشێوەیەکی زانستیی باڵا کاریان لەسەر بکات. دەتوانین بەرهەمە زانستییەکانی لە سێ گروپدا کۆبکەینەوە:

١- گروپی یەکەم: کتێبە مەنهەجیەکانی کە بۆ قوتابیانی کۆلێژەکانی یاسا لە زانکۆکانی عێراق دایناوە. ئەوانەش چەند کتێبێکی تایبەتن بە بەرپرسیارێتی جینائی و حوکمەکانی میراتگری و وەسیەت و فەلسەفەی شەریعەت و ڕێگاکانی هەڵێنجانی حوکمەکان و دەروازەیەک بۆ خوێندنی شەریعەت، هەموو ئەوانە بەهاوتاکردن و بەراوردکردنی لەگەڵ یاسا دانراوەکان بە تایبەتی عێراقیەکان، ئەو کتێبانە لە ژێر ڕۆشنایی بنەچە زانستییەکانی دانانی کتێب دانراوە.

٢- گروپی دووەم: ئەو کتێبانەن کە لەبارەی لایەنە هەمەچەشنەکانی شەریعەت دانراون، لەگەڵ هاوتاکردن و بەراوردکردنی بە یاساکان، ئەوانەش تایبەتن بە کێشەکانی تەلاق، هۆکارەکانی جیاوازیی فەقیهەکان، بابەتی نەسخ لە قورئان،

پەیوەندی نێوان زانستی مەنتیق و یاسا و حیکمەتی حوکمەکانی قورئان و پابەندییەکان و ڕێگرییەکانی بەرپرسیاریێتی لە شەریعەت و یاسا، کێشەکانی تاوان، ڕێکخستنی کۆمەڵ، مافەکانی مرۆڤ و بابەتی دیکەی گرنگ.

٣- گروپی سێیەم: ئەو توێژینەوە شەرعی و یاساییانەی لە گۆڤارە زانستییەکاندا بڵاویکردۆتەوە، یان لە کۆنگرە هەمەجۆرەکاندا پێشکەشی کردووە.

هەڵسەنگاندنی پەیڕەوەکەی و ئاراستەی پەرەسەندنی دانانەکانی ئەگەر کتێبەکانی دانەر لەلایەک دابنێین و بەپێی مێژووی دانانەکەی ڕێکیان بخەین، دەبینین هەردەم بەرەو باشتر پەرەی سەندووە، ئەمە بەڵگەیە لەسەر بەدواداچوونی زانستیی بەردەوام و خۆشەویستیی بۆ بابەتەکەی، ئەوەشە هۆی داهێنانەکانی، سەرەڕای بنەما زانستییە پتەوەکەی لە زانستەکانی زمان، مەنتیق، فەلسەفە و شەریعەت، کە زۆر یارمەتیی داوە لە تێگەیشتنی دەقە یاساییە چڕکراوە پوختەکان و کێشەکانیان و لێکدانەوەکانیان.

دکتۆر زەڵمی، بە لێکۆڵینەوە بەرفراوانە وردەکانی سودێکی گەورەی بە یاساناسان گەیاندووە، چونکە زۆربەی یاساناسان، لەبەر ئەوەی زمان، مەنتیق، زانستی گفتوگۆ، فەلسەفە، فیقە و ئوسوڵیان نەخوێندووە، نەیانتوانیوە بگەنە ئەوەی کە مامۆستای دانەر پێیگەیشتووە، لەو بەراوردە وردانەی کردوویەتی لە نێوان شەریعەت و یاسا، یان لێکۆڵینەوەی یاسا لەبەر ڕۆشنایی مەنتیق و زانستی گفتوگۆ(منازەرە). بێگومان وانەوتنەوەی بەردەوام و بەبێ پچڕانی مامۆستا زەڵمی لە چەند کۆلێژێکی یاسا هاوکاری بووە بۆ ڕۆشنکردنەوەی مێشکی قوتابیانی بەو چەمکە دروستانەی، یان ئاراستەکردنی قوتابیەکانی لە خوێندنی باڵا، یان لە گفتوگۆی نامەکاندا، خۆم لەگەڵیدا بەشداربووم لە گفتوگۆی هەندێک لەو نامانە، وەک شارەزا، یان گوێگر ئامادەی بووم، ڕاستەوخۆ هەموو ئەوانەم بۆ دەرکەوتووە.

دکتۆر زەڵمی، لە سەرجەم نووسین و دانراوەکانیدا سەرقاڵی کێشەیەکی گرنگە، ئەویش گێڕانەوەی پەیوەندیی نێوان شەریعەت و یاسایە، کە تەنها لەم سەردەمە تازەیەدا لێک دابڕاون، کاتێک شەرعناسان دەستبەرداری لێکۆڵینەوەی یاسا بوون و یاساناسان دەستبەرداری لێکۆڵینەوەی شەریعەت بوون. ئەم حاڵەتەش دابڕانێکی لێکەوتەوە بە زیانی ئوممەت لە بواری یاسادانان کۆتایهات. بۆیە کتێبەکانی دکتۆر زەڵمی ئەگەر لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکان بڵاوبێتەوە، دەبێتە هۆی شۆڕشێکی تازەی یاسادانان بە سودوەرگرتن لە شەریعەتی ئیسلامی لە نووسینەوەی یاسادا لە هەموو ڕوویەکەوە.

دکتۆر زەڵمی، لە کتێبەکانیدا تەنها ڕای فەقیهەکان ناهێنێتەوە، بەڵکو بەڵگەکانیشیان دەخاتە ڕوو و بەراوردی دەکات، ئەوەی سەرنج لە کتێبەکانی بدات دەبینێت کە دەمارگیریی بۆ ڕایەک یان مەزهەبێک نییە، بەڵکو شوێن ئەوە دەکەوێت کە لە میانەی بەڵگەکان و بەهێزییان بۆی دەردەکەوێت کە هەقە.

عەقڵیەتی زەڵمی، عەقڵیەتێکی سەردەمانەیە، ئەو هەوڵدەدات سوود لەو ڕایە نەرمانەی فەقیهەکان ببینێت کە بەڵگەی بەهێز پشتیوانیی دەکەن، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ڕەوان بۆ گرفتەکانی ئەم سەردەمە و هەڵگرتنی زەحمەتی لەسەر مسوڵمانان، لەمەشدا شوێن بنەماکانی ئاسانکاریی کەوتووە کە شەریعەتی ئیسلامیی پێوە ناسراوە، بە تایبەتی لە سەردەمی هاوەڵە بەڕێزەکان.

پاشان دکتۆر زەڵمی لە سەردەمەکەی خۆیدا دەژی، بەو مانایەی لە فتوا و بەراستتردانان (ترجیح)ە فیقهیەکانیدا داهێنانە زانستییە تازەکان بەکاردەهێنێت.

خاڵ

**دکتۆر زەڵمی، لە سەرجەم نووسین و دانراوەکانیدا سەرقاڵی کێشەیەکی گرنگە، ئەویش گێڕانەوەی پەیوەندیی نێوان شەریعەت و یاسایە.**

دکتۆر لەمیانەی بەراوردکارییەکانی لە نێوان شەریعەت و یاسا، دەگات بەوەی کە هیچی دەستنەکەوتووە بیسەلمێنێت کە شەریعەتی ئیسلامی لەگەڵ زانست و فیترەتی ئادەمیزاد و واقیعدا دژیەک بن، هەروەها هیچ رایەکی دروستی لە یاسادا نەبینیوە، پێشتر فەقیهەکان پێی نەگەیشتبن.

لەکاتی بەراوردکردنی نێوان رایەکاندا، دکتۆر پابەندی چوار مەزهەبەکە نابێت، بەڵکو تێدەپەڕێت بۆ مەزهەبەکانی شیعەی دوانزە ئیمامی، زەیدی، ئەبازی، زاهری و فەرموودەناسان. ئەو رێبازە بەهایەکی بەرز دەدات بە نووسین و توێژینەوەکانی و بە لێزانییەوە بەرەو ئیجتیهادی هاوسەردەمانەی دەبات.

### دکتۆر لە سەرجەم کتێبەکانیدا داهێنانی کردووە

کتێب و توێژینەوەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی هەرهەمووی بەسوودن، لێرەولەوێ داهێنانی زۆر و رای تازە و دروستی تێدایە، بەڵام من وای دەبینم کە داهێنانەکەی لەم کتێبانەیدا زیاتر لەوانی دیکە دەرکەوتووە، کە ئەمانەن:

**١) موانع المسؤلية الجنائية في الشريعة الإسلامية والتشريعات الجزائية العربية:**

کتێبێکی زۆر گرنگە، تێیدا موفرەداتی وردی بەرپرسیارێتی جینائی روونکردۆتەوە، لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی بەراوردی کردووە، توێژەر لەوەدا پشتی بە سەرچاوە رەسەنەکان بەستووە، کۆن و تازە، لەژێر رۆشنایی چوار مەزهەبەکە و ئەوانی دیکەش، جا نووسەر ئەنجامی گرنگی بەدەست دەکەوێت، کەلێن لە یاسای جینائیی وڵاتە عەرەبییەکان دەدۆزێتەوە، دەریدەخات کە فەقیهەکانی مەزهەبە ئیسلامییەکان چارەسەریان کردووە و رای خۆیان لەبارەوە دەربڕیوە. دەکرێت بەوە سود بە یاسا دەستکردەکان بگەیەنرێت. توێژەر بابەتەکەی لەسەر کۆمەڵێک بنەما بیناکردووە، لە بەراوردکردندا پشتی پێ بەستووە، تا یاساکان دژ نەبن بە بنەما شەرعییە قەتعیەکان. سەرەڕای زۆریی را و ئیجتیهادە فیقهیەکان لە فەرهەنگە دورودرێژەکانیدا، پێویستی بە دووبارە نووسینەوە و داڕشتنەوە هەیە بە شێوازی تازەی نووسینەوەی یاسا.

دانەر کتێبەکەی بە چەند وەڵامێکی گرنگی چەند پرسیارێکی جینائی پزیشکی کۆتاییپێدەهێنێت، کە سەندیکای پزیشکان لە موسڵ ئاراستەیان کردووە لە بواری کارە پزیشکییەکان و نەشتەرگەریی، دانەریش وەک نەریتی خۆی، لە رێگای زانستە وردەکەی لە بنەچەکانی شەریعەت و یاسا، ئەو بابەتانەی چارەسەر کردووە.

**٢- التبيان لرفع غموض النسخ في القران:**

ئەم کتێبە لە بابەتەکەیدا بە گشتی تازە نییە، چونکە کۆمەڵێک لە زانایان لە سەدەکانی رابردووو و ئەو سەردەمەدا نکوڵییان لە نەسخ لە قورئانی پیرۆزدا کردووە، بەڵام تازەیی ئەم کتێبە لەوەدایە، خوێندنەوەی بۆ چەندین ئایەت کردووە کە زۆر لە لێکدەرەوان وتویانە نەسخ کراوەتەوە، لەرێگای زانستی زمان و مەنتیق و ئوسوڵ و تەفسیر و

فیقە، سەلماندویەتی کە نەسخ لە قورئاندا نییە، هەر ئایەتێک لە چوارچێوەی خۆی بەکاردێت، لێرەوە و لەم ڕووەوە ئەم کتێبە داهێنانێکی تێدایە، ئاماژەیە بۆ ئەو سامانە زانستییەی دانەرە بەرێزەکەی هەیەتی، بەبێ ئەوە نەیدەتوانی بچێتە نێو ئەو لێکۆڵینەوە وردەوە.

**٣- اصول الفقه في نسيجه الجديد:**

کتێبێکە لە دوو بەشدا، دانەر تیایدا لێکۆڵینەوەی بۆ زانستی ئوسوڵی فیقە بە هەموو بابەتەکانیەوە کردووە، مەزهەبێکی بە تەنها باس نەکردووە، بەڵکو بەراوردی نێوان زۆر مەزهەبی کردووە، لە بەڕاستدانان و هەڵبژاردندا تەنها شوێن ئەو بەڵگەیە کەوتووە کە قەناعەتی پێی هەیە، بەڵکو تێپەڕیوە بەرەو ڕەخنەگرتنی خودیی لە هەندێک داڕشتنی ئەو زانستە، زۆر لە نموونە کۆنەکانی بە نموونەی تازە و وەرگیراو و ڕوون گۆڕیوە.

کارێکی داهێنانەرانەی دیکەشی کردووە، ئەویش پیادەکردنی زانستی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی لەسەر یاسا دەستکردەکان، لەو پیادەکردنە سودێکی گەورە بە یاساناسان گەیشت، لەوەی یارمەتییان دەدات لە دەوڵەمەندکردنی زانستی بنەماکانی یاسا بە بنەمای ورد لە زانستی ئوسولی فیقە.

**٤- الإلتزامات في الشريعة الإسلامية والتشريعات المدنية العربية:**

ئەو کتێبە لە پایەدارترینی کتێبەکانە، ماددەیەکی زانستی تێدایە، دانەر تیایدا بەراورد دەکات لە نێوان پابەندییەکان لە شەریعەت و یاسادا، دەگات بەوەی کە پابەندییەکان لە شەریعەتی ئیسلامیدا گشتگیرە بۆ سەرجەم چینەکانی بزووتنەوەی مرۆڤایەتی. کەچی لە یاسادا تەنها پابەندیی داراییە و بەس. دانەر بۆی دەردەکەوێت کە زاراوەی پابەندی (التزام) لە کتێبە فیقهیە ئیسلامیەکاندا لەژێر زاراوەی (التكليف والمكلف) چارەسەر کراوە، ئەوەش ئەوەیە کە گەورە یاساناسانی هاوتای دکتۆر عبدالرزاق السنهوری و هی دیکە تێبینییان نەکردووە. ئەو لێکۆڵینەوە قووڵ و وردە، قووڵی لێکۆڵینەوەی دانەر دەسەلمێنێت لە شەریعەت و یاسا پێکەوە. ئەو کتێبە بۆشاییەکی لە کتێبخانەی یاسایی پڕکردۆتەوە، چونکە بەپێی زانیاری من هیچ کتێبێک نییە بەو ئاستە بابەتەکانی گشتگیر بێت، دانەرەکەی ئەو بابەتەی چارەسەر کردبێت، بۆچوونی یاساناسانی ڕاستکردۆتەوە، ئەوانەی لەبەر نەشارەزاییان لە وردەکاریی وردی شەریعەت، وا گومانیان برد کە یاسا لەو بابەتەدا گشتگیرترە لە شەریعەت، لەکاتێکدا دکتۆر زەڵمی پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی سەلماندووە.

بەڵام هەردوو کتێبی (المنطق القانوني- قسم التصورات) و (الصلة بين المنطق والقانون) دوو کتێبی داهێنانن، چونکە یەکەمجارە زانستی مەنتیق لەسەر دەقە یاساییەکان پیادە دەکرێت، ئەوەش لە چوارچێوەی زانستی یاسادا ڕووی نەداوە، ئەوەی یارمەتی دانەری داوە بۆ ئەو پیادەکردنە زانستییە مەزنە، شارەزاییە قوڵەکەیەتی لە زانستی مەنتیق، کە کتێبە ناسراوەکانی مەنتیقی لای گەورە زانایان لە قوتابخانە ئایینیەکاندا خوێندووە.

پوختەی قسان، دکتۆر مستەفا ئیبراهیم زەڵمی، زانایاکی پایەدارە، بەرهەمە زانستییەکانی زۆر زۆرە، لە شەریعەت و یاسادا پێکەوە قووڵ بۆتەوە، لێکۆڵینەوە و بەراوردەکانی پایەیەکی گەورەی دەبێت لە نێوەندە یاساییەکاندا، ئەو بابەتانەی چارەسەری کردوون پەیوەندیی زۆری هەیە بە پەرەسەندنی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگاوە و ڕاستکردنەوەی ئاراستە هەڵەکان لە دانانە یاساییەکاندا، بەو بنەما و بیردۆزانەی شەریعەتی ئیسلامی بەپێز.



# شێخ محەممەدی خاڵ

## ڕیفۆرمخوازێکی سەردەمەکەی خۆی

## ١٩٠٤- ١٩٨٩




د. ئاراس محەممەد ساڵح

ئاراس محەمەد ساڵح
لەدایکبووی ١٩٧٠
دکتۆرا لە شەریعە
مامۆستا لە زانکۆی
سلێمانی
چەند کتێب و وتاری
بڵاوکراوەی هەیە.


زۆرن ئەو زانا کوردانەی بە درێژایی مێژووی پڕناسۆر و هەڵدێر و نشێوەکانی وڵاتەکەیان هەموو کات بەگژ نەهامەتیەکاندا چوونەتەوە، لە هەموو تاریکیەکەدا چرایەکیان هەڵکردووە و لەنەبوون بوونیان دروست کردووە، لەگەڵ نەبوونی هیچ دامەزاوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لە وڵاتەکەیاندا چەندین شاکار و داهێنانی گەورەیان پێشکەش بە گەل و نیشتمانەکەیان کردوە، بە لێبڕان و ماندوبوونی خۆیان چرای زانست و پێشڤەچوونیان بۆ هەڵکردون نەیانهێشتوە لە کاروانی شارستانی دوابکەون، لە هەمان کاتدا زۆرکاری سەختیان بۆ نەوەکانی دوای خۆیان ئاسانکردووە و هەموو لایەنەکانی ئەدەب و مێژوو و ئاینیان بۆ ڕوناککردوەتەوە وەک ئاسۆی بەربەیان.

یەکێک لەو زانا بەهرەمەندە هەڵکەوتوانە شێخ محەممەدی خاڵە (١٩٠٤-١٩٨٩) کە بە درێژایی تەمەنی خامە بە پێزەکەی لە خزمەتی ئەدەب و ئایین و مێژوو و زمانی شیرنی کوردیدا بووە و چەندین شاکاری ناوازەی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە، شێخی خاڵ لە سەردەمێکدا چاوی کردووەتەوە کە کوردستان لەبەردەم شەڕی یەکەمی جیهانیدا بووە، لە ساڵی ١٩١٤ کە شێخی خاڵ تەمەنی ١٠ساڵان بووە شەڕی یەکەمی جیهانی هەڵدەگیرسێت و ئەو جەنگە کاریگەری کارای بەسەر تەواوی کوردستاندا هەبووە، زۆرێک لە کێشەکان لەسەر خاکی کوردان یەکلاکراونەتەوە، هەر ئەو جەنگە کاولکەرە چەندین نەهامەتی تووشی خەڵکی کوردستان دەکات، هەر لە گرانی و نەبوونی و قاتوقڕی سەفەربەرلەک و تاڵانکردنی داهاتی وڵات و وێرانکردنی ژێرخانی ژیان و هاتنی گرانی گەورە و چەندین نەخۆشی و ناخۆشی بە هۆی جەنگەوە تووشی خەڵکی کوردستان هاتووە، لەکاتێکدا شێخ لە تەمەنی لاوی و گەشەکردندا بووە ئەوە حاڵی وڵات و ناوچەکەیەتی کە هیچ لەو فاکتەرانە هاوکار و یارمەتیدەر نەبوون کە خوێندن و زانست بەرەو پێش بچێت، مرۆڤ بتوانێت ڕاژەی فکری و ڕۆشنبیری خۆی بکات، بەڵکو هەموویان ڕێگر و کۆسپی سەختی بەردەم خوێندن و گەشەی زانستی بوون لە وڵاتدا، مرۆڤ هێندەی هەوڵی ئەوەی بووە لەتە نانێکی دەستکەوێت و لە برسانا نەمرێت، بەهیچ جۆرێک بیری لە خوێندن و خواستە ڕۆشنبیریەکانی نەکردوەتەوە.

بەڵام هەموو ئەم کۆسپ و ڕێگرە سەختانە نەیانتوانیوە بیری ڕۆشنگەرێکی ڕیفۆرمخوازی وەک شێخی خاڵ تاریک بکەن و نەتوانێت درێژە بە خوێندن و زانست بدات، لە هەمان کاتدا ساردنەبوەتەوە لە هەوڵی پەیداکردن و کۆکردنەوەی سەدان و هەزاران دەستنووسی بەنرخ و کتێب و گۆڤار، لەو ڕێگەیەوە زیاتر بیری ڕوناکی خۆی ڕوناکتر کردوەتەوە، زۆر ئازایانە سەرکەوتوو بووە لە هەوڵەکانی پەیداکردنی بژێوی ژیانی لە کاتێکدا کە نان لە قورگی شێردا بووە و ژیان زۆرسەخت و دژوار بووە لەو ڕۆژگارەدا.

لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوەو ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی لە ناوچەکەدا هاتنە گۆڕێ، وەک سەرەتای داگیرکاری کوردستان لەلایەن بەریتانیاوە، سەرهەڵدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بە ڕابەرایەتی شێخ مەحمودی حەفید لە ناوچەی سلێمانی، ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، بزاڤی ڕۆشنبیری دەسەڵاتە کوردیەکە، هەڵایسانی شەڕی دەربەندی بازیان و ئاوباریک لە ساڵی ١٩١٩ دژی بەریتانیا و داواکردنی مافی چارەی خۆنووسی کورد لەلایەن شێخ مەحمود و شۆڕشەکەیەوە لەو سەردەمەدا، هەروەها کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی عوسمانیەکان و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا، هەموو ئەمانە دەوری گەورەیان هەبووە لەسەر شێخی خاڵ کە لە سەرەتای ژیانی لاویدا بووە، هەموو ئەمانە لە جۆش و خۆرشدانی بیری ڕۆشنگەری لای بیر ڕوناکێکی وەک شێخی خاڵ کاریگەر بوون.

هاتنی ئینگلیز بۆ سلێمانی و هێنانی چاپخانە و دەرکردنی (تێگەیشتنی ڕاستی) و لە بەغدا و (پێشکەوتن) لە سلێمانی، سەرهەڵدانی بزاڤی ڕۆژنامەنووسی و کردنەوەی قوتابخانەی کوردی فاکتەری باش بوون کە شێخی خاڵ خولیای نووسین و هەوڵی ڕۆژنامەنوسی لای گەشە بکات و بکەوێتە دنیایی نووسین و ڕۆشنبیریەوە، هەر لەوێوە بیری ڕۆشنگەری لای خاڵ سەرهەڵدەدات و ڕۆژبەڕۆژ بیری ڕوناکتر و فراوانتر دەبێت،

**شێخی خاڵ زیاتر لە نیو سەدە پێش سەردەمی خۆی کەوتووە و بانگەوازی تازەگەری کردووە لە میتۆدی فکری ئیسلامیی.**

دەبێتە موریدێکی دڵسۆزی بواری ڕۆشنبیری و ئەدەب و خوێندنەوە و دەکەوێتە هەوڵی پەیداکردنی هەموو نووسین و کتێب گۆڤارێکی ئەو سەردەمە و ئاگادارێکی بزاڤی ڕۆشنبیری سەردەمەکەی خۆی بووە، هەر لە ڕێگەی خوێندنەوە و هەوڵی پەیداکردنی بڵاوکراوەکانی ڕۆژگاری خۆیەوە ئاگاداری قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی (مدرسە الإصلاح الإسلامی) جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەممەد عەبدە و محەممەد ڕەشید ڕەزا دەبێت، لەژێر کاریگەری ئەدەبیات و تێزەکانی ئەو قوتابخانەدا گۆڕانێکی ڕیشەیی لە هزر و فکری و تێگەیشتنی بۆ مەسەلە ئاینییەکاندا ڕوودەدات و بەتەوای هۆگری ئاراستە فکریەکانی ئەو قوتابخانەیە دەبێت، لەدوای ئەوە هێڵە فکریەکانی ئەو قوتابخانە زۆر بەڕوونی لە نووسینەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، بە تایبەتی لە تەفسیرەکەیدا.

### شێخی خاڵ و قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامبی

هەرچەندە هەتا ئێستا کاتێک باس لە قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامبی جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەممەد عەبدە و قوتابیەکانیان دەکرێت، باس لە زانایەکی وەک شێخی خاڵ ناکرێت کە هەمان ڕێچکەی ئەوانی گرتووە و هیچی لەوان کەمتر نییە، کە ئەمەش فاکتەر و هۆکاری خۆی هەیە و بەو هیوایەی لەمەودوا توێژەران گرنگی پێبدەن و زانایەکی گەورەی وەک شێخی خاڵ هەقی خۆی بدرێتێ.

پێش ئەوەی بێینە سەربیری ڕیفۆرمخوازی شێخی خاڵ، پێویستە ئاماژە بکەین بە سیما و تایبەتمەندییە دیارەکانی قوتابخانەی ڕیفۆرمی فکری ئیسلامی:

یەکەم: یەکێک لە سیما هەرە دیارەکانی قوتابخانەی شێخ محەممەد عەبدە بەگژاچوونەوەی تەقلید و بیری چەقبەستووی ئاینی بووە کە چەند سەدەیەک بوو هەموو دەرگاکانی ئیجتیهاد و نوێبوونەوە داخرابوون و زانایان هەر قسەی زاناکانی پێش خۆیان دووبارە دەکردەوە، ئەمەش گەورەترین تەنگژەی فکری و خوێندنەوەی نوێ بۆ ئایین و هەڵکردن لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەمدا بۆ جیهانی ئیسلامی دروستکردبوو، بە جۆرێکی وەها هەندێک وەها بیریان دەکردەوە کە ئایینی ئیسلام ناتوانێت ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکانی سەردەم بێتەوە و چەرخی زێرینی بەسەرچووە، هەرئەمەش وایکرد کە زانایانی ڕیفۆرمخواز دەربکەون، هەریەک لە عەبدوڕەحمان کەواکبی، جەمالەدین، شیخ محەممەد عەبدە، محەممەد ڕەشید ڕەزا، شێخ محەممەد مستەفا مەراغی مەلای گەورەی کۆیە و شێخ محەممەدی خاڵ کەوتنە هەوڵی شکاندنی دیواری تەقلید، توانیان تازە بوونەوە و گۆڕانکاری لە بیری چەقبەستووی سەردەمەکەی خۆیاندا بکەن و بە شێوەیەکی سەردەمیانە تەفسیری دەقە ئاینیەکان بکەن.

دووەم: یەکێکی تر لە سیما و تایبەتمەندی ئەم

قوتابخانە گرنگیدانیان بوو بە لایەنی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی کە بە (مدرسة اللون الادبي والاجتماعي) ناسراون، گرنگیەکی زۆر دەدەن بە بوارەکانی ئەدەب و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لە کولتووری کۆن و بەسەرچوو.

سێیەم: زانایانی ئەم قوتابخانە فکرییە پابەند نین بە هیچ ڕێبازێکی فیقهی (المذهب الفقهي) دیاریکراو و زۆر گرنگی بەو لایەنە نادەن، بەڵکو زیاتر گرنگی بە کرانەوە و بیری ئازادی ئایینی دەدەن، نەک خۆقەتیسکردن بە ڕێبازێکی دیاریکراو، هەرئەمەش یەکێکە لە خاڵەکانی سەرکەوتنیان و لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا خوێندنەوە بۆ ئەدەبیاتیان دەکرێت، کەس سڵ ناکاتەوە لێیان بە هۆی جیاوازی مەزهەبیەوە، هەرئەمەش زیاتر بەرەو کرانەوە و ڕزگاربوون لە تەقلید دەیانبات.

چوارەم: زانایانی ئەم قوتابخانەیە زۆر دژی ئیسرائیلیات و بیری خورافە و فەرمودەی زەعیف و هەڵبەستراون، زۆر دژایەتی دەکەن، هەوڵی پاکردنەوەی ئەدەبیاتی ئیسلامی دەدەن لەو شتە خراپانەی کە کاریگەری خراپیان بەسەر موسڵمانانەوە بەجێهێشتووە.

پێنجەم: عەقڵانیەت و ئازادی عەقڵ لە هەرە سیما دیارەکانی ئەم قوتابخانەیەیە، لەکاتێکدا بانگەوازی ئەوە دەکرا کە دەبێت عەقڵی موسڵمان دابخرێت و مرۆڤ دەبێت کوێرانە شوێنی دەقەکان و فیقهی زانایانی پێشوو بکەوێت، ئەمان بانگەوازی ئەوەیان کرد کە خوای گەورە ڕێزی زۆری عەقڵی مرۆڤی گرتووە و نابێت مرۆڤ کوێرانە تەقلید بکات و هیچ گرنگی بە ژیری فکری خۆی نەدات، بەڵکو پێویستە جارێکی ترعەقڵی مرۆڤ شوێنی شایستەی خۆی وەربگرێت و لەسەر بەرچاوڕوونی (البصيرة) شوێن شتەکان بکەوێت.

شەشەم: هەوڵدان بۆ پێکەوەگرێدانی زانست و بیردۆزە زانستییەکانی سەردەم لەگەڵ گیانی ئیسلامدا و هەوڵی سەلماندنی ئەوەی کە ئاینی ئیسلام دژی زانست نییە، بەڵکو ئیسلام و زانست تەواکەری یەکترن و هەردوکیان ژیانێکی پرخۆشی بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکەن، بێ زانست مرۆڤ ناتوانێت سەرزەوی ئاوەدان بکاتەوە کە ئەرک و کاری مرۆڤە، هەر بۆ ئەو مەبەستەش مرۆڤ دروستکراوە و لەم بوارەدا هێندە زیادەڕەویانکردوە، هەندێک لە بیردۆزەکان کە ئەمڕۆ نازانستیان دەرکەوتووە ئەوان هەواڵیان داوە و بەڵگەی قورئانیان بۆ هێناوەتەوە کە ئەمە زانستە و قورئان پشتگیری دەکات(١).

حەوتەم: گرنگیدان بە گۆڕانکاریەکانی سەردەم هەریەک لە سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، زانستی، کێشەی ژنان و لاوان لە ئەدەبیاتیان ڕەنگدانەوەی تەواوی هەیە و جێگەی گرنگیپێدانیان بووە(٢).

**کاتێک مامۆستا خاڵ تەفسیری قورئان بە زمانی کوردی دەنووسێت، ئەو بۆچوونە هەڵدەوەشێنێتەوە کە پێیوابوو زمانی کوردی بۆ ئەوە ناشێت تەفسیری پێ بنووسرێت.**

### خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ تەفسیری خاڵ

شێخی خاڵ بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٥ز تەفسیری سورەتی (الفاتحة) دەکات و بەم هەوڵەشی دەبێتە پێشڕەوانی نووسینی تەفسیری

قورئانی پیرۆز بە زمانی کوردی.

پاشان لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا دەست بە نووسینی تەفسیری قورئانی پیرۆز دەکات، هەر لە جزمی یەکەمەوە دەستپێدەکات بەو هیوایەی هەموو قورئان تەفسیر بکات، بەڵام پاش ئەوەی سێ جزمی یەکەمی قورئان تەواو دەکات، وەک خۆی دەڵێت لەبەرئەوەی جزمەکانی کۆتایی قورئان زیاتر جێگەی خوێندنی قوتابیان و سوختە و فەقێکان بووە، بیرۆکەی ئەوەی لا گەڵاڵە بووە کە هەوڵی ئەوەبدات ئەم جزمانەی کۆتایی قورئان تەفسیر بکات و دەتوانێت هەریەک لە جزمی **(عمّ و تبارك و قد سمع الله و والذاريات)** تەفسیر بکات، ئیتر مەرگ ڕێگەی نەداوە و بە نیوە ناچڵی تەفسیری خاڵ بەجێدەهێڵێت بۆ هەتاهەتایی ماڵئاوایی لە تەفسیری خاڵ و کاروانی پیرۆزی نووسین و ڕۆشنگەری دەکات، سەرجەم هیواو پرۆژە پرخێرەکانی بەجێدەهێڵێت دەگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگار.

## سەرچاوەکانی تەفسیری خاڵ بە گشتی

شێخی خاڵ لە تەفسیری هەموو جزمەکانی تەفسیرەکەیدا پشتی بە زانایانی تەفسیری قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامیی بەستووە بە گشتیی و بە تایبەت دیارەکانیان، هەر ئەمەش وای کردوە بیری ئەو قوتابخانەیە بە تەواوەتی لە ناو تەفسیرەکەیدا ڕەنگبداتەوە لەلاپەڕە (٣٠٠) جزمی بیست و نۆیەمدا بەم شێوەیە سەرچاوەکانی ڕیز دەکات:

یەکەم: تەفسیری (المنار) دانراوی سەید محەممەد ڕەشید ڕەزا، قوتابی محەممەد عەبدە و یەکێک لە دیارترین ڕابەرانی قوتابخانەی ئیسلاحی شێخ محەممەد عەبدە.

دووەم: تەفسیری شێخ محەممەد عەبدە ڕابەری دووەمی قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی دوای مامۆستاکەی جەمالەدینی ئەفغانی.

سێهەم: تەفسیری (فی ظلال القران) سەید قوتب دێژکراوە و درێژەپێدەری قوتابخانەی ئیسلاحی محەممەد عەبدە لە وڵاتی میسردا.

چوارەم: تەفسیری شێخ محەمەدی مەراغی یەکێکی تر لە زانایانی قوتابخانەی ئیسلاح.

پاش ئەمانە هەریەک لە تەفسیری ئەلقاسمی، محەممەد عزت دەروزە، عبدولقادری مەغریبی، مەحمود محەممەد حەمزە، ئەحمەد مەزهە عەزمە و گۆڤاری (نور الإسلام) کە لەلایەن زانا بیر ڕوناکەکانی زانکۆی ئەزهەرەوە دەردەچوو سەرچاوەی تەفسیری خاڵن(٣).

جگە لە تەفسیرەکەی، ئەو کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوانەی لە سەردەمی خاڵدا لە میسر و زانکۆی ئەزهەر و دامەزراوە و دەزگا ڕۆشنبیریەکانەوە دەرچوون شێخی خاڵ پەیدایکردوون و خوێندونیەتەوە و زاخاوی بیر و هۆشی خۆی پێکردوون، هەروەها ئاگاداری جموجوڵە سیاسیی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییەکانیی جیهانی ئیسلامیی بووە و هەموو ئەو نووسین و بڵاوکراوانەوە سەرچاوەی بیرو ئەندێشە و نووسینەکانی خاڵ بووە بە گشتیی.

کاتێک خاڵ ئەم تەفسیرانە دەکاتە سەچاوەی نووسینەکەی و ئاماژە بە تەفسیرە پێشووەکان نادات، بەڵگەیەکی ڕوونە کە ئەمیش هەمان ڕێبازی ئەوانی گرتووە، زۆر بەلایەوە پەسەند بووە و ویستویەتی شێوازی کۆنی پێشوو تێپەڕێنێت و هەوڵی نوێبوونەوە بدات لەناو فەزای دینداری کوردستاندا کە هیچ ڕووناکییەکیی نوێبوونەوە هەتاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش لە بیری زانایانی ناوچەکەدا نییە، تەواو تووشی ئیفلیجی بوون بەهۆی نەبوونی هیچ نوێبوونەوە و گۆڕانکاریەک لە

دید و بۆچوونەکانیاندا، ئیتر هۆکارەکانی هەرچیەک بێت، بەڵام زانای بیرڕووناک مامۆستا خاڵ هەر لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە چرای نوێبوونەوەی هەڵکردوە و زەمەنی خۆی تێپەڕاندووە، دەتوانین بڵێین زیاتر لە نیو سەدە پێش سەردەمی خۆی کەوتووە و بانگەوازی تازەگەری کردووە لە میتۆدی فکری ئیسلامیدا.

## پێکەوەگرێدانی قورئان و زانستی نوێ

یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی تەفسیری خاڵ ئەوەیە کە مامۆستای خاڵ وەک زانایەکی بیرکراوە و ڕۆشنگەر هەوڵیداوە تەفسیری قورئان و زانست پێکەوە گرێبدات، کە بەداخەوە لەلایەن هەندێک لە زانایانی ئاینەوە دژایەتی زانست و ڕۆشنبیری کراوە لەو سەردەمەدا کە شێخی تێدا ژیاوە، لەوانەیە هەتا کاتی ئێستا هەندێک لەو بیرکردنەوە دۆگما و تاریکبیرانە هەبن، بەڵام مامۆستای خاڵ زۆر بوێرانە بەگژ ئەو جۆرە بیرکردنەوانەدا چووە، خوێندنەوەیەکی وردی بۆ داهێنراو و بیردۆزە زانستییەکانی ڕۆژگاری خۆی بووە، چەند بۆیکرابێت هەوڵیداوە لەگەڵ تەفسیرەکەیدا پێکەوە جۆشیداون، بۆ نموونە لە تەفسیری ئایەتی (الذي خلق سبع سموات طباقا..) دەفەرموێت مەبەست لەم حەوت ئاسمانە، حەوت ئەستێرەن لەو ئەستێرە گەڕۆکانەی کە بەدەوری ڕۆژا دەسوڕێنەوە و ئاسمانن بۆ زەوی(٤).

دوای ئەوە بەدرێژی باس لەو حەوت ئەستێرە و ناوی هەریەکیان و سورانەوەیان بەدەوری زەوی و لە چەمەرەی خۆیانا دەکات، ئەم بوێریەی مامۆستای خاڵ لەو کات و سەردەمەدا زۆر گەورە گرنگ بووە و دەیەوێت بەگژ چەقبەستوویی بیری دۆگمای نەگۆڕدا بچێتەوە، بانگەوازی گۆڕنکاری داوە. هەوەها جارێکی تریش لە تەفسیری ئایەتی (١٥) سورەتی نوح دا کە دەفەرموێت: **(أَلَمْ تَرَوْا كَيْفَ خَلَقَ اللَّهُ سَبْعَ سَمَوَاتٍ طِبَاقًا)(٥)** ئاماژەی بەم باسە داوە(٦).

هەروەها لە تەفسیری ئایەتی: **(وَأَنَّا لَمَسْنَا السَّمَاء فَوَجَدْنَاهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا)(٧)** لە تەفسیری (وشهبا)دا، شێخی خاڵ لە تەفسیرە ئاینیەکان لادەدات و دەیەوێت بە شێوەیەکی زانستی ماددی تەفسیری بکات، دەڵێت بەواوی عاتیفە لە (حرسا شیدا) جیاکراوەتەوە و دەبێت دوو شتی جیاواز بن. باس لەوە دەکات لە ساڵی ١٩٥٥ لیژنەی گەردیلە بڵاوی کردەوە کە دکتۆر (ئیرنست لورنس) ئەتۆمێکی یاخی دۆزیەوە لە کارگەی گەردیلە لە زانستگای کالیفۆڕنیا کە بیست و پێنج ساڵە زانایانی گەردیلە لێی دەترسن.

باس لەوە دەکات کە ئەم پاسەوانە هەر پارچە ئەستێرەیەک بەرەو زەوی بێت پیاهەڵدەتەقێت و نامێنێت، بەم شێوەیە خوای گەورە زەوی گیانەوەرانی سەرزەوی پاراستووە لەو پارچە ئەستێرانە(٨).

بەم شێوەیە مامۆستای خاڵ کاریگەر بووە بە زانست و ڕۆشبیری سەردەم، بەڵام مەرج نییە هەر بیردۆزەیەک مامۆستا لە تەفسیرەکەیدا باسی کردووە هەمووی ڕاست بێت، چونکە شتی زانستی سەلمێنراو ناگۆڕێت و بیرۆدۆزەکان زۆریان گریمانەن و هەندێکیان بە پێشکەوتنی زانست نازانستیان ڕووندەبێتەوە.

## عەقڵانییەت لای مامۆستا خاڵ

مامۆستا هەروەک زانایانی ئیسلاحی پێش خۆی دەسەڵاتی ڕەها دەداتە دەست عەقڵ و ژیری مرۆڤ، زۆرێک لەو ئایەتانەی باس لە غەیب و شتە نادیارەکان دەکەن هەوڵدەدات تەفسیری عەقڵانی و ماددیان بۆ بکات، هەتا بتوانێت

# هەڵگۆزینی فیقهی (الاستنباط الفقهية) نوێ وەک ئیجتیهادێکی سەردەمانە یەکێکی ترە لە جورئەتە ناوازەکانی مامۆستا خاڵ.

لەگەڵ بزاڤی ڕۆشبیری و فکری سەردەمەکەی خۆیدا بیگونجێنێت، بە تایبەت لە سەردەمی ئەودا بیری مادديەت هەژموونی هەبووە، ئەمیش وەک بەرگریکارێک لە سەنگەری بەرگریدا بیر و داهێنانی خۆی دارشتووە کە زۆرجار لەوانەیە وەک پەرچەکردار کاری کردبێت، بۆ نموونە لە تەفسیری ئایەتی: **(وَالْمَلَكُ عَلَي أَرْجَائِهَا وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَانِيَةٌ)**(٩) ، شێخی خاڵ دەڵێت: مەبەست لە عەرش گەورەیی و دەسەڵات و دەستڕۆینە، ئەم ئایەتە نموونەهێنان (تمثيل)ە بۆ باسی گەورەیی و دەسەڵاتی خوا لەڕۆژی دوایدا(١٠).

لێرەدا شیخ هێندە دەسەڵاتی عەقڵی ڕەهاکردوە هەوڵیداوە مانای ئایەتەکە لە (ضاهر) زاهیری خۆی لابدات و تەئویلێکی دووری بۆ بکات، کە ئەمەش لای زانایانی تەفسیر قبوڵ نییە و بەتەحریف ناوی دەبەن، باشە ئەگەر مەبەست لە عەرش دەسەڵات بێت، دەسەڵاتیش شتێکی مەعنەویە و بەرجەستە نییە، بۆچی خوای گەورە باس لە هەڵگرتنی دەکات (ويحمل عرش ربک)، بێگومان لێرەدا عەقڵ ڕێگەی تێرامانی نامێنێت و یەکێکە لەو مەسەلە ئاینیانەی دەگێڕدرێتەوە بۆ لای خوا، چۆنیەتیەکەی بە **(الامر التفويضي)** زانایان ناوزەدی دەکەن.

هەروەها لە سەرەتای سورەتی (الجن) دا شێخی خاڵ دێت لە ڕێگەی عەقڵەوە بە شێوازێکی لۆژیکی مرۆڤ دەدوێنێت و باس لەوە دەکات بە شێوەیەکی عەقڵانی قەناعەت بە بەرامبەرەکەی بکات کە جیهانی جنۆکە هەیە، عەقڵی مرۆڤ وەریدەگرێت جیهانێکی گیاندار هەبێت خوا لە ئاگر دروستیکردبێت، ئێمە بەچاو نەیبینین و دەڵێت: خوا گەلێ جۆرە گیانداری هەیە، هەندێکیان بە هەوا دەژین، لەگەڵ لەئاوا نقومبوون ئەخنکێن، هێندێکیان لە ئاوا دەژین لەگەڵ لە ئاو هاتنە دەرەوە ئەمرن، ئنجا هەروەک ئەمانە هەیە با جۆرە گیانداریکیش بێ لە ئاگر دروستکرابێت، ئێمە نەیبینین و هەرچیش ئێمە نەیبینین مانای وانییە کە نییە، چونکە ئەو گیانەی کە لە بەرمانایە، لە هەموو شت نزیکترە لێمان، نەبەچاو دەیبینین، نە بە لووت بۆنی دەکەین، نە بە گوێ دەیبیستین، نە بەدەست دەستمان بەری دەکەوێت، نە بە دەم تامی دەکەین، کەچی بێگومانیشین کە هەیە، کەوابوو با فریشتە و جنۆکەش شتێک بن وا(١١). نموونەی تر زۆرە لە تەفسیرەکەیدا و لێردا جێگەی نابێتەوە هەمووی باس بکرێت.

## ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیی لە تەفسیری خاڵدا

لە ڕۆژگاری مامۆستا خاڵدا کوردستان و کۆمەڵی کوردەواری تەواو گیرۆدەی دەردی نەزانی و نەخوێندەواری بووبوو، ڕێژەی نەخوێندەواری زۆر بەرزبووە، کۆمەڵگە لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوە تەواو دواکەوتوو بوو،ە بۆیە شێخی خاڵ هەمووکات ویستوویەتی لە ڕێگەی خامەکەیەوە گەلەکەی هۆشیاربکاتەوە

و بەردەوام بە نووسین بانگی کردووون بۆ خوێندن و خوێندەواری و چەندین گوتاری لەم بوارەدا نووسیوە و بەردەوام لە تەفسیرەکەشیدا هەر ئایەتێک باسی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیی کردبێت، نووسەر ئەو دەرفەتەی قۆستەوەتەوە و بە زمانێکی شیرین و گرێدراو بە قورئانەوە بانگی گەلەکەی دەکات، داوای گۆڕان ئیسلاحی کۆمەڵایەتییان لێدەکات، بۆ نموونە لە تەفسیری ئایەتی: (**هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الأَرْضَ ذَلُولًا فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِنْ رِزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ**)(١٢) دەفەرموێت: بەڕاستی ئەم زەوی و زار و ئەرزوئاوەی کە خوا پێیداوین، هەر گەلی زیندووی خوا پێدا و دەزانێ بەهرەی لێوەرگرێت، بچۆ بەخاکیانا بگەڕێت هەمووی باخ و باخات و دارودرەخت و دەغلودان و ڕەزە و سەبزە و جەنگەڵستان و لەوەڕە، لە هەموو لایەکەوە ڕێگاو شەقام و ئوتۆمبێل و شەمەمەندەفەر و ئەلەلکتریک و چراخانە، هەرشاخەو کونکراوە، هەر ماهی زەردە و قەدبڕکراوە، هەرتەپە و گردە و تەختکراوە، هەرچاڵ و چۆڵە و پڕکراوەتەوە، لە پاشا چوونە ژێر دەریا و هەمووی بینرا، ئنجا کەوتنە حەوا و هەمووی پێورا، هەموو سەر زەوی وەک تانوپۆ بەخەتی ئاسن تەنرا، هەر شەمەندەفەرە و وەک ڕەشمار بە شاخا هەڵدەگەڕێ، یا بەناو جەرگیا هاتووچۆ دەکات و دادەگەڕێت، هەر فڕۆکەیە و بە ئاسمانا ویزەی دێت، هەر کەشتیە و بەسەر دەریادا هاژەی دێت. نهێنی سروشتیان دۆزیەوە، دەستوور و باوی ماددەیان کۆڵیەوە، هەرچی گژوگیا هەیە هەمووی لەیەک جیاکرایەوە، زۆربەی گیانلەبەران ڕام و کەوی کران، هەرچی کان هەیە هەمووی توێنرایەوە و داڕێژرا، ئەی موسڵمانی نوستوو تاکەی خەبەرت نابێتەوە،

# شێخ محەممەدی خاڵ ویستویەتی هەوڵی نوێبوونەوە بدات لەناو فەزایی دینداری کوردستان.

تاکەی بە تەمەڵی و تەوەزەلی دەمێنیتەوە، تاکەی سواڵکەری، تاکەی ڕووتی و ڕەجاڵی، تاکەی نەخۆشی و برسێتی، تاکەی نەخوێندەواری و نادانی، تاکەی پیسی و پۆخڵی، تاکەی چڵکنی و کۆڵنی، تاکەی پڕوپوچپەرستی، ئیتر بەسە، ئاوڕێک لە قورئانەکەت بدەرەوە و نەختێک لێیوردبەرەوە، بزانە چی دەفەرموێت، بە قسەی بکە و لە فەرموودەی دەرمەچۆ، سا بەڵکو خوا ئاوڕێکت لێبداتەوە(١٣).

مامۆستا خاڵ لێرەدا کە سەیری باری ژیان و ئاستی کۆمەڵایەتیی موسڵمانان دەکات، بەم شێوە دواکەوتووە لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوە، سەیری هاندانە قورئانیەکە دەکات بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژیان و سەرزەوی، لە ڕووی پرسیار و بێزاریەوە ڕوو لە گەلەکەی دەکات و ئەم هەموو پرسیارەیان ئاراستە دەکات هەتا بێداریان بکاتەوە، هەندێکجار ئەم دواکەوتوویيە بەرگی ئاینی لە بەرکراوە، بۆیە داوا دەکات موسڵمان لە قورئانەکەی ورد بێتەوە لێیرامێنێت و بزانێت قورئان کەسی ناهۆشیار و بێئاگای ناوێت، بەڵکو قورئان بانگەواز بۆ گەلێک دەکات

که بتوانێت سەرزەوی ئاوەدانبکاتەوە.

هەروەها لە تەفسیری ئایەتی: (**ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ**)(١٤) دەفەرموێت: هەروەخت بتەوێت لە گەورەیی و بەرزی گەلێک بگەیت، وەرە تەماشای نووسین و نووسراوی ئەو گەلە بکە، تا ئەمانەی زۆربێت، ئەوە نیشانەی بەرزییەتی، تا ئەمانەی کەمتربێت، ئەوە نیشانەی پەستی و نزمیەتی، چونکە بە ڕاستی هەر نووسین و نووسراوە، ترازووی قورسی و سوکی بەرزی نزمی گەلان، هەر نووسین نووسراوە کە پایەی گەلان بەرزدەکاتەوە، هەر نووسین و نووسراوە گەلان دەباتە ڕیزی پێشەوە، لەگەڵ گەلانی زیندووی خواپێداوا، ڕاستیان دەکاتەوە(١٥). لێرەدا شێخی خاڵ وەک پسپۆڕێکی کۆمەڵایەتیی دەیەوێت گەلەکەی لەنادانی هۆشیاربکاتەوە، دەرگای زانست و خوێندەواریان بۆ والآ بکات و لەوێوە لە دەردی نەزانیی و دواکەوتوویی ڕزگاریان بکات.

هەڵگۆزینی فیقهی (الاستنباط الفقهية) نوێ وەک ئیجتیهادێکی سەردەمانە یەکێکی ترە لە جورئەتە ناوازەکانی مامۆستا خاڵ، بۆ نموونە لە تەفسیری ئایەتی: (**وَلَا يَحُضُّ عَلَي طَعَامِ الْمِسْكِينِ**) (١٦). دەڵێت: خوا بەم ئایەتە و گەلێک ئایەتی تر پێویستی کردووە لە سەر موسڵمانان کە بە هەموو هێز و توانای خۆیانەوە یارمەتی هەژاران بدەن، هاناهانای مەردوم بدەن لەسەر دەستگرتن و یارمەتیدانیان، کە ئەمەش شێوەی کۆمەڵانی چاکە (جمعیاتی خیری)ن، کە وابوو قورئان بەم ئایەتە و بەئایەتی سورەی (الفجر) کە دەفەرموێ: (**كَلَّا بَل لَا تُكْرِمُونَ الْيَتِيمَ (١٧) وَلَا تَحَاضُونَ عَلَي طَعَامِ الْمِسْكِينِ**) (١٧). ئایەتی سورەی(الماعون) کە دەفەرمویت: (**أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ (١) فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ**) (١٨). پێویستی کردووە لەسەر موسڵمانان کە لە هەموو شارێک کۆمەڵانی چاک ڕێک بخەن، هەوڵ بدەن بۆ یارمەتیی و دەستگرتنی هەژاران، بۆ ڕزگارکردنی خۆیان و ماڵ و منداڵیان لەدەست هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری(١٩).

شێخی خاڵ کاتێک ئەم فیقهە جوانەی داڕشتوە، بانگەوازی ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی کردووە، کە لە سەرجەم وڵاتەکەی تەنها یەک ڕێکخراوی مەدەنی تیا نەبووە و هەموو دەنگێکی مەدەنی و ڕیفۆرمخواز تیرۆرکراوە بەهۆی ئەو ڕژێمە دواکەوتوو تۆتالیتارانەی کە حوکمڕان بوون، بەڵام ڕۆشنگەرێکی وەک مامۆستا خاڵ دەیەوێت بەگژ هەموو ئەو کۆسپ تەگەرانەدا بچێتەوە و بانگی چاکسازی خۆیی داوە.

ئەم نموونانە و سەدان نموونەی تر لە تەفسیری خاڵدا کە مامۆستا خاڵ وەک زانایەکی بیرڕووناک و ڕۆشنگەر لەخەم و پەژارەی گەلەکەیدایە و دەیەوێت بانگایان بکات بۆ ڕیفۆرم و گۆڕانی ئەو بارودۆخە چەقبەستووە دواکەوتووەی کە تێدا تلاوەتەوە، دەتوانین بڵێن شێخی خاڵ هیچی کەمتر نییە لە زانا ڕیفۆرمخوازەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو، بەڵام مەخابن هەتا ئێستا ئەم لایەنەی ژیانی فەرامۆشکراوە و لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر نەکراوە.

یەکێکی تر لە لایەنە ناوازەکانی تەفسیری خاڵ لایەنی زمانەوانی و خۆشڕەوانی و سەلیقەی زمانناسی مامۆستا خاڵە، کە تەفسیرەکەی بە زمانێکی کوردی ڕەوانی هێندە بەرز نووسراوە کاتێک خوێنەر دەچێتە ناو لاپەڕەکانی و لەگەڵ وشەکانیدا تێکەڵ دەبێت، تەواو خوشنود دەبێت لەگەڵ پەیڤ و دەستەواژە و ڕستەکانی خەندە دەیگرێت و ناتوانێت بەدەمیانەوە پێنەکەنێت و

شاگەشکە نەبێت، وا لەمرۆڤ دەکات کە شانازی بە زمانەکەیەوە بکات و دڵخۆش بێت کە فەرهەنگی زمانی گەلەکەی هێندە دەوڵەمەندە، بۆ نموونە سەیری ئەم وشانە بکەن: (ئەتریسکێتەوە، بەیەکا هەڵتەقین، بۆڕی بدەیت، لەڕووی سەرکۆنەوە، کەڵکی نییە، چڵ و چێو، ڕام وکەوی، مەردوم، زانستگا، بێ نمود، کەللەشەق، سەهەندە، چەشمەنداز ... و چەندانی تر.

لە هەندێک شوێندا، بە زمانێکی شیعری زۆربەرز دەدوێت کە مرۆڤ سەراسیمە دەکات، با پێکەوە سەیری ئەم تەفسیری ئەم ئایەتانە بکەین: **﴿كَلَّا وَالْقَمَرِ (٣٢) وَاللَّيْلِ إِذْ أَدْبَرَ (٣٣) وَالصُّبْحِ إِذَا أَسْفَرَ﴾**(٢٠). چەشمەندازی مانگ و چەشمەندازی دوایی شەو و چەشمەندازی دەمی بەیان، کە تاریکی شەوی بەرەبەرە تیا ڕووناک دەبێتەوە، ئنجا جیهان سپی دەبێت و سوور هەڵدەگەڕێت و گزنگ دەدات و تیشکی ڕۆژ بڵاودەبێتەوە، کە ئەمانە سێ چەشمەندازی زۆر دڵگەش و گرنگن، کە هەر یەکێکیان چەند چەشمەندازێکی جوان و دڵڕفێنی لەناوایە، ئەگەر قورئان بیرمان نەخاتەوە، بەدرێژاییساڵ بیرمان ناکەوێتەوە،وە لێی ورد نابینەوە(٢١).

ئەم زمانپاراوی و توانا بەرزەی مامۆستا خاڵ ئەو ڕاستیەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە زمانی کوردی زمانێکی فراوان و دەوڵەمەندە، توانای کێبەرکێی هەیە لەگەڵ زمانە دەوڵەمەندەکانی جیهاندا، کاتێک هەندێک دەیانوت ناتوانرێت بە زمانی کوردی تەفسیری قورئان بکرێت، چونکە قورئان بە زمانێکی دەوڵەمەندی وەک زمانی عەرەبی دابەزیوە، زمانی کوردی زمانێکی دەستکورت و کەمدەرامەتە، ئا لەو کاتەدا مامۆستا خاڵ بە قەڵەمە پیرۆزەکەی تەفسیری قورئان بە زمانی کوردی دەنووسێت، ئەو بۆچوونە ئاوەژو دەکاتەوە و گەورەترین خزمەت بە قورئان و ئیسلام و کورد و زمانی کوردی لەیەک کاتدا دەکات.

## سەرچاوە و پەراوێز:

.......................................................................

(١) بۆ نمونە سەیری تەفسیری ئایەتی: **﴿أَلَمْ تَرَوْا كَيْفَ خَلَقَ اللَّهُ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا﴾** ئایەتی١٥ سورەتی نوح. بکە، تەفسیری خاڵ، جزمی٢٩ ل ١٤٨ بەدواوە و لە زۆر جێگای تردا.

(٢) بۆ زیاتر سەیری: الدكتور محمد حسین الزهبی، التفسیر والمفسرون، م٢ص ٥٤٨ بەدواوە بکە.

(٣) بروانە تەفسیری خاڵ، جزمی بیست نۆهەم، ل ٣٠٠.

(٤) سەیری: تەفسیری خاڵ جزمی بیست ونۆل٦-٧بکە.

٥) سوره نوح، الآیە: ١٥.

(٦) تەفسیری خاڵ، جزمی ٢٩، ل١٤٨.

(٧) سوره الجن، الآیة: ٨.

(٨) تەفسیری خاڵ، جزمی ٢٩، ل١٧٣-١٧٤.

(٩) سوره الحاقة، الآیة:١٧.

(١٠) تەفسیری خاڵ، جزمی ٢٩، ل٩٢-٩٣. خاڵ لێرەدا ئاماژە بە تەفسیری ئەلقاسمی دەکات و ئەم باسەی لەو وەرگرتووە و هەمان ڕێچکەی ئەوی گرتووە کە یەکێکە لە زانایانی قوتابخانەی ئیسلاح.

(١١) تەفسیری خاڵ، جزمی ٢٩، ل١٦٣.

(١٢) سوره الملك، الآیە: ١٥.

(١٣) تەفسیری خاڵ، جزمی ٢٩، ل١٩-٢٠.

(١٤) سوره القلم، الآیە: ١.

(١٥) تەفسیری خاڵ، جزمی ٢٩، ل٤٥.

(١٦) سوره الحاقه، الآیە: ٣٤.

(١٧) سوره الفجر، الآیتان: ١٧-١٨.

(١٨) سوره الماعون، الآیتان: ١-٢.

(١٩) تەفسیری خاڵ، جزمی ٢٩، ل١٠١-١٠٢.

(٢٠) سوره المدپر، الآیات: ٣٢-٣٣-٣٤.

(٢١) تەفسیری خاڵ، جزمی ٢٩، ل٢٣٣.



# هونەر نابێت فەرامۆش بکرێت

## ڕەوا نییە بە تیغی حەڵاڵ و حەرام سەری لێ بکەینەوە



قانع خورشید

لەدایکبووی ساڵی ۱۹۸۲، خوێندکاری ماستەر لە بەشی ئەدیان و عیرفان لە کۆلێژی ئیلاهیاتی زانکۆی تاران بەڕێوەبەری گشتی ناوەندی بیری میانڕەو تا ئێستا ١٩ کتێبی چاپ بووە

**ئەم قسانەی ئێرە، قسەی هزرن دەربارەی هونەر، لێدوانی فیکرن دەرحەق بە جوانی و خەیاڵ. وەختێک ئاوەز لە جوانی دەدوێت، تەڕ و ناسک و عەتراوی دەبێت، دڵنیا بن لەوەی ئەم نووسینە هزر بەرهەمی هێناوە، وەلێ لە ڕەقیی کەرەستەی قسەکەر مەترسن، چون ئاخاوتنەکە کەمتر بۆنی ژێدەرەکەی لێدێت، زیاتر ڕەنگی بابەتی قسەلێکراوی گرتووە و تەرچکی و زوڵاڵیی وەرگرتووە.**

هونەر، کایەیەکە زۆربەی حەقیقەتەکانی لە واقیع جوانتر تێدا دەدرەوشێنەوە، ئاخر لە فەزای هونەردا تەنیا ڕواڵەتی ڕووداوەکان دەرناکەون، بەڵکو ڕووحیشیان خۆی دەنوێنێت. هیچ کات گێڕانەوەی زارەکی و دەماودەم، یا نووسراو و بە کتێب گوێزراوە ناتوانێت جێگەی نواندن و بەرجەستەکردن بگرێتەوە، ناکرێت چارەکێک کاریگەریی وێنە لەسەر ناخ و هەست جێبەیڵێت، ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە زۆر لەمەلا و شارەزایانی ئێمە دەرکیان نەکردووە، بەمزووانەیش دەرکی ناکەن، هەر بۆیە زووزوو فەتوای حەرامکردنی ئەم کار و ئەو ئیشی هونەری و درامایی دەدەن، ئاگایان لە بێئاگایی خۆیان و شوێنەواری نەرێنیی فەتواکانیان لە دواخستنی گەل و بێبەشکردنی خەڵک لە دنیایەک جوانی نییە.

دەیان کتێب ناتوانن ئەوەندەی یەک فیلم کەسێتییەک جوان یان ناشیرین بکەن، سەدان بابەت و وتار لە خۆشەویستکردن یا لەبەرچاوخستنی مرۆڤێک یا بیرێکدا کاری سەعاتێکی درامایەکیان پێ ناکرێت، ئەوەی زاتێک بەزیندوویی دەهێڵێتەوە لەم سەردەمەدا نووسین و قسە نییە، نواندن و بەرجەستەکردنە. هیچ کتێبێک نەیتوانیوە پێشەوا حەمزە وەک فیلمی ڕیسالە بخاتە نێو دڵی باوەڕدارانەوە، لەوەتەی خەڵکی زنجیرەدرامای (ئەفسانەی جومونگ)یان دیوە چیدی ڕۆستەمی زاڵ پاڵەوانی سەر زاریان نییە، بەڵکو هەموو نموونەهێنانەوەکانیان بۆ ئازایەتی، جومونگە! ئەمەلەسەر زەمینی فارسیشدا ماوەی چەندین ساڵە وایلێهاتووە و هەندێ شاعیر و نوکتەبازیش لەم بارەیەوە گەلێک شتیان نووسیوە. خۆ ئەگەر کەسایەتیی نێو دراماکە خۆماڵی بێت و پێشتر لە کتێباندا باسوخواسی هەبێت؛ ئەوە هەر مەپرسەچەندە یادی لە یادگەی خەڵکدا دەچەسپێت.

بۆ ئەمەیش نموونەی یوسف پێغەمبەر و دراماکەی یوسف بەسە، دوای پەخشی ئەو درامایە ناونانی منداڵ بە ناوی ئەو پێغەمبەرە ڕوخسار شیرین و ڕەوتار هەنگوینەوە چەند قات بوویەوە. سەیر ئەوەیە سەرباری هەموو ئەم ڕاستییانە هێشتا هەندێک ڕابوردووپەرستی لە تازەتۆقیو، هەر بەگژی هونەردا دەچنەوە و زیرەیان کردووە کە پێغەمبەرێک یا هاوەڵێک لە درامایەکدا تیشکی بخرێتەسەر!

گەورەترین حەنجەتی وانیش لە کرۆکدا یەک شتە و لە زاهیردا دوو شت، هۆکاری ڕاستەقینەی ترسەکەیان دەقگرتنە بە نەریت و باوەوە و تۆقینە لە هەر تازەیەکی بێوێنە، لە هەموو ئەو پێشهاتانە دەترسێن کە پێشتر نەبوون و فەتوای حازریان بۆ نییە، ئیتر ناچار چەکی دەستی کەسی کەمجورئەت هەر ئەوەیە بڵێت نابێت و توخنی مەکەون! سوفیانی سەوری گوتەنی «گەر فیقهـ ئەمەبێت هەموو کەسێک دەیزانێت و پێی دەوێرێت». وەلێ هۆی ڕوواڵەتیی فەتوای حەرامییەکەیان ئەم دووەیە. یەکەم: ئەو ئەکتەرانەی ڕۆڵی ئەو زاتانە دەگێڕن دوور نییە کەسی خراپ بن، یا لە فیلمی تردا ڕۆڵی خراپ ببینن، بەمەش ئەو زاتانەمان لەبەرچاو دەکەوێت. دووەم: ئەو فیلم و درامایانە شتی ناڕاستیان زۆر تێدایە و تێیاندا پشت بە ڕیوایەتی لاواز دەبەسترێت، یان شتی خەیاڵی و نیوچەئەفسانەییان تێدەئاخنرێت.

هەر دوو ئەم بیانووانە وەک داوی جاڵجاڵۆکە لاواز و پەرپووتن. بۆ وەڵامی یەکەمیان دەشێت بە ئاسانی بڵێین: بینا لەسەر ئەوەدەبێت ناونان بەناوی ئەو زاتانەشەوە لە هەمووان حەرام بکرێت، ئەگەر کەسێک ناوی ئیبراهیم، یوسف، مووسا، محەممەد، عومەر، عەلی یا حەمزە بێت و کارێکی خراپ و شەرماوی بکات، ئێمە کەسایەتی ئەوانەمان لەبەرچاو دەکەوێت کە بەناویانەوە ناونراوە!

**سەدان بابەت و وتار لە خۆشەویستکردن یا لەبەرچاوخستنی مرۆڤێک یا بیرێکدا کاری سەعاتێکی درامایەکیان پێ ناکرێت.**

بڕواناکەم شتێکی ئاوەها ساویلکانە بەخەیاڵی کەسدا گوزەر بکات، ئەمە وەک ئەوە دێتە پێش چاوم، ساڵانێکی پێش ئێستا خزمێکمان کە چووەتە بەر ڕەحمەتی خوا، نەوەیەکی کچی هاتەدنیا، دایک و باوکیان بڕیاریان دا ناوی بنێن (دنیا)، ئەم پیاوە سادەیە پێی کردبووە یەک پێڵاوەوە و دەیگوت «ناهێڵم ناوی دنیای لێ بنێن.» بۆچی ناهێڵیت؟ لەڕای خوا! «واللە حەرامە.» ئاخر بۆ؟! دەیگوت: «لەبەر ئەوەی خۆشویستنی دنیا حەرامە، ئەگەر ئەم کچە ناو بنێن دنیا و سبەی خۆشیان بوێت، وەک ئەوەیە دنیایان خۆشبوێت و بەمەیش لەخوا دوور دەکەونەوە»! ئەمە لەحاڵێکدا بوو ئەو پیاوە، وەک هەمووومان، زۆری کەیف بە دنیا دەهات و لەسەریشی دەجەنگا، ئیتر نازانم لەم ناونانەدا بۆچی گوڵی ئیمانی وا پشکوا بوو و بەچ هۆیەکەوە وا دژایەتیی ناوی دنیای دەکرد؟!

ئەگەر سەر بۆ ئەوەش نەوی بکەین کە ڕاستە هەندێ جار کەسایەتییەکی نێو فیلمێک خۆشەویستیمان بۆ کەسێکی نموونەیی تێکدەدات، دیسان ئەمە ناکاتە ئەوەی ئەو فیلمە حەرامە، دەبێت یاسایەکی قورئانیشمان بیر بێت، «بەراوردی چاکە و خراپەدا سوود و زیانی هەر شتێک کەدێتەڕێمان دەردەکەوێت»، هەرچیمان دیت و بیست، کە بەڵگەی بڕاوەی لەبارەوە نەبوو، دەبێت چاکە و خراپەی بەراورد بکەین ئەوجا حوکمی لەسەر بدەین. دراما و کاری هونەریی، لەبەر خودی هونەربوون و درامابوونیان، هیچ زیانێکیان نییە، ئەگەر دیمەنی خراپی تێ نەخرێت و بۆ لادان بەکارنەهێنرێت، پڕ پڕە لە سوود. بریا هەموو مێژووی خاوێنمان بگۆڕیبایە بۆ کاری هونەری و لانی کەم ئەگەر توانای بەرهەمهێنانی فیلم و زنجیرە درامای نایابمان نییە، بەشێوەی ڕۆمان دووبارە نووسیمان بۆ بکردنایە.

هەرچی خاڵی دووەمیشە ئەوە ئەگەر کارییپیبکەین، دەبێت هەموو کتێبەکانی مێژووی فەرهەنگی ئیسلامی، لە خودی کتێبە مێژووییەکانەوە بیگرە تا دەگاتە فیقهـ و تەفسیر و حەدیس، گشتیان لەناو ببردرێن و ڕێگە بە چاپکردن و وەشاندنیان نەدرێت، چونکە جگە لە قورئان، ئەوانی دی هەموو ئەگەری ئەوەیان بۆ هەیە شتی ناڕاستیان تێدا بێت، زۆربەیان هەر بە ئاشکرا شتی نارەوا و نەچەسپاویان تێدایە. بۆچی ئەگەر زنجیرە درامای پێغەمبەر یوسف سەلامی خوای لەسەر بێت چەند گرتەیەکی نەسەلماوی تێدا بێت، یا هەندێ شت و ڕووداوی وەک ناوی زولێخا و عیشقەکەی و دووبارە گەنجبوونەوەکەی بە بەڵگەی بڕاوە ساغ نەبووبێتەوە، دەبێت فەتوای بەحەرامبوونی بدرێت، کەچی ئەو کتێبە تەفسیرانەی باس لەوەدەکەن «یوسف دوخێنیشی بۆ داوێنپیسی لەگەڵ ژنی عەزیزی میسردا کردووەتەوە و لەجێی جووتبوونیشدا لەنێو هەردوو لاقیدا دانیشتووە، بەڵام بەهۆی بینینی یەعقووبەوە، کە لە ژێر عەرشی خواوە چاوی لێ زەق کردووەتەوە و پەنجەی خۆی گەستووە، پەشیمان بووەتەوە» ناسووتێندرێن

و خوێندنەوەیان بەکاری خێر دەزانرێت و گوتە چەوتەکانی ناویان بە بیانووی ئەوەی گێڕانەوەی سەلەفە، پیرۆز دەکرێن؟! بۆچی ئەو کتێبانە بە حەرام و خراپ و پووچ دانانرێن؟ ئەگەر دەڵێن ئاخر ئەو کتێبانە شتی جوانیان لەو کەمە خراپانە زۆرترە و هەموو کارێک هەر هەڵە و خەوشی تێدا دەبێت؛ ئەی بۆچی بۆ دراما و هونەرەکەش هەر وا ناڵێن؟ بەڕاستی کێشان بەدوو قەپان و دوو هەوا و یەک بان، سیفەت و ئاکاری مرۆڤی باوەڕدار نییە.

بۆ مەسەلەی بوونی ڕووداوگەلی خەیاڵی و ئەفسانەییش، دەبێت بزانین هەروەک چۆن گوتراوە و دەگوترێت: «ئەوەی بۆ خەڵکی تر ڕەوا نییە بۆ شاعیران ڕەوایە»، هەر بەو چەشنەی ئەو هەموو زیادەڕۆیی و چوواندنە ناواقیعانەی نێو شیعر قەبووڵ دەکرێن، جگە لە کەسانی تەنگبین و کورتبین، کەس بە پێوەری ڕاست و درۆ ڕەتیان ناکاتەوە، هەر ئاوەها دەبێت ڕوخسەتی سینەماکاران بدرێت تا دیمەنی خەیاڵی و شتی ناواقیعی بئاخێننە نێو کارەکانیانەوە و لە سێبەری ڕووداوە حەقیقییەکاندا دەرگەی خەیاڵی داهێنانکارانەیان بۆ واڵا بکرێت، تا وردەڕووداو و بەسەرهات بخولقێنن و داستان و چیرۆکەکە پڕ لە تام و بۆنی خۆش و جۆشان و شڵەژانی نەفەسگر بکەن. ئاخر درۆ کاتێک خراپە، چاوی خەڵکی لە ئاست ڕاستی ببەستێت و بەلاڕێیاندا ببات، حەقیقەتیان لێبگۆڕێت و سەریان لێبشێوێنێت، نەک چاویان بۆ دیتنی ڕاستی زەقتر بکاتەوە و سەختتر حەقیان لە دڵدا بچەسپێنێت! دەی خۆ ناکرێت وەسفی (درۆ) بۆ هەموو ئەو قسە و دەربڕینانە بەکاربێنین کە لە واقیعدا ڕوویان نەداوە و بوونیان نییە، یانی درۆ بە قسە و بەسەرهاتی ناواقیعی ناگوترێت، بەڵکو بە دژی ڕاستی دەگوترێت. بۆ نموونە، وەختێک شاعیر برۆی یاری بە کەوان و مانگی یەکشەوە دەشوبهێنێت، قسەکەی زۆر لە

**فیلمی ریسالە ژیاننامەی پێغەمبەر و خۆشەویستیی هاوەڵەکانی خستە نێو دڵ و خەیاڵی زۆربەی هەرەزۆری موسڵمانان و بەشێکی زۆری دنیاوە.**

واقیعەوە دوورە، ئاخر دەڵەدێویش برۆی بە قەدەر کەوانێک نابێت و برۆی وا ئەستوور و زلە، پیاو دەتۆقێنێت. ئەم وەسفە، فرە ناواقیعییە، بەڵام درۆ نییە، بەڵکو زیادەڕۆییەکی ئەدەبی و ناسکوێژییەکی شاعیرانەیە و بڕایەوە. زێدەڕۆیی شاعیرانە و خەیاڵپلاویی شاعیران لە شێوازی ئاخاوتنی قورئاندا نییە، وەلێ قورئان لە مەجاز و نموونهێنانەوەی لە واقیعدا نەبوو و سیمبولیزم خاڵی نییە، نکووڵیکردنی مەجاز و لێکچوواندنی فەنتازی، گوتە و گێڕانەوە و ئاخاوتن وەک کەستەک و بەرد وشک و بێڕووح دەکات. دەڵێم و دەشزانم زۆر کەس لەسەر ئەم قسەیە شیری تەکفیر لە گەرووی بابەتەکەم و خۆشم توند دەکەن و تیری جنێو و تۆمەتیشم بەرەوڕوو ئاڕاستە دەکەن، یا لانی کەم بە «ئەستەغفیروڵڵا» و «تۆبە خوایە» ڕووبەڕووم دەبنەوە، بەڵام هەر دەڵێم و باکیشم لە ڕەخنە و هاتوهاواری ئەو خەڵکە بەدەقەوەدەقگرتووە نییە:

دەبێت بزانین کە قورئانیش دەیان نموونەی وای تێدایە کە دیوە زاهیرییەکەی مەبەست نییە و لە واقیعدا ڕووی نەداوە و ڕووش نادات، بەداخەوە لە مێژووی فەرهەنگی ئێمەی موسڵماناندا زۆربەی

ڕاڤیاران ئەم حەقیقەتەیان لێتێکداوین و ئەو ئایەتانەی قورئانیان بە دیوە ڕووکەشییەکەیدا بردووە، زۆر کرچوکاڵ لێکدانەوەیان بۆ کردووە، بەڵام شوکر بۆ خوا هەمیشە کەسانی وردبین هەبوون تا لە قووڵیی مەسەلەکە ئاگادارمان بکەنەوە. دەربارەی ئایەتی **(وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنْ بَنِي آدَمَ مِنْ ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنْفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا أَنْ تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ) (الأعراف: ١٧٢)**(١) ئەوەندە شتی سەیر گوتراوە نەبێتەوە، جا زانایان خوا عەفوویان بکات یەک خەروار ڕیوایەتیشیان بۆ پشتڕاستکردنەوەی تێگەیشتنە ڕووکەشییەکەی خۆیان هێناوە، لەکاتێکدا دەکرێت هەر بەخودی قورئان مانایەکی بێغەل و غەشی بۆ لێکبدەینەوە. ئەڵبەت ئەگەر بەشێوەی زاهیرەکەی تێیبگەین، شتێکی عەنتیکەی لێدەردێت و دەچێتە نێو بابەتی ئەو چیرۆکانەی لە منداڵیدا بۆ خەواندن، دایک و دادامان بۆیان دەگێڕاینەوە. دەگوترێت گوایە خواوەند لە پشتی ئادەمەوە هەموو مرۆڤایەتی بە وردیلەیی هێناوەتەدەر و وادە و پەیمانی لێوەرگرتوون کە ئەو پەروەرێنیانە و ئەوانیش واژۆیان لەسەر پەیماننامەکە کردووە، ئیتر بۆیان نییە لە قیامەتدا بێئاگاییی خۆیان لەم وادەیە دەرببڕن! بەڵام ئایا بە حەقیقەت ئەم ئایەتە ماناکەی وەهایە؟

پێش هەموو شت دەبێ دیقەتی خودی ئایەتەکە بدەین، ڕوون دەبینین ئایەتەکە نافەرموێت (وإذ أخذ ربک من آدم من ظهره ذريته)، تا بڵێین خواوەند لە پشتی ئادەمەوە هەرچی وەچەی هەیە دەریهێناوە، بەڵکو دەفەرموێت لە پشتی ئادەمیزادەکانەوە، پەروەردگارت نەوەکانیانی ڕاکێشا، یان گرتیانی. ئەمەیش ڕێک مانای ئایەتی **(كَمَا أَنْشَأَكُمْ مِنْ ذُرِّيَّةِ قَوْمٍ آخَرِينَ) (الأنعام:** ١٣٣) دەدات، کەواتە (أخذ) بەمانای (أنشأ) دێت، چۆن شەربەت لە میوە وەردەگیرێت، یان ئاوی میوە دەگیرێت و دەبێتە شەربەت و گیراوە، هەر ئاوەها نەوە لەپشتەباب وەردەگیرێت، یا دەگیرێت. ئیبن تەیمییە و ئیبن قەییم زۆر بە توندی داکۆکییان لەوەکردووە کە دەبێت ئەم ئایەتە وەک تەمسیلێک وەربگرین و بەدیوە ڕووکەشەکەیدا نەیبەین، ئەوان دەڵێن مانای ئەم ئایەتە بەڕوونی لەو فەرموودەیەی خۆشەویستدا دەدرەوشێتەوە کە دەفەرمووێت: «کل مولود یولد علی الفطرة: هەموو لەدایکبوویەک لەسەر فیترەتپاکی و باوەڕداری لەدایکدەبێت». یانی لەناخیدا شایەتیی ئەوە نێژراوە کە خالقێکی هەیە و دڵی بۆی لێدەدات. ئیبن قەییم یەکجار ڕاست و ڕوون دەڵێت: ئاخر من هەر ئێستا و لەم دنیادا هیچ وادە و پەیمانێکی وام لەیاد نییە و بیرم نەماوە، چ بگات بە ڕۆژی قیامەت!

درێژی نەکەمەوە، مەبەستم ئەوەبوو قورئانیش لەو ڕووەوە کە کەلامی خوایە و لە عەینی کاتدا دەقێکی ئەدەبییانەی پڕ لەڕەوانبێژی و ناسکوێژییە، لە دیوە ڕواڵەتییەکەیدا لە باسگەلی ناواقیعی خاڵی نییە، مرۆڤ دەبێت خۆی مانایەکی قووڵی واقیعی لێهەڵکۆڵێت و بۆ ناواخنی قسەکە شۆڕببێتەوە و تەسلیمی دیوی دەرەوەی نەبێت.

نموونەی تریش هەن، دەکرێت کەسێک کە ئایەتی ٧٢ی سوورەتی ئەلئەحزاب **(إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ)** دەخوێنێتەوە، بپرسێت: ئاخر مرۆڤێک کە هەر لە سەرەتاوە خوا وای قەرار داوە بیکاتە جێنشین لە زەویندا و پەیامی خۆی بۆ بنێرێت و ئیرادەی خێر و شەڕی پێداوە، چ مانایەک بۆ ئەوە دەمێنێتەوە بگوترێت پێشتر باری ئەمانەتمان خستەسەر ئاسمانەکان و زەوی و کێوەکان و هەڵیاننەگرت، ئیتر مرۆڤ شانی دایەژێری و هەڵیگرت؟! باسکردنی کێو لە پاڵ زەویدا چ دەگەیەنێت؟ ئەدی شاخەکانیش هەر بەشێک لە زەوی

نین؟ بۆچی بەجیا باسکراون و عەتف کراونەتە سەر زەوین؟ ئەم ئایەتە گەر بە مانا ڕووکەشییەزەقەکەی فام بکرێت شتێکی زۆر سەیری لێدەردەچێت، ئەگەر لایەنی فەنتازی و ڕەمزییانەی قورئان و زوبانە بەرز و ناسکەکەی لەبەرچاو نەگیرێت، خەڵکی بەرەو کوفر زیاتر دەبرێت تا ئیمان، من دەزانم ئەو موبالەغە درۆیینانەی لەشیعردا هەیە، لە قورئاندا بوونی نییە، دەزانم قورئان پەیامێکی سەنگینی پێیە و مرۆڤ بەرەو ئامانج دەبات و سەروکاری لە تەک چاوبەستکردن و خەونی ڕەنگاوڕەنگدا نییە، وەلێ دەشزانم قورئان بۆ کەسانێک دابەزیوە عەقڵیان هەبێت، دەیەوێت زیاتر ئاوەزیان بخەنەکار، ئەمە قسەی موعتەزیلییان نییە، بەڵکو ئاخاوتنی خودی قورئانە، دەتوانن بڕواننە دەیان شوێنی قورئان و چەندین نموونە بۆ بەڵگەی ئەم گوتەیە بدۆزنەوە(٢). ئیتر بۆیە هەندێ جار جۆرە قسەیەک دەکات لە ڕووکەشدا ناواقیعییە، بەڵام بۆ ژیران دیارە ڕووە دەرەکییەکەی مەبەست نییە، ئەم جۆرە دەربڕینانە وا دەکات پەیامە قورس و مەنتقی و حەقیقییەکەی قورئان، شیرین و تەڕ و ئاسان لە دڵ و مێشکدا جێبگرێت، بەمەش دەتوانین بڵێین قورئان نەکتێبێکی فەلسەفەییە و نە دیوانێکی شیعری، قورئان قورئانە و بەس!

دەزانم زۆر لە کرۆکی بابەتەکە دوورکەوتمەوە، بەڵام دەمەوێت ئەوەبێژم، وەختێک قورئان، کە ئەوەندەش لە شیعر و خەیاڵی شاعیرانەوە دوورە، هێشتا شتگەلێکی وای تێدایە، ئیتر بۆچی ڕێگە بە هونەرمەندان و سینەماکاران نەدەین هەندێ جار خەیاڵی خۆیان بەرەڵا بکەن و گرتەی ئەفسووناویمان بۆ تێکەڵ بە مێژوو بکەن؟ ئەدی نابێت ئەوە بزانین کە هەموو دینێک لە پاڵ واقیعە مێژووییەکەیەوە دنیایەک ئوستوورەیشی هەن؟ چما دین کاتێک توخمی ئوستوورەی لێدەربکەیت، بەدینێتی دەمێنێتەوە؟ بڕۆن و نووسین و توێژینەوەی هەموو دیناسە دیندار و بێدینەکانیش بخوێننەوە، بزانە گشتیان لەسەر ئەوە کۆک نین کە دین بێ ئوستووره (أسطورة) نابێت و نەبووە! سینەما دەتوانێت ئوستوورەی دینمان بۆ بەرجەستە بکات و لە مێشکی خەڵکیدا حەقیقەتەکانی ئەو دیو ئەو ئەستوورانەمان بهەوی بەوێنەدەرهێنانی ئوستوورەکانەوە، بۆ بچەسپێنێت. ئێمە تا ئەو کاتەی پشت دەکەینە ئەم هەموو ڕاستییە بە توێژینەوە سەلماوانە، تا ئەو دەمەی بە فەتوای ڕەق و وشک ڕێگە لە هەموو جوانکاری و ناسکی و داهێنانێکی هونەری دەگرین، هەر دەبێت لەدواوەی دنیاوەبین و ڕێک بەو چەشنەی بۆ چاپی کتێب، چەند سەدەیەک لە دنیا جێماین و ستەممان لە قورئان و فەرمودەو کتێبی زانایانیشمان کرد، چون کۆمەڵێک زانای شارەزا لە شەرعی خوادا دەیانگوت چاپ و چاپخانە حەرامە، هەر لەبەر فەتوای ئەو زانایانەش دەبێت چەندین سەدە ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی قورئان و سیرە و مێژووی ئیسلامیمان خەسار و زیانبار بکەین، نەهێڵین بۆ هونەرێکی بەرچاو بگۆڕێن، ئەو هەموو خەڵکە غەیرەموسڵمانەش بهەرەیەکی لێببەن و شتێک لەو جوانییانە بەو چەشنەی چاو و سەلیقەیانی لێڕاهاتووە، ببینن! بریا هەمیشە لەدواوە نەباین و ئەگەر بۆ یەکجاریش بووە پێش کارەسات و لێقەومان بەئاگا بهاتباینەوە.

لە چەندین ساڵی ڕابوردوودا ناوەندە سینەمایی و هونەرییەکانی جیهان کە دیارترینیان هۆلیوودە، دەستیان داوەتەسازاندن و دەرهێنانی فیلمی پاشخان دینی و تۆمارکردنی بەسەرهاتی پێغەمبەران و شێواندنی کەسێتییان و گۆڕین و تێکدانی مێژووی ژیانیان، دەبینین تا باوەڕدارانی لای خۆمان بە زمانێکی لۆکاڵی دوو کتێب دەربارەی گەورەیی و سەروەری ئەو زاتانە دەنووسن،

ئەوان دووسەد فیلم و زنجیرەدراما و ئەنیمەیشن بۆ سوککردن و ناوزڕاندنیان دەخەنە بازاڕەوە و لەپەنایدا چەندین ملیار دۆلار قازانج دەست دەخەن! وا دەزانم هیچ کەسێکی ژیریش نکوولی لەوەناکات کتێب بۆ بژاردە دەنووسرێت، فیلم و هونەر بۆ عام و خاس بەرهەمدەهێنرێن، ئیتر وەک پێشتریش گوتم کاریگەریی ئەمیان دەهێندەی ئەوی یەکەمە، تەنیا دەربارەی مووسا سەلامی خوای لێ بێت نزیکەی ١٠٠ بەرهەمی هونەری دروست کراوە، دەربارەی مەسیحیش چەند فیلم دەرهێنراوە، تەنانەت دەربارەی ژیانی کەسێکی وەک بوودا ٤٤ فیلم بەرهەمهێنراوە، کەچی –بە گوتەی دەرهێنەری ئێرانی، مەجید مەجیدی– تا ئێستا جگە لە فیلمەکەی ڕیسالەی مستەفا عەققاد هیچێکی شایستە لەبارەی ژیاننامەی پێغەمبەر محەممەدەوە سەلام و ڕەحمەتی خوای لێ بێت بەرهەم نەهێنراوە! وای بۆ دەچم عەققادی ڕەحمەتی زۆر زیاتر لە ئیبن هیشام و بەیهەقی و موبارەکفووری و عەبدولعەزیز پارەزانی و سەدان سیرەنووسی تر خێری لە ناساندنی پێغەمبەردا گەیشتبێتێ، ئاخر ئەو ژیاننامەی پێغەمبەر و خۆشەویستیی هاوەڵەکانی خستە نێو دڵ و خەیاڵی زۆربەی هەرەزۆری موسڵمانان و بەشێکی زۆری دنیاوە. توانی بەو ئیمکانییاتە کەمەی بەردەستی، بۆنوبەرامەی ژیاننامەی ئەو خۆشەویستە موبارەکەمان لە چواردەسەدەوە بۆ بگوازێتەوە و هەستەکانمان بەیادی وی، گوڵاوی و بۆنخۆش بکات. دەی چارەکێکی ئەمەمان لە هیچ نووسینێکدا دەست ناکەوێت. ئەم قسەیە مانای بێنرخیی نووسین و کتێبەکانی ژیاننامەی خۆشەویست نادات، کەمکردنەوە نییە لە گەورەیی نووسین، بەڵکو بەرزکردنەوەی هونەر و سینەمایە و بەس، خۆ ئاشکرایە هەر فیلمێکیش لەسەر بنەمای نووسینێک بەرهەم دێت، بەڵام کاریگەریی فیلمەکە زۆر لەو نووسینە زیاترە کە لێیەوە هەڵگۆزراوە.

یەکێک لەئەرکە هەنووکەییەکانی بیرمەندان و مژووڵانی بوواری کەلامی ئیسلامی ئەوەیە تەنزیری ئەم مەسەلەیەبکەن و لەمەزیاتر گۆڕەپان بۆ فەتوادەران چۆڵ نەکەن، واجبی سەر شانی ئەهلی فیکرەکە و ڕیایی بەئەهلی فیقهـ بدەن و وایان لێ بکەن بەڕاستەوە هەڵگری ناوی گەورەی خۆیان بن، فەقیهـ یانی ورد و شارەزا و تەواوتێگەیشتوو، دەی کەسێک ئاگای لەواقیعی دنیا و حەقیقەتەکانی دەرەوەی بوارەتەسکەکەی خۆی نەبێت، کەی شارەزایەو تێگەیشتنی چۆن تەواوە؟!

.................................................

## پەراوێز

١- مانای زاهیریی ئایەتەکە ئەمەیە: کاتێکیش پەروەردگارت لە پشتی ئادەمیزادەکانەوە نەوەکانی دەرهێنان و بەسەر خۆیانەوە کردنی بە شاهێد، ئەرێ من پەروەردگارتان نیم؟ گوتیان: بەڵێ. ئیدی ڕۆژیی دوایی نەڵێن ئێمە لەم پەیمانە بێئاگا بووین!

٢- بۆ نموونە بڕواننە: البقرة: ١٦٤ و ٢٤٢، الأنعام: ١٥١، یوسف: ٢، النحل: ١٢ و ٦٧، العنکبوت: ٣٥، الروم: ٢٤ و ٢٨، الجاثیة: ٥،النور: ٦١، غافر: ٦٧، الزخرف: ٣، الحدید: ١٧.



# له پێناو مۆدێلێکی کوردانەی پیادەکردنی ئیسلامیبووندا

ئەبوبەکر عەلی



ئەبوبەکر عەلی
لەدایکبووی ١٩٦٥
بەکالۆریۆس لە یاسا
پانزە بەرهەمی
چاپکراوی هەیە،
چەندین وتار
و لێکۆڵینەوەی
بڵاوکردوەتەوە

کاتێک ئیسلام لە هەڵکشانە خێرا و پڕوزەکەی سەرەتای خۆیدا، لە ڕێی موسڵمانانەوە چووە نێو چەندین قەڵەمڕەوی ئاینی و فەرهەنگی و شارستانیەوە، دۆخێکی نوێ و جیاواز بۆ دووبارە خۆپێناسەکردنەوەی چەندین ناسنامە هاتە پێشەوە، هەندێ چوارچێوە و ناسنامە و پێوەریش کە بە پلەی یەکەم چارەنوسیان بە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان و سیستمە حوکمڕانەکانەوە بەسترابوونەوە، بە تەواوی لەناوچوون، یاخود سست و لاواز بوون و کاریگەریان لە ڕاستەوخۆوە بوبە ناڕاستەوخۆ. ئەگەر سەرکەوتنەکانی ئیسلام بەسەر دەسەڵاتە ئیمپراتۆریە مێژووییەکاندا بۆ هەندێک فەرهەنگ و نەژاد و لە سەردەمی نوێشدا نەتەوە و بزووتنەوەی نەتەوەیی، بە شکاندنی شکۆ و داگیرکردن و ڕووخاندنی دەسەڵات لەقەڵەمدرابێت، ئەوا بۆ ئێمەی کورد کە لەسەروبەندی سەرهەڵدانی ئیسلام و دواتر پەلبۆهاویشتنی خاوەنی هیچ دەسەڵاتێک نەبووین، تەواو جیاواز بوو. ئەگەر ئێمە بچینە ژێر هەندێک لێکدانەوەی مێژوویی و بەرەنجامگیری ناسیۆنالیستانەی کوردیشەوە و (ماد) بە ئیمپراتۆریەتێکی کوردی لە مێژوودا لەقەڵەمبدەین، ئەوا نێوانی ڕووخانی (ماد) و سەرهەڵدانی ئیسلام هەزار ساڵی ڕەبەقە، واتە ماوەی هەزار ساڵی تەواو، کورد لە مێژوودا بە نیمچەنادیاری ماوەتەوە، نەیتوانیوە سەرپێبکەوێتەوە. بۆیە لافاوی لەشکرە ئیسلامییەکان و هەڵتەکاندنی بنەمای ئیمپراتۆریە تەقلیدیەکانی وەکو ساسانی، بۆ کورد زەمینەی دووبارە سەرهەڵدانەوە و هاتنەوە سەر شانۆ و دەرکەوتنەوەی لە مێژوودا بۆ ڕەخساند. دوای ئەو مێژووە، ڕوخسارەکانی کورد بە ڕوونی بە مێژووەوە دەردەکەونەوە، لەو تەمومژ و نادیاریەی پێش ئەو قۆناغە ڕزگاری دەبێت. ئەمەش ڕێک پێچەوانەی ئەو بۆچوونە ناسیونالیستییە سەرپێیانەیە، کە هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە بە زەبردان لە ڕوح و ناسنامەی کورد دەزانن چونکە نەک هیچ بنەماڵە و ئیمپراتۆریەتێکی کوردنەژاد لەسەروبەندی هاتنی ئیسلامدا نەبووە تا بڕوێت، لەولاوە بە ڕووخانی ئەو چوارچێوانەی هەبوون، بوار بۆ دووبارە خۆپێناسەکردنەوە و ئامادەبوونەوە و گوزارشت لە خۆدانەوەی ناسنامەی کوردی ڕەخساوەتەوە. چونکە ئیسلام وەک پەیام ئاڕاستەی زمان و فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەیی نەدەکرا. هێندەی ئاڕاستەی بیروباوەڕی ئاینی دەکرا، ئازادی ئاینیش بۆ ئەوانەی لەسەر ئاینەکەیان دەمانەوە دەستبەرکرابوو. بۆیە زۆرلێکردن هێندەی ئاڕاستەی سەرچاوەکانی خودی زۆرلێکردن، واتە لەشکری ئیمپراتۆریەکان و ئامرازەکانی بنەماڵە و حوکمڕانەکان دەکرا، ئاڕاستەی مرۆڤە ئاساییەکان نەدەکرا. دوای سەقامگیری ئیسلامیش لەناو میللەتانی ناوچەکە و گەشەسەندنی شارستانێکی ئیسلامی و شکڵگرتنی مێژووی هاوبەشی میللەتان لەژێر کاریگەری باڵادەستی ئیسلام و بنەماڵە حوکمڕانە موسڵمانەکان، کورد بەشداریەکی کاریگەری لە بنیاتنانی ئەو شارستانێتی و داڕشتنی مێژووی ئیسلامی دا کرد. لە ڕێی پێشکەشکردنی ژمارەیەکی زۆر لە عەقڵی زانستی و قەڵەمی دیار و سەرکردەی ناودار و خوێنی شەهید و...هتد. واتە لەگەڵ گەشانەوەی شارستانێتی ئیسلامی و تێپەڕینی ڕۆژگار ئامادەبوونی کورد تەنها بۆ گوزارشتدانەوە لە ڕوخسارێکی جیاوازی زمان و فەرهەنگی نەبوو، بۆ ئاماژەکردن بەمان و نەتوانەوە نەبوو، بەڵکو سەریکێشا بۆ بەشداری لە بنیاتنانی شارستانی و داڕشتن و ئاڕاستەکردنی مێژوو خولقاندنی بەشێ لە ڕووداو و وێستگە گرنگ و گەورەکانی. سەرکردە مەزنەکانی وەکو (صلاح الدین)یش لە سۆنگەی ناسکی و مەترسیداری ئەو ڕۆڵەی لە مێژوودا گێڕایان، بوون بە ناسنامەی میللەتی کورد.

## ئیسلام و دووبارە خۆپێناسەکردنەوەی نەتەوایانەی کورد لە سەردەمی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمدا

لە ژێر کاریگەری ئاڵوگۆڕ و کەوتنە ژێر کارتێکردنی بیرباوەڕە نوێکان، لەوانەش نەتەوایەتی (ناسیۆنالیزم) لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە، سەرەتاکانی دۆخێکی نوێ لە ناوچەکە و چوارچێوەی قەوارە فشەڵەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی چەکەرەی کرد. سیاسەتی نوێکردنەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت و بە ناوەندکردنی بووە هۆی کۆتاییهێنان بە دیاردەی میرنشینی کوردی کە بۆ سەدان ساڵ ئاماژە بوو بە جۆرێک لە خۆبەڕێوەبردنی خۆجێیی کورد لە ناوچەکانی خۆیاندا. بە لە ناوچوونی ئەم چوارچێوانە و دوورکەوتنەوەی ڕۆژ بە ڕۆژی ئیمپراتۆریەت لە پێوەرەکانی و نوێکردنەوەی دامودەزگاکانی لەژێر فشاری خۆرئاواییەکاندا، بۆشاییەکی ڕاستەقینە لە کوردەواریدا سەریهەڵدا. بێ درێژکردنەوەی بابەتەکەش ئەم بۆشاییە بە پلەی یەکەم لە لایەن تەریقەتە ئاینییەکان و ڕابەرە میللیە ئاینییەکان و هەندێ لە شێخەکانی تەریقەت پڕکرایەوە. بە وتەی (د.مەریوان وریا) ئیسلامی کوردی و تۆڕە خۆماڵیەکانی خۆڕێکخستنی لە کوردستاندا، کە لە تەریقەتەکاندا بەرجەستە دەبوو، چوارچێوە سەرەتایەکانی گەشەکردنی بە نەتەوایەتی کوردی بەخشی، هەر لە شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی نۆزدەوە، تا ڕاپەرینەکانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ مەحمود و شێخ سەعیدی پیران ئەو ڕاستییە دەردەبڕن. ئەم دۆخە عەفەویەی پەیوەندی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزمی کوردیش کە لە یەکترتەواوکردنێکی بێ پێناسەکردن و تیۆریزەکردندا بوون، تا چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە ئاستێکدا درێژەی کێشا. بەڵام لە دوای ئەو مێژووەوە گەرچی هەناسەیەکی ئەم قۆناغە لە شۆڕشی ئەیلولیشدا لانیکەم لەسەر ئاستی بنکەی شۆڕش هەستپێدەکرا، دووچاری جۆرێک لە پچڕان هات. سەرەتا چەپ وەک ئایدۆلۆژیایەکی نانەتەوەیی و دژە دینی، ڕۆڵی هەبوو لە دروستکردنی جۆرێک لە یەکدابڕان و دواتر کێشە دروستکردن. خودی چەپ و هەندێ هۆکاری تریش کاریگەر بوون لەسەرهەڵدانی سەرەتاکانی بزاڤی ئیسلامیی نوێ

### سەرهەڵدانی بزاڤی ئیسلامیی نوێ

لە کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا ئوسرە سەرەتاییەکانی (ئیخوان) وەک ڕەمزی ئایدۆلۆژیای نوێی ئیسلامیی لە کوردستاندا سەرهەڵدەدەن. ئەم ڕەوتە لە پەراوێزی کۆمەڵگای کوردیدا درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. بەڵام لەبەر ئەوەی دید و بۆچوونە (ئیخوان)ییەکەی تا ڕاددەیەکی زۆر بێ پرسیارکردن دەگوێزرایەوە بۆ ناو کوردەواری و خەڵکی پێگۆشدەکرا، یەکێک لە خەسڵەتەکانی (ئیخوان)یش نانەتەوەییبوون و باسکردن بوو لە پێویستی بوونی بزاڤێکی ئیسلامیی جیهانی و ململانێی نێوان خۆرئاوا و خۆرهەڵات، هیچ دیدێکی چوارچێوەدار و ڕوونی لەمەڕ پرسی نەتەوەکان و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی نەبوو. ئەم فکرە گەرچی ئیسلامیی بوو، بەڵام لە ڕووە حەرەکی و فکریەکەیدا بە کۆمەڵی کوردەواری نامۆ بوو. هەر ئەوەش وای کرد بۆ ماوەیەکی زۆر نەتوانێت کاریگەریەکی بەرچاو بەسەر کۆمەڵگاوە بەجێبێڵێت. گەرچی واقیعی کوردەواری و میللی بوونی شۆڕشی ئەیلول بە جۆرێک بوو، کە هەندێ لە ڕەمزە (ئیخوان)یەکان لە چوارچێوەی یەکیەتی زانایانی نزیک لە شۆڕش ڕۆڵ ببینن. بەڵام بە گشتی ئەم (فکر)ە لەو سۆنگەوە کە لە

# سەلەفیەکان پەرە بە ڕۆشنبیری حوکمڕانپەرستی دەدەن و پاساوی دینی بۆ زوڵم و خراپەکاری دێننەوە

ڕووی فکریەوە کێشەی لەگەڵ نەتەوەیەتیدا هەبوو، لە ڕووی تایپ و جۆری دینداریەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری سەلەفی پێوە دیار بوو، لە ژێر کارتێکردنی بیروڕاکانی (سید قتب) و (مەودودی) بوو، نەیدەتوانی کارلێکی زیندوو لەگەڵ مرۆڤی کورد و واقیعی کوردستان بکات، ئەمەش بە ئاستێکی تر و دیوێکی تردا بە هەمان شێوەی ئایدۆلۆژیا چەپ و عەلمانیە باڵادەستەکە، جۆرێک لە دابڕانی لە نێوان بیرکردنەوەی شوێنکەوتووانی و مێژوو کەلەپوری شۆڕشگێڕانەی کوردی لە مێژووی نوێدا دروستکردبوو.

ئەمەش وایکرد جۆرێک لە پێکدادان لە نێوان ئەمان و هەندێ تایپی تەقلیدیی و دینداری لە کوردستاندا دروستبێت. دوای سەرهەڵدانی ڕەوتی ئیسلامیی چەکدار و تێکەڵاوبوون و کاریگەر بوونی بەشێک لە ڕۆڵەکانی بە بیروڕای سەلەفیەتی جیهادی ، نامۆبوونەکە هێندەی تر پەرەی سەند، کار گەیشتە لاساییکردنەوەی جلوبەرگ و لەبەرکردنی جلی موجاهیدە ئەفغانیەکان، بە جۆرێک کە لە دوای ڕاپەڕینەوە تەوژمە ناچەکدارەکە توانی خێراتر خۆی لەگەڵ واقیعە کوردەواریەکە و واقیعی دوای ڕاپەڕیندا بگونجێت و دەستکاری بەشێک لە دیدگا و بیروڕاکانی بکات. بەڵام لە ئێستادا خۆشبەختانە پرۆسەی بە کوردیکردنی فکری تەوژمی ئیسلامی لە کوردستاندا قۆناغی باشی بڕیوە و لە ڕووە نەتەوەییەکەوە گەیشتووە بە هەڵبڕینی دروشمی سەربەخۆیی. کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاستێکی دڵخۆشکەری خۆگونجاندنی سیاسییە، گەڕانەوەشە بۆ مێژوو کەلەپوری ئەو قۆناغە لە مێژووی کوردەواری، کە ڕەمزی ئاینییە میللیەکانی کۆمەڵا ڕێبەرایەتی شۆڕشیان دەکرد، بەشێکیان داوای سەربەخۆییان بۆ کوردستان دەکرد. گەرچی هێشتا ناوەوەی هێزە ئیسلامیەکان چاوەڕێی هەندێ گۆڕانکاری ترە، بۆ ئەوەی لەسەر ئاستە پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکەشدا پرۆسەکە بە تەواوی سەرکەوتوو بێت .

## سەلەفیەت تەوژمێکی دژە کولتووری لە کۆمەڵگەدا

لەگەڵ ئەوەی هێشتا پاشماوەی مۆدیلە فکری و ئیسلامییە ناسازگارەکە بە ڕوحی کوردەواری، بە ئاستی جیاواز لە نێو ئیسلامییەکاندا هەستی پێدەکرێت. بەڵام ئەو تەوژمەی لەم ڕۆژگارەدا مەترسی بۆ سەر مۆدێلی تێگەیشتن و پیادەکردنی کوردەواریانە و خۆماڵیانەی ئیسلام دروست دەکات سەلەفیەتە. سەلەفیەت بە حوکمی نانەتەوەییبوون، جیهانییبوون، دەقگەرایی و بەسەنتەرکردنی تێگەیشتنی هەندێ نەوە و زانا و ڕەمز، کە هیچیان کورد نین و زۆربەشیان عەرەبن، هەروەها بەهۆی تێکەڵبوونی تەواوی بە کولتووری عەرەبی و دەستگرتنێکی ناعەقڵانی بە دەقی فەرموودە با لاوازیش بێت، ڕەتکردنەوەی خوێندنەوەی سەردەمیانە بۆ دەق و ڕابردوو و شوێنکەوتنی دەمارگیرانەی سەلەف، مەترسیەکی ڕاستەقینە لەسەر کولتووری ئاینی و کۆمەڵایەتی

کوردەواری پێکدەهێنن و دەستکاریەکی خراپی ویژدان و سەلیقە و تێگەیشتنی بەشێک لە خەڵکی ئاسایی دەکات . ئەمە جگە لەو مەترسیە سیاسی و ئەمنیەی لە دواڕۆژدا سەلەفیەکان دروستی دەکەن، بە حوکمی ئەوەی زەمینەی فکری و دەروونی بۆ توندوتیژی و تیرۆری ئیسلامی گەشەپێدەدەن، لە لایەکی ترەوە پەرە بە ڕۆشنبیری حوکمڕانپەرستی دەدەن و پاساوی دینی بۆ زوڵم و خراپەکاری دێننەوە ! کە ئەمەی دواییان جیاکەرەوەیەکی قێزەونی سەلەفی مەدخەلیە. ئەم ڕەوتە لە ئێستادا بە ئاشکرا بانگەشە بۆ مۆدیلێکی تێگەیشتنی مێژوویانە و عەرەبیانەی دەقی ئاینی لە ئیسلامدا دەکات، ئەو مۆدیلە دینداریەی ئەوان بە تەواوی بە روح و واقیع و مێژووی کوردەواری نامۆیە. ئەمەش وا دەکات ڕووبەڕووبوونەوەی ببێتە ئەرکی هەموو ئەوانەی بەرگری لە ئیسلامی میانڕە و روحی کوردەواریانەی پیادەکردن ئیسلام و پرۆژەی نەتەوایەتی کوردی و دیموکراسی و ئازادی دەکەن.

## بەرەو برەودان بە کوردەواریەکی ئیسلامی میللیی و بەتەواوی خۆماڵیکردنی فکری ئیسلامیی نوێ

بۆ ئەوەی تەوژمی ئیسلامیی وەڵام بە داخوازیەکانی واقیع و مرۆڤ و کۆمەڵی کوردستان بداتەوە، گرنگە بەخۆداچوونەوەی قوڵتر بکات، پەرە بە تایپێکی لێبوردەتر و کراوەتر و خۆماڵیتری دینداری بدات، لە ژێر کاریگەری پاشماوەی تێگەیشتنی عەرەبیانە و دابونەریتە بەسەرچووەکان دەربچێت. ئەمەش دووبارە خۆبیناکردنەوەی فکریی و ڕێکخراوەیی و سیاسیی دەخوازێت.

چونکە چوارچێوە و فۆرم و شێوازە کۆنەکان، توانای لەخۆگرتنی گۆڕانکاری و بەخۆداچوونەوە گەورەکانیان نییە. هەڵبەت کە ئەم قسانە دەکەین مەبەستمان ئەوە نییە پشت بکەینە فکری ئیسلامیی عەرەبیی و غەیری عەرەبیی. چونکە فکر سنوور ناناسێت و دەبێت شێواز و مۆدێلە فکرییەکانیش لەگەڵ یەکدا بکەونە گفتوگۆوە . ئەوەی لەم ڕووەوە مەبەستمە ئەوەیە کە ئێمە پەرستشیانە مامەڵە لەگەڵ فکردا نەکەین و وەک ڕابردوو نەبینە دەروێش و گوێڕایەڵ و شوێنکەوتەی بێ ئەملا و ئەولای هیچ نوسەر و بیرمەند و قوتابخانە و تەوژمێکی فکری و حەرەکی و ئیسلامیی، هەمووان وەک ئەزمونێکی تایبەت بە وڵاتەکانی خۆیان سەیر بکەین ، لە دیدێکی ئیسلامیی و کوردانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین و بەو ئەندازەی هەر یەک لەوان دەتوانێت خزمەت بە روحی مرۆڤی ئێمە و بەرەوپێشبردنی واقیعە کۆمەڵایەتیی و ئاینیی سیاسییەکەمان دەکات، هەوڵی وەرگێڕانی بۆ سەر بەرنامە و پرۆگرامی ئیشکردن بدەین و بانگەشەی بۆ بکەین. دەبێت بیرمەندی ئیسلامی خۆشمان بەسوود وەرگرتن لە فکری ئیسلامی بە گشتی بە ڕەنگ و مۆدێل و ئەزموونە جیاوازەکانی، بە گشتی فکری مرۆڤایەتی، خوێندنەوەی ئیسلامیی خۆی بۆ ڕووداو و دیاریدەکات ، چۆنیەتی دابەزاندنی دەق و ڕووداوەکانی هەبێت. لە پێناو خەملاندنی ئەزمونێکی سەربەخۆی کوردستانیی

**ئیخوان هیچ دیدێکی چوارچێوەدار و ڕوونی لەمەڕ پرسی نەتەوەکان و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی نەبوو**

لە چوارچێوەی تەوژمی ئیسلامییدا .

دەبێت ئەو سەردەمە بڕوات ئێمە ببین بە ئەسیری هەندێ نووسەر و شەرعزان و ناو و ڕەمز و بە سامەوە لێکدانەوە و ڕاڤەکانیان وەربگرین و بێ هەڵسەنگاندن باوەڕیان پێ بکەین .

کاتی ئەوە هاتووە روحە عارفانەکەی مەولەوی و مەحوی و جزیری و مەولانا خالد و شێخ عوبەیدوڵلا و قازی و دەیان و سەدانی تر تێکەڵ بە خوێندنەوەی ئیسلامییەکانی خۆمان بکەینەوە. بەوەش لە کاتێکدا دژی خورافەی دینی و دینی نادین دەوەستینەوە، خوازیاری نوێکردنەوەی تێگەیشتنی کۆمەڵگا بۆ ئیسلام و پەیامە عەدالەتخوازەکەی دەبین، لە چوارچێوەی هەمان کەشوهەوا کوردیەکەدا ئەمە بکەین و پێمان وانەبێت سەلەفیەت دەرمانی لە ڕێلادان و ناتەواوی بەشێ لە ئەهلی تەریقەتە. چونکە تەریقەت و ئەهلی تەریقەت بە هەموو ناتەواویەکانیەوە، بەشێکی جیانەکرانەوەی مێژوو و کولتووری ئاینیی و ئەدەب و واقیعی ئێمە بوون و هەن. لە کاتێکدا سەلەفیەت هەر لە سیمای شوێنکەوتویانەوە بگرە تا ڕەفتار نواندنیان و ئەو تایپە لە زمان و ئەخلاقی دینی کە هەڵگرینی، لە دوور و نزیکەوە پەیوەندیان بە مێژوو و واقیعی ئێمەوە نییە. کێشەکە لەوەدایە. وەکو ئیسلامییەکان گەر تێکەڵا بە کاری سیاسی نەبن، گۆڕانیشیان قورس دەبێت و دەبن بە سەرچاوەیەکی نیگەرانی ویژدانی ئاینی و شێواندنی کولتوور و تایپی دینداری تایبەت بە کوردەواری. تایپی کوردەواری دینداری ڕوحەکەی پاک و سادە و عەفەوی و کراوەیە. کێشەی لەگەڵ هونەر و پشودانی دەروونی نەبووە، لە بەرامبەر بەرامبەری ئاینی لێبوردە بووە. ڕاستە کێشەی هەبووە و هەیە، بەڵام کێشەکە هێندەی پەیوەندی بە نزمی ئاستی هوشیاری و دواکەوتوویی ئاستی مەعریفی و شارستانی کۆمەڵگاوە هەبووە، بەو ئەندازە پەیوەندی بە ڕۆحی مۆدیلەکەوە نەبووە. یەکێ لە خاڵە گەشەکانی ئەم مۆدیلە ئیسلامییە مێژوویە کوردیەش بەرهەمنەهێنانی سەلەفیەتە لە مێژووی خۆیدا. باوەشکردنیەتی بۆ عیرفان و توانای پارێزگاریکردنی بووە لە مۆرکی کوردەواریانەی کۆمەڵگا. هەروەها توانای خۆگونجاندنی بووە لەگەڵ پێویستییەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی نەتەوایەتیی کوردی، هەروەها توانای بەرگریکردنی بووە بۆ گەشەنەکردنێکی گەورەی توندوتیژی ئیسلامیی و پاڵپێوەنان و ناچارکردنی ئیسلامییەکانیش بۆ دووبارە خۆبیناکردنەوە و ئاشتبوونەوە لەگەڵ واقیع و مۆدیلە کوردەواریەکەی تێگەیشتن لە ئیسلام و پیادەکردنی. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەم مۆدیلە زیاتر گەشبکرێتەوە و متوربە بکرێت بە توخمی نوێی هوشیاری و ئاگابوون لە ڕەهەند مێژوویە بەسەرچووەکەی و خستنەڕووی سەکۆ و پێگە و واقیعی نوێ بۆ گوزارشت لە خۆدانەوە و گەشانەوە و دووبارە شکڵگرتنەوە و گونجاندن لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەمدا. هەر لەم شوێنەشدا دەبێت سەرنج ڕابکێشین بۆ بایەخی نوێکردنەوەی ڕێبازەکانی وتنەوەی (فقه) و جۆری پێگەیاندنی مامۆستایان و فتواکان. چونکە بە حوکمی ئەوەی (فقه) بەشێکی زۆری ڕەنگدانەوەی عورف و بەرژەوەندی و ئەو سەردەمانەیە تیایدا تۆمارکراوە، بەشێکی بە واقیعی ئێمە نامۆیە، هەر ئەوەشە هەندێ جار پەشێوی و دڵەڕاوکێ و ناسازگاری دەنێتەوە.

لە پاڵ ئەمەدا کاتی ئەوە هاتووە بە متمانەیەکی زۆرترەوە لە بەرهەمی بیرمەند و قەڵەمە ئیسلامییەکانی خۆمان، بەتایبەتیش ئەوانەی هەوڵی سەرلەنوێ بیناکردنەوەی فکری ئیسلامیی کوردی لەبەر ڕۆشنایی ڕۆحیەتی مرۆڤی کورد و فەرهەنگەکەی دەدەن، ڕابمێنن و قسەیان لەسەر بکەین و هانیانبدەین و ڕەخنەیان لێبگرین.

# ئیسماعیلی کورد و

## جەنگی کورد و تورکە ئۆزبەگی
## لە ناوچەی کەلاّت لە خۆراسان

### ساڵی ١١٦٣ هەتاوی ١١٩٨ی کۆچی
### هەتا هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم ١٩١٤ز



حەسەن مەحمود حەمەکەریم



لەدایکبووی ١٩٥٥
بەکالۆریۆس لە مێژوو
زیاتر لە پانزە بەرهەمی
چاپکراوی هەیە.

له مێژوودا هەواڵی زۆری هێرشە دڕندانەکانی گەلانی مەغۆل و چینی و ئۆزبەگی و خێڵە تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاستمان بیستوە، کە بەسوارەکانیانەوە پەلاماری گەلانی ڕۆژئاوایان داوە، شارستانی و دەوڵەتی وەک عەباسیەکانیش نەیتوانیوە خۆیان لەبەریاندا بگرێت. ئەو پەلامارانانە بە مەبەستی تالانی و ڕاوڕوت بووە، نەک بەوەی کە شارستانیەتیان بووبێت و بیانەوێت بیگەیەنن و پایەدارتری بکەن، هەموو مرۆڤی نەخوێندەوار و شەڕەخۆر و خوێنڕێژبون، بەسەر هەر وڵاتێکدا ڕۆشتبن، کاولیان کردوە و گەلەکەیان قەتڵ و عام کردوە، هەرچیان هەبوبێت بەتاڵان بردوویانە، جەنگیزخان و تەیموری لەنگ و هۆلاکۆ و دەیانی تر لەپێش و پاشی ئەوان، نموونەی ئەو قەسابخانانەن کە تورکە مەغۆلەکان دروستیانکردبوو بۆ گەلانی ناوچەکە، ئەوانە بەدوای لەوەڕ و پەیداکردنی دانەوێڵەدا بە چەتەیی و ڕێگری و تاڵانی، لەسەر ڕزق و ڕۆزی و سەروماڵ و سامانی گەلان و خەڵکی سنووری دێهاتیەکانی نێزیکیانەوە دەژیان، گوێیان لێنەبوو چەند کوشتار و زەرەرو زیان لەخۆیان و خەڵکی بدەن، تەنانەت جاری وابووە هەزاران و دەیان هەزار کوژراو لەخۆیان جێماوە.

ژمارەیەکی زۆر کورد لە ناوچەی خۆراسان دوور لە خاکی کوردوستان لە ڕۆژهەڵات و باکوری ئەو هەرێمەدا دەژی، نازانرێت ئەو کوردانە بۆچی کەوتونەتە ناوچەی خۆراسان و سنوورەکانی خوارزم و باشوری ڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوێن، لەکەیەوە لەو ناوچانەدا دەژین، هەندێک ڕاوبۆچون لەسەریان هەیە، بەڵام جێی متمانە نییە. لە ناوچە سنووریەکانی گەلات درگز لە باکور و ڕۆژهەڵاتی خۆراسان، دوای کوژرانی نادرشای هەوشار هەندێ ڕووداو ڕوویداوە، لەو پەلامارانەدا چەندین جار دێهاتی کوردنشین بە ئاگری تورکە ئۆزبەکیەکان سوتاوە و ماڵیان تاڵانکراوە، ژن و منداڵیان بە کۆیلە براوە و فرۆشراون، دوو تیرەی کوردی شیخوانلۆ و سوفیانلو لە ناوچەی کەلات و داوێنی چیای هەزار مەسجید کەوتونەتە بەر ئەو شاڵاوە، تیرە ڕەوەندەکانی ئۆزبەگستان هەمویان ڕێگر و تاڵانکەربون، ژیانیان بە بەخێوکردنی مەڕ و ئەسپ و وشترەوە خەریکدەکرد، گشتیاری و چاندنی گەنم و دانەوێڵە لایان باونەبوو، نەیاندەتوانی ساڵانە نانی خۆیان بەدەستبهێنن، ژیانیان لەسەر تاڵان و کوشت و کوشتاری دێهاتەکانی دراوسێیان بوو، ئەسپی چاک و تیژڕەویان هەبوو، پەلاماری کتوپڕیان دەدا، هەروەها وشکەساڵی و نەهاتی مەغۆل و تورکەکانی ناچار دەکرد کە بۆ نانپەیداکردن و بژێویان، لەکاتی حاسلات و بەروبوم و دروێنەدا پەلاماری دراوسێکانیان بدەن، لەوکارەدا سڵیان لە کوشتن و خوێنڕشتن نەدەکردەوە، بەسواری و چەکی تەواوەوە لە سنوور دەپەڕینەوە و دێهاتە کوردەکانی کەلاتیان تاڵان دەکرد و بەدەستکەوت و تاڵانیەوە دەگەڕانەوە، یەک دووساڵ پێی دەژیان و کەلێیان دەبڕا دووبارە دەستیان پێدەکردەوە، ئەم پەلامارانە لە سەرخەسەوە تا نزیکی دەریای خەزەر و دەشتی گورگان ڕوی دەدا، کە ناوچەی کەلات لەم هەرێمەدایە. وشکەساڵی و نەهاتی دەشتی تورکستان دانیشتوانی ناچار دەکرد کە بۆ نانپەیداکردن کاری ناشایستە بکەن، هەمیشە لە دووسەد سوار تا هەشت سەد سواریان کۆدەکردەوە، سەردەستەیەکیان بۆخۆیان دیاریدەکرد. جلوبەرگی جیاوازی لەبەردەکرد و ئازاترینیان بوو، گەر زیانێکی لێبکەوتایە ئیتر

زنجیرەی کاریان هەڵدەوەشایەوە، لاشەکەیان دەبرد و هەڵدەهاتن، کوردەکانیش کوڕی ئازایان زۆربوو. لەکاتی بەروبوم کۆکردنەوەدا چەکەکانیان لەپاڵ خۆیان دادەنا و دیدەوان و پاسەوانیان دیاریدەکرد تا ئاگاداری هاتنی تالانچییەکان بن، چەکی دوژمن تیر و شیر و خەنجەر و تفەنگ و ساچمەزەن بوو، بەلام چەکی کوردەکان تفەنگی نێزەداری دوڵقان بوو،

## داستانی تەختی کوشتار:

لە هاوینی ساڵی ۱۱۶۳ی هەتاوی ۱۱۹۸ی کۆچی ۳۵۰ سوارەی تورکمانی ئۆزبەگی لە قوچانەوە کەدێیەکە لە تورکمنستانی باشوور، بەنیازی تالانکردنی دێکانی (لائین و خاکستەر) پێشڕەویانکرد، چەند سوارێکیان بۆ دیدەوانی لە پێش خۆیانەوە دەنارد، شوانە کوردەکان لە دورەوە چاویان کردن، خەڵکیان ئاگادارکرد و زووهاتنە دەست و بۆسەیان لەسەر ڕێیان بۆ نانەوە، هەر کە نێزیکبونەوە دەستڕێژیان لێکردن و هەندێ کوژراو و ٤٥ بریندناریان لێخستن و تا توتنیان هەڵهاتن، کوردەکانی دێی خاکستەر دوایان کەوتن و بەدوایاندا زۆر دوورکەوتنەوە، کە تورکەکان زانیان واز ناهێنن، لە چەند لایەکەوە بۆیان گەڕانەوە و گەمارۆیاندان و گرتنیان، لەدەشتێک کە ئەمڕۆ پێیدەڵێن تەختی کوشتار کۆیانکردنەوە، دوای دارکاری و تێهەڵدان ٤١ لاوی کوردیان کوشت و دوایی پارچەپارچەیان کردن، کە هەندێکیان تازەزاوا و هەندێکی تریان دەستگیراندار بوون، ئامادەبوون دوای بەرهەم کۆکردنەوە بوکەکەیان بگوازنەوە، پاشان خەڵکی لائین و خاکستەر کە بەوەیان زانی، لەناو شین و شەپۆڕی گریان و ڕۆڕۆو لەخۆداندا، لاشەکان و پارچەکانیان کۆکردەوە و ئەسپەردەیان کردن،

ئەمڕۆ زیاد لە دووسەد ساڵ بەسەر ئەو ڕوداوە ئەسەفبارەدا گوزەریکردوە، بەلام کوردەکانی ئەو ناوچەیە هەتا ئەمڕۆکەش هەر یادی دەکەنەوە، سروودێکیان بۆ ئەو یادە بە زمانی کوردی هەیە و هەموو ساڵێک دەیڵێنەوە و فرمیسک دەڕێژن، ئەمە بەشێکە لەو سرودە:

(ئەی لاوانی بەئاوات نەگەیشتوو، ئێوە خونچەی تازە پشکوتوی ئێمە بوون، خونچەی جوانترین گوڵاڵە بوون، چ گوڵێکی نایاب و گرانبەها بوون، بۆچی لە باخچەکەمان دوورکەوتنەوە؟ مەگەر لە ئێمە زیز بووبوون؟ مەگەر ئێمە ئێوەمان لەداوێنی خۆشەویستیماندا بەخێو نەکردبوو؟ ئاه چەند زوو خەزانی ژیانی شیرینی ئێوە گەیشتە پێشەوە، ئێوەی شکۆفەی تازە پێگەیشتوو سیس و پێ کوتکرد، ئێمە گیانفیداییەکانی ئێوەمان هەرگیز لەبیرناچێت، بەگریانەوە لە ئێوە و ئارامگای هەمیشەییتان دوور دەکەوینەوە، بەدەستی خۆمان ئێوە لێرەدا بەخاک دەسپێرین، بەدەستی خۆمان ئەو ڕێگرانە بە پاداشتی سەختی خۆیان دەگەیەنین). ئەو دەشتەیان ناونا (تەختی کوشتار) و سوێندیان خوارد کە هەرکەسێک تورکمانێکی ئۆزبەگی بینی، یان بیکوژێ یان خۆی بۆبدات بە کوشت، دووساڵ دوای ئەو ڕووداوەی تەختی کوشتار، لەساڵی ۱۲۰۰ی کۆچیدا ٥۰۰ سواری تورکی بە سەرکردایەتی نیازباتر (بهادر) کە کەسێکی دڵڕەقی ناوچەی (تژن) بوو، بەنیازی تالانکردنی دێهاتی (لائین) لە دەربەندی سەنگ دیوارەوە پەڕینەوە، لەکاتی درەوی گەنمدا پەلاماری ناوچەکەیاندا، لەناو درەوانەکانی لائیندا لاوێکی ئازا و دلێر هەبوو، پێیان دەگوت (کورت ئیسماعیل یان کورد ئیسماعیل)، لەشولارێکی کەڵەگەتی هەبوو، هەمیشە خۆزگەی دەخواست

تۆڵەی لەخوێنداگەوزانی تەختی کوشتار بکاتەوە، ڕۆژێک خەریکی درەوی گەنمبوو، لەناکاو شوانێک بەهەڵەداوان و هاوار هات، ئیسماعیل ڕایکردە بەردەمی و وتی: ئەوە چیی ڕوی داوە؟ شوان هاواری کرد تورکمان هات، تورکمان هات، ئیسماعیل دەستبەجێ تفەنگەکەی کە هەمیشە لەلایەوە بوو، کردیە شانی و چوە سەر ڕێیان، خۆی لەپاڵ گابەردێکدا دابەزەویداو خۆی حەشاردا و چاوی تێبڕین، هەتا سەرکردەکەیانی ناسیەوە و دەستنیشانی کرد، بینی نیازباتری سەرکردەیان لەسەر ئەسپێکی سپی و دەستە جلێکی تایبەت و تەپلەیەک لەسەریەتی، ئیسماعیل خۆی ئامادەکرد و وتی: هەر ئێستە سەری پڕ لەخۆبایی دەخەمە سەر زینەکە و کسپە لە جەرگی دایکی هەڵدەسێنم، لەپشتی گابەردەکەوە ڕاکشا و قەرەوڵ و نیشانی لێگرت، گوللە قورقوشمێکی شینکەی لە ورگی نیازباتر چەقاند و هەڵیدڕی و بەرەو زەوی شۆڕیکردەوە، ئەسپەکەی لە هەوادا چەرخەیەکی کرد و لاشەی بوو بە ژێر ئەسپەکەوە، چەتەکان کە ئەوەیان دی بەرەودوا کشانەوە، چەند کەسێک وێرایان خیرا بێن و لاشەکە بارکەن و بەرەو دوا هەڵبێن و هەتا تژن نەوەستان، ئیتر لەوێوە ناوبانگی ئیسماعیل کورد بە ناوچەی خوارزم و تورکستاندا بڵاوەیکرد، تورکەکان (کورت ئیسماعیل)یان پێدەوت، گیانی تالانکەرانی خستە لەرزە و هەتا ماوەیەکی دوور سەرەڕۆییان بۆ ناوچە کوردەکان نەکرد، خوا دەزانێ ئەگەر ئەو ڕۆژە ئەو گوللەیەی ئیسماعیل سەرەو خواری بکردایە و لە نیشانی نەدایە، چ کوشتار و تالانیەک لەو ناوچەیەدا ڕوویدەدا؟ کوژرانی نیازباتر کە بەناوبانگترین و خوێنڕێژترین سەرکردەی تورکمان بوو، ناوی ئیسماعیلی خستەسەرزاران، بەڵام ئیسماعیل بەوە وازی نەهێنا و بڕیاریدا بوو خوێنی تەختی کوشتار چەند قات بکاتەوە، زۆربەی شەوان بە تەنها دەچوە خاکی تورکمەنستان و هەرکەسێکی دەستکەوتایە لەکۆڵ ژیانی دەکردەوە، بەیانی بەکۆڵێک سەری بڕاوەوە دەهاتەوە بۆ لائین، کچان و ژنان هەمووجار دەهاتنە ڕێگەی و وایان دەزانی ئیسماعیل خشڵ و زێڕی ژنە تورکەکانی بەدیاریهێناوە، بەڵام کە تورەکەکەی هەڵدەڕشت، کچان و ژنان بە قیژوقاو ڕایاندەکرد، ئەویش دەیوت ئەی ناتانەوێت سەری ئەوانەتان بۆبهێنم کە کوڕ و برا و مێردی ئێوەیان کوشتوە و بەرلەقەیان داون، ئنجا سەرەکانی دەنارده مەشهەد، والی خۆراسان سەری بە ٣٠ کیلۆگەنم دەکڕی، ئەمەیە تۆڵە و کاسبی، ترس و بیمی ناوی ئیسماعیل تا ئاستێک گەیشتبوو، زۆر لە هۆبە و خێڵە تورکمانەکانی ئەو سنوورانە کۆچیان بۆ شوێنی دوورتر دەکرد، ژنەکانیان بە منداڵەکانیان دەوت مەگری و بخەوە کورت ئیسماعیل هات!

شەوێکی هاوین کورت ئیسماعیل چوو بۆ تورکستان، پێنج سەری ئۆزبەکی هێنا و دوو ئەسپی کەحێلەی کوەیتی زۆر چاک و گران بەهای تورکەکانی هێنا، دووڕۆژ دوای ئەوە تورکەکان دووسواریان نارد کە ئەسپەکانیان بۆ بهێننەوە، کە گەیشتنە لائین شەوبوو، ئیسماعیل کورد چووبوو بۆ ڕاو بۆ کێوان، میرزابەگی کوڕی کە دەساڵان دەبوو، نوێنەرەکان بیریان کردەوە: ئێمە تاکەی دانیشین، ئەگەر ئەم کوڕە بدزن ئیسماعیل ناچار دەبێت بێت بەشوێنیداو شتەکانیشمان بۆ بێنێتەوە، ئەگینا جەرگی پارە پارە دەکەین، منداڵەکەیان هەڵگرت و لە ماڵی ئیسماعیلەوە بۆی دەرچون، کە ئیسماعیل سەرلەبەیانی گەڕایەوە و هەواڵەکەی زانی،

جەرگی هەڵقرچا و سواری ئەسپەکەی بوو، بەلاڕێدا قەوبڕ کە خۆی دەیزانی و شارەزا بوو دایە غار، لەوبەر ڕووباری لائینەوە جێپێی هەڵگرتن و گەشتە دێی (خێوئاباد) و دۆزینیەوە کە لە چ ماڵێک لایان داوە بحەوێنەوە، بە یارمەتی خاوەن ماڵەکە کە لە ترسی گیانی خۆی ئیسماعیلی دی و ناسی، لەرزدایگرت و جێگەکەی نیشاندان، ماوەیەک گوێی لیگرتن کە خەریکە خۆیان کۆدەکەنەوە، دەیانوت باخێراکەین بەخوا ئیستە بەفرتەیەک ئیسماعیل دەگاتە سەرمان و سەرەکانمان بەکەسوکارمان دەفرۆشێتەوە، ئیسماعیل لەقەیەکی لە دەرگاکەداو وتی: تفەنگەکانتان فڕێ بدەن، بێقسە یەکێکیانی سارد کردەوە، ئەوی تر خەریکبوو پەلاماربدات، ئیسماعیل بەشیر سەری پەڕاند، سەرەکان و ئەسپەکانیانی هێنا و گەڕایەوە ئاوایی، دەبینێت خەڵکی دێکەیان لەبەردەم ماڵی ئیسماعیلدا لە گریان و شین و شەپۆڕدان، باس و خواس و نیگەرانی میرزابەگ بوون، کە ئیسماعیل و میرزابەگ و ئەسپەکان و تورەکەکەیان بینی، ئیتر نوقمی دەریای ماچیان کردن، دەڵێن ئیسماعیل بەو شێوەیە ٣٧٠ ئۆزبەکی لە تۆڵەی قوربانیانی تەختی کوشتاردا کوشتوە، لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا ئیسماعیل وەفاتی کرد، هەتا ئەو لەژیاندا مابوو، تورکەکان نەیاندەوێرا ڕوو لەو ناوچانە بکەن و لەئاوایی لائین و کەلات نێزیک ببنەوە، کە هەواڵی کۆچی دوایی ئیسماعیل گەشتە تورکستان، تورکەکان بە ٤٠٠ سوارەوە پەلاماری لائینیاندا هەتا تۆڵە لە بنەماڵەی ئیسماعیل کورت بکەنەوە، کە خەڵکی ئاوایی لائین و خاکستەر بەوەیان زانی، میرزابەگیان کردە سەرکردەیان، ئەوکاتە بیست و پێنج ساڵان دەبوو، دەستیاندایە تفەنگ و بەرەنگاریان بوونەوە، بەڵام هەرچەند کوردەکان زۆریش بوون، لەبەردەم ئۆزبەکیەکاندا شکستیان خوارد، میرزابەگ بە برینداری گیرا و دایانە بەرشەق و لەقە، وتیان لەگەڵ خۆمان دەیبەین، مەرج بێت لاشەی بکەینە کەباب و دەرخواردی تورکەکانی بدەین، برینەکەیان پێچا و بە دوو سواردا لەپێش خۆیانەوە ناردیان کە لە دێی قەهقەهە ڕاوەستن بە دیاریانەوە تا ئەمانیش دەگەن، پاشان ژمارەیەک سوارە و پیادە لە دێهاتەکانی خاکستەر و ناوچەکە هاتن بۆ یارمەتی خەڵکی لائین، دوای جەنگێکی خەست، هەشتا لە تورکمانەکانیان کوشت و زیاد لەوەش لە کوردەکان کوژرا، وردە وردە یارمەتی هەردەهات، کە تورکەکان زانیان چاریان نییە، بەدەستی بەتاڵ بێتالانی هەڵهاتن و ناوچەکەیان جێهێشت، دوو سوارەکە دوای ڕێیەکی دور گەشتبونە دێی قەهقەهە و لە ماڵێک لایاندابوو، سوارەکان ماندو شەکەت بوون، میرزابەگیان شەتەک دابوو خەوتبوون، میرزابەگ خوێنێکی زۆری لێڕۆشتبوو، خەوی لێنەدەکەوت لەتاو برینەکەی، بە کۆشش و هەوڵدان توانی دەستی چەپی بکاتەوە و بە سنگەخشکە خۆی بگەیەنێتە چەکداریکیان، خەنجەرەکەی دەرکردبوو لە شیرین خەودا سنگی شەق کردبوو، لەقەیەکی توندی لەناودەمی چەکداری دووەمدابوو شپرزیکرد بوو، بە خەنجەر ژیانی ئەویشی براندبووەوە، ئەنجا بە بێهێزی خۆی گەیاندبوە ئەسپێکیان کەڕاکشابوو، سواری پشتی بووەو پیش ئەوەی سوارەتورکەکان بگەن، لەڕێیەکی ترەوە کە نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێت ئەسپەکەی دایەغار، کوردەکانیش لەگرتنی میرزابەگ بڕیاریاندا بوو کۆچ بکەن بۆ دەشتی مەشهەد و لە هێرشی تورکمانەکان خۆیان دورخەنەوە،

کۆچکردنی کوردەکان و گەڕانەوەی میرزابەگ هاوکات بوو، لەپڕ سوارێکیان بینی لە گوێچەمەوە سەردەکەوێت، وایان زانیبوو دیدەوانی تورکەکانە، چونکە ئەسپەکە سپی و تورکی دیاربوو، میرزابەگ شوانێکی بینی، بانگی کرد (مەردان) من میرزابەگم فریام کەوەو کەمێک ئاوم بۆ بینە، لە کڵاوە نەوگینەکەیا ئاوی لە ڕوبارەکە بۆ بردو کردی بەدەمیەوەو میرزابەگ لەهۆش خۆیچوو، شوانە هەڵهات و خەڵکی ئاوایی بانگکرد و وتی: چیلە بەچکە پڵنگ هاتەوە. خەڵکی بەدەم ئەم مژدە خۆشەوە بەهەڵەداوان هاتن هێنایانەوە بۆ ئاوایی و سەرلەنوێ دەوارەکانیان هەڵدایەوە، مانگێک دوای ئەم ڕووداوە میرزابەگ لە لایەن والی خۆراسانەوە بوو بە فەرماندەی هێزەکانی سنووری کەلات و ساڵی بیست تمەن موچەی لەگەڵ چەند خەروارگەنمی بەناوی موچەوە پێدرا، ئەویش دەستیکرد بە بەهێزکردنی هێزە چەکدارەکانی سەر سنوور، دوای ئەوەی کە میرزابەگ بە فەرمی بووە فەرماندە و جێگەداری باوکی، ساڵێکی بەسەردا تێپەڕی جاریکی تر ٥٠٠ سوارەی تورک بۆ تالانکردن و تۆڵە لە میزابەگ و گرتنی، لە ڕێگای سەنگدیوارەوە پەلاماری خاکستەریاندا، ئەوەندە خیرا و لەپڕ هاتن، خەڵک ئاگادار نەبون، میرزابەگیش لە سەردانی ئاواییەکانی ڕۆژئاوای کەلات بوو، هەتا خەڵکی خاکستەر هاتنەدەست، تورکەکان دەستیانکردە تالانی و کوشتار، کە میزابەگ بەئاگاهات، بە ٣٠٠ سواری ئاواییەکانی ئەو ناوەوە هاتە جەنگی دوژمن، کە گەیشتن تورکمانەکان دەستیان لە کوشتار و تاڵان کێشابویەوە، بەنیازبون بەرەو تورکستان بڕۆنەوە، خەریکبون لە دەربەندی دەروازە تێدەپەڕین، لەلایەن سوارەکانی میرزابەگەوە گەمارۆدران، جەنگ دەستیپێکرد، میرزابەگ سوارەکانی بە سێدەستە دابەشکردبوو، خۆیشی لە دەربەندەکەوە پێشی لێگرتبون و پەلاماری دەدان، میرزابەگ هەندێک لاوی بۆ پڕکردنەوەی تفەنگ تەرخانکردبوو، تورکەکان پاشەکشەیان کرد بۆ بەردەمی بەستاوی ئاوەکە و ڕۆدخانەکە، شەڕی تەمام عەیار لە هەمووولاوە دەستیپێکرد، کە دوژمن گەیشتە ناوەڕاستی دەربەندەکە، تاوێرێکی گەورە لە زرمە و گرمەی تفەنگ بەسەر تورکمانەکاندا خلۆربویەوە و سەدان بەردی تری لەگەڵ خۆیدا ڕامالّی و بەسەریاندا باراندی، تورکەکان تەواو شپرزبون، ئنجا ئاوی بەنداوەکەیان بەسەردا بەردانەوە، سوپای تورک بوون بەژێر تاوێرە بەرد و لافاو و قوڕ و لیتاوەوە، کە ئاو هێور و کشومات بوویەوە، هیچ کەسیان لەو پێنج سەد سوارەی تورک بەزیندویی نەدی، کە هەواڵێک بۆ کەسوکاری تالانچیان بەرێتەوە، هەموو خەڵکی ناوچەکە و ژن و منداڵ هاتبوون بۆ سەیری ئەو داستانە مەزنە. سوپاسی خوایان کرد، ئنجا گەڕان لاشەی تورکەکانیان دەرهێنا و سەرەکانیان لیکردنەوەو بەرە و مەشهەد ڕەوانەیانکردن بۆ فرۆشتن، میرزابەگ کۆچی دوایی کرد، منداڵێکی بچوکی لەدوا بەجێما کە ناوی ئاغا گلی بەگ بوو، کوردەکان بێسەرکردە مانەوە، مەهزەمان(حەمە زەمان) ناوێک لەتیرەی زەیدانلۆی کورد کە لەگەڵ کوردەکانی لائین ناکۆکیان هەبوو، بۆ تۆڵە سەندنەوە چوو بۆ تورکستان و داوای لە تالانچیان کرد کە چاوساغیان دەکات ئەگەر پەلاماری کەلات بدەن، تورکمانەکان بەچوارسەد سوارەوە بە ڕێنمایی حەمەزەمان لە ڕێگای گرناوە پەلاماری خاکستەریاندا، هەمزەمان لەناو دەربەند و کوێرە

ڕێگاکانەوە پێشیان کەوتبوو چاوساغی دەکردن، کوردەکان ئاگادار نەبوون هەتا تورکەکان چونە ناو دێی خاکستەرەوە، کوردەکان سەرکردەیان نەبوو کۆیانکاتەوە، زۆریان لێکوژرا، هەر لاو و گەنج و ژن و منداڵ بوو بەرەو کێوەکان هەڵدەهاتن، هەرچیان بەردەستدەکەوت لە ژن و منداڵ و ماڵات بە تاڵان دەیان برد، لەناو کوردەکاندا لاوێک هەبووبە ناوی (ئەڵلاقولی) کە لە کۆڵان و کوڕ و کۆبونەوەدا هاش و هوشی دەکرد کە ئەگەر ڕۆژێکم بۆ هەڵکەوێت کارێک بەتورک دەکەم کەس نەیکردبێ، بەڵام کە تورک هات ژن و منداڵ و کچۆڵەی کوردیان دەگرت، ئەویش بەرەو کێوەکان وەک ژنە بێچەکەکان هەڵدەهات، ئەو لەپێش خەڵکەکەوە بە کۆڵانەکاندا بەپسکە پسک دەیویست خۆی دەرباز بکات، بەڵام لەسەری دوا کۆڵاندا (شیرین) ناوێک کچە کوردێکی خاکستەری جوان، دەبینێت وا ئەولاوە هاشوهوشکەرە ڕادەکات، ئەو پێشتر وتبووی ئەگەر دوژمن بیت وادەکا و خۆی بە ڕۆستەم نەدەگۆڕییەوە، کەچی وادەبینێت بەدەم ڕاکردنەوە هەر دەکەوێت و هەڵدەسێتەوە و شپرزبووە، کە شیرین بەو حاڵەتەوە ئەڵلاقولی بینی، خۆی گەیاندێ و بەهەموو هێزی چەپۆکێکی دا بەسەریاو وتی: (ئەی نامەرد، تۆش ڕادەکەیت؟ ئەی تۆ نەبویت لاف و گەزافی پاڵەوانان و ڕۆستەمت لێدەدا؟ تف لەسەرو چاو و غیرەتت، کە ناموسی خۆت و تیرەکەت لەبەردەست دوژمندا جێدەهێڵیت و ڕادەکەیت!) ئەڵلاقولی بەو تەشەرانە شەرمەزار بوو، دۆش داما و ورەی هاتەوە بەبەرداو، بێئەوەی وەڵامی شیرین بداتەوە، گەڕایەوە و شیرەکەی هەڵکێشا و ڕێگای لە لاوە گەنجە هەڵاتوەکانی تر گرت و وتی: (بگەڕێنەوە تا تفی شیرین سەروچاوتانی تەڕنەکردوە، لاوەکان کە بیستیان، پێکەوە گەڕانەوە و بە داروبەد و تفەنگ و بێڵ و تەور و تەورداس بەرەو دوژمن هێرشیان برد و جەنگێکی خەست و تەن بە تەن ڕوویدا، سوارێکی تیژڕەوی کورد بەرەو لائین ڕۆشت و داوای یارمەتیکرد، سوارەکانی لائین هاتن و ڕێگەیان لە تورکمانەکان گرت، ئەڵلاقولی هاواری دەکرد: (بیان گرن، بیان کوژن، تاڵانچیان ڕاوکەن ئەی برادەران و کوڕانی ئیسماعیل کورد، ئەمڕۆ ڕۆژی شەرمەزاری و شورەییە) مەهزەمان (حەمە زەمان)ی خائین کە ئەو هاوارانەی بیست غیرەتی جولاو خوێنی تیرەگەری هاتەجۆش و هەڵگەڕایەوە، شۆڕ و هەیەجانی دانیشتوانی خاکستەر دێوێکی ترسێنەر و مەرگهێنەری لەبەرچاو تاڵانچیان بەرجەستە کردبوو، مەرگی خۆیان بە چاو دەدی، مەهزەمان بۆ خۆپاکردنەوە دڕی بە تورک دا و سەرکردەکەیانی دەناسی خۆی گەیاندێ و کوشتی، بەڵام لەپشتەوە لێیدرا و کوژرا، لە هەمووولاوە گەمارۆیان لەسەر تورکەکان توند کردەوە، یەک لەدوای یەک هەمویان کوشتن، پاشان سەرەکانیان ناردن بۆ مەشهەد بۆ فرۆشتن، کە چوار سەد سەر دەبوو. زۆر ستایشی شیرنی کچە کوردیان کرد.

جارێکی تر لە ڕۆژێکی بەهاردا کە ژنانی خاکستەر و لائین بە دۆشینی حەوت ڕان مەڕومالاتیانەوە خەریک بوون، ٢٥٠ سوارەی تورک لە ڕێگەی سەنگدیوارەوە غافڵگیرانە پەلاماری خاکستەریان دا، بە هێزێکەوە مەڕەکانیان لە پیش خۆیانەوە نارد، ئاغاقولی بەگ بەپەلە خۆی گەیاندە ئەلهیارخانی دەرگەز و داوایان کرد بێن بەدەمیانەوە، ئەویش بە ٢٠٠ سوارەوە، جگە لە خەڵکی ناوچەکە، لە هەمووولاوە گەمارۆیان دان و ١٧٠ سوارەیان لێکوشتن،

دیلەکان و ڕانە مەڕەکانیان لێسەندنەوە.

دوو ساڵ دوای ئەو شەڕە، ٢٦٠ سوارەی تورک، هەشت هەزار سەرمەڕی کوردیان بەتاڵان برد، لە فێڵێکدا ئاغاقولی بەگیان گرت و لەگەڵ خۆیان بردیان، زۆر لە کوردەکانیان کوشت، بەڵام ساڵی دوایی کوردەکان پارەیان کۆکردەوە و ئاغاقولی بەگیان کڕیەوە، دوای ئەوە تورک تاڵاوی زۆریان چەشت بەدەست قولیخان و بۆ ماوەی سێ ساڵ هەرچی هێرشیان هەبوو بۆ ناوچەی کوردان، خراپ شکستی دەخوارد.

ساڵێکی تر وشکە ساڵیەکی قڕ داکەوت و ناوچەی تورکمانەکانی گرتەوە، تورکەکان بە ٢٣٠ چەکدارەوە هێرشیان هێنا، بەرەو ئاوایی بوردە ملیان نا، لەبەر سەختی شوێنەکەی ئەمە یەکەم جاربووە ڕوو لەو دێیە دەوڵەمەندە بکەن، ئاواییەکە لە بەرزایی کێودا بوو، تەنها تولە ڕێیەکی سەخت خەڵکەکەی دەگەیاندە ئەو دێیە، دەبوو بە زنجیرە چیاکاندا بۆی سەرکەون، ئەگەر یەکێک لە سەرەوە بۆ خوارەوە تەماشای ئەو سوارە چەکدارە ڕیزبوانەی تولە ڕێگەکەی بکردایە، وای دەزانی هەموو سواری پشتی یەکتربون، لە خوار تولە ڕێگەکەوە لە دۆڵە هەزار بەهەزارەکاندا، ئێسک و پرۆسکی وڵاخ و نەفەرت دەدی کە دوور دیاربون، سارد و سەرما و ڕەشەبای ئەوکێوانە هەر باس ناکرێت، خەڵکی دێ لە ئاگری ئەوانە بەخەبەر هاتن، بەپەلە فریاکەوتن، دەیان بینی وا هێزی تورکان بە زەحمەت بەرەوپیش دێن، کوردەکان تفەنگی خۆیان قەرەوڵدا و، هەموو لە ئامادەباشیدا نتقیان لەخۆیان بڕیبوو، کوردێک بەیەک فیشەک سنگی سەرکردەکەیانی هەڵگرت، پاشان تەقەیان لە ناوچاوی ئەسپەکەشی هەڵساند و بەرەو دۆڵەکە خلۆریان کردەوە، ئەنجا بەربونە سوپا بێسەرکردەکە کە نەیاندەتوانی بەرەو دواش بگەڕێنەوە لە تاو تەسکی تولە ڕێگەکە، بەجۆریک شلەژان هەر ئەسپ و سواربوو بە تەپاوتل خلۆر دەبویەوە، خەڵکی دێ بە ژن و منداڵەوە هاتبوون لەو دیمەنە سەیرە حەپەسابون، دوای تەقە وەستان، یەک خشپە چییە لە تورکەکانەوە نەهات، یەک سواریان لێدەرنەچوو.

کوردەکان بیریان کردەوە تاکەی ئەمان هەر چاوەنواڕی هێرشی دوژمن بن، ببینن ماڵ و سامان و ژن و منداڵیان بەتاڵانی دەبرێت. بڕیاریاندا هێرشێکی دژئامێز بۆ ناوچە تورکەکان ئەنجام بدەن، کاتێکی باشیان هەڵبژارد، هەواڵ هات بۆ خەڵکی کەلات کە تورکمانێکی زۆر بۆ فرۆشتنی داهاتیان ڕویان لە شاری عەشقئاباد کردوە، هێزێکی کوردی کەلات کە پێکهاتبون لە ١٢٠ سوار، لە بیابانی مەرۆوە چون و ٥٠ ئافرەت و کچۆڵە و منداڵ، ماڵ و سامانێکی زۆر لە ئەسپ و حوشتر بە تاڵان گرت و بەرەو کەلات هێنایانەوە، کە تورکمانەکان لە عەشقئاباد گەڕانەوە و ئەو هەواڵە جەرگبڕەیان بیست، چیان لەو کاروانە بازرگانیەدا دەستکەوتبوو، ئەوەندەی تر قەرزوقۆڵەیان کرد و هاتن بۆ کەلات، ژن و منداڵەکانیان پێکڕیەوە، هەر لەوێدا ڕێکەوتنێکیان مۆرکرد کە ئیتر کەس نەچێتە سەر کەس و تاوانباریش دادگایی بکەن، تورکەکان لەو ساوە خۆیان بە بەخێوکردنی مەڕومالات و کشتوکاڵەوە خەریک دەکرد، وازیان لەو جۆرە جەنگە هێنا، جگە لەوەی بارودۆخی جیهانیش گۆڕابوو یارمەتیدەربوو بۆ سنووردارکردنی ئەوجۆرە کارانە، پاشان جەنگی یەکەمی جیهان هەڵگیرسا و سنوورەکان گۆڕاو ڕوسیا ئەو ناوچانەی داگیر کرد، هەتا ئاستیکی باش ئەو سنوورانە دامەزران.

# ڕۆشنبیر

## لە رووبەری گشتیدا



پەیوەند عومەر



لەدایکبووی ١٩٦٩ شارباژێر
بەکالۆریۆس لە ڕاگەیاندن
نووسەر لە بوارەکانی ئەدەب،
ڕاگەیاندن، فیکر، سیاسەت

دەشێ لەسەرەتاوە خۆمان لەو ئیشکالیەتە مەعریفی و زمانەوانییە دوربگرین، کە باس لە چییەتی ڕۆشنبیر دەکات. ڕۆشنبیر کێیە و بەکێ دەگوترێت ڕۆشنبیر؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە توشی گەڕانێکی زۆرمان دەکات بێئەوەی شتێکی بابەتیمان دەستبکەوێت.لەدۆخێکی وا ئیشکالاویدا گوماندەکەم بتوانین لەسەر شوناسێکی کۆنکرێتی و یەک دیوو بۆ ڕۆشنبیر بوەستینەوە، واتە هێزی ئەوەمان هەبێت ناسنامەیەکی بۆ دیاریبکەین کە بەرەنجامی کردەی ڕۆشنبیر خۆی بێت، چونکە خودی خەسڵەتی ڕۆشنبیربوون بابەتێکی ئەبستراکت نییە، ڕۆشنبیر وەک دوالیزمەیەک هەم وەکو (ناو) هەم وەکو پیشە(کردە)جوڵاو و میکانیکییە، بەردەوام لەگەڵ دورکەوتنەوە لە مێژووی سەرهەڵدانی و هاتنی دۆخی تازەدا گۆڕان بەسەر شوناس و کارەکانیدا دێت.

لە زانستی زمانناسی نوێدا پێداگری لەوەدەکرێت، چەمک، یاخود ناو، سیفەتێکی ئیسفنجی یاخود موگناتیسی هەیە و بەردەوام لەگەڵ جوڵەدا شتی نوێ لەخۆی کۆدەکاتەوە.بۆیە ئەوەی بەرچاوە و دەبینرێت ڕاستە پارچە مەعدەنێکی دیاریکراوە، بەڵام سیمای بەوشتانە گۆڕاوە کە لەخۆی پێچاوە.

پرسیارێکی سادە بەڵام ئەندازەیەک بێوەڵام، ئایە ئەوەی دەنووسێت ڕۆشنبیرە؟ یان ئەوەی دەتوانێت قسە بکات و مەبەستی خۆی بگەیەنێت ڕۆشنبیرە؟ یان ئەو هونەرمەندەی چی خەیاڵی خۆی هەیە لە تابلۆیەکدا بەرجەستەی دەکات دیسان ڕۆشنبیرە؟ لەیەککاتدا دەشێ بگوترێ ئەمانە ڕۆشنبیر نین، چونکە لەیەک گۆشەی زۆر بەرتەسک و تەنگەبەردا کاردەکەن، ڕۆشنبیریش توانای بینین و کارکردنی فراونترە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەگەر هونەرمەند و نووسەر و شاعیرەکان ڕۆشنبیر نەبن، لە کوێ بگەڕێین بۆ ڕۆحلەبەرێکی هاوشێوە، یاخود ئەگەر هونەر و ئەدەب ڕێگەیەک نەبن بۆ چونە ناو دونیای ڕۆشنبیران، ئەی چ ڕێگەیەکی دیکە هەیە؟! ئەمە ئەو خیلافە بەردەوامەیە کە مێژوی رابردووی زۆر سەرقاڵی خۆی کردووە.

ڕەنگە باشتر بێت ئەوەندەی دەگەڕێین بە شوێن ساغکردنەوەی (ناو)ی ڕۆشنبیردا، یان دۆزینەوەی ڕۆشنبیر لەناو دونیا نادیارەکەی خۆیدا. ئەوەندە بە شوێن ئەرک و شوێنەوارەکانیدا بگەڕێین، ڕۆشنبیر چونکە (ڕووبەری گشتی) شوێنی سەرهەڵدان و کارکردنیەتی دەشێ لەو ڕووبەرەدا بەشوێنیدا بگەڕێین و بەرەنجامی شوێنەوارەکانیشی بدۆزینەوە. واتە شوێنی سەرهەڵدان و کارکردنی ڕۆشنبیر دیارە و بۆ دۆزینەوەی پێویست بە فالگرتنەوە و ئەستێرەناسی ناکات، فەزای گشتی و سێبەرەکانی لەوفەزایەدا دیار و بەرجەستەیە.

بۆ گرنگە لە ڕووبەری گشتیدا بە شوێن ڕۆشنبیردا بگەڕێین؟ چونکە لانیکەم لە گەڕانماندا سەردەکەین بە ماڵی دەیان تێزی جیاجیادا، یاخود شوێنەواری دەیان بیرمەند و ڕۆشنبیر دەبینین کە تێزەکانیان کاریگەری گەورەی لە کۆمەڵگاکانیاندا دروستکردوە، واتە لە گەڕاندا ئێمە بەر دیوار و پانتاییەکانی مەعریفی دەکەوین، دەیان شتی جیاواز دەبینین کە هەریەکەیان بە شێوەیەک وێنای هەقیقەتی ژیانی و پێدراوەکانی ناوی کردووە.

زۆرێک لەو بۆچونانەی کە ویستویانە ڕۆشنبیر وەک کیانێک بناسێنن ئەندازەیەک لەو ڕایەوە نزیکن کە دەڵێت (ڕۆشنبیران کەسێک یاخود کەسانێکی دەستەبژێرن) و بەئەرکی نوخبەوی خۆیان هەڵدەستن، واتە ئەگەرچی لەناو ئەو ڕووبەرە گشتی و عامەدا دەژین، بەڵام کۆمەڵێک ڕۆحی جیابۆ وەن، کارەکانیان ناچێتەوە سەر ئەو شەپۆلە زۆر گشتی و عامەی کە سروشتی دەڕوات.

جارێکی تر دێمەوە سەرئەوەی لە دونیای

نووسیندا ئەوەندەی پێداگری لەسەر ئەرکی ڕۆشنبیر و وەزیفە بابەتیەکەی کراوە، هێندە خودی شوناسەکەی گرنگ نەبووە، ئەگەرچی خیلافاتێکی زۆر لەسەر خودی ئەرک و وەزیفەکەشی هەیە، کە دەخوازم بەهۆی درێژ بوونەوەی ئەم بابەتەوە ئەو هەقیقەتە ڕوون بکەمەوە.

بۆ نموونە لای گرامشی (ڕۆشنبیران بریتین لەچینێکی شێوە ڕقی خاوەن پەیام). بەڵام مارکس (ڕۆشنبیران بە یەکێک لە گروپە سەرمایەدارەکان حساب دەکات). لای مارکس (ڕۆشنبیران هیچ نین جگە لەو کەسانەی هۆشیاری درۆزنە بەرهەمدەهێنن و ئەرکی سەرەکیان شاردنەوەی ڕاستیەکانە).

بەپێچەوانەی مارکسەوە، جۆلیان بندا پێیوایە (بەهۆی تێکەڵبونی ڕۆشنبیران بە دەزگا حکومیەکان، خیانەتیان لە ئەرکی سەرەکی خۆیان کردووە، ئەرکی ڕۆشنبیران بەرگریە لە دادپەروەری و هەقیقەت و ئازادی، نەک تێکەڵبون بە سیستەمی حوکمڕانی).

ئیدوار سەعید ڕای خۆی لەسەر ڕۆشنبیران بەم شێوەیە دەنوسێت (هیچ شۆڕشێکی مەزن لە مێژووی هاوچەرخدا بێ ئامادەبوونی ڕۆشنبیران ڕووینەداوە، هەروەکو چۆن هیچ بزووتنەوەیەکی دژە شۆڕشیش بێ ئامادەبوونی ڕۆشنبیران سەرپێ نەکەوتووە).

هەر ئیدوار سەعید دەنوسێت (ڕۆشنبیر لای من پیشەیەکە پەیوەندی بە هونەری بەرجەستەکردنەوە هەیە، جا ئەم هونەرە قسەکردن بێت، یان نوسین، یان وانەوتنەوە یان دەرکەوتن لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن)

کارل منهایم دەڵێت (ڕۆشنبیران سەر بە هیچ چینێکی کۆمەڵگا نین و شتێک لەسەربەخۆییان بەرامبەر بە چینەکان هەیە).

ڕۆشنبیربوون نەپلەیەکی ئەکادیمییە و نەشوێنگەیەکی کۆمەڵایەتییە و نەسەرمایەیەکی ئەخلاقی، کە لەلایەن کەسێک، حیزبێک گروپێکی کۆمەڵایەتی یان دەزگایەکی ئەکادیمییەوە بەکەس بدرێت، بەڵکو ئامادەبونێکی بەرپرسیارانەیە لە ڕێگای هێزی حوکمەوە لە ڕووبەری گشتیدا.

لای فۆکۆش (باس لە کۆتایی وەزیفەکانی ڕۆشنبیری گەردونی و سەرهەڵدانی چەمکی ڕۆشنبیری تایبەتمەند و جەنگاوەری لۆکاڵی دەکرێت)

تا ساتەوەختی ئێستامان، تێزەکەی سارتەر لە تێکڕای ئەو تێزانەی دیکە بەرکارترە کە ڕۆشنبیر بەو کەسە دەناسێنێت کە (خۆی لەو شتانە هەڵدە قورتێنێت کە کاری ئەو نییە، بۆ نموونە لە سیاسەت).

ئاراس فەتاح لەپێشەکی وتارێکدا دەنووسێت (ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین وایلێهاتووە ڕۆشنبیران هەرچیەک بکەن هەڵەیە، هەرچیش نەکەن هەر هەڵەیە. هەڵەیە خۆیان بە سیاسەت تێکەڵ بکەن، هەڵەیە خۆیان لە سیاسەت بەدوربگرن. هەڵەیە بێدەنگ بن، هەڵەیە لەسەر هەمووشتێک قسە بکەن، هەڵەشە لەسەر ڕوداوەکان قسەیان نەبێت. هەڵەیە دورەپەرێز بگرن، هەڵەشە خۆیان لەو شتانە هەڵبقورتێنن کە کاری ئەوان نییە. زۆرینەی ڕۆشنبیران یان بێدەنگن لەو شتانەی کە نابێت لێی بێدەنگ بن، یاخود قسە لەسەر ئەوشتانە دەکەن کە بواری ئەوان نییە.نەحیزبەکان لە ڕۆڵی ڕۆشنبیران ڕازین، نەڕۆشنبیرانیش لەڕۆڵی ئەوان. بەشێک لە ڕۆشنبیران بوون بە شێری بێددانی ناو دەسەڵات، لایەکەی تریش بەلەدەستدانی بێلایەنی و بوون بەئۆپۆزیسۆن تاوانبار دەکرێن. هەندێکیان ڕۆڵی ڕۆشنبیر نەفرەت دەکەن و هەندێکیش پایەداری

**بێلایەنی ڕۆشنبیران لە سیاسەت یەکسان نییە بە بێلایەنی لە بەرامبەر ئەو ڕووداوە گرنگانەی کە سیاسەت دروستیان دەکات.**

دەکەن. ئەوەی لەم نێوەندەدا کەم تا زۆر مەحاڵە، بوونی ئەو بوونەوەرە مەعریفییەیە کە بتوانێت لە دەرەوەی ئەم کایە بارگاویکراوانەدا کاربکات و بژێوی خۆی پەیدا بکات و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت).

مەریوان وریا ڕای وایە (لە هیچ شوێنێکی دونیادا ڕەچەتەیەکی فیکری و تیۆری و مەعریفی لەئارادا نییە بە ڕۆشنبیران بڵێت پێویستە چی بکەن و واز لەچ شتێکیش بهێنن، کەسێکیش نییە ڕاستەیەکی هەڵگرتبێت و بە ڕۆشنبیران بڵێت دەبێت ئەمە بکەن و ئەوەنەکەن، لێرەدا قسە بکەن و لەوێدا دەمتان داخەن بۆ ئەوەی لە ڕۆشنبیربوون نەکەون. هەرکەسێک ئەو ڕۆڵەی بەخۆی بەخشی، خۆی کرد بە موختاری ڕۆشنبیران و پێیوتن لەچ کایەیەکی فیکریدا ئیشبکەن، هەڵوێستان لەم یان لەو هێزی سیاسی دەبێت چۆن بێت، لەناو ڕۆژنامەدا بنووسن و لەسەر تەلەفزیۆن قسە نەکەن ... هتد.لە هەموو ئەو دۆخانەدا ئەو کەسە لەوەکەوتووە ڕۆڵی ڕۆشنبیر ببینێت، بەڵکو ڕۆڵەکەی دەگۆڕێت بۆ ڕۆڵی پۆلیسێکی فیکری و سیاسی).

ڕێبین هەردی لەم بارەیەوە دەنوسێت (ڕەنگە ڕۆشنبیران یەکێک لەو هێزە سەرەکیانە بن - ئەگەر تاکە هێزنەبن- کە دەستیان لە دروستکردنی ئەو فەزا کولتووری و زیهنییەدا هەیە کە سیاسیەکان لەناویدا حوکمڕانی دەکەن و شێوازی حوکمڕانیشیان لەسەر هەمان فەزا و کولتوور دادەمەزرێنن، ڕۆشنبیران ناتوانن لە سیاسەت دوربن و دوربکەونەوە).

بەم شێوەیە تێدەگەین نەک لەسەر ناوی ڕۆشنبیر ناتوانین سازانێکی پەتی بدۆزینەوە لەناو خودی ڕۆشنبیراندا، بەڵکو ناتوانین لەسەر وەزیفەیەکی دیاریکراویش بۆ ئەو بونەوەرە یەکلابینەوە. هەڵبەت ئەو دیدە ڕاستە کە وەزیفەی ڕۆشنبیر دەبەستێتەوە بەو داکەوتە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیەی کەتێیدا دەژی، تەنانەت شێوازی بەرخورد و وابەستەیشی ئەو هەقیقەتانە دیاری دەکەن کە لەو کۆمەڵگایەدا سەربراوە. ڕۆشنبیر ناتوانێت بێدەنگی هەڵبژێرێت و کۆمەڵگا وەک گۆڕستان سەیربکات، بۆیە یا دەنوسێت یا قسە دەکات.نانوسێت بە مەرامێکی دیاریکراوی ئایدۆلۆژی یان کەسی، قسە ناکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگا توشی شڵەژان بکات، بەڵکو لە ساتەوەختی گرنگ و هەستیاردا قسەی خۆی دەکات بۆ ئەوەی خەڵکی ڕای ئەویش بزانن. نانوسێت بۆ ئەوەی سوریالیەت بە دەسەڵات ببەخشێ، تا پێی بگوترێت ڕۆشنبیری بەرپرسیار، هەروەکو قسەش ناکات بۆ ئەوەی فەوزا بخاتە ناو کۆمەڵگاوە، ڕۆشنبیر ڕاستە بەرپرسیارە، بەڵام بەرپرسیارە لە دونیا و تێڕوانینی خۆی، ڕاستە ئەرکی هەیە، بەڵام ئەرکی ئەو ناچێتەوە ناو ئەو دونیا سیاسیەی کە دەیەوێت کۆی شتەکانی کۆمەڵگا بخاتە گیرفانی هێزێکی سیاسیەوە.

## ڕۆشنبیر و قەفەزی تەنیایی

هەندێک جار ڕۆشنبیر ناچاردەکرێت باز بداتە ناو ئەو رووبەرانەوە کە هی خۆی نین، یان قسە لەسەر شتێک بکات کە بابەتی تایبەت بەخۆی نییە. ڕۆشنبیر ناچار دەبێت خۆی هەڵداتە ناو ئەو پانتاییانەوە کە لانیکەم وەکو بابەتێکی ئەخلاقی مامەڵەیان لەتەکدا دەکات. واتە ڕۆشنبیر لەوەها کاتێکدا کە دەخوازێت ڕۆشنبیر بوونی هەبێت، رووداوەکان زەروری دەکەن، پێویستی بە کەس نییە فەرمووی لێبکات ، ڕۆڵی بۆ دیارییکات، خۆی ڕۆڵ بەخۆی دەبەخشێت.. بەمانایەکی تر، نائۆرگانبوونی ڕۆشنبیران و نەبوونی دەزگایەکی دیاریکراو بۆیان، بەو مانایە نایەت کە لە کایەکاندا سڕبکرێن و لە ڕوداوەکاندا ڕایان نەبێت. بەناوی ئەوەی کە پەیوەندی تایبەتی بە دونیای مەعریفەوە هەیە، یان بۆ بەردەوامبوونی بێلایەنی خۆی دورەپەرێزی بگرێت، ڕۆشنبیر بە مانا (سارتەر)یەکەی نەک بێلایەن نییە، بەڵکو خۆی لەو شتانە هەڵدەقورتێنێ کە ئیشی ئەونییە.

لای (بۆردیۆ)ش ڕۆشنبیر ڕۆحێکی هەمەچەشنەی شێوە (جۆکەر)ی هەیە، دەتوانێت کایەی خۆی بەجێبهێڵێت و لەسەر بابەتاکانی دیکە بێتە دەنگ، ئەو بابەتانەی کە هی خۆی نین، بەڵام دێنە ناو رووبەری گشتییەوە و پەیوەندیان بە زیاد لە گروپ و ئاراستەیەکەوە هەیە. ئەم ڕۆحیەتە (سۆپەرمان)یەی ڕۆشنبیر و ئامادەیی لەکاتی پێویستدا و زیاد لە شوێنێک و زیاد لە رووبەرێک، بەومانایە نییە کە ناوەندە سەرەکیەکەی خۆی بەجێدەهێڵێت و بۆ ئەبەد ناگەرێتەوە ناوی، یان لە ڕێگای بازدانەوە بۆ رووبەر و ناوەندەکانی دیکەوە شتێکی دەستبکەوێت، ئەم پارادۆکسەی ڕۆشنبیر لەپێناو بەخشینی مانا و تەفسیری زیاترە بە رووبەری گشتی، ئەو سەرمایە رەمزی و مەعریفیەی ڕۆشنبیر نەک بەشی ئەوەدەکات ئامادەبێت لەزۆر جێگادا، بەڵکو دەشێ ببێت بە کارەکتەرێکی سۆپەرمانی خزمەتگوزار.

**ڕۆشنبیران دەسەڵاتێکی نا دەزگایی تاکگەرای فیکرین بۆ چاودێریکردنی ڕەخنەگرانەی کۆی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی و فیکری و بەهاکانی**

## ڕۆشنبیر پەیوەست بە سیاستەوە

زۆرجار گرنگی کاری ڕۆشنبیر لەوەدا دەردەکەوێت، کە ئەو سنوورە جیاوازانە بدۆزێتەوە و گەورەیان بکات کە دەکەونە نێوان هێزە سیاسییەکانەوە، تاکو فرەچەشنی هێزەکان دەربکەوێت، یان هەرهێزە و جوگرافیا و سنووری خۆی بەجێنەهێڵێت و ڕێز لە سنورەکانی تر بگرێت و شکۆی خۆی و ئەوانی تریش پارێزراوبێت، ئەمە بەومانایە نییە کە ڕۆشنبیر ئەندام یان لایەنگری هێزێکی دیاری کراوی سیاسییە، خۆ ئەگەر ئەمە روویدا ، ئیشی ڕۆشنبیر ئەوە نییە لەناو هێزێکی سیاسیدا وەکو مۆم بتوێتەوە، یان ببێت بە مرۆڤێکی کەڕولاڵ، یان وەکو مرۆڤێکی عەوام دەربکەوێت.بەڵکو ئیشی ئەوەیە ببێت بە چاودێر بەسەر کارەکتەرە سیاسییەکانەوە، بەردەوام ئەو پنت و خاڵە لاوازانە بدۆزێتەوە کە کاریگەریی خراپ بەجێدەهێڵن.

بەمانایەکی دیکە، ئیشی ڕۆشنبیر تەڵاقدانێکی موتلەقی سیاسەت نییە، بۆ ئەوەی دواتر وەک شوێنێکی گڵاو یان نەفرینلێکراو وێنای بکات. سیاسەت ئەشکەوتێکی تاریک نییە بۆ ونکردنی ڕۆشنبیر، ڕۆشنبیر نە سۆفی و عابیدێکە تەرکی

دونیای سیاسەت بکات، هەروەکو چۆن ئەو بونەوەرەش نییە هەموو خەیاڵی لای ڕۆمانسیەتی سیاسەت بێت و بیەوێت ببێت بە کارەکتەرێکی سیاسیی گەمەی سیاسیی بکات.

ئیشی ڕۆشنیر ئەوەیە نەهێڵێت هێزێکی دەستڕۆیشتووی سیاسی کۆمەڵگا خەولێبخات، بەو ئامانجەی ململانێ سیاسیەکانی بکوژێت.بەڵکو کاربکات بۆ ئەوەی بەردەوام دەستی سیاسییەکان کەشف بێت، بەردەوام لەسەر وەتەری ئاگایی کۆمەڵگا بێت تاکو پشتەوەی مانۆڕە سیاسییەکان ببینێت. کاری ڕۆشنبیر ئەوەیە ململانێکان بە شەفافی نیشان بدات، بە ئاستی گونجاو دەربکەون، هێزێکی دیاریکراو نەتوانێت کۆمەڵگا بێدەنگ بکات و خۆی ببێت بە سوڵتانی تێکرای خەونەکان.

لەو ساتەدا کە خەریکە هێزەکان ڕەنگیان بگۆڕێت، نزیکە لەبیریان بچێت بەچیەوە سەرقاڵن و دەبێ چی بکەن، خەریکە گۆڕستانێک دروستدەبێت کە تەنها هێزێک توانای جموجوڵی هەبێت. کارە گرنگەکەی ڕۆشنبیران دەستپێدەکات، ئەویش دەرخستنەوەی ململانێکانە لەسەر خوانی سیاسەتدا. ململانێ لەسەر جیاوازیەکانی بیرکردنەوە و جیاوازیەکانی خزمەتکردنی ڕووبەری گشتی کۆمەڵگا.

کۆمەڵگای ئێمە ساڵانێکی زۆری تێپەڕاند لەناو ململانێیەکی نا سیاسی خوێناوی بێدەربەستدا، لەناو سنوورە ڕەمزی و مەعنەویەکانی سیاسەتدا، لەناو جۆرێک بێحورمەتی بە ئینسانی کورد، بەناشیرنکردنی کارەکتەری سیاسی. ئەو نەفرەتە سادە و بێقوڵاییەی لەبەرامبەر دونیای سیاسەتی کوردیدا دروستبوو، سیاسەت دەکات بەڕستێک درۆ و چاوبەست و فێڵکردن، ئەم نەریت و ڕوانینە بۆ سیاسەت دونیایەکی هێند ناشیرین و خراپی لەداکەوتەی ئێمەدا دروستکردوە، مێژوویەکە ڕۆشنبیران وەک ئەوەی لە زبڵخانەیەکدا کاربکەن، سەرگەرمی خاوێنکردنەوە و بەخشینی ژیانن بە سیاسەت وەک جێگەیەک بۆ بەرهەمهێنانی چەمکی (پێویستە بە ئارامی لە تەنیشت یەکتریەوە بژین).

ئەو کاتەی هێزە سیاسیەکان واز لە هەموو پێداوە ژیاندۆستییەکانی ناو دونیای سیاسەت دەهێنن و غەریزەی شەڕ و حەزی یەکتر سڕینەوە سەروەرترین خواستی سیاسی هێزەکانی ئێمەیە بەرکەماڵ دەبێت، ئەو ساتەوەختەی سیاسەت بریتی دەبێت لە ناشیرنکردنی دونیا و خاپورکردنی جوانیەکان و بەکەلاوەکردنی یەکتر قبوڵکردن. ئەوکاتەی شوێندەستی خزمەتکردنی کۆمەڵگا دەگۆڕێت بۆ هێزی یەکتر قڕکردن، ئاڕاستەی ململانێی مەدەنی و فیکری و ژیاری دەگۆڕێ بۆ وەلاخستنی ئەوانی تر و سەروەربونی یەک هێز و یەک ئاست لە بینی سیاسی و یەک شێوە لە کاردانەوی کۆمەڵگا، بێگومان دەبێت هەرچی تەفسیری ژیاندۆستی و ستاتیکای سیاسیە بگۆڕێت بۆ نەفرەت لە.سیاسەت وەکو تۆڕی ڕاوکردن و تەڵەی هەڵخەڵەتاندن تەفسیر بکرێت. ئەوکاتەی ژیاندۆستی لە سیاسەت بەناوی جیاجیا و پاساوی ناسیاسیەوە دەسەندرێتەوە، چیدی دونیای سیاسی نابێت بەشوێنی خەوبینین و ئومێد بەخشین، ئیتر ناتوانێت موژدەی ئایندەیەکی باشتر لەئێستا ڕابگەیەنێت.

## ڕۆشنبیر و هەڵوێست

ڕۆشنبیر نە لە قەبرستانەوە هاتۆتەوە، تاکو دەنگ و سەدای نەبێت، نە ڕۆبۆتی ناو کارگەیەکە کە هیچ کاردانەوەیەکی نەبێت، هەڵبەت هەندێک داواکاری هەیە لە دەرەوەی دونیای ڕۆشنبیرخۆی، کە وەزیفەی دیاریدەکات بەوەی دەبێت لەو پرسانەدا بێدەنگبێت کە هی خۆی نین، یان بێلایەنبێت لەو ڕووداوانەی سەر بە دونیای خۆی نین.

دوای ئەو داکۆکیە سیاسیەی (ئیمیل زۆلا) لە (درایفوس) جۆرێک لە ڕۆشنبیر سەرهەڵدەدات بەناوی ڕۆشنبیری بەرپرسیار. لێرە بەدواوە ڕۆشنبیر تەنها کاری ئەوەنییە مەلە بکات لەناو حەوزی فیکری و هونەری و ئەدەبیدا، بەڵکو لە تێکڕای ئەو بابەتە هەستیارانەی لە دەوروبەریدا ڕوودەدەن و لە تێکڕای ئەو ساتەوەختە مەترسیدارانەی کەپێویستی بەهەڵوێستەکردنە، داکۆکی لەحەق و لە هەقیقەت دەکات.

بۆیە سەیر نییە لەوەها کاتێکدا ڕۆشنبیران لەبەر ئەوەی بارگاوی نەکرێن بە هەندێک بابەت، هەڵوێستی دادگەرانەیان نەبێت، ڕۆشنبیری بەرپرسیار ئەوەندە لە ڕۆحی دۆخەکاندا دەژی ئاگای لە ڕەوتی ڕووداوەکان بەباشی هەیە. بێلایەنی ئەوان بەمانای نەبوونی هەڵوێست نایەت، بە مانایەکی تر، بێلایەنی ئەوان لە سیاسەت یەکسان نییە بە بێلایەنی لە بەرامبەر ئەو ڕووداوە گرنگانەی کە سیاسەت دروستیان دەکات، ئەو ڕووداوە نەمرانەی دەکەونە ناو چارەنوسی قۆناغێکی گرنگی مێژووییەوە.

ڕایەک هەیە دەڵێت (ڕۆشنبیران ئازادن لەبیرو بۆچون و هەڵوێست و وێناکردنی فۆرمی ڕۆشنبیربوونی خۆیاندا، بەڵام ئازاد نین لەوەدا کە بێدەنگبوونی خۆیان وەک مسافەوەرگرتن لە ڕووداوەکان بفرۆشنەوە و هەڵوێست وەرنەگرتنیش بەدابرانی فیکری نمایش بکەن، چونکە ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی ڕاستەقینە دەسەڵاتێکی دەزگایی بێت بۆ چاودێریکردنی سیاسەت و حکومەت، ئەوا ڕۆشنبیران دەسەڵاتێکی نا دەزگایی تاکگەرای فیکرین بۆ چاودێریکردنی ڕەخنەگرانەی کۆی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی و فیکری و بەهاکانی).

ئەوە ڕەنگە ڕاست بێت کە ڕۆشنبیران دیلی ناو قەفەزی هیچ ئایدۆلۆژیا و ئایدیایەکی سیاسی نین، ئەوان تەنها سەرگەرمی دونیای خۆیان و کارەکانیانن، تەنانەت ئەوەش ڕاستە کە ڕۆشنبیران بەوە ڕازی نابن هیچ ئایدۆلۆژیا و میتۆدێکی سیاسی پێناسی خۆیان بداتێ، بەڵام هیچ کام لەمانە ڕۆشنبیران لە هەڵوێست و بەرپرسیارێتی ناپارێزێت.بەو مانایەی دوریانبخاتەوە لە ململانێکان و وەک ڕۆحلەبەرێکی بێخەم لە دورەوە سەیری ڕووداوەکان بکەن.

لەو کاتە گرنگانەی کە پێویستی بە دەنگهەڵبڕینی ڕۆشنبیران هەیە، ڕۆشنبیران ئەگەر بکەونە مەترسیشەوە بێدەنگ نابن، دەنگهەڵدەبڕن و دلێرانە قسە دەکەن.چونکە لەوکاتانەدا بێدەنگبوون و نەبونی هەڵوێستی ڕۆشن هیچ تەفسیرێکی دیکە هەڵناگرێت جگە لە کڕکەوتن لەسەر دۆخی بێدادی. ئەگەر ڕۆشنبیر نەتوانێت لەو کاتانەدا هەڵوێستی ڕاشکاوانەی هەبێت کە کۆمەڵگا چاوەڕێی دەکات، ئەوا کۆمەڵگا لەگەڵ تەنێکی بێگیاندا مامەڵە دەکات کە تەنها بۆیاخێکی جوانکراوە، لەگەڵ پەیکەرێکدا کە جگە لە جوانیەکی ڕووکەش بایەخێکی تری نییە.

خۆ ئەگەر یەکێک لە خەسڵەتە گرنگەکانی ڕۆشنبیر بریتی بێت لەوەی خاوەنی ڕۆحێکی ڕەخنەگرانەیە، ئەوا لە ساتەوەختی هەستیار و گرنگدا باشترین ڕەخنە هەڵوێست نواندن و دەنگ بەرزکردنەوەیە لە ڕووی دەسەڵاتداراندا. باشترین بەرپرسیارێتی ئەوەیە لەبەرەی خەڵکەوە سەرگەرمی ڕێکخستنی زمان و

تێرۆرەکردنی هەڵوێستەکانی خەڵک بێت.

ڕۆشنبیر لای فۆکۆ نەک ناتوانێت خۆی لە هەڵوێست و ڕای ڕشکاو بپارێزێت، بەڵکو ڕۆشنبیر لە دونیای پۆست مۆدێرنەدا لەناو کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا وەکو جەنگاوەرێکی لۆکاڵی خەباتدەکات و لەگەڵ دەسەڵاتداران لە شەڕدایە.لای لیۆتاردیش ڕۆشنبیر لەناو دۆخەکاندا بەردەوام لە دڵەڕوکێیەکی ئەبەستمۆلۆژیدایە.ڕۆشنبیر ناتوانێت بێهەڵوێست بژی و درێژە بە ژیانی ڕۆشنبیری خۆی بدات.

## ڕۆشنبیر وەک تاوەنبار

تۆمەتبارکردنی ڕۆشنبیر بەوەی هەمیشە ڕۆحێکی ڕەخنەگرانەی هەیە، یان بەردەوام لەسەر تێکدان کاردەکات و هارمۆنیای کایەکان ناهێڵێت ڕاست نییە.ئەم نیگا سیاسییە بەرژەوەندخوازەی کەخۆی لەسەر دۆخی نەگۆڕ کرکەوتوە و نایەوێت هیچ شتێک لە دۆخەکە بگۆڕێت تاکو نادادیەکانی بەردەوام بێت. بەردەوام خەریکی داتاشینی تۆمەت و تەفسیری نادروستە بۆ ڕۆشنبیر، لەلایەک وەک تاوانبار سەیری دەکات و دەیناسێنێت، لەلاکەی تریشەوە وەک فریشتەیەک جەستەی ڕۆشنبیر سەیر دەکات، فریشتەبوون بەو نیازە نا کە کاندیدێکی پاک و بێگەردە، بەڵکو بۆ ئەوەی لە هەموو داکەوتە و هەقیقەتێکی دوربخاتەوە، ئەو تەماشاکردنە بۆ ئەوەیە نەهێڵێت بەهیچ ناوێکەوە قسە بکات، چونکە فریشتەکان وەک جەستەیەکی بێگەردی بێقسەو بێڕۆڵا لەژیاندا سەیردەکات، دەیەوێت ڕێگە لەوەبگرێت کە ڕۆشنبیران حەقی ئەوەیان هەبێت لە بەرامبەریدا بوەستنەوە و ڕەخنەی لێبگرن. یان وەک زاهیدێکی مەعریفی تەماشای دەکات، زاهیدێک کە لە ئەشکەوتی تەنهایی خۆیدا سەرگەرمی عیبادەتی خۆیەتی، عیبادەتی تەنهایی و تاکەکەسی خۆی، وەرگرتنەوەی چانسی ئەوەی کە ڕۆشنبیر قسەبکات و کۆمەڵگا لەسەر ئاوازەکانی خۆی کۆک بکات، هیچ نییە لەو ترسە گەورەیەی کە بەردەوام دەسەڵات و سیستەم لە ڕۆشنبیران هەی بووە.

ئەوەی کەنابێت قسەی ڕۆشنبیر هیچ دڵێک سەغڵەت بکات، ناکرێت بۆچونەکانی هیچ کایەیەک بشڵەقێنێت، ئەم تێڕوانینە نێگەتیڤە بۆ ڕۆشنبیر بیدعەیەکی سیاسییە و ئەو دایهێناوە، بەو نیازەی چانسی بەشداری و کردەی سیاسی لێوەربگرێتەوە و بیکاتە ڕۆحلەبەرێکی بێدنیا و ئاسمانی و زاهیدێک کە تەنها دەتوانێت لە ئەشکەوتی مەعریفەدا خەڵوەت بکات.

## سەرچاوەکان:

.......................................................


١- چەند تێزێک لەسەر ڕۆشنبیر، وتار، ڕێبین هەردی

٢- ڕۆشنبیرو گرفتی خودپێناسی، وتار ، ئاراس فەتاح

٣- ڕۆشنبیرو سیاسەت، وتار، مەریوان وریا قانع، ئاراس فەتاح



# ژن
# لە تەفسیری مەلای گەورەدا

حەیدەر عەبدوڵڵا



حەیدەر عەبدوڵڵا
لەدایکبووی ١٩٨٣
بڕوانامە: بەکالۆریۆس
خاوەنی پێنج بەرهەمی چاپکراوە

مەلا محەممەدی کۆیی (١٨٧٦_ ١٩٤٣) ناسراو بە مەلای گەورە، زانا و دانا و شاعیر و حەکیم و ڕاڤەکاری قورئان و چاکساز و ڕەخنەگری سەردەمی خۆی. لە گاهێکدا دواکەوتوویی هەموو کلاورۆژنەکانی داخستبوو، ئەو وەک هەیڤ دەردەکەویت و تریفە دەدات، جەسوورانە دژی هەموو دابونەریتێکی گەنیو و پواو دەوەستێتەوە، بوێرانە ڕەخنەی لە عەقڵی پاشکەوتوویی خەڵکی کورد گرتووە.

زۆر لەوانەی سەروکاریان لەگەڵ وێژەدا هەیە، شیعرەکانی مەلای گەورەیان لە بارەی ژن خوێندووەتەوە، دەزانن لەسەر دۆزی ژن چەندە کەسێکی داکۆکیکار بووە. ئەمە بۆ شایەتی بەسە کە یەکەمین کەسبووە نەجیبەخانی کچی خۆی لە شاری کۆیە ناردووەتە قوتابخانە، بەم هەوڵویستە ئاغا و شێخۆلکە و فەریکە مەلا لە مەلای گەورە درک ڕادەچن و بە قسە زۆر ئازاری دەدەن، کەچی مەلای گەورە لە وەڵامدا دەڵێت: ئەم کارەی من هیچ لەگەڵ ئایەت و فەرموودەدا تێک ناگیرێت و بگرە پشتگیریشیان دەکات، ئێوە گەر دەتانەوێت خودا لێتان ڕازی بێت، پێویستە کچەکانتان فێری خوێندەواری بکەن، چونکە هەموو گرفتەکانی کۆمەڵگە لە نەزانی و جەهلەوە سەرچاوە دەگرن، بە نموونە لە دیوانە شیعرییەکەی دەفەرموێت:

بڵێن بە قەومی کوردان
دەستی من و دامێنیان
عەیبە بە حەققی یەزدان
ژن هێنان و تەڵاقدان
ژن زینەتی دنیایە،
ئەمانەتی خودایە
حەبیبی موستەفایە
قەڵاتن لە بۆ مێردان
ژنیش وەک موزەکەرە
عەینی ئەویش بەشەرە،

بۆ ئەوەی باشتر بە تێڕوانینی جەنابی مەلا محەممەدی کۆیی ئاشنابین، هاتووین تەفسیرەکەمان پشکنی و لە ژێر تیشکی ئایەتەکانی قورئان ئەوەندەی پێمان کرابێت و بۆمان لوا بێت، بیروبۆچوون و حیکمەت و قسە خۆشکڵەکانی جەنابی مامۆستای گەورەمان دەرهێناون.

## ژن لە تەفسیری مەلای گەورەدا
## ژن و میرات

**لِلنِّسَاء نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيباً مَّفْرُوضاً**

مەلای گەورە لە تەفسیری ئەم ئایەتە دەڵێت «بۆ مێیان چ گەورە چ گچکە، چ بە هۆش، چ بێ گۆش، بەشی هەیە لە ئەوەی دایک و باوک و خزمانی نزیک (تەرک)یان کردیە، مەڵێن ژن بۆ چییانە؟ (حەوائیج)ی (بەشەری) زۆرە، خۆتان ئەڵێن: عومری درێژ شەرم لەکەس ناکا، پیرییە، کوێرییە، دەردەدارییە، (عەوارز) زۆرە، ئەوانیش لە میرات وەرگرتن (موستەقیل)ن.»

**«يُوصِيكُمُ اللهُ فِي أَوْلادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنثَيَيْنِ»**.

«بۆ نێر بە قەدەر پشکی دوو مێ، مەسەلەن کوڕێک و دوو کچ، لە چوار دووی کوڕەکەیە، کچان یەکی یەک، (شەریعەت)ی (ئیسلامەت)ی وەک فیترەت (تەڕجیح)ی لای نێری بەسەر مێدا دەدا، وە بە (موقابیل)ی ئەوانەی (مەیل)ی مێیەتی (زیاد) دەکەن، وە عەرەبیش لەلایەک (عار)یان بە مێیە، لەلایەک مەلائیکە ئەکەنە (بەناتوڵلا)، ئیجاب دەکا (جەنب)ی زکورەت (تەڕجیح) بدرێت لەسەر (جەنب)ی مێیینەیی (مەعە ئەنەهو) ژن لە گەڵێ

جیهەت (حیصە) مەندە، کە پیاو لەو (جیهەت) ە، بێ بەشە. ماڵی پیاو بۆ کێیە؟ هەر بۆ ژنان نییە؟»‌.

## ژن و هەڵسەوکەوتی باش

«**وعَاشِرُوهنّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِن كرهتُمُوهنّ فَعَسَي أَن تَكْرَهُواْ شَيْئاً ويجْعَل اللّهُ فِيه خَيْراً كَثِيرا**. »

گوزەران لەگەل ژنان بکەن بەخۆشی، لە دنیا لەوە خۆشتر نییە کە ژن و مێرد لەگەڵ یەک ڕێک و پێک بن، یەکتریان خۆش بوێ، یەکتریان لا بە حورمەت بێت، لەکەموکورتی یەک ببوورن، لام وایە، (ئینسان) لە دەرەوە هەر غەمێکی هەبێ، کە هاتەوە لەناو چوار دیواری خۆی، لە گەڵ ماڵ و منداڵی بە (صوحبەت) و بە (ئولفەت) ڕایان بوارد، هیچ (کەدەر)ی لە دڵدا نامێنێ. (خولاصە)، خۆشی خۆشی عائیلەیە و ناخۆشی ناخۆشی عائیلەیە. ئەگەر (صوحبەت) و (موعاشەرە)ی ئەوانتان لا ناخۆش بوو، هەروا بە مەیلی دڵ بێ مەیل بوون، لەگەڵیان (تەحەکووم) لە خۆتان بکەن، پێ لە (نەفس)ی خۆتان بنێن و دەری مەخەن. گەلێ شت وایە ئینسان پێی ناخۆشە، (مەعە ئەننەهو) کە کردی خێری لێ دەبینێ، نزیکە ئەوە وابێ. گەلێکمان دیت لە ژنە نەویستەکەی گەلێ خێری زیاتر دیت لە ژنە خۆشەویستەکەی، یان ژنێکی (کڕ)هاندووە، دوایی گەلێ چاکەی لێ دیوە»

## ژن و مارەیی

لە بەرگی دووەم لاپەڕە (٩٣)ی تەفسیرەکەی دا دەفەرموویێت « ئایا مارەیی گران بێ باشە؟ یا سووک؟ من لام وایە بە (ئەتوار) و (ئەحوال) دەگۆڕێت، وەک (سابیقەن عەرزم) کردن، گەلێک کەسم دیتوە لەبەر زۆری مارەیی نەبوایە ژنەکەی تەڵاق دەدا، هەر بۆیە ژنانی کورد دەڵێن: «مارەیی کۆڵەگەی ناوماڵە» ئەگەر ئەم ترسە نەبێت مارەیی تا چاکتر بێت باشترە، بۆیە حەزرەتی ئیمامی عومەر پاش (تەقەڕور) ی ئیسلام (تەئەدوب)ی عەرەب بە ئادابی دین نەهی (موغالات)ی (مەهر)ی فەرموو، ئەگەرچی دەڵێن پیرەژنێک (ئیعتیراز)ی لێ گرت، ئەویش (ئیعتیڕافی)ی بە (قصور)ی خۆی کرد، بەڵام نەهی عومەر (موافیق)ی حاڵ و وەخت بووە» .

## دۆست گرتن

«**ولا مُتَّخِذِي أَخْدَانٍ**». مەلا گەورە لە تەفسیری ئەم ئایەت دەفەرموویێت « کەی نێر و مێ دەبنە دۆستی ڕاستی بێ مەیلی خیانەت، ئەحواڵی بەشەر لە سایەی غەریبان زۆر گۆڕاوە، دەبینی ژنێ قۆڵی لە قۆڵی دۆستێ هەڵکێشاوە، مێردەکەشی بە دوایاندا دەڕوا، گەلێ مەسڕوڕ و مەمنوونە، شەرقیش گەلێ کەیفیان بەم نەوعە دۆستە دێت، کەسێ تەماشای جەڕائید و موجەلات بکات دەبینی لە رووی دۆستی چ (فەزائیح) دەفەرموێ، چۆن ئینسانی غەیور و بە نامووس حەز دەکات ژنی تەنها بۆ خۆی بێت، وەک کابرای خۆشناو بە ژنی خۆی دەگوت: فاتێ خۆزیا خۆزیا بە تەنێم ئی خۆ بای!

ژنیش حەز دەکات پیاو بەتەنێ ئی خۆی بێ، هەردوولا عەفیف بن، چاو لەدەر نەبن، ئەوسا بە سەلامەتی رائەبوێرن (مەقاسید)ی (ئیزدیواج) بەجێ دەگەیەنن.

## ژن و چاک و پیر

مەلای گەورە لەبارەی هاتووچووی ژنان بۆ سەر گۆڕی چاک و پیران دەڵێت: بە (عمووم) ی لە وڵاتی ئێمە چەند و چاک و پیر هەن: (ئۆمەرمەندان، خاڵخاڵان، مامۆستا کەرەم،

**مەلای گەورە توانیویەتی لەژێر رۆشنایی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ژن بە شێوەیەکی جیاواز دەرببڕێت، ئەمە بووەتە مایەی قەڵسبوونی هاوچەرخانی**

چاکی زایەری، مەلا مرادی، چنارۆک، حاجی ڕەسوول). ژنان بۆ ئاوس بوون دەچنە سەریان زیارەتیان دەکەن، گیسک و جەرگوناو و درک و سەروپێیان بۆ دەکەنە خێر. بۆ (حاجی ڕەسووڵ) شەرتە ژنەکە لە دوور دابەزێت، بەبێ دەرپێ ڕووو لە (مەڕقەد) بکات و بە غار بچێ و بڵێ: (حاجی ڕەسووڵ لە گوڕ هاتم، بۆ کوڕ هاتم). بەعزێکیان دەبێ ژنەکە حەوتجار بەولا و بەولای قەبرەکە (صەفا)، بە لینگی رووت بازدا، هەی کاکی خۆم لە ناو قەبرەکە (صەفا) دەکەیت ! ئینجا ئەگەر ئاوس بوو کوڕی بوو، دەڵێ: ئەو زاتە پێی کەرەم کردیمە، ئەگەر زێدە موسڵمان بێ دەڵێ: «خوا بە تکای ئەو زاتە موبارەکە پێی بەخشیوین»

(ئیعتیقاد)ی (ئەنام) دەرهەق بە شێخ و ئەولیای مردی و زیندی زۆر بە قووەتە، (عەلی ئەفەندی) هەولێری لە (سراج السالکین) دەڵێ «شێخ حیسامەدین رۆژێ بە دەرویش حەسەنی وت: ژنەکەت ئاوسە، حەملەکەی کچە، ئەوە زەکەرێکمان پێوە چەسپاند، واتا: کردمانە کوڕ». (سبحان الله!) ئەوە (فەوقە شیرک)ە! خوا بەکچی (خەلق) کردبوو شێخ کردی بە کوڕ!

## مەکری ژنان

لە باسی چیرۆکی خۆشەویستی نێوان یوسف و زولەیخا، حیکایەتێک دەگێڕێتەوە.» زاتی ئەدیب و لەبیب خەریک دەبێ شار بەشار، دێ بە دێ دەگەڕێ، مەکری ژنان دەنووسێتەوە، رۆژێ لە رۆژان ئێوارە، رۆژ لە زەردانە، رێی دەکەوێتە ماڵی کوێخوای، خاوەنی ماڵ لەوێ نابێت، ژنەکە زۆر چاک بەخێری دەهێنی، خواردنی باشی بۆ دروست دەکات، دوای عیشا میرزا کتێبی جەلبەندی دێنێتە دەر، تەماشای دەکات، خانم دەڵێ: قوربان ئەمە چییە؟ دەڵێ: ئەمە کتێبی مەکری ژنانە، عومرێکە خەریکم گەلێک مەکریانم کۆ کردیتەوە، خانم دەڵێ: کاکە لەوە گەڕێ، زل لە کادینی هەڵدەبژێردرێ؟ قەترە لە (بەحر) ناژمێردرێ! کابرا دەڵێ: تازە تا (نیهایەت)ی عومرم دەستی لێ هەڵناگرم، ژنەکە (سکووت) دەکات، دوای چەند دەقیقەیەک خانم دەست دەکات بە (غەنج) و (دەلال) و قسەی بەناز و نوز و ناسک بۆ (کاتب)، نەزەری (جەلب) دەکا، دڵی دەڕفێنێ، ئەویش (بیلموقابل) (ئەشعار)ی (غەڕام)ی دەخوێنێتەوە، نیهایەت ئیش لە (کینایەت)دەردەچێ و دەکەوێتە (باب)ی (صەڕاحەت)، خانم ئەفەندی دەهێنێتە سەما، لەو وەختە تەق تەق لە دەرگا دەدرێت، ئەمان ئەوە کێیە؟ (لاشەک)ە مێردی ئەو ئافرەتەیە. ئەفەندی مشەوەش دەبێ، چی بکەم؟ صندووقێک لەوێ دەبێت دەیخاتە نێو صندووقەکە، دەرگەی قفڵ دەدا، دەچێ دەرگە لە مێردێ دەکاتەوە، دەس لە ملانی دەبێ، ئەمان بۆ وا درەنگ هاتییەوە؟ ئاە گەر ئێستا نەهاتبایەوە، (عوشرەت)ی خۆشم دەکرد، بە کەیف ئەمشەو ڕامدەبوارد،! مێردەکە وتی: لەگەڵ کێ؟ وتی : لەگەڵ مێوانێکی (ئەدیب) و (مەحبووب) و (لەبیب) شیرین و ناسک و نازدار

خەریکی دەست لە ملان بووین، تۆ لە دەرگات دا، ئەمان کو وا دەبێ؟ کابرا ئاگری غەزەبی هاتە جۆش، چی لێهات ئەو میوانە خائینە، بێ ئەمەکە، بۆ کوێ چوو؟ وتی: ئەوە لە نێو صندووق دایە، صندووقەکەم لەسەر کلیل دایە، کوا کلیل؟ ئەوەتە، ئا بدە! ها وەربگرە. کابرای ئەفەندی نێو صندووق دەلەرزێ و دڵەکوتە دەگرێت، لە ترسان خەریکە بەخۆیدا بمیزێت. پیاوەکە کلیل وەردەگرێ و ژنەکە لە هەراو چەپڵە دەدا و دەڵێ: دۆڕاندت، دۆڕاندت، خەی خەی دۆڕاندت، نەتگوت لە بیرمە! پیاوەکە سست بوو، کلیلی بە عارد دادا و وتی: دەک بەڵات لەخۆت و مەکرت دا! تومەز لەگرۆیان کردبوو، (ئەننەهو)و بەو درۆیە بە نەوعێ ڕقی مێردی هێنایە جۆش ، هۆش و گۆشی نەما، لەخۆی بێئاگا و خەبەر بوو، کلیلی وەرگرت نەی وت لە بیرمە، ژنەکە بە قاقا پێکەنی و ئەفەندی ناو صندووق کەوتە بەحری (حیرەت)، ئەمە چ (حیلە) ێ بوو؟ ئەمە چ مەکرێ بوو؟ مێردەکە جلی گۆڕی و چوو بۆلای (قەدەمخانە). خانم میرزای هێنایە دەر، وتی: ئەی سەییدی سەروەر، ئەو مەکرەش بنووسە لەناو دەفتەر. وتی: تۆبە حاشا، قەڵەم و ئەدەوات دەشکێنم، کتێبەکەش دەسووتێنم!»

## ژن و حەیا و حورمەت

جەنای مەلای گەورە لە بەرگی (٨)ی تەفیسیری سورەتی (أحزاب) لەبارەی ژنانەوە دەڵێت «ئەو نیسبەتەی لە بەینی ژن و مێرد دایە، ئەو بێ پەردە و (حیجاب)ە لەبەینی کچ و باب دا نییە، کچ هەرچەند لە (غایەت)ی فەزڵ و زەکا و شەرافەت دابێ، بۆ بابی نابێتە (مەحەلی ئەسرار)، ژن شووشەی نامووسە، پاوانی ئینسانی بە غیرەت و مەردە، ئیحتیرام و (حیفز)ی نامووس و عەرزی ئینسانی لەسەر ژن لە (ئەتم) و (ئەهەم)ی واجباتە، وەکەزا سیرِ پۆشینی زۆر (موهیمە)» .

## ئیسلام و ژن و مێرد

لەبارەی شەریعەت و ژن و مێرد دەڵێت « لام وایە، ئەوەی شەریعەتی ئیسلامی دەیەوێت (ئیجرا) کرابایە، ژنی بێ مێرد، مێردی بێ ژن نەدەمایەوە، دەیوسی و قاحپەیی و (مەنکووب)ی نەدەما، ژن بەو (نەوع)ە لە (حەدد) دەرنەدەچوون، ڕەسووڵ (د.خ) بێوەژنە گەورە گەورەکانی دهەێنان، دەیتوانی کە کچی ناسک و نازدارە هینابای. جوو و ئەورووپایی (تەعن) لە زۆر ژنی پێغەمبەر دەدەن، بەین بەین ئەو قسانە نوێ دەکەنەوە، ئێمە لەبەر دین نەبێ دەتوانین (تەعن)ی وایان لێ بدەین جەرگیان ببڕین، (لاکین) ڕسوولوڵڵا خۆی (مانیعە)».

## ژن و دوو فاقەیی

مەلای گەورە لەبەرگی (١٠)یەمی تەفسیرەکە بەم شێوەیە حیکایەتێکی ژیانی خۆی دەگەڕێتەوە « منداڵ بووم، لە عومەری هەشت نۆ ساڵی ، زستانەکی کچی شێخ )نەبی قوتبی ماویلی)، لە ماڵی ئێمە بوو، ئەو زستانە نەیان هێشت بچمەوە ناو ماڵ، کچی شێخی دەیفەرموو: نەزەری حەڕامە، بەعزە شیوی نەدەخوارد، ئەی وت: شکم لە حەڵاڵی ماڵی ئێوە نییە، (لاکین) دەترسم (بەقال)ەکەی ڕوونی لێ دەکڕن بە زەریفی تەرازووەکەی خاوێن نەکاتەو، ڕۆنەکە کەم و زێدەیی تیا بێت و حەڕام بێ. خولاسە بەو نەوعە (تەکەلوفات)ی زۆر بوو، زۆر (عەزاب)ی عائیلەی دا، لە (ئەواخیر)ی زستان، تەشریفی بەدوای قەتارچییەکی خۆیان کەوت، بە جارێ تەرازووی تێکدا!

## ئەنجام:

لە ئەنجامدا دەکرێت ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

١- مەلای گەورە توانیویەتی لەژێر ڕۆشنایی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ژن بە شێوەیەکی جیاواز دەرببڕێت، ئەمە بووەتە مایەی قەڵسبوونی هاوچەرخانی.

٢- ژنان هان دەدات واز لە خورافە بهێنن و خۆیان دووربگرن لە کاری ناشیاو و هیچ.

٣- ژن و مێرد دنە دەدات لەگەڵ یەک باش و تەبابن، گەر وانەبوون هیچ شتێک سوودی نابێت، ژیان هەر لەژێر ساباتی هاوژینیی بەهرە دەدات.

٤- وەک ئاشکرایە مەلای گەورە بۆ تەفسیری قورئان بەسەرهاتی خۆی و خەڵک و نوکتە و ڕووداوەکانی ژیان دەهێنێتەوە، هەروەک لەم چەند پەڕەگرافەی سەرەوە لەبارەی ژنان ئەمە بە جوانی دەردەکەوێت.

٥- بە شێوەیەکی کراوە باسی ژن دەکات، لەکاتێکدا موفەسیرەکانی دیکەی قورئان بە شەرمەوە لەم باسانە دەدوێن.

ئەم تەفسیرەی مەلای گەورە نەک تەنیا لەبارەی ژن، بەڵکوو دەشێ لە هەموو بوارەکانی دیکەش سوودی لێ وەربگیرێت.

## سەرچاوە:

تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورەی کۆیی، بەرگی (١-٢-٣-٤-٥-٦-٧-٨-٩-١٠) ساڵی ٢٠٠٩ز.

# چاکسازیی

## پێویستییەکی بەردەوام بۆ تاک و کۆمەڵ

د. ئەحمەد وەرتی





لە دایکبووی ١٩٦٦ وەرتێ
دکتۆار لە یاسا و رامیاری
ئەندامی خولی پێشووی
پەرلەمانی کوردستان
چەند بەرهەمی
چاپکراوی هەیە.

لە ڕاستیدا چاکسازیی گرنگی و بایەخی زۆری هەیە بۆ هەموومان، بۆ تاک و کۆمەڵ، چاکسازیی بە چەمکە گشتییەکەی کە پێچەوانەی خراپەکاریی یان گەندەڵییە بە هەموو جۆرەکانیەوە، دەکرێت بێژین مانای چاکردن دەگەیەنێت بە ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، یاخود ئەو کارەی دۆخ و ڕەوشەکان چاک دەکات، کەوابوو مرۆڤ نابێت شەرم بکات لە چاکسازیی و گۆڕینی واقیعی خۆی کە پێویستی بە گۆڕان و بەخۆداچوونەوە و موراجەعە دەکات، بەپێی مەنتیقی قورئانیش هەموو گۆڕانێک لە خودەوە دەستپێدەکات، واتە تا مرۆڤەکان گۆڕان لەخۆیاندا بەدی نەیەنن، گۆڕان لە واقیعیاندا بەدینایەت.

هەموو مرۆڤەکان بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکانیان و تێپەڕاندنی کێشە و گرفت و لەمپەرەکان و زاڵبوون بە سەر قەیران و کارەسات و ڕووداوەکاندا، بەردەوام پێویستیان بە گۆڕانکاریی و چاکسازیی هەیە، چ لە سەر ئاستی تاک، یان کاروچالاکی بە کۆمەڵ و دامەزراوەیی گەرەکە پێداچوونەوە بە بەرنامە و پلان و ئەزموونی رابردوویاندا بکەنە لە پێناو بەردەوامی و مانەوە و پەرەسەندن و بەرەوپێشچوون. هەموو قوتابخانە فیکرییەکان بانگەشەی چاکسازیی دەکەن، تەنانەت گروپ و دەسەڵاتە دیکتاتۆر و سەرکوتکارەکانیش ئیدیعا دەکەن بە تەنگ ئیسڵاح و چاکسازیی و گۆڕانکارییەوەن و دەیانەوێت گەلەکانیان بەرەو کەناری ئەمان و بەختەوەری بەرن، نەخاسمە لەم سەردەمەدا مەقولاتەکانی وەک چاکسازیی و گۆڕانکاریی و شۆڕش و خە بات ... هتد، لە زۆربەی گوتارە سیاسییەکاندا گوێبیست دەبین و هەر مەدرەسەیەکیش لە ڕوانگەی خۆی و بە ئاراستەی بەرژەوەندی دەسەڵات و جیهانبینی خۆی تەوزیفیان دەکات. لە ڕاستیدا هەر یەک لەو

مەقولاتانە هەڵگری مانا و مەدلولی تایبەتی خۆی و مەنتیقی نێوخۆیی خۆیانن لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی بابەتیدا بە گشتی، چونکە ئیسڵاح خاوەن مەنتیقی خۆیەتی لە مانای ڕاستکردنەوە و پاکژکردنەوە و گۆڕینی پلە بە پلەیی، هەروەک لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا پێناسە کراوە، بەڵام شۆڕش مانای ڕووبەڕووبوونەوە و تێکهەڵچوون و گۆڕانی گشتیی و ڕیشەیی دەگەیەنێت، هەروەها زاراوەی ڕۆشنگەری (نهچە)ش بە واتای نوێگەری و هاوتەریببوون لەگەڵ زەمەن و گۆڕینی لە سەرخۆ و هێمنانە دێت، لەم سەردەمەدا مەقولەی چاکسازیی (ئیسڵاح) لە هەموویان زیاتر بەربڵاوە لە ڕووی بەکارهێنانەوە. ڕوانینی هەریەک لە قوتابخانە فیکرییەکان لە ڕووی تیۆرییەوە جیایە لەمەڕ چاکسازیی و پێناسەکەی و چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵدا کردنی: فیکری لیبراڵی خۆرئاوایی وا سەیری چاکسازیی و گۆڕانکاریی دەکات کە بیریارە خۆرئاواییەکانی وەک (فرانسیس فۆکۆیاما) بۆیچون، واتە لەو گۆشەنیگایەوە کە کۆتایی مێژوو لە بەرژەوەندی ژیاری خۆرئاوادا دەبێت. فیکری مارکسیش لە تێگەیشتنی بۆ پرۆسەی گۆڕانکاریی پشتی بە پرەنسیپی ململانێی چینەکان بەستووە و پێیوایە خەباتی چینایەتی بناغەی پەرەسەندن و هێزی بزووێنەریەتیی، بەڵام ئیسلام بە شێوەیەکی بەرفراوانتر و ڕوانینێکی گشتگیرترەوە دەڕوانێتە پرۆسەی چاکسازیی، وەک چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ کێشە و گرفتەکانی مرۆڤایەتی، بۆیە چاکسازیی مەبەستی بنەڕەتیی ئیسلامە و هەردوو لایەنی ڕۆحی و لایەنی ماددی پێکەوە لەخۆدەگرێت، لەهەمانکاتدا دانیش دەنێت بە بوونی پەرەسەندن و گۆڕانکاریی هەمیشەیی و بەردەوام لە ژیانی مرۆڤایەتیدا. نامانەوێت ڕوانگەی قوتابخانەکان دەربارەی چاکسازیی و

گۆڕانکاریی بە درێژی باسبکەین، بەڵام مەبەستمە ئاماژەیەک بەو خاڵە گرنگە بدەم کە مەبەستی شەریعەت بریتییە لە بەدیهێنانی بەرژەوەندی بەندەکان، واتە بەرژەوەندی و قازانجی خەڵکی بە گشتیی، بۆیە (ئیبن قەییم) پێناسەی سیاسەتی ئیسلامیی بەم شێوەیە دەکات: (الأعمال التی یکون الناس معها أقرب إلی الصلاح وأبعد عن الفساد)، واتە: بریتییە لەو کارانەی خەڵک لە گەڵیاندا لە چاکە و چاکسازیی نزیکتر، لەخراپە و گەندەڵی دوورتر دەبن، ئەمەش بە پێچەوانەی سیاسەتی میکاڤیللی کە سیاسەت بە هونەری مومکین لە واقیع ناوزەد دەکات بە چاوپۆشین لەوە ئاخۆ لە رووە ئایینی و ئەخلاقییەکەوە دروست و رەوایە یان نا. بێگومان گرنگی و بەهای چاکسازیی لە بەرزکردنەوەی دروشمەکەدا نییە، بەڵکو لە روانین و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنیدایە، بە تایەت لە بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی و زۆرینە، نەک بەرژەوەندی تایبەتی و کەمینە و کاتی، یان بۆ بەرژەوەندی دەسەڵات و گروپ و بنەماڵەیەکی دیاریکراو، چونکە ئەو کاتە دروشمەکە ئامانجی خۆی ناپێکێ و تەنیا بانگەشەکە بە رووتی دەمێنێتەوە ئەگەر دروشمی چاکسازیی خۆی لەخۆیدا دروشمێکی جوان و قبوڵکراوە، بەڵام ئاکامەکەی گرنگە بیخەینە بەرچاو لە سەر زەمینی واقیع دا، هەربۆیە دەبینین چاکەخوازان و خراپەکاران وەک یەک بانگەشە بۆ چاکسازیی دەکەن، وەلێ دەشێت ئاکامەکەی تێکدان و وێرانکردن و قەسابخانە بێت وەک لە واقیعی ئێستای چەندین وڵات و ناوچەی جیهاندا دەبینرێت، بۆیە خاڵی جیاکردنەوەیان لە یەکتری لە کرداردا بەدی دەکرێت کە سەرچاوەی لەو فەلسەفە و رێوشوێنانەدایە کە بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازیی تەبەننا دەکرێن و دەگیرێنە بەر.. هەمیشە چاکسازیی پێویستی بەوە هەیە هزرێکی پتەو و جێگیر لە پشتیەوە بێت، چاکسازیی کۆمەڵێک مەرجی هەیە تا نەیەنە دی، ناتوانرێت نە پرۆسەکە بە چاکسازیی ناوبنرێت و نە لە واقیعیشدا هیچ ئاکامێکی ئیجابی لێدەکەوێتەوە، لەوانەش نیاز و مەبەستی چاکسازیی و رەچاوکردنی زەرورات (گرنگتر ئینجا گرنگ)، لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە پێویستە ئەو کەسەی بانگەشەی چاکسازیی دەکات و دەیەوێت گۆڕانکاریی بکات، خۆی لە ئاستی ئەو بانگەشە گەورەیە و لە ئاستی تەحەددیاتەکاندا بێت و لە سەرووی گومانەکانەوە بێت، ئەگەر نا حاڵی وەک حاڵی ئەو کەسە دەبێت کە شاعیر لە بارەیەوە دەڵێت: وغیر تقی یأمر الناس بالتقی گبیب یداوی الناس وهو علیل!



# خاڵخاڵان

# ئیسلامو دەوڵەتداریی




## نووسینی عەلی باپیر

ئەم کتێبە چوار بەرگە و نوسینگەی تەفسیر ساڵی ٢٠١٤ بەرگی یەکەمی بڵاوکردوەتەوە. نووسەر لە بەرگی یەکەمدا توێژینەوەیەکی وردی لە بارەی ئیسلام و دەوڵەتدارییەوە کردوە و بە چوار بەش ئەو بابەتەی شەنوکەو کردووە.

بەرگی دووەمیشی کە هەمان نووسینگە لە ساڵی ٢٠١٥ بڵاویکردوەتەوە تایبەتە بە بنەماکانی سیستەمی حوکمڕانی لە ئیسلامدا کە (دە) بنەمای سەرەکیی لەخۆگرتوە.

بەرگی سێهەم: باسی هەرسێ دەسەڵاتەکە (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەریی) لەخۆگرتووە.

بەرگی چوارەمیش: تەرخانکراوە بۆ ناموسڵمان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا.

بەرگی سێهەم و چوارەمی لەژێر چاپدان.

ئەم کتێبە بەهەر چواربەرگەکەیەوە کەلێنێکی گەورە لە ناو کتێبخانەی کوردیدا پڕ دەکەنەوەو ئەوە یەکەمجارە بەو تێری و تەسەلییە لەسەر ئیسلام و دەوڵەتداریی بنووسرێت.

# توراس و فیکری سیاسی ئیسلامی




## نووسینی: عومەر ئیسماعیل ڕەحیم

ئەم کتێبە ٤٧٧ لاپەڕەیە و ساڵی ٢٠١٥ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
کتێبی توراس و فیکری سیاسی ئیسلامی، ناوەکەی ئاماژەیە بۆ ناوەڕۆکەکەی.
ئەم کتێبە لە سێ بەش پێکهاتووە.
بەشی یەکەم: ناساندنی توراس و فیکری سیاسی ئیسلامی. کە لە سێ باس پێکهاتووە.
بەشی دووەم: شیکردنەوە. کە شیکردنەوەی هەندێ چەمک و تیۆری توراسی سیاسیی ئیسلامە. ئەم بەشە پانتاییەکی گەورەی کتێبەکەی لەخۆ گرتووە و نووسەر شیکردنەوەیەکی قووڵی بۆ ڕای نووسەرانی دێرینی ئیسلام کردووە و هەروەها بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکەی تاوتوێی ڕای هەندێ نووسەری دەرەوەی ئیسلامیشی کردووە.
بەشی سێیەم: توراسی سیاسیی ئیسلام. پێگە و بایەخ.
ئەم بەشە خوێندەوەیەکی ورد و چڕ و پڕە بۆ ئەو بوارە و نووسەر شەنوکەوێکی باشی تێدا کردووە.

# دادوەرییەکی مەحوی شاعیر

ئەوەی تا ئێستا مەحوی شاعیری پێ ناسراوە، عیشق و خۆشەویستی و جیهانە پان و بەرینە عیرفانییەکەیەتی، کە هەموو ڕوویەکی دیکەی شیعرەکانی داپۆشیوە، بەڵام دواجار ئەویش کوڕی کۆمەڵگەکەی خۆیەتی و هەردەبێت سەرەتاتکێیەکی لەناو کوچە و کۆڵانەکانی دیکەی ژیاندا کردبێت. ئەم چوارینەیە فەتوا دادوەرییەکی درکە (کنایە)ییە دژ بە ستەم و دەسەڵاتی ستەمکارانە:

رەشێ، کوشتنی، یەک ڕووڕەشی بەدەستەوە بوو
بەدزیەوە وتی: فتوادە، روخسەتم فەرموو
وتم: کە دەردەکەوێ زوو کە ئەم غەزاکەرە تۆی
بەدەستی سەوز و سپی بوونەوەی جەمال و ڕوو

دەڵێت: کابرایەک کە بە هۆی هەژاری و ستەمدیدەییەوە روخساری رەشببوەوە، بە دزیەوە داوای فەتوایەکی شەرعی لێکردم، بۆ کوشتنی ستەمکارێکی ڕووڕەش، منیش روخستەم بەم شێوەیە دا وتم: شتی وا نەکەیت چونکە بەو کوشتنە یەکسەر دەستت سەوز دەبێت و رەنگ و روخسارت سپی دەبن و راستەوخۆ دەدۆزرێیتەوە.



# ناساندن

## سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانی ناحکومی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا، لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینەی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

ئەم سەنتەرە لە مانگی ئابی ٢٠١١ مۆڵەتی فەرمیی لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێم وەرگرتووە، لە بنەڕەتدا لقی پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامییە، کە بارەگای سەرەکیی لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکایە، سەنتەری زەهاوی تا مێژووی وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمیی، لە ژێر ناوی لقی کوردستانی پەیمانگا لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە چالاکییەکانی ئەنجام داوە، سەنتەری زەهاوی چەند جۆرێک چالاکیی ڕۆشنبیریی ئەنجام دەدات، ئەوانیش: کۆنگرەی زانستیی ساڵانە، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، کۆڕ و سیمینار، دیداری کار، خول، پاڵپشتییکردنی هەوڵ و توێژینەوە زانستی و هزرییەکان. تا ئێستاش سێ کۆنگرەی زانستی ساز کردووە، زیاتر لە (٣٥) کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە. زیاتر لە (٥٠) کۆڕ و سیمیناری زانستیی ساز کردووە، لەگەڵ ژمارەیەک خول بۆ پەرەپێدانی توانا فیکرییەکانی چین و توێژەکانی وەکو زانایان، ئافرەتان، خوێندکاران، سیاسی و ئەکادیمییەکان.

# فەرهەنگی خاڵ

**ئەم فەرهەنگە هەوڵێکە بۆ جێگیرکردنی واتای وشەو دەستەواژە عەرەبیەکان بە زمانی کوردی، بەو ئومێدەی خزمەتێک بە بواری فەرهەنگی کوردی بکات**

**ئامادەکردنی: ڕێدار ئەحمەد**

**- دستور: دەستوور:**

بریتیە لەو یاسا و بنەمایانەی کە بەپێی ئەوان وڵات بەڕێوە دەبرێت، دەستەڵاتەکان جیا دەکرێتەوە، دەستەڵاتیان دیاری دەکرێت و شێوازی حکومەت و ئەرک و دەستەڵاتەکانی دیاری دەکرێت، مافەکانی هاووڵاتیانیش لەخۆدەگرێت.

**- استفتاء دستوري: ڕاپرسی دەستووری:**

گەڕانەوەیە بۆ گەل، تا ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە بڕیار لەسەر یاسایەکی دەستووری بدەن تا بچێتە بواری جیبەجێکردنەوە، واتە تا هاووڵآتیان دەنگی پێ نەدەن نابێتە پابەندکار، ئەمەش ئەو کاتانە دەگرێتەوە کە لیژنەیەکی دانانی دەستوور دەستورێکی نوێ دادەنێت، یاخود پرۆژەیەک بۆ هەمواری دەستووری بەرکار ئامادە دەکات، بەمەش گەل دەستەڵاتی خۆی بەکاردێنێت لە بڕیاردان لەسەری.

**- المحكمة الدستورية: دادگای دەستووری:**

دەستەڵاتێکی دادوەری باڵایە، بۆی هەیە لە یاساکان بکۆڵێتەوە کە ئایا لەگەڵ دەستووردا یەکدەگرنەوە، یان نا، بڕیار لەبارەیانەوە بدات و بڕیارەکانی پابەندن.

- الدستور المؤقت: دەستووری کاتی:

بریتییە لەو دەستوورەی کە دەوڵەت بۆ ماوەیەکی کاتی و تاقیکردنەوەی کاری پێدەکات لەپێناوی دانانی دەستوورێکی هەمیشەیی، بەزۆریش دەستووره کاتییەکان پاش کودەتای سەربازی دەردەکرێن.

- تعديل الدستور: هەمواری دەستوور:

ئەنجامدانی چاکسازی یاخود گۆڕانکاریە لە ماددەکانی دەستووری وڵاتدا، ناکۆک نییە لەگەڵ بنەمای پیرۆزی دەستووردا، چونکە لە زۆرینە دەستوورە نوسراوەکانی وڵاتەکاندا گەل سەرچاوەی دەسەڵات پێدانە، لە دەستوریشدا چۆنیەتی هەمواری دەستوور دیاریکراوە، هەمواری دەستوور لیژنەیەکی دامەزرێنەر یاخود دەستەڵاتی یاسادانان پێیهەڵدەستێت بەپێی ئەوەی لە دەستووردا دیاریکراوە، باشتر وایە ئەو هەموارە بخرێتە بەردەم گەل لە راپرسیدا، تا لە رێگەی راپرسی دەستووریەوە دەنگی لەسەر بدات.

- فصل السلطات:

جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان:

مەبەست ئەوەیە دەسەڵاتەکانی وڵات هەمووی لە دەستی تاکە کەسێکدا یان دامەزرەوەیەکدا کۆنەبێتەوە، مەبەست لە دامەزراوەکان: دەسەڵاتی یاسادانان کە ئەرکی یاسادانان و چاودێرکردن و دانانی بودجەی گشتییە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە ئەرکی جێبەجێکردنی یاساکانە، دەسەڵاتی دادوەری کە ئەرکی شرۆڤەی فەرمی یاساکانە، ئامانجی جیاکردنەوەی ئەم دەسەڵاتانە گرەنتی پاراستنی مافەکان و سەروەری یاسا و پاراستنی هاوسەنگی دەسەڵاتەکانە تا خراپ بەکارنەهێنرێن.

- المجلس التشریعی:

ئەنجومەنی یاسادانان (پەرلەمان):

بریتییە لەو ئەنجومەنەی لەلایەن هاووڵاتیانەوە هەڵدەبژێردرێت، یاخود نوێنەرەکانی بەدانان دادەنرێت، یاخود تێکەڵە دەبێت، واتە هەندێکی بە هەڵبژاردن وهەندێکی بە دانان، دەسەڵاتی دانان و هەموار و هەڵوەشاندنەوە و یاساکانی هەیە، پێشی دەوترێت پەرلەمان یاخود ئەنجومەنی نوێنەران (مجلس النواب)، هەروەها هەڵدەستێت بە چاودێری جێبەجێکرانی یاساکان و بڕیاردان لەسەر یاسای بودجەی گشتیی.

- السلطة التنفیذیة

دەسەڵاتی جێبەجێکردن:

برێتییە لە حکومەت، کە سەرۆک وەزیران و وەزیرەکانی کابینەی حکومەت دەگرێتەوە، لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا سەرۆک کۆماریش دەگرێتەوە، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە دەستووردا بۆی دیاریکراوە هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی یاساکان و دانانی سیاسەتی گشتیی لە بوارە جیاوازەکاندا.

- السلطة القضائیة: دەسەڵاتی دادوەری:

یەکێکە لە سێ دەسەڵاتەکە کە بەپێی دەستوور دەسەڵاتیان دیاری کراوە، ئەرکیان شرۆڤەی فەرمی ئەو یاسایانەیە کە لە دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان)ەوە دەردەچن و دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنیان.

-النظام الرئاسي

سیستەمی سەرۆکایەتی:

شێوازێکە لە شێوازەکانی حوکمرانی، سەرۆکی وڵات لەلایەن هاووڵاتیانەوە هەڵدەبژێرێت، لەم سیستەمەدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن هاوتای دەسەڵاتی پەرلەمانە، سەرۆکی وڵات ئەرکی سەرۆک وەزیرانیش جێبەجێدەکات، خۆی هەڵدەستێت بە دیاریکردنی وەزیرەکان، وەزیرەکان تەنها لەبەردەم سەرۆکدا بەرپرسیارن، نە خۆی نە وەزیرەکانی لەبەردەم پەرلەماندا بەرپرسیار نین، لەم سیستەمەدا سەرۆک ناتوانێت پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە و داوای هەڵبژاردنی پێشوەختە

بكات. پەرلەمان ناتوانێت لێپرسینەوەی لەگەڵ سەرۆک بکات، چونکە ئەویش وەک ئەندامانی پەرلەمان لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە.

**- النظام البرلماني**
**سیستەمی پەرلەمانی:**

لەم سیستەمەدا پەرلەمان متمانە دەداتە حکومەت و لە دەسەڵاتیدایە متمانەشی لێوەربگرێتەوە، حکومەتیش دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و داواکردنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختی هەیە، لە سیستەمی پەرلەمانیدا دەسەڵاتەکانی سەرۆک تەشریفاتین، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی باڵای جێبەجێکردنی هەیە، سەرۆک تەنها پیشوازی شاندە فەرمییەکان دەکات و دەستلەکارکێشانەوەی پەرلەمان قبوڵ دەکات و داوا لە سەرۆکی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمان دەکات حکومەت پێکبێنێت، لە راستیدا دەسەڵاتەکانی سەرۆک لە سیستەمی پەرلەمانیدا هیچ کاریگەریەکی لەسەر سیاسەتی وڵات نییە.

**- النظام المختلط: سیستەمی تێکەڵ:**

ئەم سیستەمە پێشی دەوترێت نیمچە پەرلەمانی (شبه برلماني)، سیستەمێکی تێکەڵە لە نێوان سیستەمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانیدا، سەرۆکی وڵات و سەرۆک وەزیران هاوبەشن لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا، دابەشکردنی دەستەڵاتی نێوانیشیان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، جیاوازی ئەم سیستەمە لەگەڵ سیستەمی پەرلەمانیدا ئەوەیە لەم سیستەمەدا سەرۆکی وڵات لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، جیاوازیسە لەگەڵ سیستەمی سەرۆکایەتی بەوەی سەرۆک وەزیران (سەرۆکی حکومەت) لەبەردەم پەرلەماندا بەرپرسیارەو پەرلەمان لەتوانایدایە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات و متمانەی لێبسەنێتەوە.

**-نظام المجلسين النيابيين**
**سیستەمی دوو ئەنجومەنی نوێنەران:**

لەم سیستەمەدا پەرلەمان لە دوو ئەنجومەن پێکدێت، وەک ئەنجومەنی گشتیی و ئەنجومەنی لۆردەکان لە بەریتانیا، ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران لە ئەمریکا، بۆ دەرکردنی هەر بڕیارێک پێویستی بە زۆرینەی هەردوو ئەنجومەنەکە هەیە.

**- ملكي برلماني: پادشایی پەرلەمانی:**

بریتییە لەو سیستەمەی حوکمرانی کە تێیدا پادشا هێمای یەکڕیزی وڵاتە و تەنها هەندێک دەسەڵاتی تەشریفاتی هەیە، دەسەڵاتەکانی دیکە لەدەستی حکومەتدایە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەیە و بەرپرسە لەبەردەم پەرلەماندا، نموونەی وەک سیستەمی حوکمڕانی ئینگلتەرا.

**- حصانة برلمانية: پارێزراوێتی پەرلەمانی:**

ئەو پارێزراوێتییە پەرلەمانییە کە بەپێی ئەوەی لە دەستووردا هاتووە بە ئەندامەکانی دەبەخشرێت، تا کارەکانیان بە ئازادانە ئەنجام بدەن، ئەم مافە ئەندام پەرلەمان بەدوو خەسڵەت لە هاووڵاتیان جیا دەکاتەوە:

یەکەمیان بەرپرسیارێتی لەسەر نییە. دووەم: کەسێتی پارێزراوە.

پەرلەمانتار دەپارێزرێت لە هەموو داوایەکی سزایی کە لە دژی بەرزبکرێتەوە، تەنها پەرلەمانیش دەتوانێت ئەو پاریزراوێتییەی لێبسەنێتەوە.

**- ائتلاف أو تحالف:**
**هاوبەندی یاخود هاوپەیمانی:**

بریتییە لە ڕێککەوتن یاخود لێکگەیشتنی نێوان دوو دەوڵەت، یان دووحزب (یاخود لەدوو زیاتر) لەپێناوی ئەنجامدانی کارێکی هاوبەش.

**- الدولة الاتحادية: دەوڵەتی فیدراڵی:**

ئەو دەوڵەتەیە کە حکومەتێکی ناوەندی و چەند حکومەتێکی هەرێمیی تێدایە، بەپێی دەستوور دەسەڵاتەکانیان دیاریکراوە، دادگایەکی دەستووریشی دەبێت بۆ یەکلاکردنەوەی راڤەی جیایان بۆ دەقەکانی دەستوور و بڕیارەکانی پابەندکارە.

**- اتحاد الكونفدرالي**
**یەکیتی کۆنفیدراڵی:**

لە ئەنجامی ریککەوتنی نێوان دەوڵەتانی خاوەن سەروەرەی تەواو پێکدێت، کە رێکدەکون لەسەر رێکخستنی رامیاری سەربازی و ئابووری و رۆشنبیری نێوانیان، بەوەش پەیوەندییەکی یەکگرتوو پیکدێت و هەر ولاتەش پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی دەکات.

**- اقلية: کەمینە:**

بریتییە لەو کۆمەڵەی کە نیوەی کۆمەڵەکەی لەخۆی گەورەتر دەبێت، لە دەنگدانیشدا ئەوەی لەسەدا پەنجا کەمتر بێت پێیدەوترێت کەمینە، لە کۆمەڵگاشدا بە پێکهاتەی ئاینی یان نەتەوەیی یان هەرێمی دەوترێت کە ناسنامەیەکی جیاوزیان هەیە، بەپێی یاسا لە هەرێمی کوردستان پێیان دەوترێت پێکهاتە (مکون)

**- حكومة تكنوقراطية: حکومەتی تەکنۆکرات:**

ئەم دەستەواژەیە ساڵی ١٩٣٢ لە ئەمریکا بۆ یەکەمجار بەکارهێنرا، مەبەست لیی حکومەتی پسپۆڕ و هونەریی و شارەزاییەکانە، لە ئەندازیار و ئابووریناس و هاوشێوەکانیان، ئەم بزافە هەوڵی دارشتنەوەی کۆمەڵێک بنەمایدا کە ئەندازیاران وهونەرییەکان و ئابووریناسان دایانرشتبوو، لە ئێستاشدا بۆ حکومەتێک بەکاردەهێنرێت کە لە پسپۆڕان پێکهاتبێت.



دواخاڵ

عەبدولکەریم فەتاح

# لە کوێوە دەست پێبکەین؟

# دوو هەنگاوی گرنگ

یەکەمین کارێک نوخبەی دونیای ئیسلام پرۆژەی بۆ گەڵاڵە بکەن بریتییە لە قوتارکردنی ئەقڵی ئیسلامی لە مەزهەبگەرایی و فیرقەگەرایی، مەزهەب یەکسان نییە بە ئیسلام، بەڵکو تێگەیشتنی دەستەیەک مرۆڤە لە دەق و ئاماژەکانی قورئان و فەرموودە، وەلانانی مەزهەب گەڕانەوەیە بۆ رەهابوونی ئیسلام و بەگەردوونیکردنی ئەو پەیامەیە، وەلانانی مەزهەب وەلانانی هەموو ئەو جیاوازیانەیە لە مێژوودا مەزهەب خولقاندوویەتی، دوورکەوتنەوە لە مەزهەب پێدانەوەی متمانەیە بە ئەقڵ و بەگەڕخستنەوەیەتی، ئێمەی موسڵمان گرفتمان لەسەر چۆنێتی دەستنوێژگرتن و ئەنجامدانی نوێژ و رۆژوگرتن و حەجکردن نییە، گرفتی ئێمە لە جێگەیەکی تردایە، لەو شوێنەدایە مەزهەب ئەقڵی پەکخستووە و متمانەی لێوەرگرتۆتەوە.

دووەمین کارێک کە پێویستە ئەنجام بدرێت وەستانی ئەم جۆرە مامەڵەکردنەیە لەگەڵ قورئان و فەرموودە، ئەم مەنهەجەی مامەڵەکردن جگە لە شەرعاندنی حەز و بەرژەوەندییەکانی تاک و دەستە شتێکی تر نییە، هەر ئەمەش سەرچاوەی زۆرێک لە جیاوازی و سەرهەڵدانی دەیان دەستە و گرووی مەزهەبییە کە تاکولۆ لەگەڵ یەکتر دەوەستنەوە، ئەم جۆرە لە مامەڵەکردنی قورئان و فەرموودە وەهمی موسڵمانبوون لای مرۆی موسڵمان دەخولقێنێت، ئەو پێیوایە هەموو کار و ئاراستەکانی لەناو ئیسلامدایە و بەپێی دەقی پیرۆزی قورئان و فەرموودە رەفتار دەکات، بەڵام حەقیقەت شتێکی ترە، ئەو تەنها ئایەت و فەرموودەی بۆ حەز و ویست و بەرژەوەندییەکانی دۆزیوەتەوە تاکو وەهمی موسڵمانبوون بەخۆی ببەخشێت، ئەگینا مانا و مەرامی ئایەت و فەرموودە لە جێگەیەکی ترە و ئەو شێوازە لە مەنهەجی مامەڵەکردن لەگەڵ خودی قورئان و فەرموودە پێکنایەتەوە.

موسڵمانبوون و باوەڕداربوون بەرلەوەی ئاکار و رەفتار و گوفتار و سیمای دەرەوە بێت، ئیمان و یەقینێکە ناخی مرۆی باوەڕداری داگیرکردووە، ئیمانێک خۆشەویستی و پشتبەستن بە خودا و شوکری نیعمەتەکانی و ئارامگرتن لەسەر ناخۆشی و تاقیکردنەوەکان و گیانی لێبوردن و تەبایی دەکات بە کاڵای باڵای ناخ و دەروونی کەسەکە، هەتا کارەکانی ئیمان لە ناوەوە تێر و تەواو نەبن دەرەوەمان راست و دروست هەنگاو هەڵناگرێت، بەرانبەر بەمەش هەتا دەرەوەمان لەگەڵ ناوەوە هەمەهەنگ نەکەین ئیمان تەنها تووێکە و نەهاتۆتە ناو زەمینە و زەمانەوە و نەکەوتۆتە ناو سوڕی ژیانەوە.

مەنهەجی مامەڵەکردن لەگەڵ قورئان و فەرموودەدا پێویستە لە خودی قورئان و فەرموودەوە وەرگیرابێت، واتە مەنهەجی مامەڵەکردن تەنها بیر و زەین نەبێت، بەڵکو لەپاڵ ژیرییەکی تەندروستدا بەڵگەی قورئان و فەرموودەی دروستی لەسەربێت، قەیرانی دونیای ئیسلام قەیرانی مەنهەجی مامەڵەکردنە، گەر ئەم کلیلە لەناو خودی قورئاندا دۆزرایەوە ئەوا زۆرێک لە قەیرانەکان بە تێپەڕبوونی کات کاڵدەبنەوە و دەسڕێنەوە، هەوڵدەدەین لە داهاتوودا لەمەڕ دۆزینەوەی کلیلی قوفڵە داخراوەکان بابەتمان هەبێت.